# نوێبوون

زستانی 2008

## گۆڤارێکی سیاسی و ڕووناکبیری وەرزییە

ژمارە دوو


**خاوەن ئیمتیاز**
مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر :ئەنوەر صاڵح
جێگری سەرنووسەر :ئازاد تۆفیق

**ڕاوێژکاران**

ئەکرەمی میهرداد
نووسەرو ڕووناکبیر

ڕێبوار کریم
مامۆستای زانکۆ

کامەران محمد
مامۆستای زانکۆ

هیوا عزیز
مامۆستای زانکۆ

**سەرپەرشتیاری هونەری**
صاڵح قادر



**ناونشان : سلێمانی**
**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی**

**بۆ پەیوەندی کردنی:**
nuebwnm1@yahoo.com
nuebwnm1@googlemail.com
tel:0533127591



**تـــایـپ: ڕێباز نامیق**

**تـــیـــراژ: 1500دانـــە**


هەواڵنامەی کتێب

## لەم ژمارەیەدا


بەرەو کۆنگرەی سێیەم — سەرنووسەر — ٥-٩

### سیاسەت

نەوەی سێیەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی — ئەکرەمی میهردا — ١٢ -٤١

پرۆژە بەرنامەیەك بۆ کۆنگرەی سێ یەم — بەشی رووناکبیری — ٤٢-٥٠

ململانێی ناوخۆی پارتەسیاسییەکان هۆکارو چارەسەرەك — رێبوار کریم — ٥١-٦٥

سۆسیال دیموکراسی (دیموکراتی کۆمەلایەتی) — نوێبوون — ٦٦-٧٥

### دیـــــدار

دیدارێك لەگەڵ هەڤاڵ د.فواد معصوم — نوێبوون — ٧٨-٨٢

### فکروفەلسەفە

ئـــایدیۆلۆجیـــا — کامران محمد — ٨٤-١١١

عەقڵانیەت و بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنە — علی کریم — ١١٢-١٢١

پـــراگمـــاتیـــزم — هیوا عزیز — ١٢٢-١٣٥

ئاکامەکانی کاپیتالیزم — و.عزیز رەئووف — ١٣٦-١٣٩

### مێژوو

شۆرشی ئارارات ١٩٢٦ — ١٩٣١ — تەلار علی — ١٤٢-١٦٠

پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان لە چاخەکانی کۆنە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە — یوسف محمد — ١٦١-١٨٥

رۆڵی جوگرافیا لە دروستبوون و لێکدانەوەی مێژووی کورددا — زریان حاجی — ١٨٦-١٩٣

دەوڵەتشاری دێرین — و.عوسمان حسن — ١٩٤-٢٠٨

### القسم العربي

نحو مؤتمر الثالث. — رئس تحرير — ٢١٠-٢١٥

قراءة في مفهوم الحداثة وما بعد الحداثه. — احسان عبدالهادي — ٢١٦-٢٢٧

قضايا الموضوعية والتحيز في العلم والعلوم الاجتماعية — د.كنعان حمه غريب هومەربلي — ٢٢٨-٢٤٧


هەوالنامەی کتێب

# بەرەو کۆنگرەی سێیەم

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە مێژووی خەڵکی کوردستانی عێراقدا لە ڕۆژگارێکی زۆر گرنگ وهەستیارو پێویستدا، توانی وەڵامی مێژوویی خۆی بەرامبەر نەتەوەکەی بداتەوەو بێتە ڕەمزی بەرگری و سەروەریی نەتەوەیی و دەوروکاریگەری خۆی هەبێت لەیەك لاکردنەوەی کێشەی گەلەکەماندا. بەشێوەیەك وەکو هێزێکی فریاد ڕەس سەیرکراوەو بەمەش ئامادەییەکی زۆر باش لەلایەن خەڵکەوە هەبووە بۆ بەشداریکردن لەناو ئەم هێزە سیاسیەدا .کە ڕەنگە شێوەی بەشداریکردنەکان بەپێی مێژوو قۆناغە جیاوازەکانی خەبات لە مێژووی سیاسی ئەم حیزبەدا جیاواز بووبێت. ڕاستە ژمارەیەکی کەمی خەڵك بوونەتە (پ.م)، یان دەکرێ لە بواری ڕێکخراوەییدا کاریان کردبێت، بەڵام زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك ئەم هێزە سیاسیەی نێوگۆڕەپانی کوردستانیان بە بەشێك لە خۆی زانیوەو هاوکات لەگەڵ ڕۆح و ویژدانیاندا ژیاوە. چونکە بە هۆکارێکی زۆر بەهێزیان داناوە بۆ مان و بەردەوام بوونیان لە ژیاندا.بۆیە لەبەرامبەر ئەمەشدا نەیاران و دوژمنانی ئەم هێزە سیاسیە هەمیشە حسابی تایبەتیان بۆکردووە.

ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم هێزە سیاسیە لە ناخ و هەست و سۆز و خۆشەویستی و پێداویستیی میللەتی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە،بەچەشنێك کە هەزاران کەس ئامادەیی گیان فیداکردن و خۆبەختکردن بوون بۆی. ئەویش بەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەموو هەلومەرجە سەخت و دژوارەکاندا توانیویەتی وەڵامی دروستی خۆی هەبێت و خۆڕاگربێت لەبواری بەرگری کردن لە گەلەکەی ،بەمەش لە مێژووی دوورو درێژی سیاسی خۆیدا هەمیشە لە ویژدانی ڕۆڵەکانی گەلەکەیدا سەربەرز و ڕووسور بووە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە لە ئەنجامی تەمەنی دوورو درێژی هەر حزبێکدا، گۆرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری‌و فەرهەنگی لەناو هەناوی ئەوکۆمەڵگایەدا ڕوودەدات کە ئەو حزبە سیاسی یە خەباتی خۆی تێدادەکات. کەبێگومان ئەو گۆڕانکاریانەش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر حزبێك. بۆیە زۆر گرنگە هەر حزبە یان هەر ڕێکخراوێکی



سیاسی زوو لەو هاوکێشەیە بگات و بەباشی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا ئەویش خۆی بگۆڕێت،بۆئەوەی بتوانێت وەڵامدەرەوەیەکی واقعیانەی سەردەمەکەی خۆی بێت. جا ئێستا گەر سەیرکەین دەبینین (ی.ن.ك) کە هێزێکی سیاسی شۆڕشگێری رادیکاڵ بووە و تا دوێنێ بەشەرعیەتی شاخ مامەڵەی لەتەك کێشەکاندا کردووە ، بەڵام ئەمڕۆ وەك هێزێکی مەدەنی‌ودیموکرات مامەڵە دەکات و هاوکات ڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی وولاَتێکی پەرلەمانی وخاوەن دەستوور بۆتەوە، کە بەپێچەوانەی شاخەوە بوار بۆ شەرعیەتی شۆڕشگێرانە نەماوەو کار بۆ سەروەری یاساو بەرقەراربوونی ئارامی و جیاکردنەوەی دەسەلاَتەکان دەکات لە یەکدی . دیارە ئەمەش پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە لەڕووی بەدەزگایی کردنی سەرجەم دەمەزراوەکانەوە بۆ ئەم قۆناغە، تا(ی.ن.ك) بتوانێت لە ئاست ئەرکە سیاسی و دیموکراسی و مەدەنیەکاندا بێت و بەردەوام لە بەدیهێنانی ئایندەیەکی گەشدا بێت بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی .

هەرچەندە ئەمڕۆ مایەی سەربەرزی‌وشانازیە بۆ ڕێبوارانی ئەو ڕێبازە کەلەسایەی خوێنی هەزاران شەهید و کەم ئەندام بوونی سەدان پێشمەرگەوە، زۆرێك لە ئامانج و ئاوات و ئەو داواکاریانەی کەهەڤاڵانمان خەباتیان بۆ کردوە ئەمڕۆ هاتۆتە دی و بەچاوی خۆمان دەستکەوتەکان دەیبینین. بەڵام ئەم مێژووە مانای ئەوە نییە کە ئەمڕۆ (ی.ن.ك) جێگەی ڕەخنە و پێداچوونەوە نییەو کارەکانی وەك چرکەی کاتژمێر دەڕوات و نادادپەروەری و غوبن لەم حزبەدا بوونی نییە...!نەخێر .

بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ (ی.ن.ك) لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە خۆ نوێکردنەوەو بە خۆسازدان و خۆگونجاندن هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی ئەمڕۆی ،کەئەویش خۆی لەچەسپاندی دادپەروەری کۆمەلاَیەتی و پێشکەشکردنی ئیدارەیەکی مۆدێرنی نموونەیی خزمەتگوزاردا دەبینێتەوە کە تیایدا شەفافیەت بالاَدەست‌ودیموکراسیەت پایەداربێت .وە لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە گوێگردن هەیە لەو دەنگە ڕاستەقینانەی کە دەشێ خاوەنی بۆچوونی جیاو پرۆژەی سیاسی جیاوازبن .تا یەکێتی بتوانێت هەمیشە هەڵگری ئەو جووڵە جیاواز و جوانانە بێت کە پانتاییەکی گەورەی لە مێژووی سیاسی ئەم هێزەدا بۆ خۆی داگیرکردووە . دیارە بۆ بەرجەستەبوونی ئەم ئەرکە ئەوا زۆر گرنگە (ی.ن.ك) چ لە لە ڕووی پێکهاتە و چ لە ڕووی پەیرەوو پرۆگرامی ناوخۆی خۆیەوە بڕیاری گرنگ بدات. بۆ ئەوەی وەکو هێزێکی مۆدێرن هەم لە ئاستی ئەرك و

خەباتی سیاسی ئەم قۆناغەدا بێتو هەم خۆی بەو ئەرکانە هەستێت کە ئەرکی دیموکراسیومەدەنیانەی خۆیەتی .

جا لەبەرئەوەی خۆش بەختانە ئەمڕۆ(ی.ن.ك) هێزێکی وە هایە،کە لە رووی بنیات و پێك هاتەکەیەوە، زۆرترین هەلو مەرجی تیایە بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاریو خۆسازدانی لەگەڵ گۆڕانکارییەنوێیەکاندا، یان باشتر بڵێین هێندەی زەمینەی پێشکەوتنخوازی و چاکسازی لە نێو پانتایی ئەم حزبەدا هەیەودەکرێ کاری تیابکرێت ، ئەوا زۆرمان نەووتوە گەر بڵێین لە نێو هیچ حزبێکی تری نەکوردستان و نە لە ناوچەکەدا نییە .بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەلومەرجی پێشکەوتنخوازی و گۆڕانکاری دەبێت کاری جدی بۆ بکرێت و هەر دەبێت خودی (ی.ن.ك)خۆی حزوری جدی لەو پرۆسەیەدا هەبێت کە بەندە بەئێستاو ئایندەیو هاوکات چارەنووسی دیموکراسی نێو گۆمەڵگای کوردییەوە .

بۆیە دەبێت کۆنگرەی سێیەمی (ی.ن.ك) ئەو وێسگە گرنگە بێت کە بتوانرێت زۆرترین خۆ ئامادەکردنی تیدا بێت بۆ ڕەخنەگرتن و پێداچوونەوەی کاری چەندین ساڵەمان و هاوکات دانانی پلانی وورد و زانستی بۆ ئەم قۆناخەی تیا دیاری بکرێت....

١ – (ی.ن.ك) بۆچی کۆنگرە دەبەستێت؟

ئەمە پرسیارێکەو دەبێت پێش هەر هەنگاوێکی تر وەڵامی بدەینەوە، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بەرجەستەی بکەین؟

❖ بەپێی راسپاردەکانی کۆنگرەی دووی ساڵی ٢٠٠١ کە لە١/٣٠ بۆ ٢/٥ ی خایاند ، هاتووە (دەبێت (ی.ن.ك) هەردوو ساڵ جارێك کۆنگرە ببەستێت) بەڵام ئەوا حەوت ساڵە کۆنگرە نەگیراوە، وەلەئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەکان وگۆڕانکارییە سیاسیە ناوخۆ و دەرەکیەکان ، ئەوا زەروورەتی بەستنی کۆنگرە پێویستە.

❖ کۆنگرەی (٢) لە دەورانی حکومەتی بەعسدا و لە نێو کۆمەڵێك بنەمای نێودەوڵەتی و ئەقلیمی و هەل و مەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی سیاسی وادا بەستراوە ،کە جیابوەلە ئەمڕۆ.بۆ نموونە لە مڕۆدا زۆرێك لە ئامانجە گرنگەکان وەك ڕوخاندنی رژێمی بەعس و هاتنە کایەی دەسەڵاتێکی کوردی سەقامگیر و دامەزراندنی دەسەڵاتی (پەرلەمانی – حکومی – قەزایی) لە عێراقداو پێکهێنانی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم لە کوردستاندا ڕوویان داوە ، بۆیە دەبێت هەموو لا ئەوە بزانین کە ئەرکەکانی ئەمڕۆمان زۆر جیایە لە حەوت ساڵ لەمەوبەر .



❖ کۆنگرە پێویستە ببەسترێ بۆ پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی نوێی وا کە موتربەکرابێت بەخەڵکانی مەدەنی و دیموکرات و شارەزا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووری و سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەقلیمی، بەراگرتنی سمبولە پیرۆزەکانی مێژووی (ی.ن.ك)

❖ (ی.ن.ك) پێویستە کۆنگرە ببەستێت لە پێناو خۆ سازدان و خۆ ڕێکخستنەوەی کارەکان و ئامانجەکان و دیاریکردنی ستراتیجەکان . وەرزگارکردنی (ی.ن.ك) لەو فەوزای بڕیارانەی کەبە ئیجتهادی شەخصی دەردەکرێن و گواستنەوەی سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) بۆ کاری دامودەزگایی (موئەسەسات).

❖ (ی.ن.ك) دەبێ کاری جدی بکات بۆ دیاریکردنی ئایدیای خۆیو دەبێت فکری سۆشیال دیموکرات خوێندنەوەیەکی ووردتری بۆ بکرێت لەکۆمەڵگای کوردیدا و دەبێت لە رووی پراکتیکەوە بەرئەنجامەکانی ئەو فکرە بەرجەستە بکرێت لەناو کۆمەڵگادا.

٢- (ی.ن.ك) بەوحکومەی لە مێژووی خەباتی سیاسی خۆیدا، بریتی بووە لە هێزێکی نیشتمانی و دیموکراتی، کەلەلایەك خەباتی بۆ رزگاری نیشتمانی کردوە و هێزی خۆی بەکارهێناوە بۆ بەرگری کردن لە میللەتەکەی ،وەلەلایەکی تریشەوە وەك هێزێکی مۆدرێن و پێشکەوتوخواز خەباتی بۆ مەسەلەی ئازادیو یەکسانیوسیستەمی فرەیی و هەڵبژاردن و قبوڵکردنی رای جیاواز و مەسەلەی فیمینزم کردووە. ئەوا دەبێت ئەمڕۆ لەناو دەسەڵاتی سیاسی خۆیدا لایەنی دووەمی هاوکێشەکە بەتەواوی بسەلمێنێت و هەوڵ بدات ئەو پرانسیپانە لەناو کۆمەڵگادا بەتەواوی ڕەنگبداتەوە.

٣- (ی.ن.ك) دەبێت لە کۆنگرەی سێیەمدا بەبێ ترس و سڵەمینەوە دەست بخاتە سەر ئەو ناکۆکی و نا تەباییانەی کە وەك خۆرە لە جەستەی ئەم هێزە ئاڵاوە و چارەسەری دروست و زانستیانەیان بۆ بدۆزێتەوە .

ئێستاش (ی.ن.ك) لە پانتایی ستراتیژی سیاسی خۆیدا هەوڵ ئەدات بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنیو مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەرێتی یاساو چەسپاندنی چەمکی هاووڵاتی بوون ،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم نێوەندەی خەباتدا، دەکرێت بڵێین میکانیزمەکان بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە سستو لاوازن و وەکو پێویست نین، یان دەکرێت بڵێین لە نێو ئەو پەیماننامەی بەستومانە تووشی لادانو کەمتەرخەمی بووین، یان ئەو پەیڕەوەی هەمانە لە ئاستی



هەواڵنامەی کتێب

ئەرکەکانی ئەمڕۆدا نییە. بۆیە دەبێت کۆنگرەی دوو  بە پەیڕەوو میکانیزمێکی کارکردنی نوێوە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت.

١- چاوخشاندنەوە بە مێژووی (١٦) ساڵی خەباتی(ی.ن.ك) لە دوای راپەرینەوە تا ئەمڕۆ. واتە دیاریکردنی گشت هەڵەو کەم کورییەکان، بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە (ئیقلیمی و ناوخۆیی)یەکان بەشێوەیەکی زانستیانە و دوور لە هەموو گرژیەکی حزبی ،کەدەکرێت بۆ ئەمکارە چەندین پسپۆڕی تایبەت لە کادرانی بەتوانا دیاری بکرێت تا بەشێوەیەکی زانستیانە دەست نیشانی هەڵە و کەموکوڕیەکان بکرێت.

٢- دانانی کارو بەرنامەی نوێ بۆ ئایندەی کۆمەڵگای کوردی کە لەئاستی وەڵامدانەوەی کێشەکانی ئەمڕۆی دابێت و گشت بوارەکانی ژیان بگرێتەوە و لۆجیکی هێز بگۆڕێت بۆ لۆجیکی عەقڵی پێشکەوتوو خواز لە ناو (ی.ن.ك)دا.

٣- دەبێ (ی.ن.ك) لەسەر سێ پرسی گرنگ‌وچارەنووس کە ئایندەی یەکێتی‌وکۆمەڵگای کوردستان و بزاڤی پێشکەوتوو خوازی پێوە گرێدراوە ڕاوەستێت، کەئەوانیش:

أ- پەیگیری (ی.ن.ك) لەسەر ڕێبازی فکری‌وسیاسی (سۆسیالیستی دیموکراتی) کە لە کۆنگرەی (٢)دا بریار دراوە.

ب- پەیگیری (ی.ن.ك) لەسەر دیموکراتتیزە کردنی حزب، حکومەت‌و کۆمەڵگا.

ج- داکۆکی جدی‌و بەردەوام لە بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکرێت، بە جۆرێك کە چینە هەژارو دەست کورتەکان بەرەو چینی ناوەراست بەرێت. تا ئەمەش لەڕووی ئابوری‌و فەرهەنگیەوە ببێتە زەمینە سازییەك لەناو کۆمەڵگادا کە هەردەم (ی.ن.ك)پێ بناسرێتەوە .

سەرنووسەر

# سـيــاســەت

❖ نەوەی سێیەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی.
( ڕێبازی سۆسیالستی دیموکراتی ).
❖ پڕۆژە بەرنامەیەك بۆ کۆنگرەی سێ یەم.
❖ ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان
هــۆکار و چــارەسەرەکــان.
❖ سۆسیال دیموکراسی ( دیموکراتی کۆمەڵایەتی ).

هەواڵنامەی کتێب

# نەوەی سێیەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی
# (ڕێبازی سۆسیالستی دیموکراتی)

ئەکرەمی میهرداد

## پێشەکی:

سیستەمی مۆدێرن یان جیهانی دیموکراسی و ئەو سەردەمەی کە بە بە پەیدابوونی سەرمایەداری و دەوڵەتی مۆدێرن دەناسرێتەوە (واتە دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان، نەك دەوڵەت و دەسەڵاتی بنەماڵە ئەرستۆکراتیەکان و پاڵپشتی ئایینی یان مەزهەبی و هۆکار و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هێز و سەربازی) تا ئێستا چوار قۆناغی گرنگی بەخۆوە بینیوە. ئەم چوار سەردەم و قۆناغە بەو پێیەی کە بەیانگەری ڕەوتی مێژوویی و دیموکراسی و مۆدێرنیزمە، هەر بەو ئەندازەیەش سەردەمەکانی گەشەی دیموکراسیش لەخۆیدا هەڵدەگرێ، کەلەو سەردەمانەدا پرسی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و مەسەلەی ماف و ئازادییەکانیش بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە لە ئەوروپا و ئەمریکای باکور دەخاتە ڕوو. **سەردەمی یەکەم** بەسەردەمی خەباتی هاوبەشی و بەرەیی و پێکەوەیی تەواوی بکەرەکانی دیموکراسی دەناسرێتەوە، واتە هەر چوار بکەرە سەرەکییەکەی دیموکراسی (دەسەڵات و سیستەمی سیاسی نیشتمان و نەتەوە و ئابووری بازار و خاوەندارێتی تایبەتی و پرسی ماف و ئازادییەکان بۆ هەمووان و سەرەنجام بوون و کاریگەری هەموو ئەو بکەرانەی کە لەروانگە و بەرژەوەندی تایبەتی و جیاوازی خاوەنەکانیان، کەلەبزوتنەوەی مافەمەدەنی و سەرەتاییەکان، بزوتنەوەکانی سۆسیالستی، بزاڤەکانی ژنان و فیمینیستی و بزووتنەوەی لاوان، بزاڤی ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی و ئینجا بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکانە) پێکەوە و لە خەباتی هاوبەشدا کاردەکەن بۆ هێنانەدی دیموکراسی و لەناوبردنی سەردەمی پێش دیموکراسی و پاشەکشەی ئەو دەسەڵات و هێزانەی کە ڕێگرن لە خەبات و هیوای ئازادی، یەکسانی، هاوکاری. ئەم سەردەمە لە فکر و فەلسەفەدا لەسەردەمی جان جاك رۆسۆ هەتا سەردەمی ئیمانۆیل کانت دەخایەنێ و تیۆری (هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی) نێوان ئەو هێز و بکەرانە





(بەپەیرەوی لە رۆسۆ) دەبێتە چوارچێوە و دیدگای فەلسەفی و سیاسی بۆ ڕێکخستنی ئەم هێزانە لەخەباتی هاوبەشدا. بیروباوەڕەکانی ئیمانۆیل کانت کە بەلوتکەی سەردەمی رۆشنگەری و بەیاننامەی ڕۆشنی مۆدێرنیزم ئەژمار دەکرێ لە هەوڵی ئەوە دابوو، یەکەم بەدەستهێنانی ئاشتی بەردەوام و پایەدار، کەناوەرۆکەکەی دەبێتە ڕێکەوتنی جیهانی نەتەوە و نیشتمانە سەربەخۆ و سەروەرەکان بۆ جیهانگیرییەکی پر لەئاشتی و ڕێکەوتن ، و دووەم ئەم جیهانگری یە مرۆڤ دەبێتە ناوەرۆکی ڕێکەوتن و ئاشتی جیهانی و لەم زەمینەیەدا (کانت وتە هەرەبەناوبانگەکەی خۆی دەکات: کە زەمینەی مۆدێرنیزم و بوارەکانی ئابووری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەیارمەتی هێزەکانی هۆشیاری و ئیرادە و ئەخلاقی مرۆڤانە دەبێت مرۆڤ بکرێتە ئامانج و رێگا بەهیچ کەسێك نەدرێت کە هیچ مرۆڤێك بکاتە هۆکار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، واتە مرۆڤ دەکرێتە لوتکەی ئامانجەکانی ئازادی و یەکسانی و برایەتی. دیارە ئەمەش بەو مانایە دەبێت کە سیستەمی مۆدێرن بە پەیرەوی لە هەرسێ شۆرشە گەورەکەی جیهان (بەریتانیا، ئەمریکا، و فەرەنسا) مرۆڤ بەشدار و بەهرەمەند بکات لە ماف و ئازادییەکان بەهۆی دەوڵەتی یاسا و مافەکانەوە.

بەڵام لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە و نیشتمان، دوو بکەری یەکەمی ئەم سیستەمە (واتە بکەرەکانی سیستەم و سیاسەت بە پشتیوانی دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان و دواتر دەسەڵات و بکەری ئابووری بەپاڵپشتی ئابووری سیاسی و بازار و خاوەندارێتی تایبەتی) هەوڵدەدەن کەدەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکەن و لەروانگەی بەرژەوەندی و هێزی خۆیانەوە سەرلەنوێ ئارایشتی جیهان بدەنەوە و رووە دزێو و سود پەرست و هەژمونگەراکەی سەرمایەداری پیشانی خەڵك بدەن. ئەم قۆناغە کە بە **سەردەمی دووەمی** دیموکراسی دەناسرێت باشترین فکر و فەلسەفەی خۆی لە دیدگا و جیهانبینی فەیلەسوفی سیاسی ئەڵمانی (هێگڵ) دا پەیدا دەکات و هیگل لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی هەق)دا باشترین و توندرەوترین دا کۆکی لە سیستەمی مۆدێرنی دەوڵەتی نیشتمان و نەتەوە و ئابووری بازار و خاوەندارێتی دەکات[1]. سەردەمی دووەم لە مۆدێرنە و دیموکراسی، قۆناغی پاوان خوازی و هەژمونگەرایی ئابوری و سیاسەتە، بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان و پاشەکشەی ماف و ئازادی و بکەرەکانی دیکەی سەردەمی سەرمایەداری.لەم سەردەمەدا مۆدێرنە و عەقلانیەت لە سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیدا بەپشتیوانی نەتەوە و

نیشتمان یان ئەوەی کە لەفەرهەنگی فکر و سیاسەتدا پێی دەوترێ دەوڵەتی مۆدێرن بەهاوکاری و پشتیوانی ئابوری و بازار و خاوەنداریێتی تایبەتی دەیانەوێ کە دیموکراسی و سیستەم و عەقلانیەت بکەنە عەقلانیەتی ئامێری و بیکەنە هۆکار و هێزێك بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداری و بردنی زۆرترین و سوود و قازانجی ئابوری. بێگومان ئەم دوو رەوشە لەسەر حسابی ژیان و ماف و ئازادی زۆربەی خەڵك بەئەنجام دەگات و لەم سەردەمەدا خەڵك بەگشتی و کرێکاران و هەژاران بەتایبەتی دەکەونە بەر رەحمەتی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەرمایەداریش رووخساری سود پەرستی و دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆی بۆماوەیەکی زۆر دەسەپێنێ، لەم قۆناغەدا هاوکێشەی سیستەمی مۆدێرن و عەقلانی بەم شێوەیەی لێدەدێت:




**سەردەمی سێیەم**، بەڵام هێندەی نەخایاند خود و بکەرەکانی دیکەی ناو سیستەمی مۆدرێرن و دیموکراسی هاتنە مەیدانی خەبات و نەیاری بەرامبەر هەردوو بکەری دەسەڵات و ئابوری، ئەو خودانە لەروانگەی داواکاری ژیانی ئابوری و یەکسانی و بەهرەمەند بۆ هەموو کەس لە هەوڵ و بیروباوەرەکانی سۆسیالیزمی سەرەتایی، یان سۆسیالیستی یۆتۆپیدا پەیدابوون و لێرە بەدواوە بەردەوام بزاڤەکانی سۆسیالیستی بەهەموو شێوەکانی سەرەتایی ، مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی، سۆسیالیزمی رادیکال و فەلسەفی و سەرەنجام سۆسیالیستی دیموکراتی تا ئێستا لەمەیدان و هەرچۆنێك بۆیانکرابێت دیدگا و خەباتی خۆیان بەردەوامکردوە. ئەم بکەرە سۆسیالیستی یە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە یان لە ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدە بەدواوە لە خەباتدا بوون بۆ بەدەست هێنانی ماف



و ئازادییە سەرەتایی و مەدەنی و سیاسییەکان بۆ تەواوی خەڵك، نموونەی ئەم بزاڤەش لایەنگرانی (بەیاننامەی خەڵك)ن لە بەریتانیا بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە و لەپێش هەمووشیانەوە مافی دەنگدانی گشتی پاشان بزاڤی کرێکاری سیاسی چارتی یەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی کارکردن و بەدەست هێنانی یاسای کار لەوڵاتانی لاتینی یان وڵاتانی فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا سەرهەڵدانی بزاڤەکانی سەندیکایی و لە بەرتانیاش سەرهەڵدانی بزافەکانی سۆسیالیستی و فابی کە دەیانویست ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری لە سودی خەڵك بەگشتی بخەنە ناو یاسا و سازوکاری دەوڵەتی مۆدێرنەوە.

سەرهەڵدانی بزاڤەکانی مافی مەدەنی و سیاسی و مافی ژیان تارادەیەك زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای گرتەوە و لەو نێوەشدا پەیدابوونی بزاڤەکانی فیمینستی و بەتایبەتی سەرهەڵدانی فیمینیزمی لیبرال و مارکسی بۆ داوای ئازادی و سەربەخۆیی ژنان لە یاسای گشتیو ماف و ئازادییەکاندا [٢].

بێگومان لوتکەی بزاڤەکانی سۆسیالیستی و کرێکاری بەشێوەی مارکسیزم و لەنیوەی دووەمی دەیەی نۆزدە دەبێتە بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری و جیهانی کەتوانی هەردوو ئەنتەرناسیونالی جیهانیکرێکاران وسۆسیالیستی لەسەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا بکاتە ئەڵتەرناتیفی بەهێز و ڕکابەری مۆدێرنەی سەرمایەداری.

لەکاتێکدا کە ئەوروپا و ئەمریکا پڕدەبێت لە بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی و داواکاری ماف و ئازادی و بەهێزبوونی بزوتنەوەکانی سۆسیالیستی، بێگومان زەمینە و هەلومەرجێك دەرەخسێ کە تاکی هۆشیار وخاوەن ئیرادە و ئەخلاقی باڵا دیدگا و ڕوانگەی فکری و فەلسەفی بۆ رەخنەگرتن لە مۆدێرنەی سەرمایەداری و سیستمی باڵا دەست بخاتە مەیدانەوە. ئەم روانگە و دیدگا هۆشیار و بەئیرادەو خاوەن ئەخلاقە لە بیروباوەرەکانی فریدریك نیچەی فەیلەسوفی ئەڵمانی بەباشی بەیانکراوە ،ئەمەش دەبێتە یەکێك لە بکەرە گرنگەکانی سەدەی سێیەم بۆ رەخنە و نەیاری لەبەرامبەر سیستەمی مۆدێرن ودیموکراسی. خود و بکەری سێیەم لە روانگەی خۆشی و چێژەکانی ژیانی تاکەوە دەبێت ئەم داوایە لە زەمینەی هەق و مافی غەریزی و ئیرۆسیدا پەیدا دەبێ و بیروباوەڕەکانی (سیگمۆند فرۆید)ی پزیشك ودەروون شیکاری نەمسایی دەبێتە مانیفێستی ئەو ئاسۆ و داواکارییە گشتییە بۆ هەموو کەس بەمجۆرە سێ بکەری گرنگ و کاریگەرلەسەردەمی سێیەمدا دێنەمەیدانی ژیان وخەبات لەبەرامبەر

هەژموون و سود پەرستی هەردوو دەسەڵاتە بەهێزەکەی مۆدێرنە و دەسەڵاتی ئابوری و ئەم سێ بکەرە لە سێ بیروباوەڕی گرنگ و کاریگەری (مارکس، نیچە و فرۆید) دەبنە سێ هێرشی میتۆدی و فکری و نەیاری دیموکراسی و سەرمایەداری مۆدێرنەی سیاسەت و ئابووری هەژمونگەر.

**سەردەمی چوارەم:** دەبێتە سەردەمی بەهێزبوون و کاریگەری و خۆ سەلماندنی ئەو بکەرە گشتیانە و لەیاسای وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی لەدوای پەسەندکردنی (جاری گەردوونی مافی مرۆڤ) لەساڵی (١٩٤٨) پەیدا دەبێت. لەم سەردەمەدا سەرەرای بەشداری و بەهرەمەندی ڕێژەیی خەڵك ، کرێکاران، فەرهەنگی گشتی ،داواکاری ئابووری ، مافی ژیان و ئازادی و بەشداری سیاسی و مافەکانی تاك و پەسەندکردنی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکان، بەڵام زەمینەو هەلومەرجێکی گشتی و جیهانی بەشێوەیی یاسایی بۆگەشەی زیاتری ئەو خود و بزوتنەوانە دەرەخسێ بۆ دەسکەوت و بەهێزی و کاریگەری و بەردەوام بونیشیان [٣]. گەورەترین دەسکەوتی ئەم سەردەمە (بێگومان بەشێوەی ڕێژەیی) پەیدابونی دەوڵەتی ڕەفایە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا ی باکور کەتا ئێستا کۆمەڵگا و سیستەم و مرۆڤی ئەو وڵاتانە لەبەرهەمەکەی بەهرەمەند دەبن. لەم سەردەمەدا چەند بزوتنەوەی بەهێزو کاریگەر لە ئاستی وڵاتەکان و لە ئاستی جیهانیشدا دێنەمەیدان و کاریگەرییان دەبێت، کە ئەمانەن: بزوتەوەی مافە مەدەنی یەکان لە (USA) لەسەرەتای دەیەی (١٩٥٠) ، بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراتی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، بزوتنەوەی سەندیکالیستی یان ئانارکۆ سەندیکالیزمی (فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتالی، یۆنانی، پرتوگالی)، بزوتنەوەی فیمینیستی سۆسیالیستی و ئازادیخوازی ژنان، بزوتنەوەی نەتەوە چەوساوە و زوڵم لێکراوەکان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوانی فەرەنسا و ئەوروپا لەساڵی (١٩٦٨) بەدواوە و، بزوتنەوەی ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی ئەوروپا و ئەمریکا. ئەم بزووتنەوانە دەبنە زەمینەو ژینگەی سەرهەڵدانی نەوەی سێیەمی بزافی سۆسیالیستی، کە زۆربەی لێکۆڵیاران وشارەزایان سەرەتای دەیەی (١٩٦٠)بەسەردەمی سەرهەڵدانی ئەم نەوەیە دەزانن کە بە سۆسیالیستی دیموکراتی دەناسرێن و ڕێگای سێیەمە لەنێوان هەژموونگەری کۆمۆنیزمی رووسی و ئۆردوگایی لەلایەك و سۆسیال دیموکراسی ئەوروپای ڕۆژئاوا کە بەریفۆرمیزم و پارێزەری سیستەمی سەرمایەداری ناسراوە، لەلایەکی ترەوە .



## سێ نەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی

((سۆسیالیزم ئەڵتەرناتیفی ئابووری ململانێ و سود پەرستی سەرمایەدارییە، کە لەهەوڵی هێنانەدی هاوکاری و یەکسانی کۆمەڵایەتی راستەقینەدا دەیەوێت نایەکسانی ئابوری کەمبکاتەوە و چاودێربێت بەسەر بازاڕی کارو سەرمایەدا)) [٤].

بزافی سۆسیالیستی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە وەکو بیروباوەر و ئامۆژگاری هەندێك لە بیرمەندان، تادەگاتە سەردەمی زێرینی ئەنتەرناسیونالی یەکەم و دووەم و پاشان بەهێزبونی هەردوو باڵی سۆسیال - دیموکراسی و کۆمۆنیزمی لینینیو تادەگاتە ئەم سەردەمە، بڕوایان بەم پێناسە گشتیە بۆ بەدیلی سۆسیالیستی لەبەرامبەر دەسەڵات و ئابوری سەرمایەداریدا هەیە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لایەنگرانی (کلۆد هێنری سان سیمۆن) تیۆرمەندی کۆمەڵایەتی فەرەنسیو (ڕۆبرت ئۆین) چاکسازی کۆمەڵایەتی ئینگلیزی، زاراوەی (سۆسیالیزم) یان بەکارهێناوە. ئەم دووکەسە هەردووکیان بڕوایان بەئامۆژگاری و پەروەردەی کرێکاران و سەرمایەداران هەبوو بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازی لە پێناو هێنانەدی کۆمەڵگای هاوکاری و یەکسان لەبەرهەم و دابەشکردندا. (لویی بلان) کە یەکێکە لە تێکۆشەرە سۆسیالیستە کاریگەرەکانی فەرەنسا و لەو سەردەمەدا بڕوای بە ریفۆرمی ئابوری و سیاسی و هێنانەدی خۆشگوزەرانی هەبوو لە ریگای یاسا و کاری پارلەمانی یەوە. ئەو لایەنگری ئەو هەلومەرجەبوو بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا کە ئێستا پێی دەڵێن (دەوڵەتی رەفا).

بەڵام بۆچونەکانی (شارڵ فۆرییە)ی فەرەنسی دەیخوازی کە گۆرانکاری بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگادا بکرێت لەرێگای ئەو گروپانەی کە خۆی هانی پێکهێنانی دەدان. لەناو ئەو گروپانەدا کۆتوبەندی دابەشکردنی کارو بیرۆکراسی و دابونەریتی کۆنی تاك هاوسەری و جیاوازی چینایەتی بوونیان نەبوو. (پییر جۆزیف پرۆدۆن) رادیکالیست و شۆڕشگێری فەرەنسی کە دەیوت (دارایی و سامان دزیین) دەیویست بە پشت بەستن بە ڕێکخراو و سەندیکاکانی (نیاز و پێویستی ژیان) خەبات و کۆمەڵی سۆسیالیستی بە شێوەی بیرکردنەوەی خۆی ئاوا بکات.

بڕوای ئەم بەشە لە سۆسیالسیزمی سەرەتایی جیاواز بوو لەگەڵ دیدگای ڕێبازی رادیکاڵ و شۆڕشگێری ئەو سەردەمەی بزافی سۆسیالیستی کە دەیانویست لەرێگای شۆڕش و راپەرین و هەندێك جاریش توندوتیژی و تیرۆریزمەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرن و پاشان بەرنامەی سۆسیالیستی لە زەمینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەدی بهێنن. (لویی ئۆگست بلانکی) کەخۆی و

لایەنگرانی ئیلهامیان لە بیروباوەڕی (فرانسوا نۆیل بابۆف)ی ئانارشیێت و ئاشوبگەری فەرەنسی وەردەگرت .بابۆف و لایەنگرانی لەسەرەتادا شۆڕشی فەرەنسییان وەکو شۆڕشی یەکسانی خواز و دڵخواز سەیر دەکرد. بەلام پاشان گومانیان لە دەسەلاتی بۆرژوازی پەیداکرد، بۆیە دەیانویست هەر بەشێوەی شۆڕش ئەو دەسەلاتە لابەرن و خۆیان بچنە سەر دەسەلات. لایەنگرانی بلانکێ دەوری بەرچاویان هەبوو لە چالاکی شۆڕشگێرانەی چەند دەیەیەك لە فەرەنسا كە سەرئەنجام لە (كۆمۆنی پاریس)دا لە ساڵی (١٨٧١) ڕەوتی زۆرینەبوون و ئەوان و بەشەكانی دیكەی بزاڤی كرێكاری و سۆسیالیستی توانیان بۆماوەی دومانگ پاریس كۆنترۆڵ بكەن و دەسەلاتی كۆمۆنە دابمەزرێنن(٥). سەرەرای ئەوەی كە ئەم بیروباوەرە سۆسیالیستی یانە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدە تا ناوەراستی ئەو سەدەیە، دیدگا و میتۆدی گشتی و پلورالیستی بزاڤی كرێكاری و سۆسیالیستی بوون، بەلام نەیانتوانی دوو بەرهەمی كاریگەر بۆ ئەو بزاڤە بەدەست بهێنن: یەكەم، نەبوون و هەوڵ نەدان بۆ هێنانەدی دیدگا و بەرنامەیەكی گشتی فەلسەفی، سیاسی، ئابوری و كۆمەلایەتی بۆ بزاڤی سۆسیالیستی، كە پاشان ماركسیزم بەم كارە هەستا. دووەم، ئەم بزوتنەوانە یان لە ڕاستیدا ئەم پەیرەوانە نەیانتوانی لەگەڵ یەك هاودەنگی و هاوكاری جیهانی یان ئەوروپی بەدەست بهێنن و هەموویان بەشێك بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی وڵاتەكەی خۆیان و كاریگەری ئەوروپی یان بەدەست نەهێنا، كە دیسان ماركیسیزم لە نیوەی سەدەی نۆزدە بەدواوە بەم كارە هەستا.سەر ئەنجام ئەم پەیرەوە سەرەتاییانەی سۆسیالیزم نەبوونە بزاڤێكی بەردەوام و نەبوونە نەوەیەك لە بزاڤی سۆسیالیستی لە مەیدانی ئابوری و سیاسی، كۆمەلایەتی و فەرهەنگی جیهانی مۆدێرن.

نەوەی یەكەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی، وەكو بزاڤی سیاسی و جەماوەری لە ئاستی جیهانی مۆدێرندا( ئەوروپا و ئەمریكا) لەسەر دەستی بەهێز و توانای ماركسیزم پەیدادەبێ و لە ژیانی ئەم نەوەیەدا ڕەوت و لێكۆڵینەوەی ماركسیستی لە هەموو ڕەوتەكانی دیكەی ناو بزاڤی سۆسیالیستی بەهێزتر و گشتی تر دەبێت. ماركسیزم، وێرای دیدگای فەلسەفی و سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی، بەهێز و كاریگەریش بوو لە پێكهێنان و بەهێز بوونی پارت و فیدراسۆنە كرێكاری و سۆسیالیستیەكان لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریكیدا. ئەم كارە بەتایبەت دەربارەی هەردوو فیدراسیۆنی



کرێکاری و سۆسیالیستی جیهانی ڕاست بوو،((یەکێتی جیهانی کرێکاران)) کە بە ئەنتەرناسیونالی یەکەم لە مێژوودا ناسراوە بە پێشرەوی و ڕێنمایی بیروباوەرەکانی مارکس لە ساڵی (١٨٦٤) لە لەندەن دامەزرا و ((ئێونەتەوەی دووەم)) کەلەساڵی (١٨٨٩) دامەزرا و پاریس لەئامێزی گرت و تا ساڵی (١٩١٤) بەردەوام دەبێت. هەرچەندە لەم دو ئەنتەرناسیونالەدا جگە لەڕەوتی مارکسیزم، دوو ڕەتی دیکەش هەبون کە ئەوانیش ڕەوتی ریفۆرمیست و ئانارشیست بوون، بەلام ڕەوتی شۆڕشگێڕی سوسیالیستی و کرێکاری بە ڕێنمای مارکسیزم بەهێزترین ڕەوتی ناو هەردوو ئەنتەرناسیونال بوو. سەرئەنجام مارکسیزم لەڕێگای ئەو دوو ئەنتەرناسیونال و پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی و بزاڤی بەهێزی کرێکاریەوە سەردەمی زێرینی خۆی (٦) هەتا ساڵی (١٩١٤) بەردەوام کرد.

نەوەی دووەمی بزاڤی سۆسیالیستی لەدوای کۆتای هاتنی تەمەنی ئەنتەرناسیونالی دووەم، واتە لە ساڵی (١٩١٤) دەست پێدەکات. زۆربەی سەرچاوەکان و مێژوونوسانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەو باوەڕەدان کەساڵانی نێوان ١٨٦٤-١٩١٤ بەسەردەمی سەرهەڵدان و بەهێزبوون و وەرچەرخاو کاریگەربوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئەژماردەکرێ لە سیاسەت و فەرهەنگ و ژیانی ئابوری و سیاسی ئەوروپا و ئەمریکا، کە ئەم سەردەمە دەبێە تەمەنی نەوەی یەکەمی بزاڤی سۆسیالیستی. بەلام نەوەی دووەم کەلەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دێتە مەیدان بەهەردوو باڵی ریفۆرمیست (سۆسیال دیموکرات) و تۆند ڕەوی شۆڕشگێڕی (کۆمۆنیست)ەوە، دەبنە دوو باڵی بەهێز و جیاواز و دژ بەیەك لە بزاڤی سۆسیالستی دا و تەواوی سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی براکوژی نێوان سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا.

سۆسیال دیموکراسی درێژکراوەی باڵی ریفۆرمیست و شێوە مارکسی ناو ئەنتەرناسیونالی دووەم بوون کەلەپەیرەوەکانی ئەڵمانی (ئیدوارد برنشتاین)، فەرەنسی (جان جۆریس)، مارکسیستی نەمسایی (ئاسترۆ مارکسیست، کارل رینەر، ماکس ئادلەر، ئۆتۆباوێر) و پەیرەوی بەریتانی (سۆسیالیزمی فابی و پارتی کرێکاران)توانیان بەهێزترین پارتی سۆسیالیستی یان لە ڕاستیدا پارت و بزوتنەوەی جەماوەری و کرێکاری لەتەواوی ئەوروپای ڕۆژئاوادا پێك بهێنن .

کۆمۆنیزمیش لە ڕێگای بیروباوەرەکانی لینین (لینینزم) و کۆمۆنیزمی روسی و ستالینەوە، توانییان لەوڵاتانی رووسیا (یان سۆڤیەت) و تەواوی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی پێك بهێن و لە ساڵ (١٩١٧)وە هەتا

ساڵی (١٩٩١) کاریگەری بەهێزیان لەسیاسەتی جیهانیدا هەبوو، وەکو ئۆردوگایەکی سیاسی و ئابووری لەبەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی رۆژئاوایی . سیاسەت و بەرنامەی بەناو سۆسیالیستی ئەم ئۆردوگایە لەو سەردەمەدا (١٩١٧ — ١٩٩١) لەم چەند خاڵەدا بەیان دەکرێت: یەکەم، ئاستی نزم و هەژارانەی ژیانی ئابووری لەم ئۆردوگایەدا. دووەم، نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و دەسەڵاتدار بوونی دیکتاتۆری سیاسی ئەحزابی کۆمۆنیستی پەیرەوی سۆڤیەت و سێیەم: ناسیۆنالیزم لەهەردوو ئاستی هەریەکێك لەو وڵاتانە یان لە ئاستی ئۆردوگاییدا و بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی قەڵای مەزنی سۆسیالیزم کە (شورەوی) یە [٧] .سیاسەتی ناسیۆنالستی ئۆردوگای کۆمۆنیستی بەومانایە دێت کە بەرژەوەندی جیهانی و ئەنترناسیۆنالیستی کرێکاری و سۆسیالیستی لە جیهاندا کراوەتەپاشکۆ و قوربانی بۆ پاراستنی ئۆردوگای مەوجودی کۆمۆنیستی و هەموو سیاسەتە جیهانی یەکان تەنها لە ڕوانگە و بەرژەوەندی سۆڤیەت و ئۆردوگا و کاریگەری جیهانی ئەو وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لەبەرژەوەندی خەباتی چینایەتی جیهانی کرێکاران و سۆسیالیزم.

بەم شێوەیە هەردوو باڵی سۆسیالیستی وکۆمۆنیستی لەسەردەمی نەوەی دووەمی سۆسیالیزمدا درێژە بە ژیانیان دەدەن و سەرئەنجام لە ساڵانی (١٩٦٠) بەدواوە ڕەوت و بزاڤی نەوەی سێیەم لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیهانیدا سەر هەڵدەدات، وەکو ڕێگای سێهەمی جیاواز لە کۆمۆنیزمی دەوڵەتی و هەژمونگەر و دیکتاتۆریو سۆسیال دیموکراسی ریفۆرمیست و شێوەیەك لە پاراستنی سەرمایەداری.

## مێژووی سەرهەڵدانی نەوەی سێیەم

دەیەی شەستی سەدەی بیستەم بە سەرهەڵدانی رەوتێکی نوێ لە بزاڤی سۆسیالیستی دائەنرێ، کە بەزۆر ناوی جیاوازەوە دێنەمەیدانی خەبات. زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم رەوتە بۆ دوو هۆکاری سیاسی و ئابوری و جیهانی گرنگ دەگەرێتەوە، **یەکەم** نەیاری و نارەزایی بەرامبەر بە سیاسەتی دەوڵەتانی سەرمایەداری لەبەرامبەر کێشەی نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، شەڕی ساردی نێوان هەردوو ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستی لەلایەك و ئۆردوگای رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا و زەمینەی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی و مەترسی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ. **دووەم**، سیاسەتی هەڵەی هەردوو باڵ کۆمۆنیستی و سۆسیال دیموکراسی سەبارەت بە فەرامۆشکردنی پرسەکانی ئازادی، دیموکراسی، ئاشتی و عەدالەت و خەریك بوونی ئەو دووباڵە لەلایەك بەکێشە و جیاوازیی نێوان خۆیان و لەلایەکی دیکە بە پاراستن و هێشتنەوەی هەژموونی جیهانیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی و عەدالەتی جیهانی .

سەرهەڵدان و بەهێزبونی خەباتی جەماوەری و دیموکراتی دەرەوەی پارلەمانەکانی ئەوروپای رۆژئاوا لەسەرتای دەیەی (١٩٦٠) و بڕوانەمان، یان کزبوونی ئومێدەکان بەپارتەکانی سۆسیال دیموکراسی کە دەبێتە زەمینەیەك بۆ سەرهەڵدانی بزاڤەکانی بەدەست هێنانی مافەمەدەنیەکان (بەتایبەتی لە (USA) و بزاڤەکانی ژنان و فیمینیستە ئازادی خواز و یەکسانی خوازەکان، راپەرینی خوێندکاران و لاوانی (فەرەنسا) و ئەوروپا و ئەمریکا لە ساڵی (١٩٨٦) و بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەکانو پاشان سەرهەڵدانی بزاڤی ژینگەپارێزی و سەوزەکان و لەسەرەتای دەیەی (١٩٧٠) و پەیدابوون و بەهێز بوونی نەیاری و نارەزایی لەدژی جەنگ و چەکی ئەتۆمی و دروست بوونی بزاڤی لایەنگرانی ئاشتی، لەکۆتایی دەیەی (١٩٨٠) و سەرەتای دەیەی (١٩٩٠)و پاشەکشە و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی کۆمۆنیست و دیکتاتۆری تاك حزبی لە سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵات و رووخانی دیواری بەرلین لەساڵی (١٩٨٩) دەبێتە سیمبول و هێمای سەردەمێکی تازە بۆ سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ لە سۆسیالیزم. بڕوای ئەم نەوەیە لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەرامبەر بە وڵاتانی بەناو سۆسیالیست ئەوە بوو کە ئەو دەوڵەت و پارتانە بە هیچ شێوەیەك سۆسیالیست نەبوون بەڵکو دەوڵەتی دیکتاتۆری بوون بەسەر پرۆلیتاریا و خەڵکەوە نەك دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. راپەرینی لاوان و خوێندکارانی پاریس و کۆنترۆڵ کردنی بەشێك لە زانکۆکانی فەرەنسا، ئەمریکا و هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو لەلایەن لاوانەوە لە مانگی ئایاری (١٩٦٨) و بەرزکردنەوەی دروشم و خواستەکانی سۆسیالیستی و تا رادەیەك ئانارشیستی، بەسەردەمێکی گرنگ لەتەمەنی ئەم نەوەیەی سۆسیالیستی ئەژمار ئەکرێ. زۆرترین بەشداربووانی بزاڤەکانی خوێندکاران و لاوان، لایەنگرانی بزاڤەکانی (چەپی نوێ) بون کەلەسەرەتای (١٩٦٠) پەیدابوو بوون، چەپی نوێ بەشێوەی گشتی زیاتر ئازادی خواز بوون، تا سۆسیالیستی کەئەمەش کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر ئۆردوگای دژی ئازادی و دیموکراسی بەناو سۆسیالیستی و سیاسەتی دیکتاتۆری حزبە کۆمۆنیستی یەکانی سەر بە سۆڤیەت.

ئەوناوەی کە تەواوی لایەنگرانی بزوتنەوە ناوبراوەکان لەسەری کۆك و هاودەنگ بوون، ناوی **سۆسیالیستی دیموکرات** یان **سۆسیالیست** و **دیموکرات** بوو

بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە هەردوو رەوتی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی. هەندێك لە سۆسیالیستە مرۆڤدۆستەکان و بەشێك لەلایەنگرانی (تیۆری رەخنەی ئەمریکایی و بەریتانی لە دیموکراسی لیبرالّی) بوونە قسەکەری ئەم بزاڤە نوێیە. بیریاران و رەخنەکارانی بەرجەستەی ئەمریکایی و بەریتانی وەکو رۆبرت دال کە بڕوای بەهێزی بە سۆسیالیزم هەبوو، کرافۆرد ماکفرسۆن کە باسی لە دیموکراسی راستەقینە و پلورالیستی دەکرد، ئا.پ. تۆمپسۆن مێژوو نووسی ئینگلیزی و رالف میلیباند کە خاوەنی کتێبی گرنگ و ناوداری (سۆسیالیزم بۆ سەردەمی گومان)ە و یەکێك بوو لە تیۆریسنە ناودار و مامۆستا پڕکارەکانی (کۆلێژی ئابووری و سیاسی لەندەن )لە باس و تیۆرەکانیاندا خۆیان بەلایەنگرانی ئەم رەوتە لە سۆسیالیزم دەناساند. لێکۆڵیارانی چەپی نوێ بەبیرو رای هاوبەش لەگەڵ دیدگای مارکسی لاو، بەرەو بیرۆرای (لەخۆ نامۆ بوونی)ی مرۆڤی نوێ و نەبونی ئازادی راستەقینە لە سیستەمی سەرمایەدارییدا وەرچەرخان[٨].

بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و و کاریگەری فراوان و بەهێزی ئەو بزوتنەوەیە بۆ ماوەیەکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەمریکی وای لە تیۆرمەندانی ئەم بزاڤەی سۆسیالیزم کرد کە دووبارە گرنگی و ئاراستەیان بەرەو پرسی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان زیندوو بکەنەوە هەندێك لەو سۆسیالیستانە و بەتایبەتی (کرافورد ماکفرسۆن)تیۆر مەندی سیاسی کانادایی لە کتێبی (جیهانی واقعی دیموکراسی)دا نرخاندنی هاوسەنگتر و راستەقینەتری لە دیموکراسی ئازادیخواز خستەڕوو . بەبڕوای ماکفرسۆن دیموکراسی تەنها لە دیموکراسی لیبرالی دا تەسك ناکرێتەوە، بەڵکو دوو جۆری دیکە لە دیموکراسی دەتوانێ فرەیی و بەهرەمەندی دیموکراسی بەرەو ئازادی خوازی واقعی بەدی بهێنێ. ئەو دوو جۆرەی دیکەی دیموکراسی بەبڕوای ماکفرسۆن یەکێکیان دیموکراسی رۆسۆیی یە کە دەتوانێ دیموکراسیەکی میللی یان گشتی (نەك تەنها لیبرالی) بۆ هەمووان بەدەست بهێنێ و دوومیان لە دیموکراسی مارکسی یان سۆسیالیستی یە کە پەیوەندارە بەپرسەکانی ئازادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، دادپەروەری دابەشکردن و دارایی و سەرەئەنجام بونیات نانی شێوەیەك لە دامودەزگای سۆسیالیستی (کۆمەلایەتی هاوبەش) و بەهرەمەند بۆ هەمووان [٩].

سەرئەنجام تەواوی سۆسیالیستە دیموکراتەکان بڕوایان هێنا بە جۆرێکی دیکە لە دیموکراسی، کەجیاوازە لە دیموکراسی لیبراڵیو خۆیان ناوی دەنێن بە دیموکراسی سۆسیالیستی (بەپیرەوی لە ماکفرسۆن و میلیباند) [١٠].



بزاڤی ڕزگاری خوازی ژنان کە بووە هۆی سەرهەڵدانی پەیرەوێك بەناوی (فیمینیزمی مارکسیست) و بەسوود وەرگرتن لە دیدگا و نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس و ئۆگست بیبل (یەکێك لە رابەرە گرنگەکانی رەوتی مارکسیست لە سۆسیال دیموکراسی ئاڵمان) و سۆسیالسیتەکانی سەرەتا (فۆریە، سان سیمۆن و رۆبرت ئۆین) شێوەیەك لە بیرکردنەوەی سۆسیالیستی و فیمینیستیان بەئاڕاستەی پلوڕالیزم هێنایە ناو بزاڤی سۆسیالیستی و فیمینستی. هەڵوێستی ڕابەرانی ئەم پەیڕەوە سۆسیالیستی و فیمینیستی یە لە بەرامبەر ئەوانەش کە مارکسیست نەبون، هەڵوێستی نەیاری نەبوو بەڵکو بڕوایان بە فرەیی لە بیرو باوەڕو یەکێتی لە کار و ئامانجدا هێنا. بزاڤی فیمینیستی سۆسیالیستی لەناو پارتە سەوزەکانیشدا، کە ئەوانیش بەشێکن لە نەوەی سێیەمی سۆسیالیستی گرنگ و کاریگەر بون.

پارتە سەوزەکان لەلایەنگرانی ژینگە پارێزی و ئاشتی پەروەری ، کە لە ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی بەهێز و کاریگەرن لە سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەو وڵاتانەدا، هەر بەشێوەی پلورالیستی نێوان ژینگە پارێزی، فیمینیزم،ئاشتی پارێزی و سۆسیالیزم بیر دەکەنەوە و ئەمانیش بەشدار و هاوبەشن لە دیدگا گشتیەکانی رەوتی (سۆسیال دیموکرات) کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین.

ڕەوت یان پەیرەوێکی دیکەی ناو سۆسیالیزمی دیموکرات ئەوانە بوون کە دەیانویست پەیوەندی نێوان دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم زیندوبکەنەوە. ڕوانگەی میتۆدیوفکری ئەم باڵە دیدگا و زانیاری لە دوو پەیرەوی مارکسی و سۆسیالیستی سەرەتای سەدەی بیستەم وەردەگرت. بڕۆنۆ باوێر و کارل رینەر و ماکس ئادلەر کە بونیادنەرانی رەوتی (ئاسترۆ مارکسیست) یان پەیرەوانی قوتابخانەی ڤییەننا بوون، بڕوایان وابوو کە دەتوانین دیموکراسی و سۆسیالیزم و ناسۆسیالیزم پێکەوە ئاوێتە بکەین و لەلای ئەوان ناسیۆنالیزم یان نەتەوە پەروەری دەبێت بەدیهێنەری ماف ونیازەکانی خەڵکیش بێت. واتە ناسیۆنالیزم (لە پەیڕەوی ئەواندا)تەنها بەدەست هێنانی سەروەری بەخۆیی نی یە بۆ نەتەوەکان، بەڵکو دەبێت بەدیهێنەری سەروەری و سەربەخۆیی و نیاز و ژیانی تاکەکانی ناو ئەو نەتەوەیەش بێت یان هەروەکو خۆیان دەڵێن ((نەتەوە هاوچارەنووسی خەڵکەکانیەتی)) [١١] . پەیرەوی دووەم بۆ ئیلهامی (دیموکراسی، سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم) بۆ ڕەوتی سۆسیالیستی دیموکراتی، بیرو باوەرەکانی تێکۆشەر و ڕابەر و تیۆرمەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی فەرەنسی (جان جۆریس) کە دەیوست گفتوگۆ و ئاوێتە بوونی سۆسیالیزم و دیموکراسی و

نەتەوەپەروەری لە بیروڕای ئاشتی خوازی و دژی جەنگ دا بەرهەم بهێنێ[١٢] .بەم جۆرە نەوەی سێ یەم، دەیخواست کە جۆرێکی دیکە لە پلۆرالیزم و یەکتر خوێندنەوەی نێوان ئەنتەرناسیۆنالێزمو نەتەوەخوازی بەدەست بهێنێ و لەم مەیدانەشدا ڕاستگۆیی پلورالیستی خۆیان بسەلمێنن.بزاڤەکانی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی لە وڵاتانی روو لەگەشە، وای لە سۆسیالیستەکان کرد کە دووبارە گرنگی بەم باسە کۆنەی ناو دنیای سۆسیالیستی بدەنەوە و هەوڵ بدەن کە بەگرتنە بەری ئاڕاستە و سیاسەتی نوێ پەیوەندی نێوان نەتەوەپەروەری (ناسیۆنالیزم)، سۆسیالیزم و دیموکراسی بخەنەوە ناو سیاسەت و فەرهەنگی بزاڤی سۆسیالیستی.

لە ئەمریکاو کەنەدا، پەیدابوونی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتی زیاتر بەشێوەی بزاڤی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی نێوان گروپ و فیدراسۆنە کرێکاریەکان پێك دەهات، نەك بەشێوەی تیۆری و نوخبەیی. (سۆسیالیستە دیموکراتەکانی ئەمریکا) کە یەکگرتنی نێوان گروپە چەپەکان بوو لەساڵی (١٩٨٣) لەلایەن (مایکل هارینگتۆن) و هاوکارانی دامەزراو لەکاردا بوون بۆ نەیاری لەبەرامبەر سیاسەتی ناڕۆشنی سۆسیال دیموکراسی ناو پارتی دیموکرات لەبەرامبەر سیاسەتی جیهانی ئەمریکا و ئەوان، دەیانویست لە ڕوانگەی خەبات و ئاسۆی سۆسیالیستی جیهانیەوە،داوەری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بکەن، نەك لەروانگەی ئەمریکا پەرستی و خەونی ئایدیالیستی هەژموونی ئەمریکاییەوە.

لە ئاستێکی فراوانتردا چەند پارت و ڕووناکبیران و تیۆرمەندانی کاریگەر لەناو پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای رۆژئاوادا و لەسەرەتای دەیەی (١٩٨٠)کە بەشێکی بەهێز بوون وەکو باڵی دیموکراتو ئازادی خوازی ناو ئەو حزبانە، تەواوی پارتەکانیان لە ئاراستەی سۆڤیەتی دوورخستنەوە و هەرچی زیاتر بەرەو دیموکراسی دەچوون. ئەم هەوڵانە لە ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، یۆنان و (ژاپۆن)سەرکەوتووبوون و ئەم بزوتنەوەیە کە بە (کۆمۆنیزمی ئەورووپی یان ئورۆکۆمۆنیزم) ناسراوە و بەڕێنمایی برواکانی (ئەنریکۆ برلینگۆیر) بەهێزترین و پایەدارترین رەوتی دژی لینینی و سۆڤیەتی بوون لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. کۆمۆنیستە ئەوروپاییەکان، هەروەکو زۆربەی سۆسیالیستە دیموکراتەکان رویانکردە بەرهەم و نووسینەکانی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) کەیەکێك بوو لە تیۆرمەندانی گرنگ و کاریگەری ناوبزاڤی مارکسیستی و رابەری بنیاتنەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا بوو. گرامشی لە ئاوێتەکردنی کارو بەها شۆڕشگێڕیەکان لەگەڵ دیدگای ریفۆرمیستی دەربارەی پەیوەندی نێوان



سەرمایەداری و سۆسیالیزم و پێشرەوی ئەو ئاوێتە کردنە لەنێو بیرمەندانی نێونەتەوەیی دووەمدا بێ هاوتابوو. گرامشی هەر بەوشێوەیەی کە داکۆکی دەکرد لە دیدگای مارکسی سەبارەت بە پێداویستی پارتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار، لەهەمان کاتدا لە خەباتی گشتی جەماوەری ئانارشی و بێ بەرنامەی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی داکۆکی دەکرد. بەڵام هەندێك لە پارتەکانی ناو کۆمۆنیزمی ئەورووپی، وەکو حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا و ئیتاڵیا،زیاتر دەگەڕانەوە بۆ مارکسیزمی رەسەن (ئەرسەدۆکس) و هەوڵیان دەدا کە ئەنجام و لێکۆڵینەوەی تازە لە مارکسیزم لەسەردەمی ئێستادا بەدەست بێنین.

دیدگای نەیاری و نارەزایی سۆسیالیستە دیموکراتەکان لەبەرامبەر گەندەڵی، ناکارایی، هەژاری و دیکتاتۆری کۆمۆنیستی دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵات لەلایەکەوە و رەخنەی ئەوان لە سیاسەتی تەواو ریفۆرمیستی و تەسلیم بوونی سۆسیال دیموکراسی بەسەرمایەداری و بەشداری ئەوان لە سیاسەتی دژی مرۆڤانەی سەرمایەداری رۆژئاوا (وەکو جەنگ، پاوان کردن ،جیهانگیری،هەژاری، ئالودەکردنی ژینگە) دوو بەرئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە: یەکەم، دەبووایە زیاتر ئەوان (واتە نەوەی سێیەم) خەریك بن بەپەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و دیموکراتی هەر بۆیەش ناوێکی هاوبەشیان لە نێوان ئەو دوو زاراوەیە بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. دووەم ڕاستی و دروستی دیدگاکانی ئەوان سەبارەت بەهەردوو باڵەکەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لەهەموو زەمینەکاندا ڕاست دەرچوو.

## زەمینەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی سۆسیالیستی دیموکراتی

نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی سەرەڕای ئەوەی لە ژینگە و زەمینەی جیاواز و فرەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆربەی جیهانی مۆدێرنی لە ساڵانی (١٩٦٠) و (١٩٧٠) و (١٩٨٠) تا ئێستا گرتۆتەوە، بەڵام ئەم بزاڤە لە بناغەدا خاوەنی چەند تایبەتمەندی جیاوازە لە هەردوو باڵەکەی نەوەی دووەم .تایبەتمەندی رادیکالیزمو ئەنتەرناسیۆنالیزم، خەباتی شۆڕشگێری و دادپەروەری سۆسیالیستی و ئازادیخوازی دەبنە ناسنامەی گشتی ئەم بزاڤە و لە هەمان کاتدا بەیانگەری خودی ئەو ژینگە و زەمینانەشە کەتیایدا پەیدابوون. هەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەم بزاڤە لەژینگە و سەرچاوەی جیاوازەوە پەیدابوون (نەك تەنها خەباتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران وەك مارکسیزمی کلاسیك و سۆسیال دیموکراسی و لینینزم) تێگەیشتنی ئەوان یان بەشەکانی ئەو بزاڤە لە خودی سۆسیالیزم چوون یەك و هاوتانییە بەڵکو ئەوان یەکێك لە بەرهەمەکانیان دەبێتە بەدی هێنەری میتۆدی پلورالیستی سۆسیالیستی و

پێکەوە ژیانی دیدگا جیاوازەکان لەناو سۆسیالیزمدا.

سەرئەنجام دەبێت ژینگە و زەمینەکانی ئەم رەوتە بناسین و لەو ناسینەدا لە فرە چەشنی و جیاوازی نێوان بەشەکان و ئەو بۆشاییەی کە ئەم بزاڤە لە ئاستی جیهانیدا پڕیدەکاتەوە تێبگەین و زەمینەکانی سەرهەڵدانی دەبێتە جۆرێك لە ناسینەوەی فرە و ئاڵۆزەی ئەم رەوتە:

***یەکەم:*** دەیەی شەست دەبێتە سالانی زۆر پرس و کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر نەکراو کە لە ئەنجامی گۆرانکاری کۆمەڵگای بۆرژوایی دوای جەنگی جیهانی دووەم پەیدابوون لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناکۆکی و دژایەتی نێوان هەردوو ئۆردوگای رۆژئاوا و رۆژهەڵات مۆری خۆی دابوو لە هەموو پرس و کێشەکانی ژیان لە جیهاندا و هەروەها راگەیاندن و پرۆپاگەندەکانی جەنگی سارد، بەهێز بوونی پێشبڕکێی چەکدار بوون، ئەگەری هەڵایسانی جەنگی سێیەم و کاریگەری چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ ببوونە تابلۆی سەرەکی و چەند بارە ی ژیانی خەڵکی جیهان ،لەلایەکی دیکەشەوە کۆنترۆڵی بێ ئەملاولای ئەمریکا بەسەر جیهانی رۆژئاوا (ئەوروپای رۆژئاوا، ژاپۆن، ئوستڕالیا و ئەمریکای باکوور) زەمینەی دژایەتی ئەمریکا و ئۆردوگاکەی لە هەموو جیهاندا هەڵخراندبوو. دژایەتی جەنگی سارد و کێشەی ئەتۆمی و پیس بونی ژینگە و نەبوونی ژیانی ئابووری و عەدالەت خوازی لە خودی ئەوروپا و ئەمریکاشدا دەبێتە زەمینەی یەکەم و سەرەکی بۆ پەیدابوونی بزاڤەکانی چەپی نوێ و نەوەی سێیەم.

***دووەم:*** سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بزاڤەکانی ڕزگاری خوازی نەتەوەکانی جیهانی رو لە گەشە و بەئاکام گەیشتنی هەندێك لەو بزوتنەوانە بۆ بەدەست هێنانی سەروەری و سەربەخۆیی نیشتمانی و ئاوێتە بوونی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم دەبێتە یەکێك لە زەمینە و ناسنامەکانی بزاڤی سۆسیالیستی تازە، یان سۆسیالیزمی وڵاتانی داگیرکراو. سەرکەوتنی شۆرشی چین لە ساڵی (١٩٤٩) و کوبا لە ساڵی (١٩٥٩) و شۆرشی جەزائیر لە (١٩٦٢) ئەو زەمینانەن کە سۆسیالیزمی دیموکرات و نیشتمان پەروەری تیا لەدایك بوو.

***سێیەم:*** ئەگەر چی لە وڵاتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا گەشەی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و ئابووری لە دوای جەنگ سەردەمێك لە ژیان پێکدەهێنێ بەڵام بەهچ جۆرێك لەو وڵاتانەدا نەگۆرانکاری بەرچاو لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەبینرا و نەبەرهەمەکانی ئازادی و خۆش گوزەرانی بۆ هەمووان بوو. یەکێك لە داوا گرنگەکانی بزاڤی سێیەمی سۆسیالیستی بەدەست هێنانو





بەهرەمەند بوونی هەمووان بوو لە دەسکەوتی ئابووری و گەشەی ئازادی و سیاسی. گۆرانکارییەکان لە زەمینەکانی ئابووری و سیاسەتدا پێویستی دەکرد کەشێوەیەکی دیکەی لەروانگەی فەرهەنگی و شارستانی و مافداری و ئەخلاقی بۆ چەپی نوێ پەیدا بکرێ و لەم سەردەمەدا بیروباوەرەکانی مارکسیزمی فەلسەفی یان مارکسیزمی رۆژئاوایی بەڕێنمایی یەکانی (گرامشی، لۆکاچ، کارل کۆرش و ئەرنست بلۆخ) دەبنە مانیفێستی فەرهەنگی و فەلسەفی چەپی نوێ.

لە کاتێکدا ئەمریکا گەشتی ئاسمانی دەکرد، بەڵام هەڵاواردنی نەژادی خەڵکی ئازاد خواز و دادپەروەری بێدار دەکرد، لەکاتێکدا کە ژنان بەشێوەی فراوان و بەرچاو هاتبونە مەیدانی کار و بەرهەمهێنانەوە، بەڵام هێشتا ئاستی نزمی کرێی ئەوان ویژدانی بریندار دەکرد. هەڵاواردنی ڕەگەزی ببوە یەك واقیع و راستی سەپێنراوی ڕۆژئاوا. هەموو ئەم ڕەوش و ژیانانە پێویستی بەوەڵامی ردیکال و ئازادیخواز و دادپەروەر بوو.

***چوارەم:*** لەم سەردەمەدا هیچکام لەبیروباوەرو بزاڤە نەریتیەکانی دەسەڵاتداری وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکور وەڵامی گونجاو، یان ڕازیکەریان بەخەڵك نەبوو. بێگومان هیچ چاوەڕوانیەك لە لیبرالیزمی بۆرژوایی نەدەبینرا کە خۆیان بەشێك بوون لە بەدیهێنانی ئەم هەلومەرجانە، بۆنواندنی هەڵوێستی رادیکالی ئازادیخوازی یان عەدالەت خوازی. سۆسیال دیموکراسی و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپاش یا بەئاشکرا داکۆکی یان لە سیاسەتی رەسمی باڵی دەسەڵاتداری وڵاتانی خۆیان دەکرد و یا بەشێوەی ناپەیگیر و زەبونانە رەخنەی لاوازیان دەگرت. پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی بەڕەسمی لایەنگرییان لە بەرنامە و هەنگاوەکانی جەنگی ساردی ئەمریکا لە دژی سۆڤیەت و کەمپی رۆژهەڵات دەکرد و کاتێکیش کەخۆیان دەسەڵاتدار بوون ئەو سیاسەتانە یان پیادەدەکرد. پشتیوانی ئاشکرای سۆسیال دیموکراتەکانی فەرەنسا و بەریتانیا لە سیاسەتی ئیمپریالیستی وڵاتەکانیان لەداگیرکردنی وڵاتانی جیهانی سێ، یەکێکە لەو رەخنە پەیگیرانەی کە چەپی نوێ و رەوتی سۆسیالیستی تازە لەبەرامبەریان خستیانە روو. داکۆکی ئاشکرای باڵی چەپی حزبی دیموکراتی ئەمریکا کە خۆیان بە سۆسیال دیموکراس دەناساند لەدەخالەت و جەنگی ئەمریکا لە کۆریا و ڤێتنام شایستەیی و ئابڕوی سیاسی و مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتووخوازی ئەو پاراتەی لەکەدار دەکرد و چی دیکە بڕوای سۆسیالستەکانی بۆ خۆی رانەدەکێشا.

تا ئەو جێگایەی کەپەیوەندی بەپارتە کۆمۆنیستەکانی رۆژئاواوە هەبێ،

هەڵبەت راگەیاندن و پروپاگەندەی رەسمی دەوڵەتەکانیان سەبارەت بەجەنگی سارد و دژایەتی یان لەگەڵ سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئۆردوگای رۆژهەڵات، هەلومەرجی سنوردار و ناپاسایی بۆ ئەوان پێش هێنابوو. هەروەها سیاسەتی بێ قەید و بەندی ئەو پارتانە بۆداکۆکی کردن لە سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکەی و سیاسەتی ناوخۆیی و جیهانی ئەو ئۆردوگا بەناو سۆسیالیستی یە ئەوانی کردبووە بەشێك لە جەنگی سارد و سیاسەتی سۆڤیەتی. ئەم رەوشە هەرچۆن بووە مایەی رەخنەو نەیاری لەبەرامبەر سۆسیال دیموکراسی لایەنگری ئەمریکا و رۆژئاوا، هەر بەو ئەندازەیەش زەمینەی بێزاری و ئازادی خوازان و دادپەروەرانی سۆسیالیستی فەراهەم دەکرد لەبەرامبەر پارتە کۆمۆنیستەکان. سیاسەتی پارتە کۆمۆنیستەکان لە جەنگی ساردا لە جیاتی ئەوەی دژی جەنگ بن و داکۆکی لە ئاشتی جیهانی بکەن، بوونە بەشێك لە داکۆکی کردن لەبوونی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵ کوژ لەدەستی سۆڤیەت و پەیرەوانی بەناوی ئەوەی کەدەبێت کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیش خاوەنی ئەو چەکانە بن لەبەرامبەر هەژموون و دەست درێژی ئیمپرالیستی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا. سیاسەتی ئەم پارتە کۆمۆنیستانە لە پێش هەژموونی شورەوی تا ئەو رادەیە نامرۆڤانە و ریسوایی هێنەربوو کە داکۆکیان لەهێرشی سەربازی سۆڤیەت و پەیرەوانی دەکرد تا رادەی داگیرکردنی سەبازی هەنگاریا لە ساڵی (١٩٥٦) و هێرشی سەربازی بۆ سەر چیك و لەناوبردنی بەهاری پراگ لە ساڵی (١٩٦٨).

رەخنە و نەیاری چەپی نوێی سۆسیالیستی دیموکرات لەبەرامبەر سۆسیالیزمی ئۆردوگایی بەرادەیەك کاریگەر بوو، کە بووە هۆی کەم بوونەوەی شایستەیی و لەدەستدانی هەژمونی فکری و فەلسەفی و سیاسی بیرورای سۆڤیەتی لەناو کۆڕو کۆمەڵی ئازادی خوازان و پێشکەوتووخوازاندا. لەم سەردەمەدا زۆرێك لە روناکبیران و بیرمەندانی پەیگیری ئەوروپی و رۆژهەڵاتی کاریگەر بوون لەئاشکراکردنی رووخساری دژی ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمی ئەو ئۆردوگایە. روناکبیرانی وەکو (پۆل سویزی، پۆل باران، سەمیر ئەمین، فرانز فانون، ئیمانوێل والرستاین، رالف میلیباند شارل بتلهایم و مایکل هارینگتۆن) نەخشی گرنگیان هەبوو لەدەرخستنی راستی یەکانی پەیوەندی نێوان ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزم و بێبەری و نامۆیی کۆمۆنیزمی جیهانی بەو راستیانەوە. کاریگەری ئەم رەخنەو نەیاریانەی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتی و چەپی نوێ و سەوزەکان بووە هۆی گومان و لەبەریەکترازانی ریزەکانی



کۆمۆنیزمی ئەوروپای رۆژئاوا و ژاپۆن و سەرئەنجام ئەو پارتانە هەموویان بەگرتنەبەری رێباز و بیروباوەری جیاواز لە کۆمۆنیزمی لینینی و رووسی پەیرەوێکی تازەیان لە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی جیهانی بەدەست هێنا بەنێوی (کۆمۆنیزمی ئەوروپایی) .رەخنەی سۆسیالستی دیموکراتی لەبەرامبەر کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی جیهانی لەسەر زمانی (ئیمانۆیل و الرستاین) بەم شێوەیە بەیانکراوە. ئەو رەوتانە چیدیکە (بەشێك نەبوون لە چارەسەر) بەڵکو ببونە (بەشێك لە کێشە و گرفتەکان) [١٣] .

***پێنجەم،*** هەژموون و کۆنترۆڵی پارتەکانی سۆسیال دیموکراتی و کۆمۆنیزم لەناو بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتووخوازیدا، لەلایەك هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ کەم جوڵانەوەی کرێکاری لاوازبوونی نەیاری و نارەزایی کرێکاران بەرامبەر رەوش و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە و لەلایەکی دیکەشەوە بووە هۆی ئەوەی کە بزاڤی کرێکاری لەهەوڵی پەیداکردنی رێگاچارەیەکی دیکە بێت کە دوور بێ لە سوسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی جیهانی. بەم شێوەیە دەیەی (١٩٦٠) بزاڤی سەربەخۆ و خۆبەخۆی کرێکاری لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا و هەندێك لە وڵاتانی سەربە بلۆکی سۆڤیەتی پەیدا دەبن و لەم نێوەدا بزاڤی کرێکارانی هاوپشتی پۆڵۆنیا لەسەرەتای دەیەی (١٩٨٠) وەکو یەکێك لە بەهێزترین بزوتنەوەکانی کرێکارانی سەدەی بیست ئەژمار دەکرێ کە دوور بوو لەکاریگەری و هەژموونی سۆسیالیزمی نەریتی ئەحزابی کۆمۆنیست و تەنانەت دژ و نەیاریش بوو لەگەڵیان.

لەدەیەی (١٩٥٠) و (١٩٦٠) کە ئەگەر چی بەدەیەی هاوسەنگی و جێگیری سیاسی دادەنرێ لە رۆژئاوا، بەڵام سەرهەڵدانی بزاڤی کرێکاری رادیکال و دوور لە سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم،دەبێتە زەمینە و سەرچاوەی پەیدابوونی دیدگای نوێی فەلسەفی و فەرهەنگی و سیاسی لە بزاڤی سۆسیالیستی دا و لە هەمان کاتیشدا زەمینەی هاوپشتی و هاوکاری لەگەڵ بزاڤەکانی لاوان ژنان ، ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی و مافەمەدەنی یەکان فەراهەم دەکات و ئەمەش دەبێتە باشترین ژینگە و زەمینەی سەرهەڵدانی بزاڤەکانی چەپی نوێ، سەوزەکان، سۆسیالیزمی دیموکراتی، رێگای سێهەم و فیمینیستانی سۆسیالیست و مارکسیست.

***شەشەم:*** نەیاری و رێگری چینی باڵا دەست و حکومەتەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لەبەرامبەر داواکانی بزاڤی سۆسیالیستی دیموکرات و باڵەکانی ئەو بزاڤە لە بزووتنەوەی خوێنکاران و لاوان لە ساڵی (١٩٦٨) بەدواوە، بزوتنەوەکانی ئازادی و

یەکسانی خوازی ژنان لەسەرانسەری ئەورووپای دوای دەیەی (١٩٦٠)، بەهێز بونی بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان لەسەرەتای دەیەی (١٩٥٠) بەدواوە، بزاڤی ژینگەپارێزی و ئاشتی خوازی لە دژی شەر و بەهێزبوونی بزوتنەوەی سەرووەری و رزگاریخوازی نەتەوە ژێر دەستەکانی لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە توندتر بوونەوەی ناکۆکی و دژایەتی ئەمریکا و شورەوی لەدوای جێگیرکردنی موشەکی ئەتۆمی لە کوبا کە جیهانی خستە ئاستانەی جەنگی ئەتۆمیەوە و پانتای ڕەهەندی جەنگی ساردی جیهانی تر و کاریگەرتر کرد. هەموو ئەم زەمینانە و نەبوونی وەڵامی چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکانیان و بێدەنگی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی رۆژئاوایی دیسان بوونە زەمینەی پەیدابوونی وەڵامی رادیکال و ئازادی خواز و مرۆڤ پەروەری رێبازەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی.

## دیدگا و جیهانبینی سۆسیالیزمی دیموکرات

نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی رەوتێکی بەتەنها سیاسی و حزبی نەبووە، بەڵکو زیاتر بزاڤێکە فراوانی نەیاری و نارەزایی بوە لەبەرامبەر هەلومەرجی سیستەمی سەرمایەداری و کاردانەوە بووە بەرامبەر هەردوو باڵی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی. بزاڤێك کە فراوانە و خاوەندارنییە لە حزب و سیاسەتی دیاریکراو، دیارە بەشێوە نامەرکەزی و فرەیی دەبێت. لەم بارەیەوە بوونی باوەر و دیدگا و جیهانبینی جیاواز و جۆراوجۆر و تاڕادەیەکیش ناکۆك بەیەك، لەم بزاڤەدا وەکو ڕەوشێکی سروشتی و پەسەند دێتە بەرچاو. بەڵام لەگەڵ هەموو جیاوازی و فرەیی یەکیشدا، کەتارادەیەك ئاماژەم بە هەندێکیان کردووە، هەندێك دیدگا و پرانسیپی دیارکراو لەم بزاڤەدا شێوەیەك لە کۆدەنگی و پابەندبونیان بەخۆوە گرتووە. لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم مانیفێستی گشتی نەوەی سێیەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەخاڵ و بەشیکردنەوە بەیان بکەم.

***یەکەم:*** ئەم بزووتنەوەیە کاروان و رەوتێکی نەیار و ناڕازییە بەرامبەر بەتەواوی سیستەمی سەرمایەداری و بەتایبەتی ستەم و نایەکسانی ئابووری و سیاسی ئەو نیزامە، بۆیە هەموو رەوتەکانیان بروایان وایە کەتەنها سیستەمی سەرمایەدارییە کە رێگرە لەوەی کە ژیان و جیهانێکی باشتری دوور لە بێبەشی، هەژاری ، نەداری و جەنگ و نەخۆشی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێتەدی. لەلای ئەم بزاڤە، سەرمایەداری لەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دەبێتە سیستمێکی نا عەقلانی (عەقلانیەتی ئامێری وەکو دەربرینی قوتابخانەی



فرانکفۆرت)و دژی مرۆڤایەتی، چونکە لەو سیستەمدا سەرەرای بەرهەمی فراوانو زۆرو زەبەندی لە ڕۆژئاوا، بەڵام هەژار ی و نەداری و برسێتی بۆ ملیۆنەها کەس لەوڵاتانی ناسراو بەجیهانی سێیەم دەکاتە شێوەی سەرەکی ژیان. بەبڕوای چەپی نوێ و سۆسیالیستە دیموکراتەکان بەردەوام بوونی مەوداو دووری نێوان ئەم دوو جیهانە، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سیستمی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی (بەشێوەی کۆمپانیا نەژادەکان) دوای جەنگی جیهانی دووەم و سەردەمی جەنگی سارده. بەدەربڕینێکی دیکە لەناو بزاڤی ناوبراودا ئەو باوەرە گشتی و باو بوو کە ئەم سیستەمەی سەرمایەداری لەلایەك هەوڵدەدات لە ولاتانی پێشکەوتوو زۆری و زیادەی بەرهەم و سامان لە هێنانەدی دەوڵەتی رەفا و کۆبوونەوەی سەرمایەداری ئابوری لەبەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژدا سەرف بکات و لەلایەکی دیکەش لەوڵاتانی ژێر دەستە یان دواکەوتوودا بە پشتیوانی و هێنانە سەرکاری ڕژێمە دیکتاتۆریەکان رووە دزێوو چەوسێنەرەکەی سەرمایەداری دیکتاتۆری پیشان دەدات و لەبەرامبەر هەر بەرگری و نەیاری خەڵکیشدا دەست لە هیچ ناپارێزێ و درێغی لەهیچ ناکات. ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی جیهان، ژیانی کۆڵەمەرگی و مەمرە و مەژی یە بۆ هەمووان لە پێناوی پاراستنی سەرمایەداری و دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە جیهانی سێ و دەسەڵاتی (موداراتی سەرکوت کەر) لە دنیای رۆژئاوا. نووسین و بەرهەمە ئابوریەکانی پۆل سویزی، پۆل باران، گۆندەرفرانك، سەمیر ئەمین و فرانز فافۆن لەم زەمینەدا گرنگ و کاریگەرن.

***دووەم:*** هەروەکو باسمان کرد بزاڤی سۆسیالیستی دیموکراتی، هەردوو ڕەوتی سۆسیالیستی نەوەی دووەم (سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم) بەبەشێك لە کێشەکان تەماشا دەکات، نەك بەشێك لە چارەسەر و ڕەخنەی یەکەم و سەرەتای ئەم بزاڤە لەهەردوو ئەو دوو رەوتە ئەوەیە کە سۆسیال دیموکراسی وازی لە هێنانەدیو خەبات بۆ سۆسیالیزم هێناوەو بۆتە باڵی ڕاست لە بزاڤی سۆسیالیستی داو کۆمۆنیزمیش بەپاراستنی سۆسیالیزمی درۆینە و دوور لە سۆسیالیزمی مرۆڤ دۆست و ئازادیخواز، جۆرێك لە سەرمایەداری دەوڵەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری خستۆتە جێگای ئامانجی سۆسیالیزم. لەم روانگە نەیاریەوە، نەوەی سێیەم بروای بە خەبات و تێکۆشانە بۆ هێنانەدی سیستەمێکی جیاواز لە هەردوو نموونەکەی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، کە ئەو سیستەمە (( سۆسیالیزمە و هێنانەدی چەند نەوەیەك دەخایەنێ و لەوانەشە

هەرگیز بە شێوەی ڕەهاو کۆتایی نەتەیەدی، چونکە سۆسیالیزم پێویستی بەگەشە و فروانی هەموو زەمینەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە، کە دەبێت بەردەوام ئەو گەشە و فراوانی یە لە ئامانجەکانیدا ببینرێت)) [١٤]. واتە جۆرێك لە بەیانکردنی دیدگای مارکسی لاو لە سەرەتای لێکۆڵینەوە و نوسینەکان ، کە سۆسیالیزم بەدەستهێنانی یەکسانی یە بۆ هەمووان لە ژیانی شایستە و تێروتەسەلی ئابووری و ئازادی و ڕەهایی تەواو.

***سێ یەم:*** بەدیهێنانی دیموکراسیەك کە تارادەیەکی زۆر فراوانترو ئازادترە لەدیموکراسی سەرمایەداری یان دیموکراسی لیبڕاڵی. دیموکراسی هیوای سۆسیالیزمی دیموکراتیك، کەخۆیان ناوی دەێنن( دیموکراسی سۆسیالیستی) لەسەر چەند پایەیەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ، برواهێنان بەتاك باوەری سۆسیالیستی (Socialized individualism)، ئازادی سیاسی بەمانا فراوانەکەی، هەروەها کە ئەمەیان گرنگترین سیفەتی دیموکراسی سۆسیالیستی مەسەلەی بەدیهێنانی یەکسانی یە. یەکسانی وەکو دیدگایەکی دیموکراسی و سۆسیالیستی کەمکردنەوەی ڕیشەیی‌و رادیکالی هەموو رواڵەت و دیاردەکانی هەڵاواردن و جیاکاریە لەماف وئازادی و هەلی ژیان و کارکردن و بیرکردنەوە و خۆسەلماندن .دیموکراسی لیبڕالی هەرچەندە لە ڕووخساردا ماف و ئازادییەکان پەسەند دەکات، بەلام بەهۆی جیاوازی ئابووری و هەڵاواردنی فرسەتەکانی کارو ژیان، لەو مەیدانانەدا خودی ئەو ماف و ئازادییانەش بۆ زۆربەی بەسنووردار و بۆ کەمایەتیش ڕەها دەکات و سەرئەنجام دیموکراسی تەنها دەبێتە شێوەیەك یان ڕووخسارێك لە ئازادی ڕووکەش .بەشی سێیەمی دیدگای دیموکراسی یان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خەڵك (خەڵك سالاری) مەسەلەی کۆمەڵایەتکردنی ئابووری یە، یان بەدەست هێنانی خاوەنداریێتی گشتی و کۆمەڵایەتی ئەو بەشانەیە لە ژیانی کۆمەلگا کە تاڕادەیەکی زۆر ژیان و چارەنووسی زۆربەی خەڵکی پێوە بەستراوەتەوە. بەدەست هێنانی خاوەنداریێتی گشتی لەو زەمینانەدا، نەخشی کاریگەر دەبینێ لەبەدەستهێنانی دیموکراسی و یەکسانیدا. سەرئەنجام ئامانجی گرنگی سۆسیالیزمی دیموکراتیك نزیك دەبێتەوە لە سێ دروشمە گەورەکەی شۆڕشی فەرەنسی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی)، بەلام لە جیاتی وشەی برایەتی بۆئەوەی هەردوو ڕەگەزەکە بگرێتەوە وشەی (هاوکاری)بەکاردەهێنن و دروشمیان دەبێتە (ئازادی، یەکسانی، هاوکاری) لەدەربڕینی (دیموکراسی، یەکسانی، کۆمەڵایەتی).



***چوارەم:*** بیروباوەڕی سۆسیالیستی دیموکراتی لە نێوان زاراوەکانی (ریفۆرم) و (شۆڕش) لایەنگیری لە هەڵبژاردنی زاراوەی (ریفۆرمی رادیکال) یان چاکسازی لە ڕەگوڕیشەوە دەکات. ریفۆرمی رادیکال ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کار و بەرنامانەی کە دەیانەوێت گۆڕانکاری فراوان و قوڵ لەلایەنێك یان چەند لایەنێکی سیستەمی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەئاراستەی هێنانەدی دیموکراسی و یەکسانی و سۆسیالیزەکردن.لەم زەمینەیەدا پێویستە لەسەر هەموو بزاڤەکانی ڕزگاری و ئازادی کەلەدژی (نەژاد پەرستی ) و (ڕەگەز پەرستی) بن و لەوگۆڕانانەدا نەخشی گرنگیان هەبێت. هەرچەندە نەوەی سێ زۆر پەیگیر و فروانە لە پرسەکانی ئازادی و رزگاری و یەکسانی و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کەلایەنی زانستی و شارستانی و پێشکەوتووخوازی بەرووخسار و بەرنامەی سۆسیالیستی خۆی بدات، بەلام سەبارەت بە ریفۆرمی ژیانی تەندورستی، رێگاوبان، نیشتەجێ کردن، ژینگە، بیمە کۆمەڵایەتیەکان، سیستەمی باجەکان، دەستوور و یاسا... هتد بەجێ دەهێڵن بۆ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکان و سازوکاری ئەو ریفۆرمانە بەکات و ئامادەیی خودی ئەو وڵاتانە دەسپێرن.

هەڵوێستی ریفۆرمی رادیکال بەمانای رەتکردنەوەی چەمکی (شۆڕش) و (شۆڕشگێری) نی یە بەڵکو لایەنگری ئەوان لەم دوو ماناو چەمکە هەمان دیدگای پارت و بزاڤەکانی سۆسیال دیموکراسی پێش ساڵی (١٩١٤). واتە لایەنگیری یە لەو دیدگا شۆڕشگێڕ و ریفۆرمیستی یەی سەردەمی زێرینی مارکسیزم و سۆسیال دیموکراسی یە کەبەم جۆرەیە: شۆڕش کەڵەکەبوونی گۆڕانکاری گرنگ و جەوهەری یە بەشێوەیەکی وەها کە وەرچەرخانی بەرچاو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و گشتی دا بکات. واتا هەمان هەڵوێستی سۆسیال دیموکراسی پێش جەنگی جیهانی یەکەم کە دیدگا وئاڕاستەی ریفۆرمیستیشی لەناوەڕۆکدا هەمان بارگەی شۆڕشگێرانەی هەبوو. هەڵوێستی شۆڕش و ڕاپەڕین بەمانای تۆڵە کردنەوە یان تەنها گۆڕینی کەسایەتی ناو دەسەڵاتەکان ، هەڵوێستی پەسەند نییە و ئەمە جۆرێکە لە بیروباوەری ئایدۆلۆژی و تۆتالیتاری دوژمنکارانە.ئامانج لەوەنی یە کە تەنها دەسەلاتی کۆن لەناوبچێ، بەڵکو ئامانج بەدەست هێنانی گۆرانکاری قووڵ و فراوانە کە لەهەموو زەمینەکانی ژیاندا دیدگای شۆڕشگێرانەی سۆسیالیزمی دیموکراتیك، هەمان دیدگای مارکسە سەبارەت بەشۆڕش و بەمجۆرە:مارکس بروای وابوو کە لەو ولاتانەدا کەبەشێك لەئازادی و دیموکراسی هەیە (وەکو بەریتانیا، هۆڵەندا و ئەمریکا) پێویست بەشۆڕش و

ڕاپەرین ناکاتو، بەڵکو لە ڕێگای خەباتی سیاسی، جەماوەری و ئابووری و بەتایبەتی خەباتی پارلەمانی دەکرێت گۆڕانکاری دڵخواز بەدەست بێت. بەڵام ئەو ولاتانەی کە دەسەڵاتی ڕەها و دیکتاتۆر و سەپێنراون و لەوێدا ئازادی و دیموکراسی و مافی دەنگدانی گشتی بوونی نییە، شۆڕش و ڕاپەرین و ڕامالینی دەسەلاتی کۆن کارێکی پێویست و گرنگە [١٥].

***پێنجەم:*** هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، یان بکەری گۆڕانکاری و ریفۆرم و ریفۆرمی رادیکال لەلای سۆسیالیزمی دیموکراتیك نە تەنها چینی کرێکارە (وەکو لەلای ماکسیزم، سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم) و نەتەنها ڕووناکبیران و خوێندکاران و لاوان(چەپی نوێ و قوتابخانەی فرانکفۆرت) بەڵکو ئەو هێزەیە کە بەزاراوەی (چەپ) لەلای هەندێك ناودەبرێن (رالف ملیباند) یان بەهێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری ناودەبرێن کە ئەمەش ئاماژەیە بۆژمارەیەکی فراوان لە خەڵك، دیارە لەناونیشاندا سۆسیالیست و چەپەکان و تەنانەت ئەو کەسانەش کەگومانیان هەیە بەخۆیان بڵێن سۆسیالیست. یان دەتوانین وشەی (پێشکەوتوو خواز) بەکاربهێنن، وەکو زاراوە و سیفەتێکی گشتی ئاماژە بۆ تەواوی ئەو کەس و لایەن و بزاڤانەی کە دەیانەوێ گۆڕانکاری لەبەشێکی زۆری ڕەهەندەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بکەن بەئامانجی رزگاری، یەکسانی و هاوکاری. بێگومان زاراوەکانی پێشووهەموو ئەو ژن و پیاوانەش دەگرێتەوە کە بەشێکن لە بزاڤەکانی کرێکاری و بزاڤە کۆمەڵایەتیە تازەکان (بزاڤی ئاشتی، ژینگەپارێزی، فیمینیزم، لاوان، چەپی نوێ، بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکان.... هتد) دەتوانین شایستەیی هەموو ئەو هێز و بکەرانە لەوەدا بناسین کە هەموویان بەشێکن لە نیاز و پێداویستی گۆڕانکاری پەیگیر لەسەر ڕێگای دیموکراسی یەکی باشتر و مرۆڤانەتر، یەکسانی بە مانا فراوانەکەی نەك تەنها چوون یەك کردنی خەڵك و سەرەنجام دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هێنانەدی هاوکاری گشتی.

***شەشەم:*** بەپێچەوانەی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ڕووسی، چەپی نوێ سەبارەت بە تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری چیدیکە دیگای پۆزەتیڤیان نەبوو. بەبڕوای ئەوەی سێهەم یەکێك لە هۆکارەکانی کێشە و کارەساتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن (بەتایبەتی سەدەی بیست) نەبوونی و کەمی پێشرەوی تەکنیك نەبووە، بەڵکو گەشەی لە ڕادە بەدەری ئەو تەکنەلۆژی یە بووە کەلەگەڵ خۆشیدا مەترسی جەنگی ئەتۆمی و ئالۆدەبوونی ژینەگەشی کردۆتە دیاری دەستی . ئەم هەلومەرجە خەڵکی بێگانە و نامۆکردووە بەهەست و بونیادی



مرۆڤانەیان و بوونەتە (یان لەراستیدا کراونەتە) هۆکاری دەستی فاشیزم، نەژاد پەرستی و بەربەریەتی سەربازی و سوود پەرستی سەرمایەداری. تەواوی زانست و تەکنەلۆژیا و عەقلانیەت کراوەتە هۆکار و ئامێرێك بە دەستی سەرمایەداری بالادەست (عەقلانیەتی ئامێری – قوتابخانەی فرانکفۆرت). لەم زەمینەیەدا تیۆرسازانی سۆسیالیزمی دیموکراتیك سودیان وەردەگرت لە دیدگاو بەرهەمەکانی مارکسیزمی رۆژئاوایی یان فەلسەفی (گرامشی، لۆکاش، فرانکفۆرت، و سارتەر). دیدگای فەرهەنگی یان فەلسەفی وای دەروانی کە کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ رزگاربوون لە دەسەڵات و هەلومەرجی ئامێریی سەرمایەداری، زیاتر لە هەرشتێك پێویستی بە بزاڤێکی فەرهەنگی، روناکبیرانە و شارەزا و خوێنەوار هەیە[١٦].

***حەوتەم:*** بۆهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادی و رزگاری (دیوکراسی)، یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکاری و سۆسیالیزەکردن و پەرەپێدانی بزاڤی فەرهەنگی و ڕووناکبیری، ئەوەی سێهەم بڕوای بەناوەندێتی یان (سانترالیزمی دیموکراتیك)نەبوو، بەڵکو دروشم و ڕەوشەکانی سەربەخۆیی و فیدرالیزم و چالاکی یە ناوچەیی و بەشی یەکان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەهەمان کاتیشدا گونجاوترین هەلومەرج دەسازێنێ بۆ ڕێگەگرتن لە مەترسی پەیدابوون گەشەی بیرۆکراسی. نموونەی خودگەردانی ( خۆبەڕێوەبردنی) کرێکاری مۆدێلی یوگسلاڤ (بێگومان بەبێ کۆنترۆڵ و هەژموونی حزبی دەسەڵاتدار) کۆمۆنەکانی جوتیاری و کشوکاڵی لەسەرەتای شۆڕشی چین لەلایەن روناکبیران و خەباتکارانی سۆسیالیزمی دیموکراتەوە پێشوازییان لێدەکرا. بۆ ئەم مەبەستە نووسین و بەرهەمەکانی سۆسیالیستە سەرەتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بەرهەمی بیرمەندانی ئانارشیزم و نووسینەکانی بیرمەندانی کۆمۆنیزمی شورایی سەرەتای سەدەی بیست (روزا لوکسمبۆرگ ، کارل کۆرش، پانەکۆك) چەند جارێکی دیکە وەردەگێران و چاپ دەکران.

ڕەخنەی گشتی ڕەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتیك لە دیدگای حزبی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیزمی ڕووسی ئەوە بوو: کە (باڵی سیاسی) هەردوو ڕەوتەکە لە جیاتی (باڵی ئابوری و چینایەتی) کرێکارانیش بریاریان دەدا و سەندیکا و یەکێتی یەکانی کرێکاران کرابوونە پاشکۆی پارتەکان و بەم شێوەیە بزووتنەوەی کرێکاری کەوتبووە حاڵەتی دیفاعی و نەیدەتوانی پێشرەوی بکات[١٧]. ئامانج لەم ڕەخنە و نەیارییە ئەوەیە کە دەبێت حزبیەت بەومانا سەنترالیستی و پێشرەوی

و کۆێخایەتیە لەنێو بچێت لەجیاتی ئەوە دوو گۆرانکاری گرنگ بێتە دی:
یەکەم،حزب دەبێت بەرەو پلورالیزمی سیاسی بچێت و دەکرێت و دەشێت کە زیاتر لە حزبێك بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتی هەبێت و لەناو خودی ئەو حزبانەشدا زیاتر لە دیدگا و بیروباوەر و بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی هەبێ. پارتەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی وابیردەکەنەوە کە دەکرێت دیدگای فرە و جۆربەجۆریان هەبێ بەڵام دەتوانن و دەبێت لەکرداردا هاوبەش بن و سەرئەنجام ئەوان بروایان بە فرەیی دیدگا و هاوبەشی کار هەیە.

دووەم، تێروانین بۆ پارتەکان تێروانینی (ناوەند) و (پێشرەو) نی یە کەگوایە پارتەکان ناوەند و پێشرەوی بزووتنەوەی چینایەتی و جەماوەرین و هەربەو بۆنەیەشەوە سیاسەت بەتەنها کاری مۆنۆپۆڵ کراوی حزب نی یە و بەڵکو سەندیکا و بزاڤەکانی کرێکاری و جەماوەریش دەتوانن کاری سیاسی بکەن و تەنانەت کاریگەر و کارامەش بن لەو زەمینەیدا. باشترین نموونەی ئەم بروایە دەوری سیاسی و کاریگەری بزوتنەوەی (١٩٦٨)ی خوێندکاران و لاوان، بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکان، بزاڤەکانی فیمیسنیتی و بزووتنەوەکانی ئاشتی خوازی و ژینگە پارێزی یە کە سەرئەنجام لە پارتە سەوزەکاندا خۆیان بەرجەستەکرد. سەرئەنجام ئەوەی سێیەم بەو رادەیەی کە بروایان بە کاروکاریگەری بزاڤی سیاسی و حزبی هەیە، هەربەورادەیەش لایەنگیری لە خەباتی خەڵك و جەماوەری و نەخشی سیاسی ئەو بزاڤانە دەکەن، ئەگەر چی خۆبەخۆ و ناحزبی و ناڕێکخراویش بن.

***هەشتەم:*** هەروەکو چۆن لە دیگا وجیهانبینی ئەم نەوەیەدا دیموکراسی تاپۆی سەرمایەداری و لیبراڵیزم نیە و سۆسیالیزمیش دەتوانێت شێوەیەکی فراوانتر و بەهرەمەندتر لە دیموکراسی بەدەست بهێنێ، هەر بەو ئەندازەیەش هەموو پرسەکانی پەیوەندیدار بەدیموکراسییەوە ( واتە مەسەلەی نیشتیمانی ونەتەوایی، پرسی ژنان، لاوان، ماف و ئازادییەکان) دەکرێت و دەبێت بەشێك بن لە بزاڤی سۆسیالیستی دیدگای سۆسیالیزمی دیموکراتیك لەهەولی ئەوەدایە ژیان و جیهانێکی باشتر و مرۆڤانەتر لە هەموو زەمینەکاندا بەدەست بهێنێ، واتە کاری بیرو باوەری خۆی سنوردار ناکات تەنها بەپرسەکانی یەکسانی، دادپەروەری و سۆسیالیزمەوە. سێ پرسی گرنگ کە فراوانی و کارایی زۆری لەسەر ژیانی تەواوی جیهان هەیە، لەلای نەوەی سێیەم بوونەتە بەشێك لە دیگای دیموکراسی سۆسیالیستی،کەوانیش مەسەلەی نەتەوەکان، ژنان، لاوان، بەبڕوای ئەوان





چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و بەدەست هێنانی سەروەری و سەربەخۆیی ویەکسانی نێوان نەتەوەکان تەنها بەشێك نیە لەگەشە و پێداویستی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی بۆرژوازی نەتەوەیی و دروستبوونی بازاری نیشتمانی، بەڵکو پرسێکی مرۆڤانە و دیموکراسی و ئاشتی خوازی و ئازادیخوازیە کە سەرئەنجام دەبێت بەپێوەری یەکسانی نێوان نەتەوەکان چارە بکرێت،نەك تەنها یەکێك لە مەسەلە دیموکراتیەکان (وەکو بڕوای لینینی)، بەڵکو ئەوان فراوانتر دەڕۆن لەم دیدگایە و لە بڕوای مارکسیزمی ڕەسەن (ئەرسەدۆکس)، کە نەتەوایەتی و نیشتمانی بوون وەکو پێداویستییەکی سیاسی بازار وئابووری سەرمایەداری ومۆدێرنیزم دەبینین، دەرباز دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ دیدگای ئیمانوێل کانت لە کتێبی (ئاشتی بەردەوامی جیهانی) کە بناغەکەی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکانە، یان دیدگای ساڵانی (١٨٦٠)ی مارکس سەبارەت بەمەسەلەی ئێرلەندا کە دەڵێت: (هەرنەتەوەیەك نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە، زنجیرەکانی چەوسانەوەی خۆشی بەهێز دەکات) [18]. لێرەوە لە پرسی نیشتمان و نەتەوەکان سۆسیالیزمی دیموکراتی جارێکی دیکە لەدوای مارکسیزم لەهەوڵی زیندوکردنەوەی پرانسیپ و دیدگای ئەنتەر ناسیۆنالیزمی جیهانیە، ئەو دیدگایەی کە هەم سۆسیال دیموکراسی، لینینزم ومارکسیزمی ئۆردوگایی خیانەتیان لێکرد، لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتنی ناسیۆنالیستی خۆیان. بڕوای ئەنتەر ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی دیموکراتی هەر بەتەنها لە جیهانبوونی سەرمایەداری و چینی کرێکارو ماف و ئازادی و یەکسانی جیهانیەو سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هێنانەدی جیهانێکی ئاشتی و ئاسایش لەزەمینەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانیشدا، پرسێکی کاریگەر و چارەنووس سازی سۆسیالیزمی هاوچەرخە.

پرسی ژنان، هەر بەو شێوەیە لە سنورەکانی دیموکراسی نەریتی و سەرمایەداری و ئازادی و یەکسانی یاسایی تێپەری کردووە و بووەتە پرسێکی یەکسانی خواز و دادپەروەی لەزەمینەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشدا. بڕوای سۆسیالیستەکانی نەوەی سێیەم سەبارەت بە پرسی ژنان لەدوو هۆکار و تێروانیندا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان دەکرێت و دەبێت دیدگا و بڕوای پلورالیستیمان هەبێت بۆ گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکانی فیمینیزم،واتە گفتوگۆ و جیاوازی و فرەیی، نەك شەرو ناکۆکی نێوان فیمینیزمەکانی (لیبڕاڵ، مارکسیزم، سۆسیالیستی، رادیکاڵ یان ئانارشی و سەرئەنجام پۆست فیمینیزم) و

جۆرێك بەرئەنجامی ئازادتر و یەكسانی تر و فرەتر بەدەست بێت و خۆمان سنوردار نەكەین بەشێوەیەكی دیاریكراو لە دیدگای فیمینیستی. دووەم، چارەسەری پرس و كێشەی ژنان و هێنانەدی سەروەری و سەربەخۆیی و یەكسانی نێوان ژن و پیاو لەسنورەكانی دیموكراسی یاسایی و رەسمی دەرباز دەبێت و دەچێتە ناو زەمینەكانی ئابوری، سیاسی، كۆمەلایەتی و فەرهەنگی. هەتا یەكسانی سیاسی وئابوری و كۆمەلایەتی و فەرهەنگی بەهۆی دادپەروەری كۆمەلایەتی و ئابووریەوە نەیەتەدی، هەلاواردنی رەگەزی نێوان ژن و پیاو بەردەوام دەبێت، دیارە بە قازانجی پیاوان و زیانی ژنان.

هەمان دیدگای نەتەوەیی و ژنانەی نەوەی سێ یەمی سۆسیالیزم، بۆ پرس و كێشەی لاوانیش راستە، بەلام دەبێت بەردەوام لە هەموو كۆمەلگاكاندا جگە لەوباسانەی سەرەوە، دوو پرسی چارەنووس ساز بۆلاوان فەراهەم بكرێت: پرسی ماف و ئازادییەكانی هەموو تاكێك و پرسی پەروەردە و فێركردنی زانستی ومرۆڤانەی ئازادیخواز، پێشكەوتوو خواز و دادپەوەر.

***نۆیەم:*** سەرئەنجام دەگەینە یەكێك لەدەستكەوتە گرنگەكانی فكری سیاسی و فەلسەفی مۆدێرن،كە ئەویش پلوڕالیزمە. دیموكراسی، لیبرالیزم و ماركسیزم یان (سۆسیالیزم) لەو بیروباوەرانەن كە زۆرترین پلوڕالیزمی فكری و فەلسەفییان لەخۆیاندا بەرهەم هێناوە و هەموو ئەم بەرهەمانەش بەشێكن لەئاوێنەی حەقیقەتی جیهانی و دەسكەوتی مرۆڤایەتی كە بێگومان مەبەست لەوەنیە كە هەرهەموو، یان هەموو بەشێكیان ڕاست بن. بەلام دیدگایەكی گرنگی سەوزەكان دەلێت ( ئێمە لە پێناوی ژیان وپێشكەوتن وئازادیدا دەتوانین سوود لەهەموو بیروباوەرەكان وەربگرین و ە هەر لەو ڕوانگەو لەو پێناوەشدا دەتوانین و دەبێ ڕەخنە لەو بیروباوەرانە بگرین) (١٩) و یۆرگن هابرماسی فەیلەسوفی ئەلمانی دەلێت (گفتوگۆی نێوان بیروباوەرەكان، ئاستێكی بالایە لە حەقیقەت) (٢٠) .سۆسیالیزمی دیموكراسی كە بڕوای تەاوی بە پلورالیزمی سیاسی وئابوری و كۆمەلایەتی و فەلسەفی هەیە و بۆ ئەم مەبەستە یادەوەری لە دوو نموونەی سیاسەت و دەسەلاتی سۆسیالیستی وەردەگرێ، كەیەكێكیان ریزبوون و كۆبوونەوەی پلورالیزمە لەناو هەردوو ئەنتەر ناسیونالی یەكەم و دووەم، ئەوی دیكەشیان دەسەلاتی پلورالیستی سیاسیە لە كۆمۆنەی پاریس كە هەموو رەوتەكانی ئازادی خوازی، دیموكراسی، دادپەروەری ،ماركسی، سەندیكالیستی، ئانارشی و لایەنگرانی بلانكیٚ كەبە هەموویان حكومەتی كۆمۆنی پاریسیان



پێكهێنا (هەرچەندە كەمخایەنەبوو) ئەم دەسەلاتە كرێكاری و پلورالیستی یە ، تەواو پێچەوانەیە لەگەلّ دەسەلاتی تاك حزبی و تۆتالیتاری حكومەتی سۆڤیەتی لە هەردوو سەردەمی لینین و دوای لینین.

سۆسیالیزمی دیموكراتی لە سێ زەمینەی گرنگدا بروای بە پلورالیزم هەیە و ئەوسێ زەمینەیەش كاریگەر دەبن لەبڕیاری ئایندە بۆ ئازادیخوازی پلورالیستی. زەمینەكانی دروست بوون و پێكهاتن و پەیدابوونی هەموو ئەو بزاڤانەی كە هاوكارن لەسەرهەلّدانی نەوەی سێیەم دواتر بزاڤەكانی سەوز، چەپی نوێ، ئاشتی خواز، فیمینیزم، پرسی نەتەوەكان، لاوان، بزووتنەوەی كرێكاری و سەندیكایی بەهەموو شێوەكانیەوە، بزاڤی ماف و ئازادییەكان، خەبات دژی چەكی ئەتۆمیو كۆكوژیو هەژموونی جیهانی ئیمپریالیستی)دەبێتە ژینگەو زەمینەی پلورالیستی ئەم رەوتە. زەمینەی دووەم، یەكتر خوێندنەوەو گفتوگۆی نێوان بیروباوەرەكان و كاریگەری ئەو بیروباوەرانەیە لەسەر بزاڤی نەوەی سێیەم، ئەگەر چی هەندێكیان لەدەرەوەی خودی ئەو بزاڤەش بن (وەكو لیبرالیزم، ناسیۆنالیزم، كاریگەری ئاینی و فەرهەنگی ناوچە و نەتەوەكان یان تەنانەت شێواز و فەرهەنگە كۆن و دێرینەكانیش). زەمینەی سێیەم، ڕووی لەئایندەیە و سۆسیالیزمی دیموكراتی دەیەوێت سیستمێكی فرە، ئازاد، فیدرالّ واتە نامەركەزی، ئۆتۆنۆم (خودموختاری و سەربەخۆیی) و تێكەلا و دروست بكات، كەهەموو تاكێك تیا بەشدارو بەهرە مەندبێت. جێگای خۆیەتی كە ئەگەر بە خالّیش بێت ئەو پلورالیزمە ئایندەیی یەی سۆسیالیسزمی دیموكراتی، بەیان بكەم:

- ❖ دیموكراسی، ماف و ئازادی و دادپەروەری، یەكسانی و هاوكاری.
- ❖ تاك باوەری بە هەردوو مانای لیبرالی و سۆسیالیستی.

❖ سۆسیالیستە دیموكراتەكان لەبەرامبەر چەمكی ململانێدا دەخوازن سەرو سامان بدەن بەجیاوازی و رێكەوتنەكان و بۆ ئەم مەبەستە داكۆكی لە دیموكراسی خەلّكی دەكەن. لەلای ئەوان دیموكراسی دەبێت هەم جیاوازیو هەم رێكەوتنی نێوان بەرژەوەندیەكان پەسەند بكات و خۆشی لەگەلّیان بگونجێنێ.

❖ دوورنما و ئایندەی تیۆری سەبارەت بەكێشە و جیاوازی نێوان دیدگای رۆشنگەری كە دیدگای ئەخلاقی یان عەقلانیەتی ئەخلاقی رۆشنگەری سەدەی هەژدە و جۆرێك لەگەشبینی سەبارەت بە ئایندەی مرۆڤایەتی لەگەلّ بەهاكانی سۆسیالیزمدا بگونجێن. یان پەسەندكردنی دیدگای پۆست مۆدێرنیستی بۆ گومان

و رەخنە لەو بیروباوەرە گەشبینەی ڕۆشنگەری، بەڵام دیسان گونجان و سازان لەگەڵ سۆسیالیزمدا.

- ❖ ئابوری تێکەڵا و : سەرمایەداری، سۆسیالیستی، هەرەوەزی ،هاوکاری و تەوافوقی نێوان خاوەندارێتی تایبەتی و گشتی یان سۆسیالیستی.
- ❖ پەیوەندی و کاریگەری نێوان کاری سیاسی و جەماوەری، بونیادی حزبی و بزاڤی خەڵك، فەرهەنگی تێکەڵا و بەهەمووو مانا و ئاراستەکان بەڵام کۆدەنگ بوون لەسەر ئاسۆ و ئامانجەکانی:

ئازادی، رزگاری، سەربەخۆیی، یەکسانی، دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خێر و بەرژەوەندی گشتی (هاوکاری و سۆسیالیزم)

******

## سەرچاوەکان


١.هیغل (اصول فلسفة الحق)،ترجمة د.امام عبد الفتاح امام،دار التنویر،بیروت.

٢.ئەکرەمی میهرداد(جیهانی فیمینیزم)،سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان ،سلێمانی

٣.الان تورین(نقد الحداثة)،ترجمة انورمغیث ،المجلس الاعلى للثقافة،.

٤.دایرة المعارف دیموکراسی،زینظر سیمور مارتین لیپست، تهران.

٥.ه.س.پ

٦.لشك كولا كوفسكي (جريان هاى اصلي در ماركسيزم)، جلد دووم (عصر طلايي)، ترجمة عباس ميلانى، انشارات أگاه، تهران ١٣٨٥ چاپ دوم.

٧.أدام شاف (چشم انداز سوسياليزم مدرن)، ترجمة فريدون نوائي، نشر آگا، تهران ١٣٧٦.

٨.داير المعارف دموكراسي، جلد دوم.

٩.كرافورد .ب. ماكفرسون (جهان واقعي ديموكراسي)، ترجمة علي معنوى تهرانى، نشر أگه، تهران ١٧٧٩.

١٠. رالف ميليباند (الاشتراكية لعصر شكاك). ترجمة نوال لايقة، دارى المدى الطبعة الاولي ١٩٩٨، دمشق و بيروت.

١١. ميشل لووى (درباره تغييرجهان)، ترجمة حسن مرتضوى، انتشارات روشنفكران و مطالعات زنان، چاپ اول ١٣٧٦، تهران.

١٢. مصطفي رحيمى (ماركس و ساية هايش)، انتشارات هرمس، تهران ١٣٨٣.





١٣. ايما نويل و الرشتاين (سياست و فرهنگ درنطام متحول جهانى، ترجمة پيروز ايزدى ، نشرنى، تهران ١٣٧٧.

١٤. رالف ميليباند، ه.س.پ.

١٥. دايرة المعارف دموكراسي، جلد سوم.

١٦. جعفر رسا (أرمانها و توهمات)بررسي مختصر تاريخ سوسياليسم، انتشارات پويا، چاپ دوم ١٣٧٠.

١٧. ايستوان مزاروش (ياسوسياليسم يا بربريت) ازقرن أمريكا تا دوراهي سرنوشت ساز، ترجمة مرتضى محيط، نشر اختران، چاپ دوم ١٣٨٥.

١٨. ميشل لووى، ه.س.پ.

١٩. أندرو دابسون (فلسفة و انديشة سياسي سبزها)، ترجمة محسن ثلاثي، نشر أگه، چاپ اول ١٣٧٧، تهران.

٢٠. رابرت هولاب (هابرماس، نقد درحوزة عمومى) ، ترجمة د.حسين بشيرية، نشرنى، چاپ دوم ١٣٧٨، تهران.


هەواڵنامەی کتێب

# پرۆژە بەرنامەیەك بۆ كۆنگرەی سێ یەم *

## یەكەم / ناسنامە:.

أ. (ی.ن.ك) وەك حیزبێكــی سیاســی كوردســتانیەو لەســەر بنــەمای كوردایــەتی دامــەزراوەو لەسەر هاونیشتمانی بوون تێزی ناسیۆنالیستی خۆی دامەزراندووە.

ب. (ی.ن.ك) ڕێكخراوێكی سۆسیالیستی دیموكراتی یەو ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالەو بنەمانی تیۆری و فیكریەكەی سۆسیالیزمی دیموكراتیە.

ج. (ی.ن.ك) برواى بەگفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەكان هەیەو تێدەكۆشێ لە ئــەنجامی گفتوگــۆی نێــوان ڕێبــازە فیكریــەكانی وەك (لیبرالیــزم، سۆســیالیزم، ناسیۆنالیزم، مۆدێرنیزم)و ڕێبازی فیكری خۆی گەشە پێبدات، لەگەڵ پاراستنی ناسنامەی ناسیۆنالیستیو ئینتیمای خۆی.

## دووەم/ (ی.ن.ك)و تێدەكۆشی بۆ هێنانەدی:.

ئاشتی، دیموكراتی، ئازادی، دادپەروەری كۆمەلایەتی،دامەزرانـدنو پاراستنی كۆمەلگایمەدەنی، دەسەلاتو سەروەری یاسا، مافی چارەنووس.

## سێیەم/ (ی.ن.ك) پەیوەندی بە سۆسیال دیموكراسی یەوە:.

أ. (ی.ن.ك)بــەدیهێنانی كۆمەلگایــەكی سۆشــیالو دیمــوكرات بــەئامانجی ستراتیجی خۆی دەزانێ و تێدەكۆشێ بۆ هێنانەدی كۆمەلگایەك كە بناغەكەی لەهــەموو بوارەكــانی سیاســی (ئــابووری ، كۆمەلایــەتی، فەرهــەنگی) دا لەســەر بیروبۆچوونو ڕوانگەی دیموكراتیكو یەكسانی خوازی دابمــەزرێ، بــە شێوەیەك هەموو تاكو مرۆڤەكانی كۆمەلگا دەبێ بەتەواوی لەهەموو بوارەكاندا بەیەكسانی بەهایان پێ بدرێو مامەلەیان لەگەڵ بكرێو هەلیان بۆ بڕەخسێ.

ب. هێنانەدی كۆمەلگایەك كە مرۆڤەكان، وەك تاك بتوانن ئازادو یەكسان بنو بەكۆمەلیش بەهاودەنگیو هاوكاری پێكەوە بژین. كۆمەلگایەك كە ئەوەنـدە دیموكراسیو ئازادی تێدا بێ كە هەلی ئەوەبدات بەهەمووان تا بەهرەمەند بن لە خەباتی (سیاسی، تیۆری، كۆمەلایەتی و فەرهەنگی) لە پێناو مافو ئازادیەكاندا.

ج. پەیوەنـدیو كاریگـەری نێـوان دیموكراسـیو سۆسـیالیزم، ڕێبـازو ئاسـۆو



ئامانجی (ی.ن.ك)ە بۆ دامەزراندنی ژیانی كۆمەلگاو سیستەمێكی باشتر.

د. بەرنامـەی هەنووكـەیی (ی.ن.ك) بـۆ كەمكردنـەوەی كـەلێنی نێوان چینو تاكـەكانو نزیـك بوونـەوەی ئاسـتی ژیـانو گـوزەرانی خەلكـە، لـەڕێگای چاككردنو ریفۆرم لـە سیـستمی مووچـەو زیاد كردنی مووچەكان بۆ ڕەخساندنی هـەلی ژیانی باشتر.وەبەدیهێنانی مافو ئازادییەكان(خـواردن، جلوبـەرگ، شـوێنی ژیـان، ئاسایش، پەروەردەو فێركردن،تەندروستی ، ژیانی سۆزداری، كارو بیمەی بێ كاری،ئازادی بیرو ڕاو ویژدان).سەرەتایەكی گرنگە كەلەڕێگای ژیانی باشترو بەهرەمەندتر بۆ تاك و بۆ كۆمەڵ،دەكرێ دەروازەیەكیش بێت بۆ نزیك بوونەوە لە سۆسیالیزمی دیموكراتی.

هـ. سیاســەتی ئــابووریو بــازاڕی ئــازاد كــە یەكێكــە لــە بنــەما گرنگــەكانی سیاسەتی دیموكراسی لەسیستمی ئازادو دیموكراتا، بنەمای ئابووریشە بۆ سۆسـیال دیموكراسی. بەلام سنوورو جیاوازی سۆسیالیستو دیموكراتی لەگەڵ بەرژەوەنـدی ڕەهای بـازاڕو ئـابووری ئازاددایـە، نـەك لەگـەڵ ڕەوشـی سـنووردراوی ئـەو بـازاڕوو ئابووریـە. سیاسـەتی (ی.ن.ك) وەكو هێزێكـی چـەپو سۆسیالیـست دەبێـت لەڕوانگـەی خـەلكو چینـە هەژارەكانـەوە بێـتو بـازاڕی ئـازاد هـەلێك بێـت بـۆ ژیانێكی باشتر بۆ ئەوانو لەڕێگای ئازادبوون لەسەرچاوەكانی كـڕینو فرۆشتن و كەمترین نرخ بۆ كڕینی پێداویستیەكانو ڕەخساندنی هـەل بـۆ كـالاو پێداویستی باشتر لەڕووی چۆنایەتی زەمینە سازبكات.

## چوارەم/ئاما نجە دیموكراتیەكان:

١. جیاكردنەوەی هەرسێ دەسەلاتەكەی ناو سیستمی دیموكراسی (یاسادانان، جێبـەجێ كـردن، دادوەری)لەیـەكتری و سـەروەریو سـەربەخۆیی دەسـەلاتی یاساییو دادوەری نابێت ملكەچی هیچ دەسەلاتێك بێت، هاوكات هەموو هاولاتیان لەبەرامبەر یاسادا دەبێ یەكسان بن.

٢. هەلبـژاردنی پەرلـەمانی كوردستـان هەرچـوار سـاڵ جارێـك دەبێـت، كـە بـەرزترین دەسـەلاتی یاسادانانە لەكوردسـتان، بەشێوەی دەنگدانی ڕاستەوخۆو ئازادو نهێنیو بە بەشداربوونی هەموو هاولاتیانو دانیشتوانی كوردستان بـەبێ جیاوازی ڕەگەزو نەژادو ئایین و نەتەوە، كە تەمەنیان لە ١٧ ساڵ كـەمتر نـەبێت. پارلـەمان (ئەنجومـەنی نیشتمانی) سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیـران دەست نیشان دەكاتو متمانە بەكابینەكەی دەداتو دەسەلاتی متمانە سەندنەوەشی دەبێت.

٣. كـاركردن بەسیـستمی شارەوانیو هەلبـژاردنی شارەوانیەكان لەسـەر ئاسـتی پارێزگـاو شارۆچكەو گونـد، بەشـێوەیەك كـە ئـەو شارەوانیانە تـەواوی

دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی لەو سنورە جوگرافیەدا هەبێت، واتە هەوڵدان بۆ کارکردن بەسیستمی نامەرکەزی لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن، نەک کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی وەزارەتو پایتەختدا.

٤. دابین کردنی زەمینەی ژیانی دیموکراتیو مەدەنی و ئازادی بیروڕا، ئازادی ئایینو مەزهەبو جیاوازی نەژادی، ئازادی ڕۆژنامەوانی، هاتووچۆو کارو نیشتەجێ بوونو ئازادی خۆڕێکخستنی سیاسیو سەندیکاییو جەماوەری. ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندان بۆ سەرجەم تاکو چینو توێژەکانی کۆمەڵ.

٥. جێبەجێ کردنی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤو تێکڕای ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتیەکان کە پەیوەستن بەمافەکانی مرۆڤەوە. زەمینەی گشتیو دادپەروەری بۆ هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ و گرتنەبەری سیاسەتو فەرهەنگی هاوولاتی بوون بۆ هەموو تاکێکی دانیشتووی ووڵات.

٦. (ی.ن.ک) بڕوای بەوەیەو تێدەکۆشێ بۆ هێنانەدی مافە سەرەتاییەکانی تاکو هاوولاتیان. کەتاکەکانی ناو کۆمەڵگا هەلو مەرجی ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیان هەرچۆن بێت، دەبێت هەمووان بەهرەمەند بن لەمافە سەرەتاییەکانی(خواردن، جلو بەرگ،شوێنی ژیان،تەندروستی، ئاسایش، پەروەردەو فێرکردن،کاروبیمەی بێ کاری ، ژیانی سۆزداریتیو ،ئازادی بیروڕاو ویژدانو فەرهەنگ) هەموو ئەمانەش دەبێت بەپێوەرەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتیو ئاستی ژیانی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت.

٧. دابین کردنی مافی: (دیموکراتی، ئیداری ، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بۆ سەرجەم گەلانی دانیشتوی کوردستان وەک ( تورکمان، ئاشووری، عەرەب)و بەرگری کردن لەمافو زمانو ڕەوشی سیاسی و فەرهەنگیان.

## پێنجەم/ پرسی نەتەوایەتیو نیشتمانی

١. کوردستان ووڵاتێکی داگیرکراو دابەشکراوەو کورد سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لەڕێگای پیلانی نێودەوڵەتیو ئیقلیمی یەوە نەتەوەیەکی دابەشکراوی ژێردەستەیە کە لە ڕێگای زوڵمو زۆرەوە مافی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییو نیشتمانی سەربەخۆی لێ زەوت کراوە. داگیرو دابەش کردنی کوردستان ... زەوت کردنی تەواوی مافە ڕەواو دیموکراسیەکانی گەلەکەی: سەپاندنی سەختترین شێوەی چەوسانەوەی نەتەوەییو چینایەتیو پاکتاوکردنی نەژادیو ڕاگواستنو ئەنفالو جینۆساید، بوونەتە هۆی گەورەترین دواکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی دانیشتوان.



٢. (ی.ن.ک) پێی وایە لەئەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی گەلی کوردستانو بەرەنگاربوونەوەو بەرهەڵستی ئەو چەوسانەوەدا، وەک بزوتنەوەیەکی دیموکراتیو ئازادی خوازی پەیدا بووە کە چەند قۆناغی بڕیوە.

٣. چارەکردنی تەواوی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردستانو نەتەوەی کورد، بەئازادی بڕیاردان دەبێت بۆ مافی چارەنووس، کە مافێکی ڕەوای دان پێنراوی نێونەتەوەیی هەموو گەلێکەو ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەو بارەیەوە دەڵێت ( هەرنەتەوەیەکی سەربەخۆ، ژمارەی دانیشتوانیو پێوانەی خاکەکەی هەرچەندە بێت، مافی ئەو نەتەوە بۆ سەروەریو سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان، مافێکی پیرۆزو سروشتیو بەرهەقە ).

٤. (ی.ن.ک) بڕوای بەوەیە کە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی نەتەوەی کورد بەدەستهێنانی سەروەریو سەربەخۆیی یە لەڕێگای دەوڵەتی دیموکراسی بۆ کوردستان، بەڵام ئێستا لەمڕۆ پیادەکردنی سیاسەت و هاوکێشە نێودەوڵتیەکاندا ئەوا سیستمی فیدراڵی بەچارەسەرێکی باشوگونجاو دەزانێت بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا.

٥. ئێستا لەسەر بەشێک لەخاکی هەرێمی کوردستانان، حکومەتێکی هەرێمایەتی هەیە،کە لە ساڵی ١٩٩٢ وە تا ئێستا ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی دیموکراسیو لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە هاتۆتە دی. پاراستنو گەشەکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە ڕێگاکانی چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا. بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقو لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ وە ناوچە کورد نشینەکانی عێراق کە لە دەرەوەی هەرێمن هەرچەند ئازاد کراوون، بەڵام هێشتا نەبوونەتە بەشێک لە ئیدارەو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. وەک ناوچەکانی (کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، بەدرە،زرباتیە، دوز، داقوق، مەخمور، دەشتی هەولێر، شەنگار، شێخان، زممارو ناوچەکانی دیکە) کە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەم ناوچانە بەشێکە لەسیاسەتی نیشتمانیو نەتەوەیی (ی.ن.ک) و حکومەتی هەرێم.

## شەشەم/ئامانجی ئابووری و پلانەکان:

(ی.ن.ک) خەبات دەکات بۆ هێنانەدی ئابووریەکی گونجاوو گەشەکردوو لەڕێی بەهێز کردنی ژێرخانی ئابووریو فەراهەم کردنی هەلی داهێنانو گەشەپێدانی ئابووری لە هەموو مەیدانەکاندا، بەجۆرێک کە توانای ئابووری ولاتی پێ بەهێز بکرێو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو ژیانێکی شایستەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک دابین بکات.

١. **گەشەپێدانی کشتوکاڵو لادێکانی کوردستان:**

أ. بەکارهێنانی ڕێوشوێنی هاوچەرخ بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵو لادێکان. گرنگی دان بەڕەزو باخ، ئاژەڵداری ، دانەوێڵە، کێڵگەی ماسیو هەنگو پەلەوەرو گرتنەبەری سیاسەتی(دابینکردنی ئاسایشی خۆراك).

ب. گرنگیدان بەژیانی لادێنشینو فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی(تەندروستی، پەروەردە، ڕێگاوبان، ئاسایش، هۆکارەپێشکەوتووەکانی کشتوکاڵی).

ج. کڕینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ لەلایەن حکومەتو هاندانی کەرتی تایبەتو یارمەتی دانیان بۆ کڕینەوەی بەرهەمەکانو گرتنەبەری پلانی هاندانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لەڕێگای گەشەپێدانی پیشەسازی خۆراکیو کشتوکاڵی.

د. دامەزراندنی کۆمەڵگای بازاڕ لەو ناوچانەی کەخەڵکی تری زۆری تێدایە.

**٢. گەشتو گوزار**

أ. کوردستان وولاتێکی جوانو بەسروشت دەوڵەمەندەو زۆربەی جێگاکانی کوردستان هەلی گونجاون بۆ گەشتو گوزار .

ب. ئابووری گەشتو گوزارو پیشەسازی گەشتو گوزار، دەتوانێت یەکێك بێت لەو سیاسەتو پلانە ئاسانو خێرایانە بۆ گەشاندنەوەی ئابووریو بازاڕی کوردستان.

ج. یارمەتی حیزبو حکومەت بۆ پلانی گەشتو گوزارو هاندانو یارمەتی کەرتی تایبەتی لەو نێوانەدا هەنگاوێکی بەپەلەو خێرایە لە پلانی ئابووریدا.

**٣. کەرتی تایبەت**

أ. گەشەپێدانی کەرتی گشتیو تایبەتیو پیشەسازیو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ بووژاندنەوەو دامەزراندنی ژێرخانی ئابووریو شارستانی کوردستانو پلانی بەپەلە بۆ چارەسەری کێشەی (ئاو، کارەبا ، ڕێگاوبان، هۆکارەکانی گواستنەوەوگەیاندن).

ب. سوود وەرگرتن لەکەرەستەی خۆماڵیو گەشەپێدانی بەرنامەی دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی، بەتایبەتی نەوتو کانزاکان. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پیشەسازی کەلو پەلو پێداویستی یە ڕۆژانەکانی خەڵك و یارمەتی حکومەت بۆ کەسانو کەرتی تایبەت.

ج. یارمەتی حکومەت بۆ کەسانو کەرتی تایبەت لە هەر پرۆژەو پلانێکی ئابووریدا وەدەبێت بەپێی ئەم پلانە بێت: زۆرترین کارئاسانیو یارمەتی ئابووریو یاسایی بۆ کەسانی دانیشتووی هەرێم، لەدوای ئەوان بۆ کوردی وولاتەکانی دیکەو پاشان بۆ کەسانی غەیرە کورد.



**٤. ڕێکخستنو بووژانەوەی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە، بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، بەپێی، یاساو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بازاڕی دەرەوە بۆ بەرهەمی خۆماڵی.**

**٥. گەشەپێدانو ڕێکخستنەوەی کاروباری بانکەکان بەپێی سیستمی هاوچەرخو گرتنەبەری پلانی قەرزدان بەتاكو پرۆژەکان بەپێی ستاندارە جیهانیەکان.**

**٦. پەیڕەو کردنی سیستمی باجی عادیلانەی هەڵکشاو (الضرائب التصاعدی) و خەرج کردنی ئەو داهاتە لەخزمەتگوزاریە گشتیەکانی (تەندروستی ، ڕێگاوبان، ئاو، کارەبا).**

**٧. بۆ کەمکردنەوەی خەرجی حکومەتو گرتنەبەری سیاسەتی کەمکردنەوەی مووچەخۆرانی حکومەتو کارکردن بەپێی پێوەرە جیهانیەکان بۆ سەرف کردنی ڕێژەی گونجاو لە بوودجە بۆ مووچەی کارمەندانی حکومەت، پەیڕەو کردنی سیاسەتی بیمەو خانەنشینی بۆ کرێکارانو کارمەندانی کەرتی تایبەتی ڕێگایەکی گونجاوە بۆسووك کردنی باری دارایی حکومەت و هێنانەدی هاوسەنگیەك لەنێوان بوودجەی حکومەتو بوودجەی کەرتی تایبەتو زەمانەتی ژیانی ئەو کەسانەی لە کەرتی تایبەتیدا کاردەکەن.**

**٨. هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری دەرەکی بۆ ناو کوردستانو دانانی یاسای پێویست لەو زەمینەیەداو دابینکردنی ئاسانکاری گونجاو بۆی.**

**٩. گەشەپێدانی هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندنو پەیوەندی کردن لەناو کوردستانو بەستنەوەی بەدەرەوە.**

## حەوتەم :- گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی

١. **چارەسەری کێشەی خانووبەرەو شوێنی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیانو** بیرکردنەوە لە دروستکردنی خانووبەرەی بچووكو ستوونی (الشقق السكنیە) بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە بیست ساڵ بەرەو سەرە.

٢. **دابینکردنی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و دەرمان بۆ هەموو شارو گوندو** گەڕەکەکانی کوردستان. گرتنەبەری بنەمای پزیشکی خێزانو گرنگی دانی تەواوی تەندروستی لە هەموو ئاستو پێویستیەکان لەسەر خەرجی حکومەتو هێنانەدی نەریتی خۆڕایی کردنی پێداویستیە تەندروستیەکان بەپێی ستاندارە جیهانیەکان.

٣. **دارشتنی یاسای کار** بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی کارکەران بپارێزێتو زەمینەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی یان بۆ مسۆگەر بکات، ئەمانەش

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان (ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) )

**٤. پەروەردەو فێرکردن:**

أ. دابین کردنی خوێندنی خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکاندا، پەیڕەو کردنی خوێندنی تەوزیمی بۆ کوڕان‌و کچان لە قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و پیادە کردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

ب. هێنانەکایەی سیستەمی پەروەردەیی دروست بۆ فێرکردنی پیشەکان لەلایەن حکومەت‌و کەرتی تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە دوای قۆناغی ناوەندی نایانەوێت بخوێنن‌و دەیانەوێت بچنە ناو ژیانی کارو پیشە تایبەتییەکانەوە.

ج. هێنانەکایەی سیستەمی پەروەردەیی سکولارو زانستی‌و شارستانی‌و جیا کردنەوەی دین‌و سیاسەت‌و ئایدۆلۆژیا لە خوێندن. چونکە جیاکردنەوەی دین لە خوێندن پرسێکی گرنگی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی‌و پەروەردەی سکۆلارە، واتە دەبێت لە خوێندندا هیچ کام لە دین‌و مەزهەبەکان نەخوێنرێن.

د. پێشخستنی بەرنامەی خوێندن‌و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە زانکۆو پەیمانگاکاندا. هەوڵدان بۆ پەیداکردنی مامۆستای باش بۆ خوێندنی زانکۆیی لە وڵاتانی دیکەو بووژانەوەی زانکۆکانی کوردستان. پەیدا کردنی کورسی خوێندن لەدەرەوەی وڵات بۆ خوێندکاران.

هـ. لەتەواوی قۆناغەکانی خوێندندا دەبێت خوێندکاران کرێی هاتووچۆو جل‌و بەرگی پێویست‌و پارەی ژەمێك خواردنیان پێ بدرێت، واتە بڕینەوەی مووچەو مانگانە بۆ خوێندکاران‌و بەپێی قۆناغەکانی خوێندن.

**٥. پرس‌و مافەکانی ژنان:**

أ. ژنان دەبێت جێگای مرۆڤانەو شایستەی خۆیان لە کوردستاندا هەبێت‌و لە بوارەکانی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی) دا یەکسان بن .

ب. ئازادی پێکەوەنانی خێزان‌و هەڵبژاردنی هاوسەر پاش تەمەنی (١٨) ساڵ.

ج. چەسپاندنی یاسای (٥٩ , ٦٢)ی ئەحوالی شەخصی.

د. چاودێری‌و یارمەتی دانی ژنانی دووگیان‌و پاراستنیان لەکاری قورس‌و دابینکردنی شەش مانگ پشوو بەمووچەی تەواو و شەش مانگی تر بە (٧٥٪) مووچە بۆ دایك‌و باوکی خاوەن منداڵی تازە.

هـ. دابین کردنی دایەنگاو باخچەی ساوایان لە تێکڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

و. کاری ناوماڵ کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی دیلێتی‌و چەوسانەوەی ژنان‌و



(هەندێك لە پیاوان) دەبێت بە خۆڕایی نەبێت، پێویستە لەسەر حکومەت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت تەنها کاری ناو ماڵ بکەن مووچەی تایبەتی‌و شیاو سەرف بکرێت.

ز. دابینکردنی شوێنی ژیانی شایستە بۆ ئەو کچ‌و ژنانەی کە نایانەوێت لەگەڵ خێزانەکانیان بژین یان لە هاوسەرەکانیان جیا بوونەتەوە.

ح. دانانی پلانی گونجاو بۆ ئاسان کردنی پێکەوە ژیانی نێرو مێ یان پێکەوەنانی خێزان بەفەراهەم کردنی شوێنی ژیان‌و کەل‌و پەل‌و پێداویستیەکانی ناو ماڵ.

**٦. گەنجان:-**

أ. قەدەغەکردنی کار بەو مێرد منداڵانەی کە تەمەنیان لە (١٦) ساڵ کەمترە، بەتایبەتی کاری قورس‌و شەوانە.

ب. دابینکردنی شوقەی تایبەتی بۆ ئەو گەنجانەی کە نایانەوێت لەگەل خێزانەکانیان بژین‌و یارمەتی‌و کارئاسانی حکومەت لەو بوارەدا زۆر پێویستە.

ج. دەرکردنی یاساو ڕێوشوێنی یاسایی گونجاو بۆ ئاسانکاری و یارمەتی دانی ژیانی سۆزداری‌و ڕێگە نەدان بە هیچ هێزو کەس‌و لایەنێك کە دەست بخاتە ژیانی سۆزداری گەنجانەوە، ئەمەش گەنجانی سەرو (١٨) ساڵ دەگرێتەوە.

د. دابین کردنی یانەی زانستی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و وەرزشی‌و تەرفیهی بۆ گەنجانی کوردستان‌و کردنەوەی سەنتەری چالاکی گەنجان‌و نەوجەوانان.

هـ. یارمەتی دانی گەشت‌و گوزاری گەنجان‌و کەمکردنەوەی نرخی ئۆتۆمبیل‌و شوێنە سیاحیەکان بۆ گەنجان‌و کردنەوەی کامپ‌و چادرگەی تایبەت بەگەنجان لە هەموو جێگاکاندا.

**٧. منداڵان:-**

أ. بڕینەوەی مووچەی یەکسانی‌و گشتی بۆ هەموو منداڵان و ئاگاداریکردنی دایك‌و باوکان‌و سەرپەرشتیاران، بۆ خەرج کردنی ئەو بوودجەیە بۆیان.

ب. قەدەغەکردنی لێدانی منداڵان لەلایەن هەمو کەسێکەوە(خێزان ، مامۆستا یان هەرکەسێکی تر) بەپێی یاساو سیستمی پەروەردەی نوێ.

ج. کردنەوەی شوێنی تایبەت بە بەخێو کردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت یان ئەو منداڵانەی دایك‌و باوکیان لێیان دوور کەوتوونەتەوەو بەهرەمەند بوونی ئەو جۆرە لە منداڵان لە هەموو مافەکانی منداڵانی دیکە.

د. قەدەغە کردنی هەمووکارێکی سەربازی بۆ منالانی خوار (١٨) ساڵو هەمووکارێکی سیاسی بۆ منالانی کەمتر لە (١٦) ساڵ.

**٨ . فەرهەنگو کەلتوور:-**

أ. گرنگی دان بە پەروەردەو فێرکردنی عەلمانیو شارستانیو مرۆڤ پەروەر، رێگا گرتنی یاسایی لە بلاو بوونەوەی هەموو فەرهەنگێکی شەڕانگێزو توندو تیژ.

ب. گەشەپێدانی بزووتنەوەی کەلتووریو دامەزراندنی کۆڕی زانیاریو مۆزەخانەو پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان. دامەزراندنی دەزگاکانی چاپو پەخشو یارمەتی دانی حکومەت بۆ بلاوبوونەوەی نوسینو کارە فەرهەنگیەکان.

ج. دابینکردنی ئازادیو گوزەران بۆ بەهرەمەندانو گەشەپێدانی بوارەجیاجیاکانی میدیاو هونەرەجوانەکانو ئەدەب.

د. پاراستنی ئیمتیازی بەرهەمو کارە ئەدەبیو هونەریەکان بۆ خاوەنانی ئەو کارانە یان ئەو لایەنانەی کە بەرهەم هێنەران پێیان دەفرۆشن.

هـ. کۆکردنەوەو بلاو کردنەوەی فۆلکلۆرو کەلەپووری جۆراوجۆرو پاراستنیان لە فەوتانو لەناوچوون.

٭ ئەم پرۆژەیە لەلایەن بەشی رووناکبیری مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی یەوە ئامادەکراوە



# ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان...
# هۆکار و چارەسەرەکان

رێبوار کریم

## پێشەکی:

ئەگەر تەماشای کۆمەڵگەکانی جیهان بکەین دەبینین بەشێوەیەکی سروشتی پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەك دابەش کراوە بۆ دوو چین، یەکەمیان ئەو چینەیە کە دەسەلأت بەڕێوەدەبات بەویستی خۆی و بەپێی ئەو سیستەمەی باوەڕی پێی هەیە و پیادەی دەکات، کۆمەڵگە بە ئاراستەی بیرکردنەوە و سیاسەتەکانی خۆیدا دەبات و لە دەرەنجامیشدا چینی دووەم دروست ئەبێ کە دەبێتە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەسەلأت، بەلأم ئەوەی دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە دواکەوتووەکان ئەو خاڵەیە کە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەسەلأت وابەستەی دەستوور و یاسایەکی پتەو نیە کە لە رێیەوە تاکەکان بتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو دەسەلأتەدا بکەن کە خۆیان لە پرۆسەیەکی ئازاد و دیموکراتیدا دیارییان کردووە، بەلأم بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا یاسا و دەستوور بالأدەستن و کاربەدەستانی حکومەت و دەوڵەت دەبنە فەرمانبەرێکی جێبەجێکاری ئەو یاسایانە کە سەرجەمیان لە بەرژەوەندی تاکەکاندا دارێژراون. بەهەمان شێوەش لەهەر پارتێکی سیاسیدا ئەم دوو چینە بونی هەیە و پارتە سیاسییەکانی دابەشکردووە بەسەر دوو چینی سەرەکیدا، کە چینێکی دەسەلأتدار و چینێکی فەرمانڕەواکراوی بەرهەم هێناوە و بەپێی جیاوازی ئاستی کۆمەڵگەکان و بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیاکانیان، لەنێوان ئەم دوو چینەشدا بەردەوام ململانێیەك هەیە کە لە هەندێ حاڵەتدا توندوتیژی و دژایەتی و نائارامی بەرهەم دەهێنێت و لە هەندێکی دیکەشدا ململانێکان ئاشتی و پێکەوەژیان بەدی دەهێنن، بەلأم تایبەتمەندی ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان لە وولأتانی دواکەوتوو بە گشتی و وولأتانی رۆژهەلأتی ناوەڕاست بە تایبەتی بریتیە لەوەی ئەم ململانێیانە توندوتیژییان بەرهەم هێناوە و لە

دەرەنجامدا ئەو حاڵەتە دروستبووە کە بە فرەمینبەریی دەناسرێت و هەندێجار ئەو فرەمینبەرییە لەبری پێکەوەژیان، دابەشبوون و دابڕانێکی فراوانی بۆ پارتە سیاسیەکان بەدی هێناوە.

## چەمکی ململانێ:

بیرمەند (بۆلدینگ Boulding) پێی وایە ململانێ هەڵوێستێکە کە تایبەتمەندی سەرەکی تیایدا بریتیە لە کێبڕکێ و لایەنەکانی دەزانن خاڵە ناکۆکەکانیان چیە و هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێك لەسەر حسابی لایەنەکەی دیکە.

بەڵام بەلای بیرمەند (پۆندی Pondy)یەوە ململانێ بریتیە لە دارمان و لەکارکەوتنی هۆکار و میکانیزمەکانی دروستکردنی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە.

هەروەها لێکۆڵیار (ڕۆبنز Robbins) پێی وایە ململانێ ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا تاکێك هەوڵ دەدات هەوڵەکانی تاکێکی دیکە بچوك بکاتەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر حسابی ئەوی دیکە بەدی بهێنێت، لە ئەنجامیشدا دەبێتەهۆی بێ ئومێدکردنی کەسی بەرامبەر.

ململانێ بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناکۆکیەیە کە لە دەرەنجامی جیاوازی بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیا و هزر و پرۆگرام و بەرژەوەندییەکانەوە دروست دەبێت لەنێوان دوو گروپ یان زیاتر.

بەڵام ململانێ یاسایەکە کە کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ و یاساکانی ژیان و ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە دەسەڵات. لە چوارچێوەی هەردەوڵەتێکیشدا چەندین شێوازی ململانێ هەیە وەك (ململانێی فەرمانڕەوا و گەل، ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان و دەسەڵات، ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان، ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە....هتد) لەسەر ئاستی دەرەکیش ململانێی نێوان دەوڵەتەکان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی خاڵەکانی هێز.

بەپێی شوێنی ڕوودانی، ململانێکان دوو جۆرن، کە بریتین لە:

***یەکەم: ململانێ دەرەکیەکان:***

ئەو ململانێیانەی دەوڵەتن لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی وڵات و بەرەنگاربونەوەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش هەندێجار بەپێی بنەمایەکی سیاسی یان ئابووری یان سەربازی دروست بوە، بەڵام چارەسەرکردنی ئەم جۆرە ململانێیە لەهەر ئاستێکدا بێت یەکێك لەم دوو بەرهەمەی دەبێت:

١. ڕێگای یەکەم بۆ چارەسەرکردنی ململانێ دەرەکیەکان بریتیە لە



ڕێگاچارەی ئاشتیانە، کە لە زۆربەی کاتدا لەڕێی پرۆسەی دانوستانەکان چارەسەر دەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر لە دانوستانەکاندا پێوەرە سەرەکیەکانی بنیاتنانی ئاشتی پەیڕەو بکرێت و هەنگاو و ئاراستەکانی کارکردنی گروپەکانی نێو دانوستان بە ئاراستەی کۆتایی پێهێنانی ئەو ململانێیە بێت، بەڵام دەکرێ هەندێجاریش بەهۆی پەنابردن بۆ میکانیزمە نێودەوڵەتیەکانی وەك دادوەری (تحکیم) نێودەوڵەتی کە یەکێکە لە هۆکارەکانی یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە شێوازی ئاشتیانە و لە مێژە وەك میکانیزمێکی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان پەنای بۆ براوە لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتیدا. هەروەها هەندێکجار سەرکەوتنی ئەم ڕێگەچارەیە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پەیداکردنی متمانەی زیاتر لای دەوڵەتان بۆ ئەوەی زیاتر پەنای بۆ ببەن.

٢.ڕێگاچارەی دووەم بۆ چارەسەرکردنی ململانێ دەرەکیەکان بریتیە لە پەنابردن بۆ میکانیزمە توندوتیژەکان کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جەنگی لێ بەرهەم هاتووە. ئەگەرچی چارەسەرکردنی کێشە و قەیران و ململانێکان لەڕێی جەنگەوە بەپێی پێوەر و یاسا نێودەوڵەتیەکان قەدەغە کراوە و بەکارهێنانی هێزی سەربازی پێویستی بە ڕەزامەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم شێوازە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا باوترین ڕێگایە کە هێز و دەوڵەتەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکانیان بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەم ڕێگاچارەیە پێچەوانەی پێوەرە مرۆییەکانە.

***دووەم: ململانێ ناوخۆییەکان:***

ئەو ململانێیانەن کە لە ناوخۆی کۆمەڵگەدا روودەدەن لەنێو پێکهاتە جیاوازەکاندا، وەکو ململانێ سیاسیەکان و ململانێ نەژادییەکان و ململانێی نێوان ڕەنگ و نەتەوە و مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان.

ململانێ ناوخۆییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان بە دوو ئاراستەی جیاوازدا ئاراستە دەکرێن، کە بەشێوەکی گشتی دوو جۆرە ململانێ بەرهەم دەهێنن، کە بریتین لە:

١. ئەو ململانێیانەی سروشتێکی توندوتیژانەیان هەیە، وەکو ئەو ململانێیانەی خوێناوین، لایەنەکانی کار بۆ سڕینەوەی لایەنی بەرامبەر دەکەن و بە هیچ جۆرێك بڕوایان بە پرەنسیپی (وەرگرتن و پێدان — الاخذ و العطاء) نیە، کە وەك بنەمایەکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان پشتی پێدەبەسترێت. نمونەی ئەم ململانێیانە لە ناو کۆمەڵگەکانی وڵاتانی ئەفریقیادا

هەبوە، بەتایبەت کاتێك ئەو کۆمەڵگایانە لە چەندین ڕەگەز و نەژاد و نەتەوە و ڕەنگ و ئاین و ئاینزا و بیرکردنەوەی جیاواز پێکهاتوون . لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستاش لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ناوەڕاست و باشووری کیشوەری ئەفریقیا زۆرینەی ململانێکان بە ڕێگایەکی خوێناوی لەنێو پێکهاتە جیاوازەکاندا کۆتایی پێدەهێنن.

٢.ئەو ململانێیانەی سروشتێکی ئاشتیانەیان هەیە، ئەمەش ئەو ململانێیانەن کە لە چوارچێوە یاسایی و ڕێساکانی کۆمەڵگە دەرناچن و تیایدا لایەنەکان سەرەڕای بوونی ناکۆکیەکان پەنا بۆ هەنگاوە ئاشتیخوازانەکان دەبەن، لێرەدا ناکۆکیەکان هەرچەندە فراوان بن و لە لوتکەدا بن، بەڵام لایەنە ناکۆکەکانی ململانێ نایانەوێت بەهیچ جۆرێك پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لە چارەسەرکردنی هۆکارەکانی دروستبون و گەشەسەندن و گەورەبوونی ئاستی ململانێکان. لە نموونەی ئەم ململانێیانەش ململانێی نێوان پارتە سیاسیەکان لە سیستەمێکی فرەحزبیدا کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ دیموکراسیەت، دیموکراسیەت بوونی نیە بەبێ بوونی فرەحزبی، هەروەك هەندێ لە بیرمەندان پێیان وایە دیموکراسیەت واتە حکومەتی فرەحزبی، ئەم دیموکراسیەتەش چەندین ناوی لێنراوە وەك (دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا، دیموکراسەتی لیبراڵی، دیموکراسیەتی فرەیی)،.....هتد. لێرەدا لایەنە ناکۆکەکانی نێو ململانێ هەوڵ دەدەن لە جیاوازییەکانیانەوە پێکەوەژیان دروست بکەن هەمووان پێکەوە کاروبار و ئەرکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و هاووڵاتیان بەڕێوەدەبەن.

## چەمکی پارتی سیاسی:

هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانی پارتی سیاسی لە جیهاندا و بەم مانا و پێکهاتە و شێوازە نوێیەی ئێستای مێژوویەکی نوێی هەیە و هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانەوە، بیرمەندان چەندین بۆچونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی پارتی سیاسی، هەموو ئەم هەوڵانەش لە توێژینەوە ئەکادیمی و زانستیەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە زۆربەی لێکۆڵەران بۆچونەکانیان لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لە کۆی گشتی ڕای ئەو بیرمەندانەش دەگەینە ئەو ڕایەی کە پارتی سیاسی {کۆبونەوەی کۆمەڵێك خەڵکە بەشێوازێکی ڕێکخراو کە هەمان بەرژەوەندی و پرەنسیپی دیاریکراویان هەیە بە سەرکردایەتییەکی یەکگرتووەوە هەوڵ دەدەن لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات یاخود بەشداربوون تیایدا و **بۆچونیان لەیەکەوە نزیکە}.**



لە دوایین دەستەواژەی ئەو پێناسەیەی سەرەوە ئەوە بەدەردەکەوێت کە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی بە کۆبونەوەیان پارتێکی سیاسی دروست دەکەن یان لەناو پارتێکی سیاسیدا کاردەکەن، پێویستە بۆچونەکانیان لەیەکەوە نزیك بێت، واتە مەرج نیە تەواو هاوتا بێت. بەڵکو ئەوان دەبێت خاوەنی بەرژەوەندییەکی هاوبەش بن و هەر داکۆکیکردن لەو بەرژەوەندییە هاوبەشەش ئەوان لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام کارێکی شیاو و گونجاوە ئەگەر لەلای ئەو ئەندامانە کۆمەڵێك ئامرازی جیاواز پەیڕەو بکرێت بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندی و ئامانجە هاوبەشانە، لەڕاستیشدا خودی ئەم حاڵەتە لە واقعی پراکتیکیدا جێبەجێ کراوە و هەمیشە ئەندامانی حزبەکان هەریەکە و بەپێی تێڕوانینی خودی خۆی و ئەو بیرکردنەوەیەی کە ئەو هەڵگریەتی هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتە سیاسیەکەیان، ئەم بیرکردنەوە و تێڕوانینانەش مەحکومن بە هەردوو هۆکاری کات و شوێن، لەلایەك بەکارهێنانی ئامرازەکان و هۆکارەکانی پارتی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە و هەندێجاریش هەربەپێی کات و دوای زەمەنێکی دیاریکراو لەناو خودی ئامانجەکانی پارتی سیاسیشدا گۆڕانکاری بەدیهاتوە، هەروەك چۆن هەمیشە لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی پارتە سیاسیەکاندا سەرلەنوێ بەشێکی زۆر لە ئامانج و هۆکار و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتیشدا ستراتیژەکانی پارتە سیاسیەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەربۆیە سەرجەم هۆکاری بەدیهاتنی ئامانجەکانیش قابیلی ئەوەن سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە و بگونجێنرێن لەگەڵ ئەو زەمەنە نوێیەی پارتی سیاسی تێدایە، ئەم هۆکارانەش لە دەرەنجامی بیرکردنەوەی نێوان ئەندامانی ئەو پارتەوە دێتەکایەوە، ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی دیکەوە، هۆکار و ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتە سیاسیەکان بەپێی شوێنیش گۆڕانکاری بەسەردێت، هەرچەندە ئەم بۆچوونە ڕەها نیە و بەسەر سەرجەم پارتە سیاسیەکان وەك یەك جێبەجێ نابێت، بەڵام لە واقیعدا و لە بواری پراکتیکیدا ئەوە سەلماوە کە ئەندامانی پارتە سیاسیەکان بەپێی جیاوازی شوێن، جیاوازی لە بۆچونەکانیاندا دێتەکایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە سەردەمی نوێدا و بەتایبەت لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیزم و بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا هاتەکایەوە ئەو تاکڕەوییەی لە بیرکردنەوەی ئەندامانی پارتە سیاسیەکاندا هەبوو بەرەو کەمبونەوە ڕۆشتوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر

ڕاددەی کرانەوەی پارتە سیاسیەکان بەجێ هێشت و هانیدان بۆ قبوڵکردنی ڕای جیاواز لە میکانیزم و هاوبەش لە ئامانجدا، ئەمەش لەدەرەنجامدا بوەهۆی کرانەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە.

## ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان:

ئەرکی سەرەکی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە فرەحزبیەکاندا بریتیە لە بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بەوپێیەی پارتی سیاسی جۆرێکە لەرێکخستنەکانی کۆمەڵگە و ئارەزووی بەئەندامبوون تیایاندا یەکێکە لە غەریزە سەرەکییەکانی مرۆڤ، هەریەك لە مرۆڤەکانیش لایەنداری خۆیان بۆ لایەنێك یەکلایی کردۆتەوە و بەمەش فرەلایەنییەك دروستبووە کە لەنێوانیاندا کێبڕکێیەك سەریهەڵداوە، ئەم کێبڕکێیەش چەندین شێوازی وەرگرتووە وەك ململانێی توندوتیژیانە و ململانێی ئاشتیانە، باشترین شێوازی ململانێش بریتیە لە ململانێیەکی ئاشتیانەو پارتی سیاسی سەرەکیترین دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیە بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵ لە ململانێیەکی توندوتیژانە، ئەم ئەرکەش پێویستی بە چەند تایبەتمەندییەك هەیە کە پێویستە لەهەر پارتێکی سیاسیدا گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی.

یەکێك لە گرنگرین ئەو تایبەتمەندییانەی لە پارتە سیاسیەکاندا پێویستە بوونی هەبێت بریتیە لە ڕاددەی فراوانی بنکەی جەماوەری پارتی سیاسی و بڵاوبوونەوەی لە سەرتاسەری وڵاتدا، لەنێو ئەو بنکە جەماوەرییەدا بەشێکی دیاریکراو لە ئەندامانی پارتی سیاسی هەن، بەوپێیەی ئەو ئەندامانەش —بەپێی پێناسەی پارتی سیاسی- هەڵگری بۆچونی لەیەك نزیکن و تێڕوانینیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان تارادەیەك مەرج نیە وەك یەك بێت، هەربۆیە لەنێو ئەندامانی ئەو پارتە سیاسیەدا هەندێجار ئەو لێك نزیك نەبوونە دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی جیاوازییەکی فراوان کە بنەماکانی کار هاوبەشی نێوان ئەندامان دەخاتە مەترسییەوە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی لەناو پارتە سیاسیەکاندا، خودی ئەم ململانێیەش یان دەبێتەهۆی لاوازبوونی پارتی سیاسی یان دەبێتەهۆی دابەشبوونی ئەو پارتە و پەرتبوونی.

بۆ ئەو ململانێ ناوخۆییەی لەنێو پارتە سیاسیەکاندا دروست دەبێت کۆمەڵێك هۆکار هەن کە هەریەکەیان مەودا و کاریگەریی بەپێی ئاستی ململانێکە دەگۆڕێت و خودی ململانێکەش بە ڕاددەی کاریگەری ئەو هۆکارانە دەتوانرێت کاریگەرییان دیاری بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری



دروستبوون و بەردەوامبوونی ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان بریتیە لە:

***١. جیاوازی تەمەن و ئەزموون:***

بۆچوونێکی دیار هەیە کە دەڵێت (بەتەمەنەکان محافزکار و گەنجانیش گۆڕانخوازن)، ئەمەش بەومانایەی هەمیشە گەنجان ئارەزووی گۆڕانکاریکردن لە واقع و ئەو بارودۆخە دەکەن کە تیایدان، هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بەشێکی هەرەزۆری شۆڕش و گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگەکاندا لەسەر دەستی گەنجان ئەنجامدراوە، بەوپێیەی هەمیشە گەنجان هەستێکی نوێخوازییان تێدایەو لە زۆربەی کاتدا گۆڕینی کلتور و سیاسەت و ڕەهەندەکانی دیکەی کۆمەڵگە زیاتر بە گەنجان ئەنجام دەدرێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی بەتەمەنن وەکو ڕێسایەك هەمیشە دەیانەوێت پارێزگاری لە باردۆخەکە بکەن و ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە کارێکی گونجاو نازانن، ئەمەش وایان لێدەکات ببنە کەسێکی محافزکار.

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد بریتیە لەو ڕێسا سەرەکییانەی گەنجان و بەتەمەنەکانی نێو پارتە سیاسیەکانیان پێدەناسرێتەوە، بەڵام هەندێکجار کەسانێك هەن لەو ڕێسایە لادەدەن، بۆ نموونە دەکرێت گەنجێکی پەروەردەبووی ناو بنەماڵەیەکی محافزکار سروشتێکی محافزکارانەی هەبێت و بیەوێت پارێزگاری لە بارودۆخ بکات و بڕوای بە هەر گۆڕانکارییەك نەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە کاریگەری نێگەتیڤ دروست بکات لەسەر پێگەی ئەو گەنجە لەناو پارتی سیاسیدا و زیان بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت، یان دەگونجێت کەسێکی بەتەمەنی تێکەڵبوو لەگەڵ گەنجانی گۆڕانخوازدا سروشتێکی نوێگەرییانەی هەبێت و هەمیشە ئەویش هەوڵی گۆڕانکاری بدات.

لە زۆربەی پارتە سیاسیەکاندا جیاوازی ئەزموون و تەمەن کراوەتە مەرجێکی سەرەکی گرتنەدەستی دەسەڵات و بەشداربوون لە بڕیاردان لەناو پارتێکی سیاسیدا، بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا، ئەمەش لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی زۆربەی ئەو پارتانەدا بە ئاشکرا دەبینرێت، هەروەك لە زۆرجاردا تەمەنی (١٨) ساڵ یان (١٦) ساڵ وەك پێوەری بەئەندامبوون دیاریکراوە، لەپاڵ ئەمەشدا بەدەستهێنانی ئەزمونێك لە کارکردنی حزبی لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی پارتی سیاسیدا کراوەتە مەرج بۆ خۆپاڵاوتن و بەدەستهێنانی پۆستە باڵاکانی ئەو پارتە، بەدڵنیاییەوە پەیداکردنی ئەم ئەزموونە پێویستی بە بەسەربردنی تەمەنێك هەیە، هەربۆیە ئەم پرۆسەی ئەو هەستە لای گەنجان دروست دەکات کە ئەوان لە

پرۆسەی بڕیاردروستکردنی پارتەکەیان بەشدارنین و بڕیار و سیاسەتی کاری بەتەمەنەکانیش بەگونجاو نازانن و پێیان وایە بەپێی یاسا ئەو دەسەڵاتەیان قۆرخ کردووە، کە لێرەدا یاسای پارت بریتیە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی ئەو پارتە. لێرەوە گەنجان بۆ کاریگەری دروستکردن بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەکەونە ململانێوە لەگەڵ بەتەمەنە دەسەڵاتدارەکان و لە بەرامبەریشدا بەتەمەنەکان بەمەبەستی ڕێگرتن لە ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك لەگەڵ گەنجاندا دەکەونە ململانێوە، بەمەش هۆکاری ئەزموون و تەمەن دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆ لە پارتە سیاسیەکاندا.

لە بەرامبەر ئەم حاڵەتەدا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی پێشکەوتوودا زۆرجار گەنجێکی خاوەن مەعریفە و توانا بە ئاسانی ڕێگەی پێدەدرێت بەشداربێت لە بڕیاردان، جا ئەم پێگەیە چ لە ئاستە باڵاکانی حزبدا بێت یان لەو پۆستە حکومیانەی کە پارتە سیاسیەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بەدەستی دەهێنن، بەومانایەی لەناو ئەو پارتە سیاسیانەدا تەمەن نەکراوەتە پێوەری سەرەکی بەدەستهێنان یان لەدەستدانی پۆستێکی سیاسی باڵا، لە گرنگترین نموونەی ئەو کۆمەڵگەیانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوان کە بە ڕوونی ئەم حاڵەتەی تێدا بەدی دەکرێت.

***٢. جیاوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:***

بەهۆی جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە لەناو پارتێکی سیاسیدا هەندێك ململانێی سیاسی سەرهەڵدەدات، ئەو کەسەی لە خێزانێکی سەرمایەدار و محافزکار پەروەردە دەبێت زۆرجار دژی هەر گۆڕانکارییەکە کە لە سودی چینی هەژاران بێت، چونکە لەئەنجامدا ئەو گۆڕانکارییە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەرستۆکراتیەکانە (سەرمایەدارەکان) یان لانی کەم ئەو گۆڕانکارییە بەرژەوەندی زیاتریان بۆ بەدی ناهێنێت، بەهەمان شێوە چینی هەژارانیش هەمیشە هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن بەوپێیەی هەر گۆڕانکارییەك بارودۆخی ژیانی ئەوان دەگۆڕێت، لەدەرەنجامیشدا ئەگەر سەرکەوت ئەوا سوودمەند دەبێت، ئەگەر سەریشنەکەوت ئەوا هیچ لەدەست نادات، چونکە خاوەنی هیچ نیە تا لەدەستیبدات. لەنێوان ئەم دووچینە چینی ناوەند هەیە کە زۆرجار لایەنگری خۆی بۆ یەکێك لەو دووچینە یەکلایی دەکاتەوە.

سەرهەڵدانی ململانێی پەیوەندیدار بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارتێکی سیاسیەوە هەندێجار لە شێوەی دەرکەوتنی ئاستێکی دیار لە جیاوازی نێوان پێکهاتەکاندا زەق





دەبێتەوە، لەڕاستیدا لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهان و لەنێو پارتە سیاسیەکاندا جیاوازی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە هەندێك لە پارتە سیاسیەکاندا نابێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی، بەتایبەت لە پارتە سیاسیەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کە تیایدا هەموو پێکهاتەکانی ئەو پارتە بە جیاوازی سەرمایە و بیرکردنەوە و ئاستی کۆمەڵایەتیانەوە ئازادن لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بەشێکی دیار لە پارتە سیاسیەکانی وڵاتە دواکەوتووەکاندا جیاوازی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی، ئەم جیاوازییەش خۆی دەبینێتەوە لە ئاستی سەرمایە و ئینتیماکردن بۆ خێڵ و هۆزێکی دیاریکراو، یان بۆ کەسایەتی و بنەماڵەیەکی دیاریکراو، کە تیایدا تاکەکان لەڕێی شانازیکردنێکی توندڕەوانە بە پێگە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکەونە ڕەتکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوانی دیکە، لە دەرەنجامیشدا پێکدادان و ململانێیەك لە ناوخۆی پارتی سیاسیدا دروست دەبێت کە ڕەنگە کاتێکی زۆر و بوارێکی فراوانی ئەو پارتە بۆ خۆی داگیر بکات، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە زۆرجار پەنابردن بۆ شانازیکردن بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە ڕۆڵی تاکەکان وەلادەنێت و لە تواناکانیان کەم دەکاتەوە، ئەمەش بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی خودی تاك خۆیدا نیە، چونکە هەر کاتێك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزتر هاتەکایەوە، ئەوا ئەوانی دیکە پشتگوێ دەخات و ئەمەش بەردەوامییەك دەداتە ململانێی ناوخۆی پارتی سیاسی.

***٣. جیاوازی ئاینی و مەزهەبی:***

جیاوازی ئاینی و مەزهەبی بە یەکێك لە سەرەکیترین هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێکانی جیهان دادەنرێت، بەشێوەیەك کە بوەتە ململانێیەکی ئەزەڵی و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کۆمەڵگەکانی ڕووپۆش کردووە بە ململانێیەك کە هەندێجار کارەساتی خوێناوی و ترسناکی لێکەوتۆتەوە، نمونەی ئەم حاڵەتە لەمێژوودا گەلێك زۆرە وەك ململانێی نێوان (شیعە و سوننە، کاسۆلیك و پرۆتستانت، جولەکە و مەسیح، جولەکە و ئیسلام،...هتد).

جیاوازی ئاینی و مەزهەبی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکان، کە بریتیە لە هەبوونی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی لە نێوان ئەندامانی ئەو پارتە سیاسیەدا. ئەم جۆرە هۆکارە زیاتر لەو پارتانەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە خاوەنی تێڕوانینێکی ئاینیانەن بۆ پرۆسەی سیاسی کە دەکرێت پێیان بڵێین (پارتە ئاینیەکان)، بەجۆرێك ئەم

پارتانە ڕێگە بە بوونی جیاوازی ئاینی و تەنانەت جیاوازی مەزهەبیش نادەن لەنێو پارتەکەدا، بەڵام ئەوەی لێرەد گرنگە ئەوەیە لەنێو ئەم پارتە سیاسیانەشدا تاکەکان –کە سەر بە یەك ئاین و مەزهەبێکن- پۆلێن دەکرێن بۆ (پابەند-مولتەزم) و (ناپابەند-نامولتەزم)، هەر بەپێی ئەم پۆلێنکردنەش پلە و پێگەی ئەندامان لەناو ئەو پارتە سیاسیەدا دیاری دەکرێت، بەڵام لێرەدا ڕوون نیە کە ئایا کێ هەڵدەستێت بە دیاریکردنی کەسانی (پابەند) و کەسانی (ناپابەند)؟ هەروەها ئەو پێوەرە سەرەکیانە کامانەن –جگە لە پێوەری ئاینی- کە تاکەکانی بەسەر (پابەند) و (ناپابەند) پێ دابەش دەکرێت؟

ئەم جۆرە جیاوازیەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە یان ئەندامانی پارتێکی سیاسی ترسناکترین جۆری جیاوازییە کە لەئەنجامیدا ململانێیەکی لێدەکەوێتەوە کە دەشێت سەرەتای هەبێت، بەڵام دیاریکردنی کۆتاییەکەی زۆر ئەستەمە.

### ٤. *جیاوازی عەقڵیەت و ڕۆشنبیری:*

جیاوازی عەقڵیەت و جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری یان بیرکردنەوەی ئەندامانی پارتێکی سیاسی کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە دروستکردنی ململانێی ناوخۆیی لەنێو ئەو پارتە سیاسیەدا، هەروەك زۆرجار دەبینین ئەندامی پارتێکی سیاسی لە ئاستێکی بەرزی بڕیارداندایە، بەڵام خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەهێز نیە کە بتوانێت بڕیارەکان بەشێوەیەکی زانستیانە وەربگرێت، لەئەنجامدا کەسێك کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەهێز و عەقڵیەتێکی فراوانە، بەڵام لە مەرکەزی بڕیاردان‌دا نیە دەکەوێتە ململانێیەکی سەختەوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە ڕۆشنبیری نیە و لە مەرکەزی بڕیارداندایە، زۆرجار دەگونجێت ئەو تاکە کەسە کەسانی دیکە لە چواردەوری خۆی کۆبکاتەوە و تەکەتولات دروست بێت.

لەڕاستیدا چەمکی ڕۆشنبیر چەمکێکی سادە نیە و دیاریکردنی کەسی ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگە و پارتە سیاسیەکاندا کارێکی ئاسان نیە، چونکە لە بنەڕەتدا پێوەرەکانی دیاریکردنی ڕۆشنبیر لە ژینگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت. بیرمەندانیش بۆچوونی جیاوازییان لەم بارەیەوە دەربڕیوە، بۆنموونە (عەلی حەرب) دەڵێ: (ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە سەرقاڵی ماف و ئازادییەکانە و بە فکر و گفتوگۆ و نووسین هەڵوێستەکانی داکۆکی لە سیاسەتی ڕاستی و بەها ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتی و گەردوونیەکانی دەکات)، بەڵام لای (ئەنتۆنیۆ گرامشی) ڕۆشنبیر دوو جۆرە: یەکەمیان ڕۆشنبیری کلاسیکی Traditional Intellectual، وەك مامۆستا و قەشە و بەڕێوەبەران، دووەمیشان



ڕۆشنبیری ئۆرگانیك Organic Intellectual، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ چین و ڕێکخراوەکاندا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە کار بۆ بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی خەڵك دەکات بەشێوەیەکی تیۆری، بەڵام بوارە پراکتیکیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا ڕاپەڕێنەرەکانی کاروباری دەوڵەت.

لەڕێی ئەم بەشە تیۆرییەی چەمکی ڕۆشنبیرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دیاریکردنی کەسی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەکاندا کارێکی ئاسان نیە، بە هەمان شێوەش لەناو پارتە سیاسیەکاندا دیاریکردنی ئاستی عەقڵیەت و بیرکردنەوەی دروست و ڕاددەی ڕۆشنبیری کارێکی ئاسان نیە و ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو ململانێیەوە هەیە کە لەناو پارتە سیاسیەکاندا هەیە، چونکە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کەسی ڕۆشنبیر و فەلسەفەی ڕۆشنبیری لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دی و لە پارتێکی سیاسیەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت، لە دەرەنجامیشدا دوورنیە هەندێجار ئەم هۆکارە ببێتە هۆکارێکی بێ بنەما، بەوپێیەی دیار نیە کێ ڕۆشنبیرە و کێ خاوەنی هێزی بڕیاردەری ئەو حاڵەتەیە، بەڵام لە بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسیەکاندا ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاستی بیرکردنەوەی ئەندامانی پارتە سیاسیەکانەوە هەیە.

### ٥. *جیاوازی بەرژەوەندی:*

لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بریتیە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان هەربۆیە تاکەکانی کۆمەڵگە مافی خۆیانە کار بۆ پاراستن و فراوانبوونی مەودای ئەو بەرژەوەندییانە بکەن، بەتایبەتی کە سروشتی مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی زیاترە لەوەی کە هەیەتی. لەم بوارەشدا کێشەی سەرەکی مرۆڤەکان ئەوەیە کە خواستەکانیان (طموح) ببێتە چاوتێبڕین (طمع)، واتە کاتێك بەرژەوەندی مرۆڤێك بەدی بێت کە بەرژەوەندی کەسێکیتر یان کۆمەڵێکیتر لەناوبچێت، ئەمەش پێچەوانەی بەها مرۆییەکانە.

لەناو پارتە سیاسیەکاندا بەرژەوەندییەکان هۆی سەرەکی دروستبوونی ململانێی ناوخۆیین، بەتایبەت وازنەهێنان و بەجێنەهێشتنی کورسی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو پارتەوە دەبێتەهۆی دروستبوونی ململانێیەکی بەهێز لەنێوان ئەو ئەندامانەی کە لە هەوڵی ئەوەدان ببنە بەشێك لە هێزی بڕیاردەری ئەو پارتە سیاسیە، هەربۆیە هەر کاتێك ئەندامانی هۆشیاری پارتێکی سیاسی هەستیان کرد هێزێکی دەستەڵاتدار یان کەسانێکیتر لەناو پارتەکەیاندا

بەرژەوەندییە گشتیەکانیان دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا ڕووبەڕووی دەوەستنەوە و دەکەونە ململانێیەکی بەهێزەوە لەگەڵیدا، بەڵام کێشەی سەرەکی لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتدا هەوڵدان بۆ زاڵکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی لەنێو پارتێکی سیاسیدا، لە نمونەی ئەم حاڵەتە لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو بەدی دەکرێت، بەتایبەت کاتێك کاری سەرەکی کادر و ئەندامانیان بۆتە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکان و پارتی سیاسیش هیچ نیە جگە لە چوارچێوە و دەروازەیەك بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندییانە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو خاڵە سەرەکیەیە کە لە پێناسەی پارتی سیاسیدا هاتووە کە ئەو کەسانەی لە پارتێکی سیاسیدا کۆدەبنەوە دەبێت خاوەنی ئامانجێکی گشتی و هاوبەش بن و کار بۆ بەدیهاتنی زۆرترین ڕێژەی ئەو ئامانجانە بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە هەوڵی هەر تاکێکیش بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی لەسەر حسابی ئەوانی دی دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی لە پارتی سیاسیدا.

## چارەسەری ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان:

لەبەرئەوەی هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان بریتیە لە بوونی جیاوازی لەنێوان ئەندامانی حزبدا، لەم بارەیەشەوە بیرمەندان (جیمس وێبر) و (لویس بارنیس) پێیان وایە (هەموو ململانێکان کاتێك سەرهەڵدەدەن کە جیاوازییەکان سەرکوت بکرێن و هەتا ڕێژەی ئەو سەرکوتکردنەش زیاتر بێت ئاراستە و مەودای ململانێ توندتر دەبێت)، هەربۆیە هەوڵدان بۆ ئیدارەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکان دەبێتە سەرەتای چارەسەرکردنی ململانێکان، بەشێوەیەکی گشتیش ئەم چارەسەرە بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕدەبێت و ئەو هەنگاوانەش بەشێوەی پلەبەندی بەڕێوەدەچن، لێرەدا گرنگترین ئەو قۆناغانە دیاری دەکەین:

***قۆناغی یەکەم: دیاریکردنی خودی ململانێ:***

یەکەمین هەنگاوی چارەسەری ململانێ بریتیە لە ناسینی خودی ململانێکە، ئەمەش لەڕێی دیاریکردنی ئاست و بوار و ڕاددەی ململانێ و گرنگترین ئەو لایەنانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەیە بە ململانێکەوە. ئەرکێکی سەرەکی لە دیاریکردنی خودی ململانێدا بریتیە لە زانینی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو ململانێیە و فراوانبوونی، چونکە ناتوانرێت ڕەهەندە سەرەکیەکانی ململانێ دەستنیشان بکرێت بەبێ زانینی هۆکارەکانی دروستبوونی،



لێرەشدا کاتێك لەناو پارتێکی سیاسیدا و لە قۆناغی یەکەمدا هۆکار و بناغەی ململانێ ناوخۆییەکان ئاشکرابوون، ئەوکاتە دەتوانرێت ئاستی چارەسەر گونجاوەکان بۆ ئەو ململانێیە بدۆزرێتەوە، هەمیشە ئەو حاڵەتەش لە چارەسەرێکی کێشەکاندا پەیڕەو دەکرێت، هەروەکو بەشێك لە لێکۆڵەرانی بواری زانستە مرۆییەکان پێیان وایە کە زانینی کێشەکان واتە نیوەی چارەسەری خودی کێشەکە، بۆ پارتە سیاسیەکانیش زانینی کێشەکان و دیاریکردنی هۆکارەکانی دروستبوونیان هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێ یان لانی کەم کەمکردنەوەی.

***قۆناغی دووەم : دیاریکردنی ئامانجەکان:***

هەموو پارتێکی سیاسی خاوەنی کۆمەڵێك ئامانجە کە بەشێوەی نوسراو و نەنوسراو لە یاسا و سیاسەتەکانی ئەو پارتەدا دیاری دەکرێن و سەرجەم هەوڵی ئەندامان و لایەنگرانی پارتە سیاسیەکان لەپێناو بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەدایە، لێرەشدا ئەگەر بۆچونی جیاواز سەرهەڵبدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە هەندێ کاتدا دەکرێ دیاردەیەکی ئاسایی تەماشا بکرێت، بەڵام ئەگەر جیاوازی لە ئامانجەکاندا سەری هەڵدا ئەوا ململانێکان چەکەرە دەکەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیانە لە قۆناغی دووەم و دوای دیاریکردنی خودی ململانێکە، دەبێت ئامانج لە چارەسەرکردنی ململانێکان دیاری بکرێت و دەبێت ئەو ئامانجانەش تاڕاددەیەکی فراوان یەکانگیربن لەگەڵ ئاراستەی ئامانجە گشتیەکانی پارتە سیاسیەکەدا، لەڕاستیشدا ئامانجی چارەسەری ململانێکان بریتیە لە هاوسەنگییەکی بەرجەستەبووی نێوان ئامانجی گروپەکانی ململانێ، واتە دۆزینەوەی هێڵێکی هاوبەش و ناوەند لە نێوان ئەو لایەنانەی ململانێکانیان دروست کردووە.

***قۆناغی سێیەم : ڕێگرتن لە کەڵەکەبوونی ململانێ:***

لە قۆناغی سێیەم و پاش دیاریکردنی ململانێ و ئامانج لە چارەسەرکردنی، قۆناغی سێیەمیش وەك قۆناغێکی سەرەتایی لە چارەسەرکردن بریتیە لە ڕێگرتن لە هەر کەڵەکەبوون و قوڵبوونەوەیەکی زیاتری ئەو ململانێیە، لێرەوە ئەوە بەدی دەکرێت کە چانسی چارەسەرکردن و بنبڕکردنی ململانێ لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیدا زیاترە تا پاش کەڵەکەبوونی، چونکە لەگەڵ بەردەوامبوونیدا ململانێکان قوڵ دەبنەوە و ئەرکی ئەو لایەنانە قورستر دەبێت کە دەیانەوێت ململانێی ناوخۆی ئەو پارتە سیاسیە چارەسەر بکەن.

***قۆناغی چوارەم: دیاریکردنی ئەلتەرناتیڤی گونجاو:***

بەهۆی پێشکەوتنەکانی جیهانەوە لە سەرجەم بوارەکاندا چەندین ئەلتەرناتیف لەبەردەم کەسایەتی و لایەنەکاندا هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەسەری کێشەکان، بۆ چارەسەرکردنی هەموو ململانێکان پێویستە چەند ئەلتەرناتیڤێك لەبەردەست لایەنە چارەسەرکارەکاندا هەبێت، هەمیشە بوونی فرەیی لە ئەلتەرناتیڤەکاندا ئاراستەکانی کارکردنی چارەسەرخوازان فراوانتر دەکات، بەجۆرێك کاتێك ئەو لایەنانە هەنگاو بۆ چارەسەری ململانێ دەنێن لەنێو ئەو چەندین ئەلتەرناتیڤەدا هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی باشترین و گونجاوترین ئەلتەرناتیف بۆ چۆنیتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشەیەدا و پاشان لەڕێی ئەو ئەلتەرناتیڤەوە کە هەڵیدەبژێرن چارەسەری ئەو کێشەیە دەکەن.

## کۆتایی:

بوونی ململانێ لە ناوخۆی پارتە سیاسیەکاندا حاڵەتێکە لە سەرەتای دروستبوونی پارتە سیاسیەکانەوە هەبووە و لە هەندێجاریشدا وەك حاڵەتێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ململانێی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئاستەنگ و ڕێگرییانەی ڕووبەڕووی پارتە سیاسیەکان دەبێتەوە و لە هەندێکجاریشدا دەرەنجامی ترسناك لەسەر بنەما و پرەنسیپ و ئەرکی پارتە سیاسیەکان بەجێدەهێڵێت، کە دەبێتەهۆی دابەشبوونی بۆچوونەکان و دووریش نیە ببێتەهۆی دابەشبوونی پارتی سیاسی، بەڵام ناتوانرێ بە بەهێزی یان لاوازی دیموکراسی لە ناوخۆی پارتەکاندا، بوون یان نەبوونی ململانێ دیاری بکرێت، چونکە جاری وا هەیە لە نەبوونی دیموکراسیدا ناڕەزایی سەرهەڵدەدات و لە بوونی دیموکراسیدا جیاوازییەکان قوڵدەبنەوە، لە دەرەنجامیشدا هەموو ململانێکان بە جیاوازی هۆکارەکانی سەرهەڵدانیانەوە قابیلی چارەسەرکردنن.

*******************

سەرچاوەکان:

١. موريس دوفرجيه، الاحزاب السياسية، ترجمة: علي مقلد و عبدالحسن سعد، بيروت، دار النهار، ١٩٨٠.

٢.د. حورية توفيق مجاهد، نظام الحزب الواحد في افريقيا بين النظرية و التطبيق، القاهرة، ١٩٧٧.

٣.د.طارق علي الربيعي، الاحزاب السياسية، وزارة التعليم العالي، جامعة بغداد، ١٩٩٠.



هەوالنامەی کتێب

٤.جيرالد م.بومبر، مفاهيم الاحزاب السياسية للديمقراطية الامريكية، محمد نجار، دار النسر للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ١٩٩٩.

٥.روبرتو ميشال، الاحزاب السياسية (دراسة سوسيولوجية)، ترجمة: منير مخلوف، الطبعة الاولى، دار ابعاد للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، بلا سنة.

٦.د.اسامة الغزالي حرب، الاحزاب السياسية في العالم الثالث، عالم المعرفة، ١٩٨٧.

٧.د. صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،جامعة بغداد/كلية العلوم السياسية، ١٩٩٠.

٨.صلاح نيوف، نظرية الاحزاب السياسية، الحوار المتمدن، العدد ١٣٥٤، بتأريخ ٢٠٠٥/٧/١٠، مصدر من الانترنت على الموقع:
http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=٤٠٩١٩

٩.قسم البحوث و الدراسات، الاحزاب السياسية في الوطن العربي، المعرفة، مصدر من الانترنت بتأريخ ٢٠٠٣/٥/١٧ على الموقع:
www.aljazeera.net

١٠. د. علي خليفة الكواري، مفهوم الحزب الديمقراطي: ملاحظات أولية، المعرفة، مصدر من الانترنت بتأريخ ٢٠٠٣/١١/١١ على الموقع:
www.aljazeera.net

# سۆسیال دیموکراسی ( دیموکراتی کۆمەڵایەتی )

ن:رۆناڵد بانێر
و:نوێبوون

سۆسیال دیموکراسی سیاسەتی یەکسانی خوازییە، کە بڕوای بەهێزی بەدەوڵەتی خۆشنوود (رفاه)ی نوێ و ئەرکی دەوڵەت هەیە لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان. دیموکراتە کۆمەڵایەتیەکان یان (سۆسیال دیموکراتەکان) بنەمای ئازادی خوازی (لیبرالیزم) کلاسیك سەبارەت بەدیموکراسی لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەران وسیستەمی نوێنەرایەتی و ئابوری تێکەڵاو (سەرمایەداری و سۆسیالیزم) پەسەند دەکەن، ئاراستەیان بەرەو ریفۆرمی سیاسی یە لە بەرامبەر نەریتی شۆڕشگێرانەی کارل مارکسو هەروەها ئامانجی ئەخلاقی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هۆکاری وەفادار و مانەوەیانە بۆ هێنانەدی مەبەستەکانیان. ئەگەر چی بەتەواوی ناتوانین سنوری رۆشنی نێوان سۆسیال دیموکراسی و ئازادی خوازی (لیبرالیزم) لەلایەك و سۆسیالیزم لەلایەکی دیکەوە دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەم ڕێبازە لە چەپی لیبرالیزم و راستی سۆسیالیزمدا قەراری گرتووە.

بەشێوەیەکی دیکە زۆر بە ئاسانی دەتوانین جیاوازی نێوان سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ هەردوو پەیڕەوی توندڕەوی (لیبرالیزمی ئیختیار گەرا) و (سۆسیالیستی مارکسی) دیاری بکەین. لەکاتێکدا کە پەیڕەوانی لیبرالیزمی خاوەن دیدگای ئیختیاری ڕەوشی خۆیان تەنها لە مافەکانی تاکدا لەبەرامبەر دەوڵەتی رەفادا دەخەنە روو، هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە نەخشی دەوڵەت دەگرن لەسەر لەنوێ دابەشکردنی سامان، بەڵام سۆسیال دیموکراتەکان داکۆکی دەکەن لەچەمکەکانی بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی و ئەرکی دەوڵەت لە هاوکاری کردنی ئەو تاك و کەسانەی کە خاوەنی ئیمتیازی کەمترن. بەبڕوای دیموکراسی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی دەوڵەت ئەو هۆکارە ڕەوایەیە کە ئەم بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییانە لە ئەستۆ دەگرێ. لە ئاراستەیەکی دیکەدا مارکسی یەکان بڕوایان وایە کە دەبێت سەرمایەداری لە نێو بچێت، بەڵام سۆسیال دیموکراتەکان لە هەوڵی تیمارکردنی ئەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتی یانەدان کە لەدەروونی بازاری ئازاد پەیدا دەبن و



بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی. دەتوانین بڵێین کە مارکسیزم دەخوازێ ئەندێشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی "لەڕوانگەی ئابوری دا چارەسەر بکات" یان دەیەوێت دیدگای ئەخلاقی رزگارکردنی چینە کۆمەڵایەتیەکان وەکو پێشڕەوی ئابوری عەقلانی (پاش سەرمایەداری) بخاتەڕوو. بەڵام سۆسیال دیموکراسیش لەکاردایە کە ئابوری سیاسی "دووبارە ئەخلاقی بکاتەوە" و سەرئەنجام دەیەوێ کەپرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەکو یەکێك لە پرسە ئەخلاقیەکان بناسێنێ، نەك وەك کێشەیەکی ئابووری.

## ڕەوتی مێژوویی و پێشڕەوی سۆسیال دیموکراسی

سۆسیال دیموکراسی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدابوو، واتە ئەوکاتەی ئێدوارد برنشتاین، کە هەتا ئەوکاتە یەکێك بوو لە ڕابەرانی مارکسیزمی ئەڵمانی، دیدگا وگێرانەوەی خۆی لە سۆسیالیزم بەیانکرد. برنشتاین رایگەیاند کە پێشبینی مارکس دەربارەی مەرگی سەرمایەداری و سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار، پێش بینی و دیدگای نادروستن. تازە کردنەوەی دیدگاکانی مارکسیزم لەم سەردەمەدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازێك کەئەوکاتە بە "نوێ خوازی" دەناسرا لەناو بزاڤی سۆسیالیستی و مارکسیدا. ئەم ڕێبازە گرنگی زیاتری دەدا بە ئامانجەکانی سۆسیالیزم لە ڕێگای پارلەمان و ڕەوشی چاکسازی و ریفۆرمی بەردەوام، نەك ئامانجی کۆتایی شۆڕش و سەرکەوتنی چینایەتی کرێکاران. یەکێك لە بنەما گرنگەکانی کاری سۆسیال دیموکراسی، "پرانسیپی گۆڕانکاری سیاسی هاوشێوە" کە دەبێتە وێستگەیەك وسۆسیال دیموکراسی دەخاتە نێوان هەردوو بزاڤی سۆسیالیزم و لیبرالیزم. لەبەریتانیای کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست لە ڕێگای بزووتنەوەی فابیانی ریفۆرمیستی یەوە، نەریتی نوێ خوازی بزاڤی سۆسیالیستی وەکو بەشێك لە سۆسیال دیموکراسی سەر هەڵدەدات. لەم بزووتنەوەیەدا (بزاڤی فابیانی) کەسانی ناوداری وەکو (بیاتریس و سیدنی وێب، گراهام والاس،جۆرج برنارد شۆ، هربرت جۆرج وێلز)رابەرایەتیان دەکرد. بزوتنەوەی فابیانی یان (فابیوس) تا ساڵی (١٩٥٦) و بڵاوبوونەوەی کتێبی (ئایندەی سۆسیالیزم)ی ئا.ر. کراسلند بەردەوام دەبێ.

مارکسیستە توندڕەوەکان، کە سۆسیال دیموکراسی لە مێژوودا بەڕەوتی سازشی سیاسی لەبەرامبەر سەرمایەداری دادەنێن، یان ئابووری تێکەڵ وەکو ئابووری شێوە یان نیمچە سەرمایەداری دەزانن. ئەم دیدگا توندڕەوە بێگومان نارازییە لەوەی کە سۆسیالیزم هەمان مارکسیزمی دەسکاری کراوە و سۆسیال

دیموکراسیش هەمان سۆسیالیزمی ریفۆرم کراوبێت (وەکو شێوەیەک لە تەعدیلکردن یان هاوتاکردنی دوولایەنەی نێوان سۆسیال دیموکراسی، سۆسیالیزم و مارکسیزم). سۆسیال دیموکراتەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە ئەوان خاوەنی (یەکێتی بیرو ڕا) نین و لەم زەمینەیەدا ئاستەنگیان هەیە و تەنها نادڵسۆزی ئەوان بەرامبەر ئامانجی کۆمەڵایەتی (سۆسیالیزم) و ئامانجەکانی چینی کرێکار بوونەتە هۆکار و ڕێبازی پەیدابوونیان. باشترین وەڵام بۆ ئەم تاوانبارکردنە ئەوەیە کە پەیدابوون و گەشەی مێژوویی سۆسیال دیموکراسی وکاروانی سەدەیەک لە بەردەوام بوونی بەشێکە لەو گۆران و پێشڕەوییانە کە لە کرداردا هێنانەدی ڕێبازێکی بەهێزە (بۆئازادی خوازی خاوەن بەرنامەی گەشەی ئابوری و دەوڵەتی رەفا). سەرەئەنجام ، چاکتروایە لە لێکۆڵینەوەی پرانسیپ وسەرەتاکان فراوانتر بڕۆین و ببینین کە ئایا سۆسیال دیموکراسی بەراستی نیشاندەری کۆمەڵێک بیروڕای هاوئاهەنگە کە ناوەڕۆکی ئەخلاقی یان دەبێتە بەشێکی بەهێز لە ناسنامەی تایبەتی یان.

## ڕێنماییەکان

پرانسیپی سەرەکی تیۆرەکانی سۆسیالیزم و سۆسیال دیموکراسی ئەوەیە کە بەدەستهێنانی ئەو پارەو سامانانەی کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە خۆشگوزەرانی راستەقینەی کۆمەڵگاوە نییە، ناپەسەند و بێزراوە.(ئەم شێوازانەی دەرامەتی ناگونجاو بەرهەمی ئەولایەنانەن کە سەرەڕۆ و چەوسێنەرن لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا) نەیاری و نەفرەتی سۆسیال دیموکراسی لەبەرامبەر ئەو سامانانە دایە کە ئەمڕۆ ناودارانی وەرزش، یان کەسانی دەسەڵاتدار لەبواری پیشەوکاری رابواردن، یان مۆنۆپۆڵ کەرانی هەلپەرست بەدەستی دەهێنن.

یەکێکی دیکە لەبنەماو ڕێنمایی یە گرنگەکانی سۆسیال دیموکراسی بەشداری و کاری راستەوخۆی دەوڵەتە لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامانی گشتی بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی. ئەم شێوەیە لەکارکردن و ڕێنمایی تەنانەت وادەکات کە هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ناو سامان و خاوەنداریێتیش لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەویژدان تر و ئارامتر کاری خۆیان بکەن.

زۆر بەڵگەی جۆراوجۆر هەیە کە دەتوانن ئاراستەو سەلماندنی سیاسەتەکانی دیموکراسی کۆمەڵایەتی بخەنە ڕوو : یەکێک لەو بەڵگانە ئەوەیە کە هەموو کەسەکان لە کۆمەڵگایەکی ئازادا دەبێت بەیەکسانی بەهرەمەند بن لەسەرچاوەکانی کۆمەڵایەتی وهەموو کەس دەبێ بتوانێت هەڵوێستی تایبەتی



خۆی لە ئامانج یان بەرنامەی ژیانی بخاتەڕوو بیان هێنێتە دی. هەر بۆ یەش دەبێت، هەلومەرجی هاندانی ئەخلاقی ومادی ژیان بۆهەموو کەسێک فەراهەم بکرێت تا ژیانیان بەهرەمەندبێت لە ڕێزی خۆیان و ڕێزی کەسانی دیکەش و بزانن و لەوەتێبگەن کە سیستەمی ئازادی خواز ئەم سەرچاوانە بۆ گەشە و پێشڕەوی ئەوان دابین دەکات. ئەم بەڵگەیە، ئاڕادەیەک ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندیدارە لەگەڵ لیبراڵە خۆشنوود خوازەکانی وەکو (جان راولز و رونالد دۆرکین). بەیانکردنی ئەم هەڵوێستە لیبراڵیە - تاک باوەڕە لە دیموکراتی کۆمەڵایەتیدا لە بەرهەمی ناوداری (جان راولز) بەناوی (تیۆرێک دەربارەی دادپەروەری) لە ساڵی (١٩٧١) خراوەتە ڕوو.

بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی سنوری نێوان جان راولز (کەخۆی یەکێکە لە لیبرالیستە ناودارەکانی ئەمریکا) و سۆسیال دیموکراسی لەلایەک و دیدگای نەریتی لیبرالیزمی هەڵبژاردنی (اختیاری) ڕۆبەرت نازیک و فریدریک فۆن هایک، لەلایەکی ترەوە، دەبێت پرسی دادپەروەری دابەشکردن (العدالە التوزیعیە) لەنێوان هەردوو لادا بەراورد بکەین. نازیک وهایک دەوری ڕاستەوخۆی دەوڵەت یان سیاسەتی کۆمەڵایەتی دامەزراو لەسەر بنەمای دابەشکردنەوەی سامان، هەرگیز بەرەوا دانانێن. بەڵام ئازادی یەکسانی خوازی لەلای جان راولز بڕوای بەوەیە کە کۆمەڵگای دادپەروەر دەبێت هاوڵاتیانی خۆی بەرەو کۆ دەنگی و ڕێککەوتن بەرێت (هیچ نەبێت لانی کەم) دەربارەی دابەشکردنی کاڵاو بەرهەمەکانی کە کۆمەڵگا بۆ مەسرەفکرنیان دەیخاتە ڕوو. واتە دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێویستی بەو شتەیە کە نازیک بەمەبەستی نەیاری کردن و ڕەتکردنەوەی ناوی دەنێ (بنەمای بەرنامە ڕێژکراو) ی دادپەروەری دابەشکردن و تیۆری کۆمەڵایەتی سۆسیال دیموکراسیش هەوڵدەدات کە زیاتر ڕۆشنی بکاتەوە.

بەپێچەوانەوە بیرمەندانی لیبرالی اختیاری وەکو(هایک) هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی گشتی و باڵا پەسەند ناکەن، کە هەمووکۆمەڵگا بەشێوەیەک لە شێوەکان تیا بەشدار بن. بەبڕوای ئەو، عەدالەتی پەیڕەوکەری دادپەروەری دابەشکردن لەو بنەمایە ئاسانتر نییە کە شێوە و جۆری ڕێکەوتنی نێوان کەسانی عاقڵ و تێگەیشتوو لەنێوان خۆیاندا بڕیاری لێدەدەن ورێزی دەگرن. بەبڕوای هایک، راولز بەڵێنێک دەدات کە ناتوانێت پێی وەفاداربێت، کەئەویش وێناکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی گشتی یە کە ڕەوایی دەدات بە ئەنجامەکانی دابەشکردن. بە هەمان شێوەی کە هایک باسی دەکات، پەیڕەوی راولز لە بنەما

سەرەکی یەکانی عەدالەتی مەزن ناتوانێت کارێك بکات جگە لە هێرشکردن بۆ رازیکردنی سنوردار و لە نێوبردنی زەمینەو ئامانجی نایەکسانی. هەربۆیەش، چاکتروایە واز لە لێکۆڵینەوەی تیۆری گشتی دەربارەی دادپەروەری دابەشکردن بهێنن.

یەکێکی دیکە لە بەڵگەبەهێزەکانی رەوایی و کارایی سۆسیال دیموکراسی رێنمایی ئەو سیاسەتانەیە کەلەسەر بنەمای دیموکراتی کۆمەلایەتی دیاری دەکرێت و بەهرە مەند دەبێ لە ئاراستەو بیروڕای گشتی. لەم زەمینەیەدا (مایکل والستەر) داکۆکی لە سیستەمی ئازادیخواز یان لیبرالی زۆر یەکسانی خواز دەکات. ئەو لە کتێبی (مەیدانەکانی عەدالەت) (١٩٨٣)دادەڵێت: پێوەری بریاردان دەربارەی دادپەروەری دابەشکردن لەسەرمافەکانی تاك سەبارەت بەدارشتنی بەرنامەی سەربەخۆی ئەو تاکانە بۆ ژیان دانامەزرێ، بەڵکو دادپەروەری دابەشکردن پێوەرێکی گشتی یە کەلە ئەزموونی هاوبەش و ناسینی گشتی کۆمەلگایەك لەسەر بناغەی لۆجیکی کاری هاوبەش و هەلۆێستی هاوبەش دەربارەی خۆیان، پەیرەوی لەو ئامانجانە دەکات کە بەرادەی پێویست لە دامودەزگا و سیاسەتەکانیدا دێتەدی. ئەم وەسفە بەتایبەتی سەبارەت بە دەوڵی رەفای ئەمریکا راستگۆیە. ئەگەر هاوڵاتیانی ئەمریکا تێگەیشتنی رۆشنیان لە ناسنامەی خۆیان هەبێ، لە پابەندبوونی گشتی (ئاشکرا یان نهێنی) بۆ هێنانەدی نیازە هاوبەشەکان وەفاداربن، خزمەتگوزاری تەندروستی بەشێوەی گشتی و فراوان دابین بکرێت کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەراستی پەیرەوی لێ بکات. ئەوا ئەوان دەتوان رێگا بەو کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتیانە بدەن کەمەحرومن و بۆ ئەوەی رێگا و هەڵبژاردنی زیاتریان هەبێت لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەلایەتی و ئابوری خۆیان (بۆ وێنە هاندانی پێکهێنانی هەرەوەزی کرێکاری یان جەماوەری) و تێ بکۆشن کە هەژموونی پارەو دەسەڵاتی بازار کەم بکەنەوە لە بریاردان سەبارەت بە حکومەت و زەمینە و هەلەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بەڵگەکانی والستەر و راولز ئەوەنیشان دەدەن کە دەتوانین لە سەرەتاکانی تاك باوەڕی یان کۆمەڵ گەرایی لە دارشتنی سیاسەتی گشتی دا سەبارەت بە یەکسانی و دادپەروەی بەرەوپێش بڕۆین.

## تاییە تمەندییەکان

لەناو سۆسیال دیموکراسیدا رەوتی جۆراوجۆر هەیە، کە ئەڵتەر تاتیقی یەکترن و لە هەمان کاتدا دەتوانن بە جێگا و ئامانجی هاوبەش بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پابەندبوون بەتیۆرەکانی ئەمریکا بۆ داکۆکیکردن لە ئامانجەکانی





سۆسیال دیموکراسی، چ خوێندنەوەی لیبرالی یان خوێندنەوەی سۆسیالیستی یان هەبێت، وەکو مەتەڵ وایە. چونکە لە باری مێژوویی یەوە سۆسیال دیموکراسی ئامانجی هۆشیاری کۆمەڵایەتی تایبەت و رەسەنی ئەوروپایە و(دوورە لە چەمکە فکرییەکانی لیبرالیزمی ئەمریکا). ئەندێشەی سۆسیال دیموکراسی هەندێك جار لە روانگەی مافە کۆمەڵایەتیەکانەوە دێتە مەیدان، کە تایبەتمەندی دیموکراسی ئازادیخوازو لیبرالییەکانی سەدەی بیستەمن، ئەو مافانەی کە بە بەش و تەواو کەری مافی سیاسی سەدەی هەژدە دەناسرێن و لەگەڵ رواڵەتی رابردووی لیبرالیزم پەیوەندییان هەیە. (سەرچاوەی سەرەکی و ناسراوترین پڕ بەرهەمترین ئەم روانگەیە کتێبێکە کە .هـ. مارشاڵ دەربارەی هاوڵاتی و چینە کۆمەڵایەتی یەکان نووسیوویەتی).

ناڕۆشنی و ناسازگاری ئەم دیدگایە ئەوەیە کە چەمکی مافەکانی تاك بەهای لەبەرچاو نەگرتنی ئەرك و تەکلیفی گشتی و کۆمەڵایەتی، بەباڵاتر دەزانێت. هەر بۆیە لە رواڵەتدا جیاوازە لەگەڵ نەریتەکانی کۆمەڵ پەروەری کە دیموکراسی سۆسیالیستی ئەوروپایی لە مێژوودا لەسەر ئەو بناغانە خۆی بنیات ناوە. بەپێی پێناسەی میکایل گۆرباشۆف رابەری جارانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆنگرەی بیست و حەوتی "حزبی کۆمۆنیستی شورەوی" لەساڵی (١٩٨٧) دەربارەی سۆسیالیزم: مافی هاوڵاتیان دەبێ پەیوەندیداربێت بەئەرك و کاری ئەوانەوە. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە مۆریس یانۆفیتس دەربارەی دەڵێ: لەوانەیە خودی مارشاڵ بخوازێ کە هەردووو ئاراستەی ماف و ئەرکی هاوڵاتیان بەیان بکات، بەجۆرێك کە ماف و ئەرکەکان فەرامۆش نەکات. بەم شێوەیە چەمکی (هاوڵاتی) لەئەندێشەی سۆسیال دیموکراتیدا تەنها لەسەر بنەمای مافەکان دیاری ناکرێت، بەڵکو پرسی ئەرك و کاری ئەوانیش مەسەلەیەکی گرنگە.

ئەندێشەی سۆسیال دیموکراسی بۆ هاوڵاتی شێوەیەکی تایبەتی یە کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو دەگرێ و دەبێت ئەو رەوشە گشتی یە بێتە دی تاوەکو تاکەکان خۆیان بەئەندامی تەواوی کۆمەڵەی سیاسی بزانن. سۆسیال دیموکراسی بەپێی ئەم دەربڕینە ئەندامێتی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەبەشێکی سەرەکی بیروباوەڕی خۆی دەزانێ: هیچ کەس نابێت برسێتی ببینێ، هیچ کەس نابێت بێ ماڵ و شوێنی ژیان بێت، نابێت کەس لە بەهرە مەندی پزیشکی بێبەش بێت، دەبێت چاودێری و پارێزگاری کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچوو دابین بکرێت، نابێ هیچ منالێك بێبەش بێت لە زەمینە و هەلی پێویست بۆ بەشداری

کردن لە ژیانی کۆمەڵگا. بەم شێوەیە ئەنجامێکی دیکەی لۆجیکی باڵا دەست لە ئەندێشەی سۆسیال دیموکراسی عاقڵانەو گونجاو دێتە پێش چاو: هەموو تاکێك دەبێت لە زەمینە وهەلی کارکردن و هەستی ڕێز و شایستەیی بەهرە مەند بێ بۆ ئەوەی بتوانێ نەخشی دیاری هەبێت لە بەدیهێنانی نیاز و پێداویستی یەکانی کۆمەڵگا.

بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە کێشەی فراوان و سەختی بێکاری و هەلۆێستی دەوڵەت لەوبارەیەوە کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی لیبراڵو سەرمایەداری و (تەنانەت لە وڵاتانی بەناو سۆسیالیست یان لەو وڵاتانەدا کە سۆسیال دیموکراسی فەرمانڕەوایە) گرفتاری زۆری هێناوەتەدی. لەم ڕەوشەدا (هەلو مەرجی بێکاری) خواستی گشتی ریفۆرم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نەخشی تاك لەو خواستە گشتی یەدا، هەلی هاتنەدی و چارەسەری بەرچاو ناکەوێت، کە بێگومان بەیەکێك لە ئاستەنگە گەورەکانی سۆسیال دیموکراسی ئەژمار ئەکرێت. ئەمەش هەمان ئەوهۆکارەیە کە هێنانەدی تایبتمەندییە ناسراوەکانی سۆسیال دیموکراسی لە دیموکراسی لیبرالی هاوچەرخ دوورتر دەکاتەوە. سەرەئەنجام یەکێك لە کێشە گرنگەکانی سۆسیال دیموکراسی هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا دەبێتە جۆرێك لە ئایدیالیزمی خامۆش، کە خۆی لە وتاری کارنامەی بیل کلینتۆن، سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩٣)دا دەبینێ: میللەت، وەکو کۆمەڵێکی ئەخلاقی، ناتوانێ لەبەرامبەر ئەوە بێ هەلۆێست بێت کە ئایا ئەندامەکانی، بەشێوەی تاك یان وەکو چینەکان، پێشڕەوییان کردووە یان لە مەیدانی ژیاندا پێشێل کراون؟ کلینتۆن دەڵێ دەبێ دەوڵەت ئەوە زەمانەت بکات کە مەترسی و بەرپرسیاریەکانی ژیان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا نابێت دژوارو ترسناك بێت، کە نەتوانین بەرەنگارییان ببینەوە، یان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی راستەقینەی بەشداریو هاوکاری لە هەندێك لە ئەندامان و کەسانی ناوکۆمەڵ زەوت بکات.

## مانای دیموکراسی کۆمەڵایەتی

ئایا پەسەندکردنی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیموکراسی بە چ مانایەك دێت؟ نیشانەی دیار و ئاشکرای دیموکراتی کۆمەڵایەتی (یان سۆسیال دیموکراتی) هاو دەردی و هاوسۆزی یە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کەلە بێداری و بێ مافیدا ژیانی رەنج و ئازار بەسەر دەبەن، بە شێوەیەکی گشتی کرێکاران، ژنان کەمایەتی یە نەژادی و نەتەوەیی یەکان، بەساڵاچوان، نەخۆشان یان ئەو کەسانەی کەمئەندام و بێ توانان، ئەوانەن کە دەبێت کەسی سۆسیال دیموکرات



هەلۆێستی داکۆکی لێ یان هەبێت. دیموکراسی کۆمەڵایەتی بەپێویستی دەزانێ کە دەوڵەت نەخشی هەبێ لە ژیانی شایستە و رەفاهیەتدا و ئەمەش بەدیدگایەکی ئامرازی یان هۆکاری سەیر ناکات، بەڵکو لەلای ئەوان دەوڵەتی رەفا یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی ستراتیژی. سۆسیال دیموکراتەکان یان دیموکراتە کۆمەڵایەتیەکان دەیانەوێت کەسانێك بن، کەبەهاندانی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ و بەگرتنەبەری رەوشی داهێنەرانەی ریفۆرمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بەپارێزگاری سیاسی دەوڵەت لەیاسای کۆمەڵایەتی پێشکەووتوو کاربکەن. زەمینەی خۆشگوزەرانی و مافی بێکاری یاسای کاری دڵخواز بۆ یەکێتی یە کرێکارییەکان، زەمینە و هەلی خوێندن و پەروەردەی زیاتر بریارو یاسای بەهرەمەندبوون لە مافی تەندروستی و پاراستنی منالان، بەرنامەی تایبەت بەمەسەلەی خانەنشینی، دابینکردنی ماڵ و شوێنی ژیان بۆ هەمووان و لەم زەمینە و دیدگایانەدا، دیموکراسی کۆمەڵایەتی بەو دەستەکەوتانەی کە پاش جەنگی دووەم لە ئەوروپا دا بەدەستی هێناو و دەوڵەتی رەفا لە زۆرترین وڵاتانی دیموکراتی رۆژئاوا پێشڕەوی بەرچاویان بەدەست هێناوە.

دیموکراسی کۆمەڵایەتی، وەکو بەشێك لە تیۆری دیموکراسی،هەوڵدەدات کە دەربرینێکی باڵا تر بێت لەو شتەی کەپێی دەڵێن دیموکراسی تەواو (کامل). پێناسە کردنی زاراوەی لێکدراوی (سۆسیال دیموکراسی) ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە شتێکی زیاترە لەدیموکراسی نەریتی و بەڵام کەمترە لە سۆسیالیزم.یەکێکی دیکە لە بڕواکانی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیە کەلە سیستەمی نوێنەرایەتی و نەریتی لیبرالیدا ئەو شێوازانە لە سازوکار (میکانیزم)ی گونجاو و عاقڵانە پەیدا نابێت، کە بتوانێ بەرادەی پێویست هەلومەرجی دیموکراسی راستەقینە بپارێزێ.. هەر بۆیە دەبێت بۆ ئەو مەبەستە تۆرێکی فراوانی یەکسانی خوازی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکاندا پێك بێت. بۆ هەمان مەبەست ، ماکفرسۆن کە یەکێکە لەزاناو تیۆریستە سیاسی یەکانی کەنەدا دەڵێت: ئەگەر تیۆری دیموکراسی خۆی بە چۆنێیەتی دیموکراتی کردنی حکومەت و دەوڵەتەوە سنوردار بکات، ناتوانێ بەخواستەکانی خۆی بگات تیۆری دیموکراسی بەمانای تەواوی وشەکە دەبێت مەسەلەی چۆنێیەتی دامەزراندن و سازکردنی حکومەتی یەکسانی خوازتر لە تەواوی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەبەر چاوبگرێت. ئەم مەسەلەیە بۆ پەیداکردنی رەهەندی ئازادی خوازانەی

دیموکراسی لە قسەو بانگەوازی گوڕ باشۆف لە پیرۆستریۆیکادا بەئاشکرا بەیانکراوە و دەڵێت : بانگەوازی دیموکراتیکی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا، لەکاتێکدا پەسەند تر دەبێت، کە کرێکاران و کارمەندان دەستیان هەبێت لە هەڵبژاردنی خاوەن کاروکارگەکان، سەرۆکی بانکەکان و کەسانی وەکو ئەوان.

هەر بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵی تیۆر سازانی جۆراوجۆر لە زەمینەی دیموکراسیدا، کەسانی وەکو کارۆل پیتمان و رۆبرت دال لە کاردایە بۆ لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی پێویستیەکانی گەشەی دیموکراسی لە شوێنی کاردا وەدەبێت بەتەواوی لە رەوشی بەرنامە و ئامانجی سۆسیال دیموکراسیدا بخرێنەڕوو. بەمجۆرە، دیموکراسی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە دیموکراسی یەکی زیاتر و فراوانتر، بەڵام تا ئەو جێگایەی کە سۆسیال دیموکراتەکانی دیکە بروایان بە کۆپی کردنی ئابووری سۆسیالیزمی کلاسیک نەبێت (بۆ نموونە میللی کرنی پیشەسازییەکان)، دیموکراسی کۆمەڵایەتی بەمانای شتێك کەمتر لە سۆسیالیزمیش دێت، بەڵام بەمەرجێك کە رێگاچارەی سیحراوی ، کە لە رواڵەتا زادەی بیروباوەرە نەریتییەکانی سۆسیالیزمە بخرێنە کەنارەوە. ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ سۆسیال دیموکراسی سەرنجدان و بروا هێنانە لە پارێزگاریکرنی بنەمای ئەخلاقی یەکسانی خواز کەلەنێوان دیموکراتە کۆمەڵایەتیەکان و سۆسیالیستەکاندا نەریتی هاوبەشە.

لە دەیەمی (١٩٨٠) هێزەکانی کۆمۆنیزم لە پاشەکشەی ئابووری دەوڵەتی و رەسمی و دەسەڵاتی فەرمایشی ئەورووپای رۆژهەڵاتا بەرەو لەناوچوون رۆیشتن، لەهەمان کاتدا و لەو سەردەمەدا دەبێت سەرنجی ئەمریکای سەردەمی رۆناڵد ریگان و بەریتانیای سەردەمی مارگرێت تاتچەر بدەین و بزانین کە بەڵێنی ئەوان بۆ دەوڵەتی رەفا وەکو بەڵێنی درۆ و فێڵ دەهاتە بەرچاو و شکستی و مایەپووچی کۆمەڵایەتی وئەخلاقی ئامانجەکانی ئازادی ئەندێشە و کاریان (لەلایەن ئەوان) پیشان دەدا.هاوکات لەگەڵ ناشایستە بوونی هەردوو ئاراستەی توندڕەوی (سۆسیالیستی و لیبرالی) ئەخلاق و سیاسەتی سۆسیال دیموکراسی رەوایی تازەی پەیداکرد.

لێرەوە ئەوە دێت بە خەیاڵمان کە بڵێین دیموکراسی کۆمەڵایەتی ئەو بروایەیە کە بۆمان ماوەتەوە لە ئەنجامی کەمبوونەوەی دڵنیایی سۆسیالیستەکان سەبارەت بە چۆنیەتی سازماندانی ئابووری تازە. بەڵام تەنانەت ئەم وەسفەش بۆ سۆسیال دیموکراسی پێناسیەکی بەویژدان نی بە ونابێت دەسەڵاتی ئەم دیدە



ئەخلاقی یە بەکەم بزانین. لەراستیدا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئامانجەکانی دیموکراسی دەیەی (١٩٩٠) و دواتر دووبارە ئەوە نیشان بدەن (کە ئێمە تا ئێستا بەو قۆناغە نەگەیشتووین کە تیایدا هەموو رێنمایی وئایدۆلۆجی یە کۆمەڵایەتی یەکان بە بەدبین تەماشا بکەین).

****************

سەرچاوە: دایره المعارف دموکراسی

بە سەرپەرشتی: سیمۆر مارتین لیپست، کتێبخانەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، تهران سالی ١٣٨٣، بەشی دووەم، ل ل ٦٧٦ -٦٧٩

وەرگێرانی بۆ فارسی: موسای ئەکرەمی

وەرگێرانی بۆ کوردی: نوێبوون



هەواڵنامەی کتێب

# دیـــــدار

❖ دیدارێك لەگەڵ هەڤاڵ د.فواد معصوم
ئەندامی مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك).

هەواڵنامەی کتێب

# دیدارێك لەگەڵ هەڤاڵ د.فواد معصوم ئەندامی مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك).

نوێبوون

یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەهیوایە لەبەهاری ئەمساڵدا كۆنگرەی سێیەمی خۆی ببەستێت . بۆ ئەو مەبەستە گۆڤاری (نوێبـوون) پێـی بـاش بـوو بـە چـەند پرسیارێك كـە پەیوەنـدی بـە هەیكـەلی ڕێكخراوەیـی (ی.ن.ك) و... چەسپاندنی عەدالـەتی كۆمەلاّیـەتی و... هاوكـات پەیوەنـدی حوكمـەتی هـەرێم و دەوڵـەتی ناوەنـدی عێراقـەوە هەیـە ، هـەڤاڵ د.فـواد معـصوم ئەنـدامی مەكتـەبی سیاسی (ی.ن.ك) بەسەر بكاتەوە .بۆئەوەی لەنزیكەوە لە ڕاوو بۆچونیان بزانین .

**نوێبوون :** بەبڕوای بەڕێزتان (ی.ن.ك) وەك حزبێكی سۆسیال و دیموكرات ، بـەمجۆرە هەیكـەلی حیزبـیو ڕێكخراوەییـەوە تـا چـەند دەتوانێـت ئەركـەكانی ئەمڕۆی ئەم قۆناغە جێ بەحێ بكات؟.

**د.فواد :** یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە بارودۆخێكی زۆرناسك و هەستیار و ئـاڵۆزو خەتـەرناك لـە (١٩٧٥/٦/١) دروسـت بـوو و ڕاگەیەنـدرا، ئـەویش دوای هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگاكانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، ئێـران كە پـشتگیری ئـەو شۆڕشەی دەكرد، لەناكاو لـە ئـەنجامی ڕێككـەوتنی لەگـەڵ ڕژێمـی عێـراق لـە(٦ ئازاری ١٩٧٥ )دا خۆی لێكێـشایەوە و كەوتـە پـیلان دانـانی هاوبـەش بـۆ تۆقانـدنی كورد و دامركاندنەوەی هەستی شۆڕشگێڕی، ئـا لـەو بارودۆخـەدا كـە بۆشـاییەكی گەورە دروست بووبوو دەبوو هێزێكی سیاسی شۆڕشگێر بێتە گۆڕەپانی خـەبات و بەرنامەیەك دابڕێژێت بۆ خەبات و سود لە تاقیكردنـەوەكانی پێـشوو وەربگـرێ و پـشت ئەسـتوربێ بـە جـەماوەری خـۆی، چـونكە خـەباتیش وەك ژیـان قۆنـاغی جۆراوجۆری خۆی هەیە و پێیدا تێپەڕدەبێ،جا قۆناغی ئەوسای یـەكێتی ((كـەس نـەڵێ كـورد مـردووە ، كـورد زینـدووە ))بـوو كـە دوا جار بەچـەندین قۆناغـدا تێپەڕی و هاوكاری لەگەڵ هێزی تری تـازە دروسـت بـوو كـرد و كەوتـە ململانـێ لەگەڵ هەندێكیان و كەوتە هاوكاری لەگـەڵ هەنـدێك هێـزی عێراقـی و گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم و پچڕاندنی گفتوگۆو... هتد





بۆیە لە مێژووی یەكێتیدا چـەندین نەكـسەی گـەورەمان تـوش بـووە ، بـەلاّم لەبەر ئەوەی ڕێبازەكەی ڕوون و دیارو لەسەر خەتی نیشتیمانی بووە بـە هـەموو ئەو نسكۆیانەدا تێپەڕیوە و هەڵساوەتەوە تا گەیاندیە ڕووخانـدنی ڕژێمـی صدام، كە ئیتر لێرەدا سروشتی قۆناغەكە گۆڕاوەو و وەك پێشو نەماوە.

ئیمـڕۆ كـە تەماشـای وەزع و بـاروودۆخی كوردسـتان و عێـراق و ناوچـەكە و دونیا دەكەین گۆڕانكارییەكی زۆر لەسەر هەموو ئـەو ئاسـتانەدا هاتووەتـە پـێش، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغی خەباتی چەكداری تێپەڕبووین و بارودۆخێكی نـوێ هاتۆتە پێش ، كە كەرەستەی جیاوازی هەیە لەقۆناغی پێشوو، لە جیـاتی ئـەوەی بیركەینـەوە چـۆن ژمـارەی پێـشمەرگە زیادكـەین و چـەكی بـۆ پەیـدا بكـەین و ئازووقـەی بگەیـەنینێ و زانیارییمـان لەسـەر دوژمـن دەسـت كـەوێ، ئێـستا دەبـێ بیركەینەوە چۆن جەماوەر لەدەوری خۆمان كۆبكەینەوە و چۆن خزمەتی خـەڵك بكەین، دیارە ئەمەش مانـای وایـە جیاوازییـەكی زۆر هەیـە لـە نێـوان جـەماوەری ئەوساو جەماوەری ئێستادا.

ئیمـڕۆ پێویـستمان بـەدەنگی (دەنگـدەر- ناخـب) هەیـە لـە هەڵبژاردنەكانـدا، جاران دەبا بەشێوەیەكی ستوونی تەمـشای خـەڵكمان بكردایـە، چـونكە ئەوسا لـە قۆناغی شۆڕشدا بوین، بەلاّم ئێستا بەشێوەیەكی ئاسۆیی دەبێت تەماشـای خـەڵك بكەین . چونكە جەماوەری ئیمڕۆمان تەنها ئەندام و لایەنگرانی یەكێتی نین.

بـۆ نموونـە لەسـەرەتا ئێمـە وەك یـەكێتی بەگشتی لەگـەڵ ڕێبـازی سۆشـال دیموكرات نەبوین، بەلادەرمان دادەنان ، تەنانەت كە نـەمران(عـەلی عەسـكەری و خالیـد سـەعید و عومـەر مـستەفا و ڕەسـوڵ مامەنـد )و چـەند هـەڤاڵێكی تـر ویستیان وەك بزوتنەوەی سۆشیالیستی دیموكراتی كوردستان بێنـە نـاو یـەكێتی، ئەوا دەستەی دامەزرێنەرداوای لێكردن، دیموكراتەكە هەڵگرن و وەك بزوتنەوەی سوشیالیـستی كوردسـتان بێنـە نـاو یـەكێتی و بـاڵێكی یـەكێتی بـن و ئـەوانیش موافەقەتیان كرد... ئەمە قۆناغێك بوو لە بیرو بۆچوونی (ی.ن.ك).بـەلاّم ئێـستا ئێمە ئەندامین لەناو ئەو سۆشیال دیموكراتەدا.

جا بۆیە دەبێ بە پەیڕەوو پرۆگرامی یەكێتیـدا بـچینەوە و بەهەیكەلەكەیـدا بچینەوە، بۆ ئەوەی توشی (ازدواجیە) نەبین.

**نوێبوون :** بەبڕوای بەڕێزتان كۆنگرەی سێیەمی (ی.ن.ك) لەساڵی ئاینـدەدا دەبەسترێت؟*.وە ئەگەر كۆنگرە ببەسترێت تاچەند ئومێد هەیـە (ی.ن.ك) بێتـە حزبێكی موئەساسات و خزمەتگوزار ؟

**د.فواد:** حزب لە چەندین ڕووەوە وەك دەوڵەت وەهایە،بەڵام بچوکترو سادەتر، دەوڵەت ئەگەر دامەزراوەی نەبێ، دەبێ بە فەوزاو ململانێ لە نێوان خاوەن دەسەڵاتەکاندا.وەك بینیمان لە عێراقدا چەندین کودەتای یەك لەدوای یەك کراوە کە هیچ کامێکیان دەستوری نەبوو، بۆیە هەریەکێ هێزێکی بکەوێتە بن دەست هەڵ دەکوتێتە سەر ئەویتر و لە ئەنجامدا حکومەت وەك دەستور و یاسا و دامەزراوە نامێنێ. بەهەمان شێوە حیزبیش ئەگەر دامەزراوەی نەبوو، بەشێوەی دامەزراوەیی کاری نەکرد، ئەوا ناوەندی هێزی جۆراوجۆری تێدا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ململانێیەکە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ ئەوانەبێ کە دەبنە ڕێگر لە پێش جێبەجێ کردنی ئاوات و داواکانی خەڵك و بەرنامەی حیزب، ململانێکە لەناو خودی حیزبەکە تین دەسێنێ و لە ئەنجامدا ئەو حیزبە لاواز و بێ هێز دەبێت و وردە وردە دەپوکێتەوە.

بۆیە بەلای منەوەو بەپێی بۆچونی خۆم گرنگترین مەسەلە ئەوەیە کە دەبێت دەسەڵات دابەش بکرێ لەناو حیزبدا بەسەر چەند دەزگایەکدا، دەسەڵاتی بڕیاردان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لێك جیابکرێنەوە، ئەگەر جیانەکرێنەوە (مۆسسات) دروست نابێت، چونکە لەئەنجامدا تاکە کەسێك یا چەند کەسێك دەسەڵات دەگرنە دەست و بەمەش دەسەڵاتی بڕیاردان، دەسەڵاتی چاودێری، دەسەڵاتی جێ بەجێکردن لەلای خۆیان کۆدەکەنەوە و جۆرە دیکتاتۆرییەك دروست دەبێ،یاخود حاڵەتێکی بەرەڵایی و لێك دابڕان دێتە پێش و حیزب کەسایەتی خۆی لەدەست دەدا.

بۆیە دەبێ دوو ناوەندی دەسەڵات هەبێ، یەکێکیان دەسەڵاتی بڕیاردان و چاودێری جێبەجێکردن، ئەوی کەیان دەسەڵاتی جێ بەجێکردن، هەردووکیشیان دەبێ پابەند بن بە پەیڕەوو پرۆگرام و بڕیارەکانی کونگرەوە.

بۆ ئەمەش من خۆم گەشبینم لە دوارۆژی یەکێتی،چونکە لەیەکێتی دا دینامیکیەت هەیە و زۆر بەئاسانی دەتوانێ بە پەیڕەوو پرۆگرام و سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە و دەست نیشانی ئەرکەکانی ئیمڕۆ و دوارۆژی بکا بۆ گواستنەوەیەکی سەرکەوتوانە بەرەو قۆناغەکانی داهاتوو.

**نوێیوون :** (ی.ن.ك) وەك حزبێکی سوسیال و دیموکرات تاچەند توانیویەتی لەڕووی پراکتیکەوە عەدالەتی کۆمەڵایەتی خۆی دەستەبەربکات بۆ تاکی کوردی لە کۆمەڵگادا؟.





**د.فواد:** عەدالەت شتێکی (ڕێژەییە)و، سەدلەسەد لە هیچ کۆمەڵگایەکدا جێبەجێ نابێتو زۆردورە جێبەجێش ببێت. ئەفلاتونی فەیلەسوف کە کتێبەکەی خۆی نوسی (کۆماری ئەفلاتون) وای زانی دەتوانێ شارێك یا دەوڵەتێکی پڕعەدالەت و بێ کەم و کوڕی دروست بکات، یاخود یەکێ هاوکاری بێ بۆ دروست کردنی. بەڵام لە دوارۆژی تەمەنیدا دەنوسێ : (بۆمدەرکەوت ئەو شارەی من تەنیا ڕەنگە لە ئاسمان دروست بێ، بەڵام لەسەر ئەرز بۆمدەرکەوت دروست نابێ) جا بەو پێیە کە عەدالەت نسبییە، دەتوانم بڵێم عەدالەتی کۆمەڵایەتی تەواوێکی ماوە تا دێتەڕوو جێبەجێ دەبێت، چونکە ئیمڕۆ حیزب هەر دەسەڵاتی ناو حیزبی نی یە، بۆ نموونە یەکێتی لەگەڵ حیزبی ترا ئەمڕۆ حوکمڕانی کوردستان دەکات و بەشداریشە لە حکومڕانی عێراقدا.هاوکات لەگەڵ ئەو بودجە زۆرەی کە لە بەردەستی حکومەتی هەرێمدا هەیە،کەچی تائێستا هاووڵاتی کوردستان پێویستی بەکاری خزمەتگوزاری سەرەتایی وەك (سووتەمەنی، کارەبا، ئاو، دەرمان، ڕێگەوبانی ڕێك و پێك...)هەیە.بۆیە دەبێ حزب و حکومەت تەماشای خەڵکی وولاتی خۆی بکا وەك (هاووڵاتی) واتە بەشدار لە وولات، لە سامانی وولات، نەك بەو چاوە تەماشابکرێ کە(ڕەعیەتە)و هیچ مافێکی نی یە و ئەگەر حزب و حکومەت شتێکی بداتێ ،ئەوا خێری پێ دەکات.نەخێر...! چونکە ئەو خەڵکە هەموو بەیەکەوە شتێك پێك دەهێنن کە پێی دەووترێت (گەل) ،وە (گەل)یش سەرچاوەی دەسەڵات و یاسا و دەستورە و خۆی خاوەنی هەموو سامان و داهاتی وولاتە.

ئەوجا بۆ چاکسازی دەبێ بزوتنەوەیەکی بەردەوامی ناو حیزب هەبێ بۆ ڕێگا گرتن لە گەندەڵی، بۆ بەرپابونی عەدالەت، بەڵام نەك هەر تەنیا دروشمێك بێ بۆ ململانێی سیاسی و بەکاربێ بۆ شەڕی یەکتر، بەڵکو دەبێ لە پێناو گەشەکردن و پێشکەوتنی حیزب و کۆمەڵگادابێ.

**نوێیوون:** ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق لەم هەلومەرجەی ئیستای عێراقدا چۆن دەبینیتەوە؟.

**د.فواد:** تا ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان حکومەت و هەرێمی فیدراڵ بەتەواوەتی جێگیر نەبووە، کێشە لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ ، ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەوەبێ حکومەتی هەرێم خۆی بە حکومەتێك دادەنێ بارتەقای حکومەتی بەغدا، واتە لە عێراق دوو حکومەت هەیە، حکومەتی

بەغداش هەندێ جار بیری دەچێت کە حکومەتی فیدراڵە و لە عێراقی فیدراڵە، وارِەفتار دەکات کە حکومەتێکی مەرکەزیەو هەرێمی کوردستانیش پارێزگایەکە وەك پارێزگاکانی تری ئێستای عێراق.

لەلایەکی کەوە لەبەر ئەوەی تا ئێستا جگە لە هەرێمی کوردستان هیچ هەرێمێکی تر لەعێراقدا دروست نەبووە، بۆیە ئەو ململانێیە وابەدیدەکرێ کە لە نێوان کوردستان و بەغدایە یاخود بڵێین لە نێوان کورد و عەرەبە. ئەگەر هەرێمی تریش دروست بێت،ئەوکات هەرێمەکان پشتگیری یەك دەکەن بەرامبەر حکومەتی فیدراڵ.بەمەش ململانێیە کە لەنێوان کوردستان و بەغدا، یان کورد و عەرەب نابێ ، بەڵکو ئەو کاتە لە نێوان هەرێمی سونەنشین و شیعە نشین و کورد نشین دەبێ لەگەڵ حکومەتی بەغدا.

واشی دەبینم کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەو ئاستەنگەدا نیە ببێتە مایەی لێکدابرِان، بەڵکو پێویستی بە دیالۆگ و پشوی درێژ و لێك گەیشتنی زیاتر هەیە.

* ئەم چاو پێکەوتنە لە ڕۆژی ٣١/١٢/دا ٢٠٠٧ ئەنجامدراوە.



## فکرو فەلسەفە

- ❖ ئـــــايديۆلۆجيـــا.
- ❖ عەقڵانیەت و بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنە .
- ❖ پـــراگمـــاتیـــزم.
- ❖ ئاکامەکانی کاپیتالیزم.

هەوالنامەی کتێب

# ئـــــايديۆلۆجيـــا

کامەران محەمەد

## دەسپێك

ئایـدیۆلۆجیا لـە چـرکە سـاتەکانی داهێنانیـەوە تـا ڕۆژگـاری ئـەمڕۆمان چـەمکێکی ئـاڵۆز و فـراوان بـووە و بـەپێی جیـاوازی جیهانبینیـەکان و جیـاوازی زەمان و بەرژەوەندییـەکان گوزارشـتی لـە خـۆی کـردووە. بۆیـە ئاسـان نیـە ئێمـە بتوانین لە دوو توێی چەند دێرێکدا پێناسـەیەکی دیاریکراوو یەکلاکـەرەوەی بـۆ بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر پەی بەرەهەند و لایەنـە جۆراوجۆرەکانی بـەرین، ئەوا هەوڵدەدەین گوزەرێك بە نێو ئەو پێناسە گوزارشتیە جیاوازانەدا بکەین کـە بـۆ ئـەو چـەمکە کـراوە و دواتـر لێکدانەوەیـەکی بابـەتی دەربـارەی پـۆلێنکردن تایبەتمەندی و ئەرك و چەمکی زاراوە و پەیوندیدارەکان پێشکەش بکەین.

## دیاریکردنی چەمکەکان

١) ***ئایدیۆلۆجیـــا و زانست:***

(زانسـت) پـشت بەپایەگـەلێکی بنـەڕەتی وەك (گریمانـە) و (تێبینیـکردن) و (ئەزمونکردن) دەبەسـتێت، دواتـر قۆنـاغی قبـوڵکردنی گریمانەکەو دارشـتنی لـە تیۆرێکـدا یـاخود ڕەتکردنـەوەی، ژێربێـژیش لـە هـەموو ئەوانـەدا لێگـەران (Induction) و هەڵهێنجان (Deduction)ە[1].

لێرەوە زانست بیرکردنەوەی بێلایەنانە دەخوازێت، واتە ئازادبوون لە تەواوی باوەڕ و قایلبوونە پێشوەخت و بەرژەوەندییەکان و پشت بە ڕەخنـە و پـشکنین و سـەلماندنی بابـەتی دەبەسـتێت. لەگەڵ ئـەوەدا زانـست ڕێژەییـە و هەمیـشە بـۆ توێژینـەوە و پـشکنین ملکـەچ دەکات. هـەموو زانـستێك لـە زانـستەکان بـوارێکی دیاریکراوی هەیە کە گرنگیپێدانەکانی خۆی تێدا چڕدەکاتەوە و میتۆدی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت[2].

بـەڵام (ئایـدیۆلۆجیا) بنەمازانـستیە بنەڕەتیـەکانی وەك (گریمانـە) و (تێبینیکـردن) و (ئـەزمونکردن) و قبـوڵکردنی گریمانەکـە و دارشـتنی لـە تیۆرێکداو پێشینیەکانی وەك (بابەتیبوون) یا (پێداچوونەوە) یا (ڕەخنـەگرتن) یـاخود (پـشکنین) ناناسـێت. ئـەو لێکدانەوەیـەکی گشتگیر بـۆ جیهـان پێـشکەش دەکـات، بەوپێیـەی ئـەو لێکدانەوەیـە پـشت بەگریمانـە گـەلێکی پێـشوەخت دەبەستێت و سیفەتی یەقینی کۆتایی دەداتە پاڵی.

هەروەها ئەو لەرێگەی (دروشمەکان) و (دواندنی سۆزەوە) نەك هۆکارە ژیرییەکانـەوە هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی بنوێنێت. یاخود ئـەو خـۆی لـە (سەروزانـست)ەوە دادەنێت و باوەڕدارانیشی بەئاراستەگەلێکی گشتی نەگۆڕی ژیان توێشوودار دەکات.

سەرەرای هەموو ئەوانە ئایدیۆلۆجیـــا هاوچەرخەکان زانست لـە ڕێگـەی چەسپاندنی ئەوانەی ئەوان بە ڕاستی دەزانن، بەکاردەهێنن و هەوڵدەدەن تیـۆرە زانـستیەکان بـۆ ئـەو مەبەستانە وەك بەڵگەگەلێکی بەهێزکەر بۆ خۆیان تاقیبکەنەوە.

لێـرەوە ئـەوە ڕووندەبێتەوەکـە ئـەو ئایدیۆلۆجیـــایانەی بانگەشـەی زانـینی ڕەها دەکـەن، ناتوانرێت زانـستیانە پـشت ئەسـتور یـاخود ڕەتبکرێنـەوە. چـونکە ئایدیۆلۆجیـــا بـەرهەمی زانـست نیـە، بەڵکـو بـەرهەمی باوەڕە[3].

لەم سەربەنەوەیە کە ئایدیۆلۆجیـــاکان ئەوە دەخەنەڕوو کە پشت بەڕاستیە زانستیەکان دەبەستن و بانگەشـەی گەرانـەوەی خۆیـانی بـۆ دەکـەن. ڕەنگـە ئـەوە لەسـەرەتای مارکـسێتیدا بـەڕوونی دیاربێـت و دواتـر لـە میانـەی پەرەسـەندنی دواییەکانی مارکسێتیدا ڕوونـتر خـۆ دەنوێنێت. بۆیـە ئایدیۆلۆجیـــاکان زانـست بەکاردێنن و بۆ پشت ئەستور کردنی جیهانبینیەکانی خۆیان دەیخەنە گەڕ.

دەبێـت ئـەو ڕاسـتیە فـەرامۆش نەکـەین کـە ئایدیۆلۆجیـــا وەك سیـستمی نواندنەکانن (التمثلات) بەوە لە زانست جیادەکرێتەوە کە ئەرکی کرداری بەسـەر ئەرکی تیۆری (یاخود ئەرکی مەعریفی)دا زاڵ دەبێت[4].

٢) ***ئایدیۆلۆجیـــا لە نێوان فەلسەفە و تیۆری سیاسیدا:***

زۆرجـار چـەمکگەلێکی جیـاواز تێکـەڵ بەیـەکتر دەکـرێن، وەك فەلـسەفە و تیۆری سیاسی و ئایدیۆلۆجیا. هەرچەندە ئەو چەمکانە بەکارهێنانی دیاریکراوی خۆیـان هەیـە. بـۆ نموونـە فەلـسەفەی سیاسـی لـە میانـەی تێرامـان یـاخود بیرکردنـەوە لەگـەڵ هۆکاری بەهاکانـدا مامەڵـە دەکات. فەیلەسـوفی سیاسـی لـە کاتێکدا لە گشتگیرێتی دیاردەی سیاسی دەکۆڵێتـەوە بـەپێی پەرەسـەندنی چاکەی گـشتی و ئـەوەی لـە دەرەوەی سیـستمی سیاسـیدا هەیـە، لـە بنەڕەتـدا پـشت بەدەرئەنجام دەبەستێت.

بـەڵام (تیـۆری سیاسـی) بـریتی یـە لـە کۆمەڵـە گریمـانێکی پێکەوە بەسـتراو بەشێوەیەکی لۆجیکی کە دوو گۆڕاو (دوو هۆکار) یاخود گۆڕاوەکان (هۆکارەکان)

پێکەوە گرێدەدات بۆ راڤەکردن و شیکردنەوەی دیاردە سیاسییەکان. ئەو بەستەرەش دەبێت ئیختیاری بێت.

(ئایدیۆلۆجیا)ش کۆمەڵە گریمانەیەکی بەهایی و ئەزموونی دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لە خۆدەگرێت. بۆیە لە دوایدا فەلسەفە و تیۆر پێکەوە دەبنە بنەرەت گەلێك بۆ ئایدیۆلۆجیاکان. وەك هزرەکانی (هیگڵ) کە پشکداربوو لە بنیاتنانی سۆشیالیزمی ئەڵمانی و ئەو بزوتنەوە ئایدیۆلۆجیە جیاوازانەی لە بەرئەنجامی هزرەکانی (مارکس) یاخود (لۆك)ەوە پەرەیان سەند[٥]. هەروەها شوێنەواریان لە بنیاتنانی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدا دیاربوو. لێرەوە دەتوانین بڵێین (پرۆسەیەکی جەدەلی) لەنێوان هزرەکان و پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان و هەریەك لە فەلسەفە و تیۆردا هەیە.

### ٣) *ئایدیۆلۆجیاو فەلسەفە:*

ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە لە پەیوەندییەکی ویکچوودا تێکدەچرژێن و لە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتیدا لێك جیادەبنەوە.

ئەگەر فەلسەفە[٦] مانای حەزکردن و گەران بەدوای زانین و شارەزابوون بگەیەنێت، بەبێ بوونی مەبەستێکی دیکەی تایبەتی بە ژیانی رۆژانە[٧] ئەوا ئایدیۆلۆجیا وەك (ریمۆن ئارۆن) دەڵێت: "هەستکردنە بەپەیوەندیداریتی (انتماء) بۆ شتێکی هەڵبژێردراو و بۆ ئەو ئاسایش (الامن)ەی کە سیستمێکی داخراو بۆ ئایدیاکان بەدیدەهێنێت، بەشێوەیەك کە دەتوانێت راڤەی واتای مێژوو واتای خودی مرۆڤ و شوێنی لە بووندا ببەخشێت[٨]." بەشێکی فەلسەفە لە بنەرەت و بەهای زانین و بنەماکانی یەقین و هۆکاری رووداوی شتەکان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش وەڵامی پرسیاری (دەتوانین چی فێر ببین؟)ە کە تەواوی فەیلەسوفەکان هەوڵیان داوە وەڵامی بدەنەوە. بەشێکی دیکەی لێکۆڵینەوە و گەرانە بەدوای بەهای کاردا، کە ئەمەیش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت: (دەبێت چی بکەین؟)[٩].

بەڵام ئایدیۆلۆجیا هەوادارانی بەشێوەیەکی دیاریکراوی فێرکردن گۆشدەکات و بواری ئەوپرسیارکردنە ناهێڵێتەوە کە لە فەلسەفەدا سنورێکی ئێکجار فراوان داگیردەکات. بەهەمان شێوە ئایدیۆلۆجیا لەسەر ئاستی کرداریش کردارگەلێکی دیاریکراو لە هەوادارانی دەخوازێت و بواری ئەوەیان بۆ نارەخسێنێت کە بتوانن لەبەردەم کۆمەڵە هەڵبژاردنێکدا هەڵوێستە بکەن وهەر ئەو رەفتارەی لاپەسەندە کە خۆی دەیخاتە روو بۆ پیادەکردن.

هەروەها دەتوانین لەسەر ئاستێکی دیکە جیاوازییەکانی ئایدیۆلۆجیا و



فەلسەفە بخەینەڕوو، ئەویش لە دووبواردا چر دەبێتەوە:

أ) بواری ناوەرۆك: تیۆرەکانی (ئەرستۆ) دەربارەی سروشت و ئەو دیوی سروشت و ... هتد بەفەلسەفە دادەنرێن. ئەمە لەکاتێکدا تێروانینەکانی سەبارەت بەوەی کە گەلانی باکور بە ئازایەتیەکی بێ زیرەکی دەناسرێن و گەلانی رۆژهەڵاتیش بەزیرەکیەکی بێ ئازایەتی. بەڵام تەنها گەلی یۆنانە کە بە زیرەکی و ئازایەتی پێکەوە دەناسرێتەوە، ئەمە گوزارشت لە ئایدیۆلۆجیای (ئەرستۆ) دەکات. بەهەمان شێوە ئەمە بەسەر تەواوی ئەو تیۆرە ئەوروپیانەدا پیادە دەبێت کە گوزارشت لە باڵابوونی رەگەزی نوردی یاخود ئاری – بەشێوەیەکی گشتی – دەکەن[١٠].

ب) بواری شێوە یاخود ڕووخسار : ئایدیۆلۆجیا گرنگی بەگەل و جەماوەر دەدات، بەڵام زۆرینەی فەیلەسوفەکان هەوڵنادەن بۆئەوەی تیۆرەکانیان لایەنگیرێتی گەل و جەماوەر بەدەست بهێنن. لەلایەکی دیکەوە، رەوتی فەلسەفی کەمینەیەك شوێنی دەکەوێت کەدەستەبژێر و روناکبیران، ئەگەر ئەوانی تێپەراند و بەرەو جەماوەری بوون هەنگاوی نا، ئەوا وێنەیەکی لەرزۆك وەردەگرێت و بەخراپی بەسەر رەوتەکەدا دەشکێتەوە، وەك ئەو رەوشەی بەسەر بوونگەرایدا بەرجەستەبوو، لەبەرانبەردا ئایدیۆلۆجیا هەوڵی بڵاوبوونەوە و جیهانێتیبوون دەدات و پردێك لەبەرنامە و پلان لەنێوان هزر و جێبەجێکردندا دادەمەزرێنێت.

بەڵام سەبارەت بە لێکچوونی (ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە) ئەوا ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی بیرمەندەکانە، بەڵکو فەیلەسوفەکانە، ئەرکی لەوەشدا وەك هەر ئەرکێکی دیکەیەتی، واتە رەوتە فەلسەفەیەکەی، لە کۆتایشدا بەرەو بیانوو هێنانەوە هەنگاو دەنێ بۆ ئەو بارودۆخەوەستاوەی کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی چینێکی دیاریکراو دەکات[١١].

### ٤) *ئایدیۆلۆجیا و ئایین:*

دەتوانین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئایدیۆلۆجیاو بیروباوەری ئاینی لەم خاڵانەدا چر بکەینەوە:

أ) هەردووکیان پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان باوەرداڕانیاندا پێکدەهێنن و یەکیان دەخەن و پێکەوە لکانێکی ئەندامی لەنێوانیاندا بەدیدێت. تەنانەت ئەگەر ئایدیۆلۆجیا لەمەدا نەگاتە ئاستی ئایین، ئەوا لەوەدا چەندەها شێوازی جیاواز دەگرێتە بەر؛ وەك کارکردن لەسەر بەرنامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، ئەمەش لە پێناو گۆڕینی هزرێکی کۆن بە هزرێکی نوێ، تا چاکسازییەکی جەوهەری لە قەوارەی کۆمەڵگەدا بەدیبێنێت و دەسەڵاتی

لــەدەروونی دانیـــشتوانەکەیدا بـــچەسپێنێت، لێــرەوە هـــەردووکیان هـــەوڵی بلاوبوونەوە دەدەن. بەبانگەواز و مژدەدان لەئاییندا و پروپاگەندە و راگەیاندن لەئایدیۆلۆجیادا [١٢].

ب) چارەنووسی مرۆڤ کۆمەڵە دەلالەتێك لە خۆدەگرێت، کە دەخوازرێت لەو (کات)ەی کە دێت، بەدیبێت. لەبەرئەوە ئایدیۆلۆجیا بەردەوام مژدە بەوەدەدات کە دێت، بۆیە کار بۆلەخۆگرتنی دەلالەتەکان دەکات، تا بتوانێت وێنەی ئەو نەخشە هاتووە بکێشێت.

ئاینیش بەهەمان شێوە داهاتوو بەبوونێکی راستەقینەیی دادەنێت و وا لە مرۆڤەکان دەکات، لەهەموو گوفتار و رەفتارێکیاندا چارەنووسی راستەقینەی خۆیان کە لە داهاتوودا بەدیدێت لە یاد نەکەن. [١٣]

بەمشێوەیە ئایدیۆلۆجیا و ئایین لە مژدەدان بە جیهانێکی دیکە بەیەکتری دەگەن.

ج) هەر ئایدیۆلۆجیایەك وەك ئاینەکان کۆمەڵە پێوەرێك لە خۆدەگرێت.بەو پێیە کۆمەڵە بەهایەك دادەنێت و بانگەشەی بۆ دەکات. لەبەرانبەریشدا بەها بەرهەڵسکارەکان بە پوچ ناوزەدە دەکات. لەئایینییشدا کۆمەڵە گوزارەیەکی بەرانبەر و دژ بەیەك (هەن گویرایەڵی – سەرپێچی)، (رێپێدراو قەدەغەکراو). بەهەمان شێوە ململانێی نێوان ئایدیۆلۆجیاکان (سەرمایەدارێتی – کۆمۆنیزم)، (لیبرالیزم – سۆشیالیزم) لەم سەربەنەوە سەرچاوەی گرتووە.

د) ئایـدیۆلۆجیاکان وەك ئاینەکان لە دوای یەکبوون لە کاراوانیاندا رووبەرووی پەرتبوون و جیابوونەوە دەبن. ئەو جیاوازیانەش لە دووباردا دروست دەبن. جیاوازی و ملکەچپێکردنی واقیع بۆ دەقەکان یاخود بەپێچەوانەوە ملکەچپێکردنی دەقەکان بۆ واقیع. جێگەی سەرسوڕمانیش نیە کە پەرتبوون لە نێو سەربازگەی کۆمۆنیزمیدا روویدا بێت و (چین) (یەکێتی سۆڤیەت)ی بەوەتۆمەتبارکردبێت کە لە تەعالیمەکانی (مارکس) و (لینین) لایدابێت. هەروەك رێی بەهاندانە تاکێتیەکان(الحوافز الفردیە) و وەبەرهێنانی سەرمایەداری لە سیبریا دابوو [١٤].

نامۆ نیە دوای ئەو لێکچوونەی نێوان ئاین و ئایدیۆلۆجیا (برتراند راسل)هاوسەنگییەك لە نێو مەسیحێتی وکۆمۆنیزمیدا دروست بکات. بەشێوەیەك کە(مارکس) جێگەی (مەسیح) و کتێبی (سەرمایە) جێگەی (ئینجیل) و (چینی پرۆلیتاریا) شوێنی (پیاوە ئاینیەکان) و (فیردەوسی زەمینی



بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێ چین شوێنی فیردەوسی ئاسمان بگرێتەوە.

**بێگومان ئایدیۆلۆجیا و ئاین لەجیاوازیش بەدەرنین دەتوانین لەم خاڵانەدا چڕیان بکەینەوە:**

أ) هەڵوێست بەرانبەر بەکات ئەو وێستگەیەیە کەتێیدا ئایدیۆلۆجیا و ئایین لەیەکدی جودا دەبنەوە. لەکاتێکدا ئایدیۆلۆجیا سورە لەسەر گۆڕینی واتاکان بۆ رووداوەکان، ئاین وا بەباشتر دەزانێت واتاکان بۆ هیواکان بگۆڕێت، لێرەوەیە خەڵکی وەلامی بانگەوازە مژدە بەخشیەکان دەدەنەوە و لەو کاروانەدا بەردەوام دەبن کەدەیەوێت داهاتوویەکی ئاسودە دابین بکات، هەمیشە بە گوێماندا ئەوە دەچرپێنێت ئاسودەیی ئەوەیە کە دێت و بەتاکەکان دەگوترێت: (تۆ (ئێستا) نەگبەتیت، بەلام دوای تێکشکانی (ئێستا) بەختەوەر دەبیت) لێرەدا مرۆڤ ناچار دەکرێت چاوەروان بێت، سایکۆلۆجیەتی چاوەروانیش تایبەتمەندییەکی جیامەندی ئاینەکانە [١٥]. بەلام ئایدیۆلۆجیا ئاینێکی هەڵگەراوەیە، لەبەرئەوەی لە پێناوی رووداوەکاندا قوربانی بە هیواکان دەدات.

ب) زۆر جار ئایدیۆلۆجیاکان لەلایەن چینی سەرەوە دادەرێژرێن، ئەمە لە کاتێکدا ئاینەکان لە نێوان خەڵکە رەشۆکیەکەدا دروست دەبێت(وەك توینبی ئاماژەی بۆ دەکات) هەموو هەوڵێکیش بۆ سەپاندنی ئایین یاخود ئایینزایەك بەسەر خەڵکی رەشۆکیدا چارەنووسی خامۆش بوونە، لەبەرانبەر ئەو رستە باوەی کە دەڵێت خەڵکی لەسەر ئاینی پاشاکانیانن (توینبی) گوزارشتێکی پێچەوانە دەخاتە روو "ئایینی پاشاکان ئایینی خەڵك نین" واتە پاشاکان باوەر بەهەمان ئاینی ژێردەستەکانیان دێنن، بەلام ئەگەر ئاینەکەی خۆیان بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاند ئەوا ئەو کارەیان بۆ ناچێتە سەر، بۆ نموونە (مامون) شکستی هێنا لەوەدا کە خەڵکی والێبکات باوەر بە بیرۆکەی بەدیهێنراوی قورئان (خلق القران)بهێنن، هەروەك هەوڵەکانی دەوڵەتی فاتمیش لە میسر شکستی هێنا لەوەدا کە میسرییەکان بکاتە شیعە، رژێمی بەعسیش لەوەدا نوشستی هێنا کە کوردەکان بکاتە بەعسی، ئەمەش لەگەڵ ئەو گوتەیەدا دژ نایەتەوە کە دەڵێت دەوڵەت ئاینێك دەپارێزێت کە پێشتر خۆی سەپاندبێت، وەك باوەرهێنانی قوستەنتینی ئیمپراتۆری رۆمانی بەمەسیحێت [١٦].

ج)ئایدیۆلۆجیا نوێیەکان ناتوانن شوێنی ئاینەکان بگرنەوە. (توینبی) وادەبینێت ترسناکترین کارەسات کە جیهانی ئەمرۆ رووبەرووی بووەتەوە ئەوەیە کە جەماوەری رۆژئاوا بۆشایی ئایینیان بە ئایدیۆلۆجیاگەلێك پڕکردۆتەوە لەبتپەرستێتی یاخود پەرستنی خودادا، کە لە بەخواکردنی دەوڵەت یان

فەرمانڕەوایەك بەرجەستە دەبێت، جیاوازییان لەگەڵ ئایینە سەرەتاییەکاندا نیە. هەرچەندە لەژێر پەردەی نەتەوایەتی یاخود سوشیالیزمدا پەردەپۆشکرا بن. ئەو کەسانەی ئایینەکان بەشێرپەنجە دادەنێن ئەوا هەڵەن، چونکە شێرپەنجەی راستەقینە ئەوەیە ئایدیۆلۆجیاکان شوێنی ئایینەکان بگرنەوە، چونکە ئومێدێك لە سەقامگیربوونی ئاشتی یاخود دڵئارامیەك لەدەروونی مرۆڤدا دروستنابێت تەنها بەپشت بەستن بە ئایین نەبێت[١٧].

## کورتە تێروانینێکی مێژوویی دەربارەی چەمکی ئایدیۆلۆجیا

لەم تەوەرەدا بەپشت بەستن بەسەرچاوە بنەرەتیەکان تا پێناسە دواییەکان وبەبەکارهێنانی میتۆدی هیرمینۆتێکی هەوڵدەدەین تێروانینێکی کورت دەربارەی چەمکی ئایدیۆلۆجیا بخەینەروو.

بە(ئایدیۆلۆجیا) ئاماژە بۆ ئەو بزوتنەوە فەلسەفەییە دەکرێت کە لە (کوندیاك)ەوە هەڵقوڵا، سەرەرای بەهێزی دوژمنەکانی ماوەیەکی درێژ لە فەرەنسا بەردەوامبوو. سەردەمی زێرینی ئایدیۆلۆجیا لە ساڵی (١٧٩٥) و لەگەڵ دامەزراندنی (پەیمانگای فەرەنسا)[١٨] دەست پێدەکات. ئەوپەیمانگایە تەواوی کۆمەڵی کۆندیاکیەکانی وەك (فولین ، غارا، سییس، غانغنییە، کابانیس) لە خۆگرتبوو، ئەمە لە کاتێکدا (لارو میغییرو دستات دی تراسی و جراند) بە سیفەتی ئەندامی بەشداربوو کورسی خۆیان هەبوو. ئەوکات زۆرینەیان پشتیوانی ناپلیۆن بوون و لایەنگیری کودەتای (برومیر) بوون[١٩].

بەلام (ناپلیۆن) ئەم پشتگیرییەی لەدەستدا کاتێك ئایدۆلیجیستەکان تێگەیشتن کە ناپلیۆن ئەو ئازادیخواز و بەردەوامبەخشی شۆرشەنیە کەئەوان خەونیان پێوە دەبینی[٢٠].

فەیلەسوفی فەرەنسی دیستات تریسی ( DESTATT TRACY) (١٧٥٥ -١٨٣٦)ز یەکەم کەس بوو کە زاراوەی ئایدیۆلۆجیای بەکارهێنا. کتێبی (رەگەزەکانی ئایدیۆلۆجیا) لە پێنج بەشی سەرەکی (ئایدیۆلۆجیا – ١٨٠١) و (رێزمانی گشتی – ١٨٠٣) و (ژیربێژی – ١٨٠٥) و (نامەیەك دەربارەی ویست – ١٨١٥) و (دەربارەی لێکدانەوەی رۆحی یاساکان – ١٨٠٦) پێکهاتبوو[٢١].

(ئایدیۆلۆجیا) لە مەلەکە (الملکات) مرۆییەکان و جیامەندیەکان و (ڕێزمانە گشتیەکان)یش لە نیشانەکانی قسەکردن و (ژیربێژی)ش لەئاکار و ئابوری و بەشی کۆتایش لەرەگەزەکانی تێکرای زانستە سروشتی و ئەبستراکتەکانی دەکۆڵییەوە[٢٢].





مەبەستی (تریسی) لە ئایدیۆلۆجیا زانستی ئایدیەکانە، یاخود ئەو زانستەیە کەلەمەودای راستی یاخود هەڵەیی ئەو بیروباوەرانەی کە خەڵکی هەڵیانگرتووە دەکۆڵێتەوە. ئەو بیروباروەرانەی کە تیۆر و گریمانەکان لێوەی بنیات دەنرێن. کەوا لەگەڵ کرداره ئەقڵیەکانی تاکەکانی کۆمەڵدا دەگونجێت[٢٣].

واتە مەبەستی (تریسی) پێناسەکردنی ئامانجە بنەرەتیەکانی ئەو زانستە بوو کە هەڵدەستێت بە راڤەکردن و تێگەیشتنی هزرەکان و تایبەتمەندی و یاساکانی و دواتر پەیوەندی ئەو هزرانە بەوسیمبولانەی کە لەکۆمەڵگاکاندا وەریدەگرێت و پێشکەش بە جەماوەری دەکات[٢٤].

بەمشێوەیە (تریسی)وشەی ئایدیۆلۆجیای بۆ دەلالەتکردن لە شیکردنەوەیەکی ئەزموونی ریشەیی بۆ ژیری مرۆڤایەتی بەکارهێناوە، ئەو شیکارییەی لەسەردەستی (کوندیاك) لەسەدەی هەژدەدا دارێژرا، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە (ڕێگەیەکی نوێ سەبارەت بە هزرەکان) بەرهەمی هێنا، ئەمەش یەکەمجار (جۆن لۆك) لە کتێبەکەیدا (تویژینەوەیەك دەربارەی ژیری مرۆیی) دایڕشتبوو. ئەم شیکارییە کە پێیوایە هەستەکان (الاحساس) بنەرەتی تەواوی هزرەکانە، سەرکردەکانی شۆرشی فەرەنسی وەك چەکێك لەو ململانێیەدا دژ بەو بیروباروەره سیاسی و ئاینییە زاڵانەی کە سیستمی کۆنی فەرمانرەوایەتی پشتی پێبەستبوو، بەکاریانهێنا.

حکومەتی شۆرش دانپیدانانەکانی خۆی بەتەنها لەو فەلسەفەیەدا کورت دەکردەوە و فەیلەسوفە (ئایدیۆلۆجیستەکان - کەلەدوایدا ناسران – بوونە تاکە فەیلەسوفی باوەرپێکراو)[٢٥].

دواتر وشەی ئایدیۆلۆجیا، واتا بنەرتیە دیاریکراوەکەی خۆی لەدەست دا، بەلام وابەستەیی بە ناوەرۆکە سیاسی و بیروباوەرە فەرمییکانەوە هەرمایەوە. بەرهەحاڵ واتای زاراوەکە لەماوەی فەرمانرەوایەتی (ناپلیۆن)دا رووبەرووی شێواندێکی دیکە بووەوە،، کاتێ: ئایدیۆلۆجیا بەشێوەیەکی کرداری واتای هەرباوەرێکی لە جۆری کۆماری یاخود شۆرشگێری دەگەیاند[٢٦].

بەکارهێنان و بلاوبوونەوی ئەم زاراوەیە تەنها لە سنوری زانستی هزرەکان قەتیس نەما. بەڵکو بەواتای سیسیتمێکی فیکری و عاتیفی گشتگیر بەکارهات کە گوزارشتی لە هەڵوێستی تاکەکانی بەرانبەر بەجیهانو گۆمەڵگە و مرۆڤ دەکرد[٢٧].

(هیگل) کۆمەڵگە بە(گشت)ێك دادەنێت کە تاك هزرێك ڕێکی دەخات و، لەوێنەگەلێکی جیاواز لە ئاست بەرانبەر و تێکچرژاوەکاندا بەرجەستەدەبێت،

لەبەرئەوە پێکهاتەیەك دەسەپێنێت لە نێوان رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و رەوتە فەلسەفیەکان و بیروباوەرە ئاینی و کارە هونەری و رێساییەکان. چونکە هەموو ئەوانە (رۆحی سەردەم) بەرجەستە دەکەن. لە و تیۆرەدا هەموو جیاوازییەکانی نێوان (ماددێتی و زەینی) و نێوان (مێژوو و فەلسەفە) و نێوان (هۆکار و ئەنجام)ەکان ئاواد دەبێت. بۆیە بوارێك بۆ جیاکاری لە نێوان زانینی بابەت یاخود زانست و لە نێوان هۆشیاری خود بەرانبەر بەخود یاخود ئایدیۆلۆجیا نامێنێت[٢٨]. لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی بەلای فەیلەسوفە ئەڵمانیەکانەوە، بەتایبەت (هیگڵ) و رۆمانسیەکان، ئایدیۆلۆجیا سیستمێکی هزری دەگەیەنێت کە گوزراشت لەو رۆحە دەکات کە پاڵ بەماوەیەکی مێژووییەوە دەبێت وبەرەو ئامانجێکی وێنە بۆکێشراو لەنەخشەی مێژووی گشتیدا ئاراستەی دەکات. واتە لێرەدا لەسەر بەنێکی مێژووییەوە وەك نەخشەیەکی هۆشیاربەخود دەروانێتە ئایدیۆلۆجیا[٢٩]. دواتر لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی) (کارل مارکس) و (فردیك ئەنگلز) ئایدیۆلۆجیایان بەهاوواتایەکی فەلسەفە دانا، بەتایبەت ئەو فەلسەفانەی کەئەوان بە دوژمنی فەلسەفە مێژووییە شۆرشگێرییەکانی خۆیان دایان دەنا. لەو سەربەنەوە تەنها لە قسەکردنەکەیاندا دەربارەی تەقلیدی (بۆرجوازێتی) ئایدیالیستی ئەڵمانی بەکاریان نەهێنا کە لە (هیگڵ) و شوێنەکەوتوانیدا بەرجەستەدەبوو، بەڵکو لەوەشدا بەکاریان هێنا کە ئاماژەیان بۆ شێوە (میکانیەکانی) فەلسەفەی ماددێتی دەکرد، کەئەوان پێیان وابوو ناتوانێت سروشتی پەرەسەندنی مێژوویی لێکبداتەوە[٣٠].

چەمکی ئایدیۆلۆجیا لای (مارکس) و (ئەنگڵز) چەند سیمایەکی جۆراوجۆری لە خۆ گرت، بۆیە لێرەدا دەخوازێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین.

سەرەتا ئەوەی ئەوان پێیان دەگوت (ئایدیۆلۆجیا) تەنها تیۆرێکی زانین و سیاسەتی لە خۆنەدەگرت، بەڵکو میتافیزیك و ئاکار و ئاینیشی لەخۆدەگرت، لە راستیدا هەر شێوەیەکی هۆشیاری کە گوزارشی لەئاراستە بنەرەتیەکان یاخود ئەو پابەندبوون (الالتزامات)یانە بکردایە، کە چینێکی کۆمەڵایەتی هەیبوو. ئەوا دەیگرتەوە.

هەروها لە کتێبی (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی)دا چەند بەشێکی گرنگ بەدیدەکرێت، کە (مارکس) و (ئەنگلز) هەوڵیانداوە هەندێ جیاکاری لە نێوان پێکهاتە ئایدیۆلۆجییەکانی هۆشیاری و لە نێوان ئەوەدا کە ئەوان بەزۆری ئاماژەیان پێدەکرد بەوەی کە (زانینی راستەقینە) و (زانستی وەزعی راستەقینە)یە بکەن. بەتەواوی ئەو روون نەبووەوە کە ئەو جیاکاریە چی



دەگەیەنێت، بەڵام لەهەر بارێکدا بێت، نیگای ئەوە دەکات کە ئایدیۆلۆجیاکان یاخود ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی قبوڵکردنی شتێکی ژیریانە نین[٣١]. ئەو جیاکارییانە پرسیارگەلێکی قورسی پەیوەنیداریان بە خودی ماددێتی دیالێکتیکەوە دەوروژاند، لەبەرئەوەی (مارکس) (بنشی)ی ئەوەی نەدەکرد کە ئەوە بەتەنها ئایدیۆلۆجیای چینە کرێکارە شۆڕشگێڕەکانە،بەڵکو هەروەها فەلسەفەیەکی (زانستی)یە، مرۆڤ دەتوانێت راستەوخۆ لەسەری بدوێت، بەوەی کە (راستەقینەیە)[٣٢]. هەروەها مارکس و ئەنگلز تیۆری زانینیان بە ئایدیۆلۆجیاوە بەستەوە، بۆیە بەلای ئەوانەوە هەموو زانینێك زانینێکی ئایدیۆلۆجیە، واتە بونیادی مەعریفی ملکەچی بونیادی ئایدیۆلۆجییە، ئەمە لە کاتێکدا ئایدیۆلۆجیا، ئاسۆی زەین (زهن)ی مرۆڤەکان پێکدێنێت و ئەو رەگەزانەی تێدا دەدۆزێتەوە کە هزرەکانی پێکدێنێت.

(مارکس) و (ئەنگلز) پێیانوایە مرۆڤەکان بەرهەمی هزر و جیهانبینیەکانیانن، هزرەکانیش راستەخۆ لە میانەی چالاکیە ماددیەکانی مرۆڤەوە پێکدێت[٣٣].

بێگومان پەیوەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا بە(زانست) و (زانین)ەوە بەشێوەیەکی ورد نە لەسەر دەستی (مارکس) و (ئەنگلز) و نەلەسەردەستی شوێنکەوتوەکانیان دیاری نەکرا، هەرچۆنێك بێت وابەستەییە ناژیری و ئەو وابەستەییانەی خاوەن مەبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسین و بە زۆری بنەما (ئایدیۆلۆجیەکان)ەوە دەبەسترێنەوە، ریشەگەلێکی جۆراوجۆریان لە تیۆری مارکسێتی دا هەیە کە پێیوایە پێکهاتەکانی هۆشیاری فەلسەفی بێت یاخود ئایدیۆلۆجی، بەشێویەکی رەها بە (سەرخان)ی رۆشنبیرییەوە بەستراوەتەوە جا بەپێی ئەو تێروانینە و سەرەڕای دیاردەکانی، نموونەی ئەو بنەمایانە ناوەرۆکێکی دەرکی (ادراکی) یاخود ژیری سەربەخۆ و پەرەسەندێکی مێژوویی خودییان نیە[٣٤].

(مارکس) وا دەبینێت ئایدیۆلۆجیاکان تەنها رەنگدانەوە یاخود (دەنگدانەوە)یەکی ئەو هێزە یەکلایکەرەوانەی دیکە کە کاری بنەرەتی بەدەستدێنن لەهەرگۆڕانێکی کۆمەڵایەتی راستەقینەدا ئەو سیفەتی (ماددێتی) دەداتە پاڵ نموونەی ئەو هۆکارە تەواوانە یاخود کاریگەرانەی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتیەکان کاتێك ئەو کارە ئەنجامدەددات بۆ ئەوەی بتوانێ بەرهەڵستی بەدەستهاتووە لاوەکیە ئایدیۆلۆجیەکەی پێبکات[٣٥]. لێرەدا دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە زیاتر لە مارکسێك هەیە: مارکسی لاوی مرۆیی هەروەکو لە کتێبەکانی

(هێلکارییەکانی ئابوری و سیاسەت — ١٨٤٤) و (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی) گوزارشتی لێدەکات، دواتر مارکسی پیرو کلاسیکی وەك کتێبی (سەرمایە) دەیخاتە ڕوو.

لای مارکسی لاو چەمکی ئایدیۆلۆجیا لە ڕەخنە گرتن لەو ئایدیالیستییەدا بەرجەستە دەبوو کە هزرەکانی لەواقیع و پەیوەستبوونی بەپەرەسەندنی کاری بە کۆمەڵەوە جیادەکردەوە. بەڵام لە کارەکانی مارکسی پیردا ئایدیۆلۆجیا وەك چاوگێکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەزعی گوزارشتی لێدەکرا. [٣٦] واتە ئایدیۆلۆجیا سیستمی هزرییە، ڕەنگدانەوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتیە، واتە لێرەدا لەسەربەنی بونیادی ناوەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە بەبەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەردەوامبونی جیادەکرێتەوە، دەروانرێتە ئایدیۆلۆجیا[٣٧].

لێرەدا بواری شیکردنەوە یاخود هەڵسەنگاندنی گوتەکانی (مارکس) و (ئەنگلز) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سەرخانی ئایدیۆلۆجیی و ژێرخانە ماددییە ئابوریەکەیمان نیە، ئەمە لە کاتێکدا تێۆرییەکەیان هەمیشە ئەو پەیامە دەبەخشێت کە بنەما ئایدیۆلۆجییەکان ئەفسانەگەلێکی کۆمەڵایەتین یاخود (تلیاکی) گەلانن و هۆکارەکانی وەرگرتنی ئایدیۆلۆجیاکان لەلایەن نەتەوەکانەوە لە بنەڕەتدا پابەند نەبوون بەسەلماندن یاخود واقیعەوە[٣٨].

زاراوەی ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵزانی مەعریفە و بەتایبەت لە نووسینەکانی (ماکس فیبەر — ١٨٦٤ -١٩٢٠) و (کارل مانهایم — ٨٩٣ — ١٩٤٧) بۆ گوزارشتکردن لە سیستمی هزرەکان کە دەبێتە بەرهەم یاخود گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، کاتێکیش کە بە سیستمی هزرەکان دەوترێت ئایدیۆلۆجیا، ئەوا جۆرەمامەڵەکردنێکە لەگەڵ بابەتگەلێکدا کە سروشتە ڕاستەقینەکەی داپۆشراوە.دواتر ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیەکان هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر ئەوەی کە (کارل مانهایم) بەو بارودۆخانەی ژیان ناوزەدی دەکات کە ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی بەرهەمهێناوە[٣٩].

لەم سۆنگەیەوە زانستی ئابوری وەك لە نوسینەکانی (ئادەم سیمت -١٧٢٣ - ١٧٩٠)داهاتووە، بەداڕێژراوی ژێرییەکی بیلایەن دانانرێ، یاخود تەنها لەسنوری ڕاستێتی ڕێکخراوی ڕوونیدا حوکمی بەسەردا نادرێت بەڵکو وەك گوزارشتکردنێك لە بەرژەوەندی بۆرجوازێتی و وەك بەشێك لە ئایدیۆلۆجیای سەرمایەداری لێیدەڕوانرێت.

هەروەها کۆمەڵناسەکان زاراوەگەلێکی دەروونناسی (فرۆید)یان بۆ گوزارشتکردن لە کرۆك و حەقیقەتی ئایدیۆلۆجیا خواستووە، لەوزاراوانەش



نەست (لاشعور) و ژێری بەکارهێنان (التعقل) بوو. لێرەوە ئایدیۆلۆجیاکان بە (تعقل)یەکی نەستیانەی بەرژەوەندییەکانی (چین) دانرا. لەم سۆنگەیەوە ئەوان (ئادەم سیمث) یان بەپاڵەوانێکی خۆشەویستی گەلی بۆرجوازی دانەدەنا. بەڵکو زۆر بە ئاسانی وەك وتەبێژێکی نەستی سەرمایەداریتی دەیانبینی [٤٠]. ماکس فیبەر لەلایەنێکی دیاریکراوەوە هەستا بە هەڵگێڕانەوەی ئەو تیۆرەی کە مارکس پێیوابوو تەواوی سیستمە هزریەکان ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابوورین، ئەو لە ڕێگەی سەلماندنێکی پێچەوانەوە پێیوابوو ژێرخانی ئابوری بەرهەمی سیستمە هزرییەکانە، وەك لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ئاکاری پرۆستانتی و گیانی سەرمایەداریتی — ١٩٢١) ئەوە دەسەلمێنێت کە پرۆستانتی سەرمایەداریتی بەرهەمهێنا و پرۆستانتیەکی سەرمایەداریتی لە ئارادانیە[٤١].

لەلایەکی دیکەوە (کارل مانهایم) کە پێشتر لە ژێر کاریگەری مارکسدا بووە، بەڵام کاتێك جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەکرێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە ئامرازگەلێکی ناشۆڕشگێری بەدبێت، لە مارکسێتی لایدا و ئەوەش بەدرۆ خستەوە کە گوایە پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان کردارێکی لەخۆوە بێت، ئەو باسی لە گرنگی تێکۆشانی سیاسی هۆشیارانە دەکرد، (مانهایم) کەوتبووە ژێر کاریگەری ڕەوتی مێژووگەری ئەڵمانی و پراگماتیکی ئەنگلۆسەکسۆنی یەوە[٤٢] لە گرنگترین نووسراویدا (ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا — ١٩٢٩) (مانهایم) هەوڵیدا لە وێنەیەکی هەڵسانگاندنێکی زیاتر و گریمانەکانی مارکسدا نوێخوازییەك ئەنجامبدات، ئەویش بەدانانی ئایدیۆلۆجیاکان وەك بەرهەمی بونیادی کۆمەڵایەتی. بەڵام ڕەنگە لێکدانەوەکانی (مانهایم) ناڕوونیەکی پێوە دیاربێت، کاتێك پێشنیاری ئەوەی کرد کە پارێزگاری بەوشەی ئایدیۆلۆجیاوە بکرێت و بۆگوزارشتکردن لەو سیستمە هزریانەی کە بەپارێزگارێتی لە زۆر یاخود کەمیدا دەناسرێتەوە. بەکارهێنانی وشەی (یۆتۆپیا)ش بۆ گوزارشتکردن لەو هزرانەی کەخاوەن سروشتێکی زیاتر شۆڕشگێڕن. بۆیە (مانهایم) بەوێنەیەك لە وێنەکان لەو کتێبەدا باوەڕی بەو پێناسەیە نەبووە[٤٣].

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا (مانهایم) هۆشیارییەکی تەواوی بەوە هەبوو کە سیستمی هزرەکان پشت بە بنەڕەتێکی چینایەتی یاخود لایەنگیری چینایەتی دەبەستێت. جا بۆئەوەی لەو گرفتە ڕزگاری بێ هەستا بەبەکارهێنانی چەمکی (چینی بیرمەندە ناچینەکان) یاخود بە (دەستەبژێری بابەند نەبوو بە چینەوە)

وەسفی كردن، كە بەتوانان لەبیركردنەوەیەكی بێلایەنانە لەهەر بەرژەوەندییەك و شوێنكەوتەییەكی چینایەتی[٤٤].

هەروەها (ریمۆن ئارۆن – ١٩٠٥ – ١٩٨٣) ئاماژە بە چەمكی ئایدیۆلۆجیا دەكات كە هەستكردنە بەپەیوەندیداریێتی (انتماء) بۆ شتێكی هەڵبژێردراو بۆ ئەو ئاسایش (الامن)ەی كە سیستمێكی داخراوبۆ هزرەكان بە دیدەهێنێت، بەشێوەیەك كە دەتوانێت راڤەی واتای مێژوو و واتای خودی مرۆڤ و شوێنی لە بووندا بە مرۆڤ ببەخشێت.[٤٥]

(لویس ئەلتوسیر)یش دەربارەی چەمكی ئایدیۆلۆجیا دەڵێت "ئایدیۆلۆجیا سیستمێكە (ژیربێژی و سیستمی تایبەتی خۆی هەیە) لە نواندنەكان (وێنەكان، داستانەكان، هزرەكان، یاخود چەمكەكان بەپێی حاڵەتەكان) لەنێو كۆمەڵگەیەكی دیاریكراودا بوون و ڕۆڵێكی مێژوویی هەیە[٤٦]

لە فەرهەنگی (وبستەر)دا بەمشێوەیە پێناسەی ئایدیۆلۆجیا كراوە: "ئایدیۆلۆجیا سیستمێكە لە هزرەكان، گرنگی بە دیارەدەكان دەدات، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیانی كۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەو شێوازەی بیركردنەوەیە كە تاك یاخود چین جیادەكاتەوە."[٤٧]

ئەگەر بەوردی لەم پێناسەیە رابمێنین ئەوا تێكەڵییەك بەدیدەكەین، بەشی یەكەمی پێناسەكە نیگای ئەوە دەكات كە ئایدیۆلۆجیا تیۆرێكە دەربارەی دیاردەكان، بەتایبەت دیاردە كۆمەڵایەتیەكان، بەڵام بەشی دووەمی تیۆری بوونی لێوە هەڵنانێجرێت، بەڵكو ڕێگەیەكە لە بیركردنەوە یاخود سیستمێكە لە هەڵوێستەكان. یەكەمیان ئەوە بەزەینماندا دێنێت كە كێشەگەلێكی بابەتیەو شتێكی هەبوو (موجود)ی جیهانی وەسفدەكات، بەڵام دوومیان شتێكە زیاتر خودییە و گوزارشت لەو شێوازانە دەكات كە تاك یاخود كۆمەڵ واقیعی پێدەبینێت[٤٨].

**هەروەها لەفەرهەنگی (ئەنترۆپۆلۆجیا)دا ئایدیۆلۆجیا سێ واتا لە خۆدەگرێت:**

أ) رستێك لە بیروباوەر و چەمكەكان پێكدەهێنێت و هەوڵی روونكردنەوەی دیاردەگەلێكی كۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەدات، تا زەمینەیەك بۆ تاك و كۆمەڵ بسازێنێت بۆ هەڵبژاردنێكی ئازادانەی رەفتاری نموونەیی لەبەردەم ئەو دیاردانەدا.

ب) كۆمەڵە بیروباوەر و شێوازگەلێكی بیركردنەوەی جیامەندی تاك یاخود كۆمەڵێكە.

ج) ئەو بنەماو تیۆرو ئامانجانەیە كە كۆمەڵەیەكی لەسەر دادەمەزرێت



یاخود بەرنامەی كۆمەڵایەتی بۆ بەرجەستەكردنی یاخود پێگەیشتنی دادەنێت(٤٩).

هەروەها لەبەشێكی ئەو پێناسانەی كە فەرهەنگە فەلسەفیەكان بۆ ئەو چەمكەیان خستووەتە روو, ئایدیۆلۆجیا بەو ڕێگەیە دانراوە كە واقیعی كۆمەڵایەتی دەشارێتەوە، تەنانەت لەوەش زیاتر هەوڵدەدات جیهانێكی ساختە بخاتە روو و تێروانینی چینی هەژموندار بەسەر چینی لاوازدا دەسەپێنێت[٥٠].

هەروەها (بورهان قانع) دەربارەی ئەو چەمكە دەڵێت : ئایدۆلۆجی بریتییە لە سیستمی تیۆری و بیركردنەوەی سیاسی، ماف، هونەری ، مەزهەبی، فەلسەفی، ... تیۆری لە زەمینەی رەوشدا. ئایدیۆلۆجیا بەشێكە لە سەرخانی فیكری كۆمەڵ و و خاسیەتی چینایەتیانەی هەیە، لەبەرئەمە پەیوەندییە ئابووریەكانی ژیرخانی كۆمەڵ نیشاندەدات[٥١]. دواتر (بورهان) ئاماژە بەوەدەكات كە ناتوانرێ ناوەرۆكی ئایدیۆلۆجیا بەبێ هۆ و راسەخۆ تێكەڵ بەباری ئابوری بكرێ.. جگەلەوە گەشەكردنی هۆیەكانی ئابووری و ئایدیۆلۆجی هاوشانی یەك نین. سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجیا و پێشكەوتنی سیستمی تیۆری و بیركردنەوەوە – كە ئەمانە هیچ ماهییەتێكی ئابوریان تێدانیە – سەردەگرێت. هەروەها بە زۆری چەند ئایدیۆلۆجیایەكی جیاجیا كارئەكەنە سەر گەشەكردن و سەربەخۆیی یەكتر[٥٢].

## پۆلێنكردنی ئایدۆلۆجیاكان

بۆئەوی بتوانین دەرك بە كاریگەری ئایدیۆلۆجیا لەسەر ژیانی گروپ و كۆمەڵ و بیرمەندەكان بكەین و، پەی بە سروشتی ئەو ناوكۆیەی كە لەمیانەیدا ئایدیۆلۆجیا پشكداریدەكات لەگەشەپێدانی هۆشیارییەكی راستەقینە نەك ساختەدا ببەین، دەبێ رووبەرووی بابەتی پۆلێنكردنی ئایدیۆلۆجیاكان ببینەوە، چونكە ئایدیۆلۆجیا دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی سادە نیە، بەڵكو بەشێوەیەكی تێبینیكراو ئاڵۆزە. لێرەوە ئێمە دەتوانین بەپێی چوارپێوەر ئایدیۆلۆجیاكان پۆلین بكەین[٥٣]، ئەوانیش بریتین لە:

***یەكەم:*** ئەو گروپ و كۆمەڵانەی ئایدیۆلۆجیایان ئاراستە دەكرێت.

***دووەم:*** پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیاو هێزە كۆمەڵایەتیەكانی نێو كۆمەڵگە.

***سێ یەم:*** شێوازەكانی كرداریاخود ئەو رەفتارانەی كە ئایدیۆلۆجیا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات.

***چوارەم:*** ناوەرۆكی ئایدیۆلۆجیا.

بەپێی پێوەری یەكەم دەتوانین ئایدیۆلۆجیا بۆ سێ بەش پۆلێن بكەین،

ئەوانیش بریتین لە:

١) ئەو ئایدیۆلۆجیایەی ئاراستەی كۆمەڵگەلێكی دیاریكراوی نێو كۆمەڵگە دەكرێ، وەك چین یاخود پیشە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێ بوترێ بوونی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە چینی كرێكار یاخود ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە پزیشكان یا رۆشنبیران ... هتد

٢) ئەو ئایدیۆلۆجیایەی ئاراستەی كۆمەڵگە –وەك گشتێك- دەكرێ، كە گوزراشت لەتێروانینی تەواوی رۆڵەكانی دەكات، وەك ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی یاخود یەكێتی نیشتمانی.

٣) ئەو ئایدیۆلۆجیایەی ئاراستەی كۆمەڵگەگەلێكی جیاواز دەكرێت و سنوری تاكە كۆمەڵگەیەك تێدەپەڕێنێت، یاخود لەسەرئاستێكی بنەمایی كاردەكات، وەك ئایدیۆلۆجیای ماركسیتی كە بانگەشەی یەكگرتنی كرێكارانی جیهان – وەك گشتێك- دەكات، یاخود ئایدیۆلۆجیای چینی زەحمەتكێش لەسەر ئاستی هەموو جیهان[٥٤].

بەپێی پێوەری دووەمیش دەتوانرێت بگوترێت ئایدیۆلۆجیا هەمیشە تەركیز لەسەر هێزی كۆمەڵایەتی دەكات یاخود پێوەی وابەستەیە. لەو سەربەنەوە ئایدیۆلۆجیا هەمیشە لایەنێكی سیاسی دەبێ. لەم دیدگایەوە دەتوانین ئایدیۆلۆجیا بۆ سێ بەشی بنەرەتی پۆلێن بكەن، ئەوانیش بریتین لە :

١)ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی گوزارشت لە تێروانینی ئەو كۆمەڵانە دەكات كە دارای هێزی نێو كۆمەڵگەن. وەك ئایدیۆلۆجیای چینی باڵا دەست یا ئایدیۆلۆجیای تەكنۆكرات یاخود ئەو هونەریانەی لە نێو كۆمەڵگەدا مومارەسەی دەسەڵات دەكەن.

٢) ئەو ئایدیۆلۆجیانەی رەنگدانەوەی تێروانینی ئەو كۆمەڵانەیە كەلەنێو كۆمەڵگەدا هەوڵی بەدەستهێنانی جڵەوی هێز دەدەن، وەك حزبە كە مینەییەكان یاخود ئۆپۆزسیۆن.

٣) ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی كە گوزارشت لە تێروانینی ئەو كۆمەڵانە دەكەن كە هەوڵدەدەن كار لەو كۆمەڵە بكەن كە مومارەسەی هێز و دەسەڵات دەكات، بەبێ ئەوەی لە نێو كۆمەڵگەدا هەوڵی بەدەستهێنانی جڵەوی دەسەڵات بدەن. وەك ئایدیۆلۆجیای گروپەكانی فشار (PRESSURE GROUPS) لە كۆمەڵگە نوێیەكاندا [٥٥] .

**هەورەها بەپێی پێوەری سێیەم كە پەیوەستە بەشێوازەكانی كردار یاخود ئەو رێوشوێنانەی كە دەیەوێت بیگرێتەبەر دەتوانین ئایدیۆلۆجیاكان بۆ دوو بەشی بنەرەتی پۆلێن بكەین، ئەانیش بریتین لە:**



١)ئایدیۆلۆجیای ریفۆرمخوازی (REFORMIST)، ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە كە لەمیانەی نەخشەیەكی پلەبەندی بۆ چاكسازی و گۆرانی كۆمەڵایەتی لە ریگەی شێوازە یاساییەكانەوە دەیەوێت هەڵوێستەكان بگۆڕێت.

٢) ئایدیۆلۆجیای شۆڕشگێری (REVOLUTIONARY) ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە كە (پۆل ریكۆر) ناوی (یۆتۆپیایی) لێدەنێت، لەو سەربەنەوە هەوڵی بەدیهێنانی گۆرانكارییە خواستراوكان بەرێگەی توندو تیژی و ناتەقلیدی یاخود نا مەشروع لە چوارچێوی سیستمی رووستاودا دەدات.

**لەكۆتایدا دەتوانین ئایدیۆلۆجیا بەپێی پێوەری ناوەرۆك بۆ چوار بەش پۆلێن بكەین، كەبریتین لە :**

١)ئایدیۆلۆجیای كۆنەخوازی (REACTIONARY) ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە كە بۆ چارەسەركردنی هەندێ لە كێشەكانی پێشنیاری گەرانەوە بۆ شێوازەكانی رابردوو دەكات .

٢) ئایدیۆلۆجیای پارێزگار (CONSERVATIVE) ئەو ئایدیۆلۆجیایانەیە كە هەوڵی پاراستنی بارودۆخە وەستاوەكە بەبێ گۆرانكاری دەدەن[٥٦].

٣) ئایدیۆلۆجیای پێشكەوتن خوازی (PROGRESSIVE) یاخود لیبرالیزم [٥٧] ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە لە پێناوی بەدیهێنانی گۆرانگەلێكی جەوهەری بانگەشەی زەرورەتی دەستبەرداربوون لە هەندێ نەریتی باو دەكات.

٤) ئایدیۆلۆجیای رادیكاڵی (RADICAL) ئەو ئایدیۆلۆجیایە كەلە پێناو بەدیهێنانی سیستەم و هەڵوێستی نوێدا بانگەشەی زەرورەتی ئەنجامدانی گۆرانی ریشەیی لە سیستمی راوەستاودا دەكات.

**هەروها دەتوانینن لەسەر هەمان پێوەری چوارەم (ناوەرۆكی ئایدیۆلۆجیا) ئایدیۆلۆجیاكان بەشێوەیەكی دیكە بۆ دووبەشی سەرەكی پۆلێن بكەین، ئەوانیش بریتین لە :**

١)ئایدیۆلۆجیای چەپرەو (LEFTIST IDEOLOGY) (جای رۆچەر) (G.ROCHER) پێیوایە ئەم دەربرینە بەزۆری بە رەوتی ماركسیزم یا رەوتە سۆسیالیزمەكان یاخود ئەو رەوتانەی كە ئاراستەگەلێكی سوسیالیزمیان هەیە، دەكوترێت ، هەروەك هەندێكجاریش بۆ هەندێ رەوتی دیموكراتی بەكاردەهێنرێت.

٢) ئایدیۆلۆجیای راسترەو (RIGHTIST IDOLOGY) (جای رۆچەر) وای بۆ دەچێت بەزۆری ئەم ئایدیۆلۆجیایە بەو رەوتانە دەوترێ كەخاوەن مۆركێكی كۆنە خوازی یاخود پارێزگارین[٥٨].

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە هەردوو زاراوەی (راستڕەو و چەپڕەو) ناڕۆشنی و ڕێژەیەتی لە خۆدەگرن و بەشێوەیەکی پراوپڕ گوزارشت لە ئاراستەیەکی دیاریکراو ناکەن. ڕەنگە هەر ئەمەش بێ وایکردبێ زاراوەگەلێکی وەك راستڕەوی پەڕگیر و راستڕەوی میانڕەو و .. هتد دەرکەوتبن بەمشێوەیە ئەم زاراوانە لە ڕێژەیی بوون و لێڵی یاخود ناروونی بەدەرنین.

## تایبەتمەندیەکانی ئایدیۆلۆجیا

دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا یەکێکە لە هەنگاوە سەرەتا و زۆر گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەك کە بیەوێت لەماهیەت و ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیاکان بکۆڵێتەوە، تا لە میانەیدا بتوانرێت زیاتر پەی بەواتا و کاریگەرێتیەکانی لە ژیانی تاك و واقعی کۆمەڵگەکاندا و ئاشکراکردنی لایەنە نادیارەکانی ببرێت.

**لەم سۆنگەیەوە گرنترین تایبەتمەندییەکان بریتین لە :**

١) گشتگیرێتی راڤەکردن: ئایدیۆلۆجیا لە روانگەی مۆرکە مێژووییەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هێزە بزوێنەرە کەیەوە، هەوڵدەدات راڤەیەی گشتگیری جیهان بکات. لەو چوارچێوەیەدا ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات راستە تایبەتیەکان – راستی و بەرژەوەندی چین – بەڕاستی گشتی و پیرۆزو ڕەخنە هەڵنەگرداینێ. هەموو ئەو دژکاریانەش دەشارێتەوە کە دەتوانن بەرژەوەندی چینایەتی تایبەت یاخود بەرژەوەندی گشتی بخەنەروو، تا ئایدیۆلۆجیاکە بتوانێت راڤە گشتگیرەکەی بچەسپێنێت. جا ئەو ڕاڤەیە بەرەو جیهانبینییەکی گەردوونی دەروات و تەواوی خواستە بووەکان و شیاوەکانی بۆ ملکەچ دەکات، وەك : زمان، ئەفسانە، ئایین، ئاکار، ماف، فەلسەفە، کاریش بۆ دامەزراندنی رستێکی ئاڵۆز لە ئاڵۆزکاری و بیانو هێنانەوە دەکات[٥٩]. وەك (پۆل ریکۆر) دەڵێت: (هەموو ئایدیۆلۆجیایەك ئاسانکراوو گوتارییە و سیستمێکە لە ڕێساکان و ئامانجی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتیرە نەك تەنها بۆ کۆمەڵێك بەڵکو بۆ مێژوو، لێرەوە بەتەواوی شتەکانی وەك ئاکار، ئاین، فەلسەفە، دەبێتە ئایدیۆلۆجیا) [٦٠].

٢) ژیرێتیبوون(RATIONALIFY): ئایدیۆلۆجیا بەپێی ئەو پێناسانەی پێشوو سیستمێکە لە بیروباوەڕ و ئەحکامە راگەیندراوەکان لەلایەن کۆمەڵێك یا چینێك یاخود دەوڵەتێکەوە. لەبەرئەوە هەوڵدەدات کالایەکی ژیرێتیبوون یالۆجیستی یاخود زانستی لە هەندێ کاتدا بپۆشێت[٦١].

ئایدیۆلۆجیا پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە هۆشیاری (وعی) تاکەکانەوە



هەیە، بەوەی کە ئایدیۆلۆجیا رەهەندی بوونی ئەو کەسە و تێگەیشتنی زاڵی ئەو کەسە دەگۆڕێت و دەبێتە مەرجەعیەتێکی عەقڵی بۆی لەنموونەی ئەمەش وەك ئەوەی لەماددیەت و ئایدیالیستیدا دەردەکەوێت [٦٢].

٣) جۆرێتی (النوعیە): سیستمی ئایدیاکان و ئەحکامەکان هەوڵدەدەن یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە باوەڕیان پێهێناوە، ئەویش بە تێگەیاندنی واقیعەکەیان و راڤەکردنی بەڕێگایەکی دیاریکراو، بۆیە ئایدیۆلۆجیا هەوڵ دەدات ئەوە روونبکاتەوە بۆ نموونە کەکێ و بۆچ مەبەستێك تاك ئیستغلال دەکات ؟! هەورەها هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵ دەستنیشان دەکات و ... هتد(٦٣).

ئایدیۆلۆجیا تەنها مرۆڤ ملکەچ ناکات بۆ پەیڕەو و سیستمێکی دیاریکراو، بەڵکو بەشێوەیەك ئەو مرۆڤە پێکدەهێنێت کە بتوانێت لەزۆر بواری تری وەك زانستی و فەرهەنگیدا چالاکانە بکەوێتە کار و بەهەمان ئاراستەو تێگەیشتنی ئەو ئایدیۆلۆجیایە باسە جۆراوجۆرەکان هەڵبسەنگێنێ. بۆ نموونە بەرهەمەکانی (کارل مارکس) و (ئادەم سمیث) لەگەڵ ئەوەی پێشەنگی ئایدیۆلۆجیایەکن، هاوکات وەك بەرهەمێکی زانستیش کاریگەریان لەسەر هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیاکە هەیە[٦٤].

٤) پەرەسەندن و گۆڕان: (ئایدیۆلۆجیا پەرەدەسێنێت، بەڵام بەرگری لە گۆڕانی ریشەیی و بنەڕەتی دەکات)، (مارکس) بنەماکانی ئایدیۆلۆجیای مارکسی دانا، بەڵام کەسانی تری وەك (لینین) و (تروسکی) و (ستالین) هەستان بە راڤەکردنی وشتی دیکەیان بۆ زیاد کرد. ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئایدیۆلۆجیادا دێن لەبەئەوەی بەشێوەیەکی ڕێژەی پشت بەپەیکەرەکەی دەبەستێت، زۆر بەهێواشی روو دەدەن.

کاتێك ئایدیۆلۆجیاکان لە ناوەرۆك و جێبەجێکردنەکانیندا دەگۆڕێن، بەزۆری بە قۆناغێکی ململانێی چڕی نێوان نوێخواز و تەقلیدییەکاندا سەبارەت بە پێویستی گۆڕان تێدەپەڕێت، بۆ نمونە – ململانێی نێو مارکسێتی لە (لنین)ەوە تا (گۆر پاتچۆف) جگە لە دیاردەیەکی ئەو گۆڕانە شتێکی دیکە نەبووە.

جالەبەرئەوەی ئایدیۆلۆجیا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئامانج و بەرژوەندییەکانی نەوە دوایینییەکان دەدات، ئەوە دەبێت پێشبکەوێ و لەگەڵ خواستی نەوە نوێیەکاندا خۆی بگونجێنێت.

ئایدیۆلۆجیاکان – بۆ نموونە سیاسییەکان بە زۆری لە بارودۆخی قەیرانە جیاوازەکاندا دەردەکەون، مەیلی مرۆڤ بۆ ئایدیۆلۆجیا واتە ئەو مرۆڤە لە ژێربارودۆخی باودا چەوساوەتەوە، بۆیە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەس نیە بۆ

راڤەكردنی ئەزمونێك یاخود بیانوهێنانەوەی بارودۆخەكەی، ئەوەش لە دەرئەنجامی ئەوەی كە ئایدیۆلۆجیاگەلێكی دیكە لە دایك دەبن كە وێنەی ژیانێكی باشتر دەخەنە روو(٦٥).

٥) ئایدیۆلۆجیا پەیوەستە بە كۆمەڵێكی دیاریكراو لە بەها: هەر ئایدیۆلۆجیا یەك پەیوەستە بەكۆمەڵێكی دیاریكراو لەبەها یاخود ئەو ئامانجانەی كەدەیەوێت بەرجەستەی بكات. ئەمە ئەو پەیوەندییەیە كە ئایدیۆلۆجیا لە زانست جیادەكاتەوە، ئایدیۆلۆجیا ئەحكامە بەهاییە دیاریكراوەكان لە خۆی دەگرێت و، هەوڵدەدات نەك هەر راڤەیەكی واقیع بكات بەڵكو هەڵیشی دەسەنگێنێ و حوكمی لەسە دەدات. سەرەرای ئەوە ئایدیۆلۆجیاوا لە زاتەكان دەكا. كە لە پێناو كاری كۆمەڵایەتیدا تێبكۆشن، وەك گۆرینی پلەبەپلە (تدرج)ی كۆمەڵ، یاخود لە باری شۆڕشكردن دژی سیستمی دیاریكراو كە پێویستی بە كۆمەڵایەتی بونێكی تەواوی خاوەن ئایدیۆلۆجیاكان هەیە(٦٦).

٦) مۆركی خوایشتیانەی ئایدیۆلۆجیا: ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات خەڵكی یاخود ئەندامانی كۆمەڵە دیاركراوەكان بۆ لای خۆی رابكێشێت، تا بەویست و خۆشی خۆیان – نەك بەزۆر- باوەری پێبهێنن!

ئەم پرۆسەیە لە روونكردنەوەی ئامانجەكان و ئامرازەكانی جێبەجێكردنی و پێشكەشكردنی راڤەیەكی رووپۆشكراو بە مۆركی عەقڵی یاخود لۆجیستی بۆ واقیع وخستنە رووی چارەسەر (الحل)ی واقیعی و لەبار بۆجێبەجێكردن خۆ دەنوێنێت(٦٧).

٧) جیاكردنەوەی هاوڕێیان و دوژمنان: كاتێك باوەر بە ئایدیۆلۆجیایەكی دیاریكراو دێنین، واتە تەبەنی تێروانینێكی ئایدیۆلۆجی بۆ جیهان دەكەین، هاوكات ئەو واتایەش دەبەخشێت كە هەر تێروانینێكی دیكە رەتدەكەینەوە(٦٨).

دیارە ئەم بارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە هەر ئایدیۆلۆجیایەك وادەبینێت، راستیەكان تەنها ئەوانەن كە ئەو دەیانبینێت و دەیانخاتە روو، لەبەرانبەریشەوە نوێنەرانی ئایدیۆلۆجیاكانی دیكە دوژمنی ئەون – ئەوەش بەهۆی ئەوەی كە ئەوان ئاستەنگ لە بەردەم بڵاوبونەوەی ئەو بنەمایانەدا دروست دەكەن كە ئەم بانگەشەیان بۆ دەكات، دواتر شوێنێك نیە بۆ رێكەوتن یاخود پەیڤینكردنی تا راستی ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەركەوێت كە ئەو بانگەشەی بۆ دەكات. تەنانەت ئایدیۆلۆجیایەك بەدیناكەین لە دەسپێكی كاروانەكەیدا بانگەوازی رزگاركردنی تەواوی مرۆڤایەتی (نەك باوەردارانی بەتەنها) لە چەوساندنەوە و كۆیلایەتی رانەگەیاندبێت و مژدەی گۆرینی سیستمی كۆن و نەبوونی دادپەروەری



بەسیستمێكی نوێ كە دادپەروەری باڵی بەسەردا كێشابێ، نەدابێت(٦٩).

٨) خزمەتكردنی بەرژەوەندییەكان: هیچ ئایدیۆلۆجیایەك لە واقیع دابراو و جیا نیە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەكی راستەوخۆ ئاماژە بە بەرژەوەندییەكانی تاك و كۆمەڵ دەكات، بۆ نموونە دەستەی فەرمانرەوا ئایدیۆلۆجیایەكی دیاریكراویان هەیە كە هەوڵ ئەدەن پارێزگاری لەبەرژەوەندییەكانیان بكەن. بۆیە بیانوو بۆ بارودۆخە جێگیرەكە دێننەوە، بەهەمان شێوە ئەو كۆمەڵانەی كە دەیانەوێت بارودۆخیان بگۆرن، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاكانیان ئایدیۆلۆجیایەكی تایبەت هەڵدەبژێرن(٧٠).

٩) بزواندنی جەماوەر بۆ ئەنجامدانی شێوازی دیاریكراو لە كردار: ئایدیۆلۆجیا هەوڵی تێركردنی خواستە سایكۆلۆجیەكانی كۆمەڵ دەدات، ئەمەش لەروانگەی پێشنیاركردنی نموونەیەكی دیاریكراو لەرەفتارو كەمكردنەوەی ئەو دڵەراوكێ (قلق)یەی بەدەستیەوە دەناڵێنن، یاخود رێكخستن و ئاراستەكردنی حەزەكانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئامانجەكانی.

بێگومان ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئایدیۆلۆجیا بەبەردەوامی ئاراستەی كۆمەڵ دەكرێت و هەوڵدەدات رەنگی رێگەیەكی دیاریكراو لە رەفتار (سلوك) بۆ ئەندامەكانی برێژێت. جا ئەم كۆمەڵەیە چینێكی دیاریكراو بێت، یا رێكخراوێكی سیاسی، یا نەتەوەیەك بەگشتی یاخود بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی .. هتد.

ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات هەستكردن بە هێز و كاریگەرێتی (الفاعلیە) لای تاك گەشە پێبدات. ئەویش لە روانگەی پەیوەندییە ئەندامییەكەی بەكۆمەڵێكەوە یاخود بەكۆمەڵگایەكی دیاریكراو كە بروای بە هەمان بیروباوەر و بریار و شێوازەكانی كارو ئامانجەكان هەیە(٧١).

بەم شێوەیە ئایدیۆلۆجیا لە پێناو بەرهەمهێنانی بزوتنەوە لەنێو ئایدیۆلۆجیستەكاندا هەنگاو دەنێت، هێزی كۆتایی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیا لەسەلماندنە ئەزموونی یاخود ژیربێژییەكانەوە نەهاتووە ! بەڵكو لە تواناكانیدا بۆ هاندانی بیروباوەر و بزوتنەوەدا خۆی حەشارداوە. تەنانەت ئایدیۆلۆجیا واقیع تێدەپەرێنێت و باشترین بەڵێن پێشكەش دەكات. دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیاش لەو هەستەوە هەڵدەقوڵێت كە كار دەیبوژێنێتەوە، ئەوەش ئەوەیە كە ئایدیۆلۆجیا لەسەری سورە. بەوپێیەی دەتوانین بڵێین ململانێی ئایدیۆلۆجی تەنها ململانێی نێوان هزرەكان نیە، بەڵكو ململانێی هێزە جیاوازە كانە لە پێناو بەدەست هێنانی دەسەڵاتدا، كەواتای زەرورەتی وابەستەیی نێوان ئایدیۆلۆجیا و رێكخستنی سیاسی دەگەیەنێت(٧٢).

١٠) بزاوندنى سۆز نەك ژيرى: ئايديۆلۆجياكان پلەگەلێكى جياواز لە هزر و بەهاكان لەخۆدەگرن كە لە نێوان هزرى زۆر ئاڵۆز و دروشم و سمبولى سادەدا دێن و دەچن، لەسەربەنى بزواندنى سۆزەوە لە بۆنە كۆمەڵايەتى جەماوەرييەكاندا گوزارشت لەو هزرانە دەكرێت و بەهۆى دروشمەكانەوە و دەسەڵاتى خۆيان دەنوێنن. ئەويش لەميانەى پياهەڵدانى داب و نەريتەكان. بەپێى حەز و بريارە پێشوەخت و داستانەكانەوە[٧٣]. نەك بەپێى دانوستاندن و قايلبوونى ژيرى و سەلماندن و بەڵگە هێنانەوەوە.

## ئەركى ئايديۆلۆجيا:

دەتوانين بڵێين ئايديۆلۆجيا دوو ئەركى بنەڕەتى هەيە:

**يەكەم: ئەركێكى مەعريفى.**

**دووەم: ئەركێكى سياسىو كۆمەڵايەتى.**

**يەكەم: ئەركە مەعريفيەكان:** هەوڵ دەدەين ئەركە مەعريفيەكانى ئايديۆلۆجيا لەم دوو خاڵەدا چڕ بكەينەوە:.

١) پێكهێنانى سيستمێك لە هزرەكان تا لە ميانەيدا(دەرك بەجيهان)و(تێگەيشتن لە جيهان)و(لێكدانەوەى جيهان) بكرێت ، وەك ئەو نەخشەيەى كە مرۆڤ بۆ نموونە لە سياسەتدا خۆى پێ ئاراستە دەكاتو لە ميانەيدا دەتوانێت تێبينى و ئەزموونەكانى دابنێت، بەوەش مرۆڤەكان دەتوانن ڕابوردوو ئێستايان بناسنو پێشبينى داهاتوويان بكەن.

٢) دياريكردنو ڕوونكردنەوەى مافو ئەركو ئامانجو دەسەڵاتو سنورو چۆنێتى ڕێكخستنى ژيانى سياسى كۆمەڵگە، ئەوەش لەبەر ئەوەى سروشتى ئامانجە خواستراوەكان دەكەوێتە ژێر كاريگەرى تيۆروانينە ئايديۆلۆجيەكانەوە.

لێرەدا ئەوەى ڕابوورد ئەوە دەگەيەنێت كە ئايديۆلۆجيا دەيەوێت لەڕێگەى باوەڕدارانيەوە جيهان بگۆڕێت، بەو پێيەى ببێتە ئامرازێكى تێكۆشان لەپێناو بنياتنانى پەيوەنديەكى زيندو لەنێوان مرۆڤەكاندا[٧٤].

**دووەم: ئەركى سياسىو كۆمەڵايەتى :**

گرنگترين ئەم ئەركانە لەم خاڵانەدا چڕ دەكەينەوە:

١) شێواندنى واقيع: لەبەر ئەوەى ئايديۆلۆجيا گوزارشت لە تێروانينى چينێك يان گروپێكى دياريكراو دەكاتو بەئاراستەى بەديهێنانى بەرژەوەنديەكان دەبزوێت، بۆيە دەسەوسان دەبێت لەوەدا كە بتوانێت واقيع وەكو خۆى وێنا بكات، بۆيە ئايديۆلۆجيا تێگەيشتنێكى هەڵەى بۆ واقيعو بەرژەوەنديەكان هەيەو



هەوڵ دەدات ئەو تێگەيشتنە هەڵەيە كە خۆى بەڕاستى دەزانێت بخاتە ڕوو.[٧٥]

٢) شەرعيەت دان و بيانوو هێنانەوە بۆ دەسەڵات: يەكێك لە ئەركە گرنگو بنەڕەتيەكانى ئايديۆلۆجيا بريتيە لە شەرعيەتدانو بيانووهێنانەوە بۆ دەسەڵات، بۆ پشت ئەستور كردنى ئەم بارە(ڕيكۆر) لەسەربەنى تێڕوانينەكانى(ماكس فيبەر)ەوە، سەبارەت بەشەرعيەتو دەسەڵات، ئەو هەوڵدەدات ڕێگەيەكى ديكە بۆ چارەسەركردنى دياردەى ئايديۆلۆجيا بدۆزێتەوە، بەتەركيزكردن لەسەر شەرعيەتى سياسى دەسەڵات. بەپێى (ڕيكۆر) ڕووبەرێك لەنێوان نيازەكانى ئەوانەى لە دەسەڵاتدانو لەنێوان شەرعيەتدا هەيە، بەڵام ئايديۆلۆجيا هەميشە هەڵدەستێت بەداپۆشينى ئەو جياوازييە، واتە ئايديۆلۆجيا لە بنەڕەتدا بيانو بۆ دەسەڵاتو سيستمى دەسەڵات دێنێتەوە.[٧٦].هەروەها ئێستا دەوڵەتان – وەك جاران – پشت بە بەكارهێنانى هێزى ڕووت نابەستن، بەڵكو دەبێت ئەو هێزە لە چوارچێوەيەكى ئايديۆلۆجى پەسەندكراو(ڕووپۆش) بكەن، جا ئەوە بيانوو بۆ ئەو ڕێگەيە دێنێتەوە كە چۆنيەتى دابەشكردنو بەكارهێنانى پێ ڕێكدەخرێت[٧٧].

٣) ئايديۆلۆجيا وەك ميكانيزمێكى بيانوهێنانەوەى سيستمى دابەشكردن لەكۆمەڵگەدا: ئايديۆلۆجيا بيانوو بۆ ئەو ڕێگەيە دێنێتەوە كە دەسەڵات سەرچاوە ناوازەكانى پێ دابەشدەكات، چونكە ئايديۆلۆجياكان سيستەمگەلێكى نموونەيين لە ڕووى ئامانجو مەبەستەكانەوەو يارمەتى ئەندامانى سيستەمەكە دەدات لەڕاڤەكردنى ڕابردوو و شيكردنەوەى ئێستاو خستنەڕووى وێنەيەك بۆ داهاتوو. لەوەدا دەبێت تەنها ئەفسانەيەكى فريودەربێت دەربارەى ژيانى سياسى، ياخود هەڵپەگەلێك بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ژيريدا، ياخود پۆلێنگەلى هزرەكان بێت بۆ سازدانى تواناو ووزەكانى مرۆڤ بۆ كاركردن[٧٨].

٤)ئايديۆلۆجيا ميكانيزمێكى بنەڕەتيە بۆ بەڕێوەبردنى ململانێ: ئايديۆلۆجيا لەسەر ئاستى – كەسى - يارمەتى تاكەكان دەدات لەڕووبەڕووبوونەوەى ململانێى ناوخۆيدا، بە تێڕوانينيشى بۆ كەسانى تر ڕاڤەيەك بۆ ڕووە جياوازەكانى ژيانى تاكەكان پێشكەش دەكات. لەسەر ئاستى (گشتى) كۆمەڵگاش ئايديۆلۆجيا لە ميانەى دروستكردنى پێويستيگەلێكى گشتى لە نێوان ئەندامەكانيدا هەندێ لە ململانێكان كۆتايى پێدێنێت، بەوەش ئامرازێكى گشتى گوزارشكردن لە پێداويستيە جياوازەكان دەخاتە ڕوو، ئايديۆلۆجيا ڕۆڵێكى گرنگ دەبينێت لە ململانێكاندا كە لە پێناو زاڵ بوون بەسەر هزرى گەلاندا دروست دەبێت، ئەوەى ئەو ڕۆڵە قوڵتر دەكاتەوە، ئەو

شۆڕشە سەرسوڕهێنەرەیە کە ئامرازەکانی گەیاندن هێنانویانەتە ئاراوە، لە دیاریکردنی ڕۆڵی مرۆڤ و بەتایبەت لەکۆمەڵگە پیشەسازییەکان یاخود بەکاربەرەکان پشکداریکردووە(٧٩).

٥) ئایدیۆلۆجیا ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی شوناس و گوزارشت لێکردنی ئایدیۆلۆجیا لە میانەی وابەستەبوون بە یەکێتی نێودەوڵەتیەوەو هەوڵی بەدیهێنانی خودی نەتەوەیی دەدات، هاوبەشبوونێکی گشتی لە کۆمەڵە هزرێکدا دەبێتە هۆی بەستنەوەی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا یا حیزبێك یاخود بزوتنەوەیەکدا. تێکرای ئایدیۆلۆجیاکان ئەرکێکی گرنگ ئەنجام دەدەن ، ئەویش دروستکردنی وابەستەبوونێکی ویژدانیانەی نێوان تاکەکانە، واتە ئایدیۆلۆجیا ئەرکی پاراستنی شوناس و تەواویتی لە کۆمەڵگەدا دەگرێتە ئەستۆ. لەم سەر بەنەوە (ریکۆ) پێیوایە پەیوەندیەکی (بەستراو) لەنێوان ئایدیۆلۆجیاو ئەو ململانێیانەدا هەیە کە لەنێو کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا هەن. ئەو بارەی کە جەخت لەسەر زەرورەتی نزیککردنەوەی نوێدەکات بۆ ئەوەی ببێتە میانگەرێك لەنێوانیاندا.

٦) ئایدیۆلۆجیا وەك میکانیزمێك بۆ سازدان و زاڵبوون: ئایدیۆلۆجیا لە ژیانی تاك و کۆمەڵ وەك هێزێکی دینامیکی هەوڵی کارکردن دەدات، هەموو ئایدیۆلۆجیایەك بەڵێن بەژیانێکی باشتر دەدات ، جائەگەر سازدان یەکێك بێت لە ئەرکەکانی ئایدیۆلۆجیای (سیاسی) نوێ، ئەوە پرۆسەگەلێکی جیاوای وەك ڕاکێشانی ئەو تاکانەی ئامادەی کاری سیاسین لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئایدیۆلۆجیا کاربۆ ئەوە دەکات کە سەرلەنوێ ئەو بوونانە بجولێنێت کە ماوەیەك خامۆش بوون. لەسەر ئاستی گشتیش هەڵدەستێت بەسازدان لەسەر ئاستی دەستەبژێری ڕۆشنبیران تا وابەستەبوونیان بەبارودۆخە هەنووکەییەکەوە بەدیبێت، ڕەنگە پرۆسەی سازدان بۆ زاڵبوون بەسەر هوشیاری خەڵکیدا وێنەی بۆ کێشرابێت، ئەوەی ئایدیۆلۆجیا ئەنجامی دەدات زۆر جار سنووری کاری وابەستەیی کۆمەڵ تێدەپەڕێنێت و ئەندامەکانی ئەوەیان لەیاد دەچێت کە ئامنجگەلێکی هاوبەشیان هەیەو هەوڵدەدەن بەهوشیاری و ژیرێتیەوە پێیبگەن(٨٠).

**********



## سەرچاوەکان وپەراوێز


١. رجاء وحدي دويدري: البحث العلمي اساسياته النظرية و ممارسته العملية، دار الفكر، دمشق- سورية، الطبعة الأولى، ايلول ٢٠٠٠م، ل ٢١.

٢. صفاء عبدالسلام جعفر و احمد محمود صبحي: في الفلسفة الحضارة(اليونانية – الأسلامية – الغربية)، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الطبعة الأولى ، الأسكندرية، ٢٠٠٦، ل ١٧٥.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤. لويس التوسير: الأيديولوجيا و اللاشعور، مجلة الكلمة، العدد ٤٧، السنة الثانية عشر- ربيع ٢٠٠٥،( www.kalema.net).

٥. صفاء عبدالسلام جعفر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

٦. بێژەی فەلسەفە لە بنەڕەتی (فيلا – سوفيا)ی یۆنانیەوە داڕێژراوەو واتای خۆشویستنی داناییتی یە. بەو زانینە دەوترێت کە پەی بەحەقیقەتی شتەکان دەبات و ئەنجامدانی کارەکانیش بە باشترین شێوە.(جميل صليبا: المعجم الفلسفي، جزء الثاني، منشورات ذوي القربى، الطبعة الأولى، قم، ١٣٨٥، ل ١٦٠.

٧. حميد عزيز: سەرەتایەك لەفەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، ١٩٧٩، ل ٣١.

٨. نبيل محمد توفيق السمالوطي: الأيديولوجيا و ازمة علم الأجتماع المعاصر، دراسة تحليلية للمشكلات النظرية و المنهجية، دار بورسعيد للطباعة، اسكندرية، ١٩٧٥، ل ٢٠٥.

٩. جميل صليبا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.

١٠. صفاء عبدالسلام جعفر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

١١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢ دواتر.

١٣. محمد مزوز: الوظيفة الرمزية للأيديولوجيا من خلال فكرة الخلاص، مجلة الكلمة، العدد(٤٧)، السنة الثانية عشر – ربيع ٢٠٠٥. (ww.kalema.net).

١٤. صفاء عبدالسلام جعفر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢ دواتر.

١٥. محمد مزوز: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٦. فاو عبدالسلام جعفر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢ دواتر.

١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕەی پێشوو.

١٨. پەیمانگای فەرەنسا: دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیریو فێرکاری بوو، لەدوای شۆڕشو لە ساڵی ١٧٩٥ دامەزرا، ئەم پەیمانگەیە پێنج ئەکادیمیای لەخۆگرتبوو: ئەکادیمیای فەرەنسی، ئەکادیمیای نەخشو ئادابە جوانەکان، ئەکادیمیای زانستەکان، ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانو ئەکادیمیای زانستە ئاکاریو سیاسیەکان.

١٩. کودەتای (١٨ برومیر) ئەو کودەتایە بوو کە ناپلیۆن پۆناپارت لە ١٨ی برومیری ساڵی هەشتەمی کۆماردا (٩ تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٩٩) دوای گەڕانەوەی لەمیسر پێی هەڵساو کۆتایی بە سەردەمی حکومەتی بەڕێوەبردن هێناو سەردەمی کونسوڵیەت دامەزرا.

٢٠. امیل برهییه: تاریخ الفلسفه، القرن تاسع عشر(١٨٠٠ – ١٨٥٠)، (ترجمة: جورج طرابیشي)، الجزء السادس، دار الطلیعة للطباعة و النشر، الطبعة الأولی، بیروت، ١٩٨٥، ل ٣٧.

٢١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩ – ٤٠.

٢٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

٢٣. دینکن میشیل: معجم العلم الأجتماع، (ترجمة: احسان محمد حسن)، بغداد، ١٩٨٠، ل ل ١٦٩ – ١٧٠.

٢٤. مارثیلو فیلیکس تور: مصادر وآثار المفهوم الأیدیولوجیا عند ریکور، (ترجمة: هشام المیلوي)، مجلة الکلمة، العدد ٤٧، السنة الثانیة عشر- ربیع ٢٠٠٥،(ww.kalema.net ).

٢٥. هینري ایکن: عصر الأیدیولوجیا، (ترجمة: محی الدین صبحي)، دمشق، ١٩٧١، ل ١٣.

٢٦. هەمان سەرچاوەی و لاپەڕەی پێشوو.

٢٧. دینکن میشیل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

٢٨. عبدالله العروي: مفهوم الأیدیولوجیا، مرکز الثقافي العربي، الطبعة السادسة، دار البیضاء، ١٩٩٩، ل ٩٣.

٢٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.



٣٠. هنری ایکن: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

٣١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٣٢. هەمان سەرچاوەی و لاپەڕەی پێشوو.

٣٣. فاطمة بدوي: علم اجتماع المعرفة بین الفکر الخلدوني و الفکر الغربي، منشورات جرَوس برس، ل ٧٢.

٣٤. هنری ایکن: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٣٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٣٦. مارثیلو فیلیکس: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٧. عبدالله العروی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

٣٨. هنری ایکن: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٣٩. محمد عبده محبوب: مقدمة في الأنثرولوجیا (المجالات النظریة و التطبیقیة)، دار المعرفة الجامعیة، جامعة اسکندریة، ل ١٣٩.

٤٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

٤١. عبدالله العروی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤ و دواتر. محمد عبدالله محبوب هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩.

٤٢. عبدالمنعم حفني: موسوعة الفلسفة و الفلاسفة، الجزء الثاني، الطبعة الثانیة، مکتبة مدبولي، ١٩٩٩، ل ١٢٢٣

٤٣. محمد عبد محبوب: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٠ – ١٤١.

٤٤. هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

٤٥. نبیل محمد توفیق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥.

٤٦. لویس التوسیر: سەرچاوەی پێشوو.

٤٧. هنری ایکن: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

٤٨. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٤٩. شاکر مصطفی: قاموس انثربولوجیا، جامعة الکویت، الطبعة الأولی، ١٩٨١، ل٤٤٧.

٥٠. مارثیوفیلیکس: سەرچاوەی پێشوو.

٥١. بورهان قانع: فەرهەنگی نوێ، بغداد، ١٩٨٥، ل ل ٤٨ – ٤٩.

٥٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ل ٤٩ – ٥٠.



هەوالنامەی کتێب

٥٣. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٤ و دواتر.

٥٤. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٥٥. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٥٦. مارثيلو فيليكس: سەرچاوەی پێشوو.

٥٧. ليبراليزم/ ليبراليزم لە ئەوروپا بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی بەردەوامی هەمەلایەنیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فیکریە، کە لەلایەن بیریارو تیۆریستانی ئەورووپییەوەو لەچوارچێوەیی ئایدیایەکی گشتیدا داڕێژراوە، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە چەوسانەوەوستەمی هێزە کۆمەڵایەتیەکانو مسۆگەرکردنی مافو ئازادیەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا گرنگترین ئامانجی بووە، دژی هەر دەستێوەردانێکی دەرەکیە لە هەر کاروبارێکدا، پەیوەندی بەژیانی تاکەوە هەیە، بەڵام لە قۆناغە دوادواکانداو لەچوارچێوەی ليبراليزمی نوێدا جۆرێك لە مەودای چالاکی دەوڵەت سەلێنرا کە زۆرتر پەیوەندی بە ئەو بەرپرسیارێتی یە کۆمەڵایەتیەوە هەبوو کە خرابووە ئەستۆی دەوڵەت، (هيوا عزيز: ڕەنگدانەوەی بیری ليبراڵی لەباشوری کوردستان، ١٩٠٠ — ١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووی بیری سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بلاوکردنەوە، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل ٢٧٥).

٥٨. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٤و دواتر.

٥٩. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ل ١٧٤ — ١٧٥.

٦٠. بول ريكور: معايير الظاهرة الإيديولوجية، مجلة الكلمة، العدد ٤٧، السنة الثانية عشر- ربيع ٢٠٠٥،( ww.kalema.net).

٦١. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٨.

٦٢. زانا ڕەئوف مەنمی: سەرنجێك لە مەعريفەی زاتیو ئايديۆلۆجيا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٢٦)، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٤.

٦٣. نبيل محمد توفيق المالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٨.

٦٤. زانا ڕەئوف مەنمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٦٥. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧٦.

٦٦. زانا ڕەئوف مەنمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٦٧. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٨.





٦٨. محمد مزوز: سەرچاوەی پێشوو.

٦٩. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧٧.

٧٠. نبيل محمد توفيق المالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٩.

٧١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

٧٢. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧٥ و دواتر.

٧٣. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٧٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

٧٥. مارثيلو فيليكس: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٦. بول ريكور: سەرچاوەی پێشوو، مارثيلو فيليكس: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٧. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧٨.

٧٨. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٧٩. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٨٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

* ئيتيان بونودی کونديياك( ١٧١٥ — ١٧٨٠) یەکێك بوو لەگەورەترین تیۆریستە زانستیەکانی فەرەنسا لەسەردەمی خۆیداو لەلایەنگرانی ئەزمونگەری لەسەر ڕێبازی (لۆك) بوو، ئەو هزرەکانی دەگەڕاندەوە بۆ هەستەکان، لە (لۆك) زیاتر تەنانەت خودی هێزە عەقڵییەکانیشی بۆهەستەکان دەگەڕاندەوە، بەناوبانگترین دانراوی (نامەیەك دەربارەی هەستەکان — ١٧٥٤) بوو.( عبدالرحمن بدوی: موسوعة الفلسفة، الجزء الثاني، منشورات ذوي القربن، الطبعة الأولى، ١٤٢٧، ل ٣١٨. عبدالمنعم الحفني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٦).

# عەقلانیەت و بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنە

ن: علی کریم

دەستنیشانکردنی بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنە یەکێکە لەو بابەتانەی، کە زۆرترین جیاوازی لە نێوان فەیلەسوف و بیرمەند و باسکار و مێژوونوساندا دروستکردوە. بەوەی کە تا ئێستا نەك هەر ناوکۆییەك لە سەر دەستنیشان کردنی بنەماو ڕاگرەکانی مۆدێرنە وەك پرۆژە ی ژیاری خۆرئاوا نیە ،بەڵکو جیاوازی تاڕادەی پێچەوانە بوون بەدیدەکرێت.

ئێمە کاتێك قسە لە پرۆژەی مۆدێرنە ،بە هەموو چەمکە پێویستیەکانیەوە دەکەین قسە لە شتێکی بەرجەستە دەکەین کە مێژوویەکی بەرجەستەو دیاری کراوی هەیەو کۆمەڵێ خەسڵەتو ڕاگرو چەندین ڕەگەزی دیاری هەیە، هەموو ئەمانەش لە بارودۆخێکی تایبەت و دیاری کراودا سەریانهەڵداوە و گەشەیانکردوە .

ئەوەندەی من لە پرۆژەی مۆدێرنە وورد دەبمەوە ، ئەوا عەقڵانیەت وەك چاوگی ئەو پرۆژەیە دەبینم .وەلەیەکەم رووبەڕووبوونەوەی ئاینی و تەفسیری رەسمی کەنیسەوە لەئەوروپا لە ویژدان و بیرکردنەوەی تاك وکۆی ئەوروپیدا عەقڵانیەت پاشەکشە بە خورافیات و ئەو بیروڕایانە دەکات ، کە هەموو سنورێکیان لە بێڕێزکردنی عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ تێپەراندبوو .بەمەش عەقڵانیەت ڕەچەی ئازادی بیرکردنەوە دەشکێنێ و لەوێوە دۆگمابوون توشی درز تێکەوتن دەبێت و لەو درزەشەوە بنەماکانی دیکەی مۆدێرنە پێ بەپێ لەگەڵ بەکلتوور بوونی عەقڵانیەت و پاشەکشێی ناعەقڵانیبوون خۆیان دادەرێژن و شکڵ دەگرن .

بەرلەوەی بمانەوێ کە قسە لە بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنە بکەین، ئەوا دەبێت ڕێژەیی بوون ومێژوویی بوونی ئەو پرۆژەیە لە بەرچاو بگرین،واتە سەرهەڵدان و گەشەکردنی لە چوارچێوەی شوێن وکاتێکی دیاری کراودا .بەمەش لە بەپیرۆز سەیرکردن رزگاری بکەین تا بتوانین بنەما مرۆییەکانی بخەینە مناقشەی جدیەوە .

( سید یسین) پێی وایە کە پرۆژەی مۆدێرنە لەسەر تاك پەروەری و عەقلانیەت و دانراوی و زانست و تەکنەلۆژیا بنیادنراوە[1]. بەلاَم لای (سید ولد اباه) پرۆژەی مۆدێرنە لە سەر چوار کۆڵەکە ڕاوەستاوە کە دەتوانین بەم شێوەیە کورتیان بکەینەوە (عەقلانیەت + مێژوویی بوون + ئازادی + عەلمانیەت)[2] .

**وەهەموشمان دەزانین هەریەك لەم چەمکانە چەندەها خوێندنەوەی جیاجیا قبوڵدەکەن .ئەگەر هەڵوەستەیەکی خێرایان لەسەر بکەین :**

١- ***عەقلانیەت*** :- بەسادەترین تەفسیر عەقلانیەت پێی وایە خود سەرچاوەی مەعریفەیە ، بەو ئیعتیبارەی کە هۆشیاری بوون دەنوێنێ،و حوکمە عەقلانیەکان دەربارەی دەردەکات. هەروەك عەقلانیەت لە نمونە : تموحێکی زانستییە بەو پێیەی عەقلانیەت ئامانجی (( کۆنترۆڵکردنی سروشتە لەلایەن مرۆڤەوە)) هەروەك لە تەکنۆکرات بوون دا تێڕوانینێك بۆ بوون دەبینێ .

٢- ***مێژوویی بوون***:- واتە لەچوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراودا گۆڕانەکان ڕوودەدەن، واتە نوێگەری لە سەر مەعقول بوونی گۆڕان وەستاوە وە بوەتە هۆی دروست بوونی تێڕوانینێکی بزوتنەوەیی بۆ کۆمەڵگە و ئەم تێگەیشتنە واقعیەش قۆناغەکانی گەشەکردن وپێشکەوتنی مۆدێرنە دیاری دەکات، وە ئەو گەشەکردنە ملکەچە بۆ پێوانەکانی پێشکەوتن،وە هەر ئەم واقعی بوونەش هیوایەکی زۆری لای خەڵکی ئەوروپا دروستکرد کە چیدیکە ملکەچی ئەو روانینانە نەبن کەهیچ پەیوەندیەکی بەواقع و ژیانی کرداری ئەوانەوە نیە .

٣- ***ئازادی***:- مۆدێرنە لەجەوهەردا ئازادیە و هەربۆنمونە وەك زەمینەیەك شەرعیەتی دەسەلاَت بەشێوەیەکی نوێ دیاری دەکات،وە جەخت دەکاتەوە لە سەر مافی مرۆڤ لە بڕیاردانی کاروبارە مەدەنیەکانی بەبێ زۆر لێکردن و کۆت،هەروەك ئەو گوتەزایە خۆی ڕەگەزەکانی ممارەسەی ئابوری دەستەبەر دەکات. واتە ئەم ئازادیەی لە مۆدێرنەدا دەستەبەر بوو هەم سیاسی وفکری و هەم ئاینی و هەم ئابوری و هەم کۆمەڵایەتی بوو, هەم گشتی بۆ نەتەوەکان و کۆمەڵەو دامەزراوە و هەم تایبەتی بوو بۆ تاکە کەس .

٤- ***عەلمانیەت***:- واتە جیاکردنەوەی دەسەلاَتی سیاسی لە دەزگای دینی وەکردنەوەی دەرگا لە بەردەم لادانی پیرۆزی لە سەر دەقە پیرۆزەکان ،وە لەبەرامبەر ئەمەدا سەرچاوەگرتن لە (مرۆڤە)وە وەك(مەرجەعی) شەرعیەت و مومارەسەی تیۆری و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی سیاسی. لەمۆدێرنەدا ئەم عەلمانیەتە سەرەتا بەدژایەتی ئاین دەستپێدەکات بەلاَم دواتر بە جیاکردنەوەی لەدەسەلاَت و سیاسەت و دواتریش بە جێکردنەوەی لە ژیانی تایبەتدا کۆتایی دێت .

وە لەلایەکی ترەوە دکتۆر(عدنان رضا الخوی) وای دەبینێ کە پێکهاتەو

کۆڵەکەکانی مۆدێرنە لەمانەی خوارەوە خەست دەبێتەوە:[٣]

١- مۆدێرنە بریتیە لە تێگەیشتنێکی گشتی لە بینینی ژیان و گەردوون،وەلە سەر لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان هەڵنایەت.

٢- کۆنی و جێگیر بوون ڕەتدەکاتەوە ،وە ژیان و گەردوون وەك بزاوتێکی هەمیشەیی و گۆڕانێکی بەردەوام دەبینێ.

٣- ڕەتکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئاین و ئەو کەلەپورەی کە لە سەر ئاین بنیاد نراوە بەشێوەیەکی تەواو.

٤- تێکشکاندنی زمان بە ڕستەسازیو وشەسازی و ڕەوانبێژیەکەیەوە،وە هەروەها بە پەخشان و هۆنراوەیەوە.

٥- بەشێکی مۆدێرنە بریتیە لە دوالیزمە دژیەکەکان ،یان دژیەکی دوانەیی.

٦- مۆدێرنە هیچ نرخێکی بۆ شت و گەوهەری شتەکان نابینێ تەنها وەك ئەوە نەبێ کە لەدایك بووە . پاشان نرخی شتەکان لە سەر پەیوەندیەکانی ئەو شتە لەگەڵ غەیری خۆی و بارودۆخەکەی ڕادەوەستێ. ئەوەش بوونی جەوهەری ڕەت دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەش ئەو دیاری کردنە بۆ کۆڵەکەو ڕەگەزەکانی مۆدێرنە زیادەڕۆیی تیاکراوە و بابەتی بوونی تێپەڕاندوەو لە سەر وەڵامێکی ئامادەو پێشوەختی ئایدۆلۆژی بنیات نراوە ،وە ئەو بۆچوونە لە سەر ڕەهەندە فیکری و فەلسەڤی و ئەدەبیەکانی پرۆژەی مۆدێرنە خەست دەبێتەوە و لایەنەکانی تری فەرامۆش کردووە.

لە ڕاستیدا لە ماوەی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە دەست کرا بە دارشتنی بنەما فیکریو زانستی و فەلسەفی و سیاسیەکانی مۆدێرنە. ئەو مۆدێرنەیەی لە شێوەی فیکری تاکگەرایی وعەقلآنی کە (دیکارت) و فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری بانگەوازیان بۆ کردوەو موژدەیان پێداوە، هەروەك دەوڵەتی ناوەندی پشت بەستوو بە تەکەنەلۆژیاو بەڕێوەبەریە نوێیەکان دەرکەوت، وە شێوازە کۆنەکانی سیستەمی فیودالی گۆڕی...زیاد لەوەش سەرەتاکانی دانانی ڕێسا سەرەتاییەکان بۆ زانستەکانی فیزیا و سروشتزانی وئەوەی کە سەری کێشا بۆ بەرهەمە بەراییەکانی تەکنەلۆژیا و پلانە جێبەجێ کاریەکان دەستپێکرد... بەڵام لەسەر ئاستی کلتوری ئەوا ئەو دوو سەدەیە بەوە جیادەکرێنەوە کە ئەوەی ئاینی بوو جیاکرایەوە لەوەی کە دنیاییە ، بەدواشیدا دورخستنەوەی کەنیسە لە دەست خستنە ناو کاروباری داهێنان و کاری هونەریو زانستیەوە .وە سەرەڕای ئەوەش کە مۆدێرنە ئاماژە بوو بۆ شێوازێکی تازەی ژیان ،بەڵام لەمانایەکیدا ئاماژە بوو بۆ





جێبەجێکردنی سەرەتاکانی پرۆژەی ژیاری بۆرژوازی لیبراڵی. ئەوەی کە تائێستا بەردەوامە لە گۆڕان و گەلاڵە بوون بەبەردەوامی لەتازەبونەوە و شکلگرتن دایە لە مۆدێرنترین شێوازدا . بەڵام ئەمەش لە چوارچێوەی ململانێیەکی هەمەلایەنەو شارستانیانە کە پشت بەداهێنان و خۆسەلماندن دەبەستێ.

**وە ئەگەر (جان بودیار ) پێی وابێ ، کە مۆدێرنە تیۆرێك نیە هێندەی دەبێتە مەنتقێك و روداوەکانی لە باقی تێڕوانینە کۆنە باوەکانی تر جیا دەکاتەوە ،ئەو وای دەبینێ کە مۆدێرنە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و لایەن و کۆڵەکەی هەیە لەوانە:**

یەکەم/ ڕەهەندی تەکنەلۆژی – زانستی.

دووەم/ ڕەهەندی سیاسی یاخود بنیادی سیاسی مۆدێرنە.

سێهەم/ ڕەهەندی سایکۆلۆژی مۆدێرنە[٤] .

هەریەکێك لەم ڕاگرو ڕەهەندانە زۆر هەڵدەگرێ لە سەری بگوترێ بەڵام ئەگەر بە کورتی هەڵوێستە لە سەر هەریەکەیان بکەین دەکرێ باشتر لە مەغزاکانیان بگەین:

***یەکەم /*** لایەنی تەکنەلۆژی زانستی ئەو گەشەکردنە سەرسوڕهێنەرەی ، بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیست، کە بۆ زانستو تەکنەلۆژیاو گەشەکردنی عەقلانی و میتۆدی و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو شێوازەکانی بەڕێوەبردن و سیتسماتیزە کردنیان وەدی هات ،سروشتێکی وایدا بە مۆدێرنە کە سەدەی ٢٠ سەدەی بەرهەم هێنانە ، کە خۆی لە بەهێزکردنی کاری مرۆیی و توندکردنی دەست بەسەراگرتنی سروشت دەبینێتەوە, بە پلەیەك کە مرۆڤ و سروشت بونە هێزی بەرهەمهێنەری پەیوەست بە یەکەوە و بە پلانی کارای زۆر بەهێز کەوتنە بەرهەمهێنانی کۆمەلگایەکی تازە .

***دووەم/*** لایەنی دووەم لە تێگەیشتنی سیاسی لە مۆدێرنە دا خۆی دەنوێنێ . بەوەی کە دەوڵەت بە شێوەیەك لە شێوەکان ،جۆرێك لە بەرزترین دەسەڵات و گرنگترین رەگەزی بەکاریگەر بەرجەستە دەکات .بەڵام ئەم باڵایی و گەورەییە بۆ بەرژەوەندی تاکپەروەریە . ئەمەش لە داڕشتنی دەستوور و یاساکان و دۆخی نمونەیی تاك لە ژێر ناونیشانی خاوەنداریەتی تایبەتدایە . وە ئەو داڕشتەیە و دۆخ و خاوەندارێتی یە بە بۆچونی (بۆدریار ) ((ژێرخانی سیاسی مۆدێرنە)) پێك دێنێ. سەرەڕای عەقلانیەتی بیرۆکراتی و بەرژەوەندی بەستراو بە هۆشیاری

تایبەتی تاکەوە .

پێشم وایە ئەو حاڵەتە کۆتایی هەموو سیستەمەکانی پێشوو ڕا دەنوێنێ، کە بە شێوەیەك بوو ژیانی سیاسی بە تێکەڵاوی و یەکانگیری دەچووە ناو پەیوەندیە تاکەکەسیەکان و تاکە کەس بەهەموو مانایەك لە بۆتەی گشتیدا دەتوایەوە .

لە ڕاستیدا هەژمونی دەوڵەتی بیرۆکراتی لەگەڵ پێشکەوتنی مۆدێرنە گەشەیەکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینی ،لە بەر ئەوەی پەیوەستە بە فراوانبوونی ئابوری ، سیاسی و شێوازەکانی ڕێکخستن.بیرمان نەچێت مۆدێرنە لە هەر لایەنێکی ژیاندا جەخت دەکاتەوە لەسەر نوێبوون و پڕکردنەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی و عەقلاًندنی لە سەر وێنە تایبەتەکەی .

*سێیەم/* لای (بۆدریار) مۆدێرنە لەوەدا دەردەکەوێ کە تێگەیشتنێکی (سایکۆلۆژی) یە . ئەوەش بەوەی ڕووبەڕووی مەبدەئی (ناوکۆیی بوون) (الاجماع) دەبێتەوە . ناوکۆییەك کە ناوەڕۆکێکی جادویی یان ئاینی بۆ کۆمەلگەی تەقلیدی هەیە. بەبڕوای ئێمە چاخی نوێ بەوە جیادەکرێتەوە کە تاك وەك بونەوەرێك کە خاوەن هۆشیاریەکی سەربەخۆیە دەردەکەوێ.[*] لە گەڵ ئەوەشدا بە نەفسیەتی خۆی و ململانێ خودیەکان،وە بەرژەوەندی تایبەتی شوناس وەردەگرێ.

بەڵام بەبێ ئەو هوشیاریە لە واقیعدا پلەبەند دەکرێت بە ژینگەیەك ، کە دەورەدراوە بە تۆڕێك ناوەندی گەیاندن و بە ڕێکخستنەکان و دەزگاکان. وە هەوڵی ڕامکردنی دەدات بە فۆرمە نوێیەکەی لە سەر ئاستە جیاجیاکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی وکلتوری و...هتد ئەمەش وادەکات ئەگەر تاك ڕووبەڕووی ئەو ژینگەیە نەبێتەوە کە تیایدا دەژی و خودیەتی خۆی وەك تاکێك بەردەوام نەسەلمێنێ، ئەوا لە دەستدانی ناسنامەکەی (ناسنامەی تاکایەتی) ببێتە شتێکی حەتمی.

بەکورتی زیادەڕۆیی نیە گەر لەگەڵ بۆدلێر بڵێین (( لە مۆدێرنە دا تاك دەگەڕێ بە دوای قەرەبوو کردنەوەی سیستەمێك بۆ بەکەسی کردن (شخصیه) لە ڕێگای شتەکان و هێماکان))

بەو شێوەیە سەرەڕای ئەوەش کە مۆدێرنە دژی هەموو پێناسە کردنێکە، چونکە بەردەوام فۆرمی تازە و بەهای تازە و میکانیزم و شێوازی تازە دادێنێ، بەڵام بە دیدی (بۆدریار) دەکرێ هەندێ لایەن وچەمکی جیاکەرەوەی دیاری بکرێ،

*یەکەم:* مۆدێرنە بەوپێیەی بەرجەستەی بوونی نمونەو شێوازە نوێیەکانە .

*دووەم:* لە بەر ئەوەی لە تێڕوانین و جوڵەکانیدا جیاوازە لە تێڕوانینە



کلاسیکیەکان بۆ جیهان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا دنیایەك ڕاو تێڕوانینی جیاواز هەیە لە سەر بابەتی دیاری کردنی کۆڵەکە و ڕەگەز و بنەماو بنچینەکانی پرۆژەی مۆدێرنە کە کات و بوارێکی زۆرتری دەوێت بۆ تاوتوێکردن.

**بیناش لە سەر ئەو ڕاستیە بە ئیجتهادی من دەکرێ بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنە بەم شێوەیە دیاری بکەین :**

⋆ عەقلانیەت (وەك شێوازێکی بیرکردنەوە ) و وەك سەرچاوەی هەموو بنەماکانی دیکەی مۆدێرنە .

⋆ عەلمانیەت(وەك دیدێکی مەعریفی بۆ گەردوون و ژیان و دابڕینی پیرۆزی و ئاین لە سیاسەت).

⋆ دیموکراسی (وەك شێوازێك بۆ مومارەسە کردنی سەروەری لەلایەن گەلەوە بە مانای خەڵك کردنە سەرچاوە بۆ دەسەڵات و شەرعیەتی دەسەلآت).

⋆ تاك پەروەری (یانی پێدانی بوارێکی فراوانتر بە تاك بۆ بەشداری کردن لە ژیان بەشێوەیەکی گشتی،بە شێوەیەك کە پشت بە خودی خۆی و بە کەسیەتی خۆی ببەستێ. واتە بەپێی لۆژیکی بە کەسی کردن (شخصیه) بەشداریەکی هەمەلایەنەی ژیانی کۆمەڵگا بکات لە دەرەوەی شێوازە کلاسیکیەکانی ئینتیماو کار) بەمەش پاراستنی بەهای تایبەتمەندێتی تاك وەك خۆبوون و بۆ خۆ ژیان .

⋆ زانست و تەکنەلۆژیا(وەك بەرهەمی عەقلانیەتی مۆدێرن)

وە ئێمە لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر عەقلانیەت دەکەین و قسەکردن لەسەر بنەماکانی دیکە بۆ شوێن و کاتی تر بەجێدێڵین :

## عەقلانیەت

عەقلانیەت یەکێکە لە بنەما سەرەکی وبنەڕەتیەکانی پرۆژەی مۆدێرنە. ئەو عەقلانیەتەش بەم فۆرم و جەوهەرە تازەیەوە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا گەلاڵە کراو چەمك و هێڵە گشتیەکانی داڕێژران لە سەر دەستی فەیلەسوف و بیرمەندانی ئەو قۆناغە. بەتایبەتی فەیلەسوفانی وەك (کانت ورۆسۆ و هیگل و مارکس)کە ناوە هەرە دیارەکانی ئەو بوارەن .وە بۆچونەکانیان بە کاریگەرترین تێبینی دادەنرێن لەسەر ڕەوشی گشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگای خۆرئاوایی، بەڵکو پێ بەپێی دروستکەری واقیعی ئەوروپای نوێن. ئەگەر چی ناکرێ پێشینە مێژووییەکانی ئەو عەقلانیەتە لە بەرچاو نەگیرێت. بە مانای دابڕینی لە ڕەنگدانەوە و پەرچەکردارەکانی ئەو شەپۆلە عەقلانیانەی کە لە کلتوری

پێشوتری مرۆڤایەتی دا و لە شوێن کاتە جیاجیاکان سەریان هەڵداوە . وە بەتایبەت و دیاریکراو لە کلتوری خۆرئاوا ( یۆنانی کۆن ) و کلتوری ئیسلامی (لەنمونەی بەرهەمەکانی ئیبن رۆشد ) دا.

ئەم عەقلانیەتە بنیادی ژیاری نوێی خۆرئاوایە و بەشێوەیەکی گشتی لای نوسەرانی فەلسەفەی خۆرئاوایی هاوچەرخ (( جەوهەر و رۆحی مۆدێرنەیە))[٥] بە گوزارشتێکی تر رەهەندە فیکریەکانی پرۆژەی مۆدێرنە لە سەر عەقلانیەت بنیادنراوە. لێرەشەوە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئەو رەهەندە فیکری و فەلسەفیانە لە سەردەمی رۆشنگەریدا رەنگرێژ کران.

عەقلانیەت ئەگەرچی سەرەتا لە فیکرەوە دەستی پێکرد بەڵام دواتر دادەبەزێتە ناو کۆی کایە جیاواز و جۆراو جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەوە،هەر لە سیاسەتەوە بیگرە تا ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و...هتد. واتە ئەم عەقلانیەتە دەبێتە سیستەمێك بۆ بیرکردنەوە و رێبازێك بۆ ژیان و کۆمەڵگە ، وە دەروازەیەك بۆ گەردوون وکۆنترۆڵی سروشت و بەهایەکی باڵا بۆ مرۆڤی نوێ .

لێرەشەوە لە سەر بنەمای ئەم بەرز نرخاندنەی میتۆدی بیرکردنەوەی عەقڵانی ،لە هەناوی مۆدێرنەدا زانست و عەقلانیەت چونە بۆتەی پیرۆزیەکانەوە و پیرۆزیشیان بووە بابەتێکی سازش هەڵنەگر تا رادەی پەرستن.

بەپێی میتۆدی عەقلانیەت عەقڵ تەنها سەرچاوەی راستی و زانیارییەو زانستیش کە بۆخۆی بەرهەمی عەقڵە تەنها پێوەری چەمکەکان و شتەکانە. ئەم بابەتەش دەبێتە دروشمی سەرەکی عەقلانیەت و بە گوتەزای ((هیچ دەسەلاتێك لە سەروی عەقڵەوە نیە تەنها عەقڵ نەبێت)) گوزارشتی لێدەکرێت. ئەم گوزارشتەش سەردەمێکی درێژ دروشمی کۆمەڵگەی نوێی خۆرئاوا بووە، بەتایبەت روناکبیر و توێژی دەستەبژێرەکان (النخبة).

ئەم عەقلانیەتە هەر زانیاریەك ملکەچی رەخنەو پێداچوونەوە نەبێت رەت دەکاتەوە . بەڵکو بەڵگەکاری رەخنەو پێداچوونەوەی بەردەوام و بەرێژەیی وەرگرتنی زانیاریەکان بەتایبەت لە بواری زانیاریە مرۆییەکاندا شوناسنامەیەتی.

بەمەش رەفتار و ئاکاری مرۆڤەکانی لە ئەفسانەو دیاردە پرو پوچەکان داماڵیو پێگەی پیرۆزی کلاسیکی کە نمونەی پیرۆزی ئاینی لە خۆرئاوا هەڵتەکاند و سیمبولەکانی پاکسازی کردن و دانپیانانی لە هەر هێزو دەسەلاتێك کە بخوازێ



لە سەروی عەقڵ و زانستەوە خۆی ببینێ و مانا بە ژیانی کۆمەڵگە بدات کێشایەوە.

بە مانایەکی تر بانگەشەی نەهێشتنی ئاینی کەنیسە و ئیلحاد و بێدینی بووە ستراتیژیەتی رەوتی عەقلانیەت ، هەرلێرەشەوە کۆمەڵێ فەیلەسوف لە وێنەی(کانت)دا پێیان وابوو کە عەقڵ بەهاو ئاکاری مرۆڤ دروست دەکات.وە پێویستە یاساو بڕیارەکانی هەموو شتێکی پێ رەنگرێژ بکرێت. واتە عەقڵ لەو جیهانبینیەدا بەرهەمهێنی ((دادپەروەری))ە. بەڵکو کۆی چەمك و مانا جوانەکان بەرهەمی عەقڵن و ئامانجی سەرەکیش بەختەوەرکردنی مرۆڤە.

بەڵام ئەم گوتارە بە تێپەڕبوونی کات لە زۆر بەڵێن پاشگەز دەبێتەوە و لەگەڵ پێشکەشکردنی دەسکەوت و داهێنان گەلێکی لە ژمارە نەهاتوو بۆ خۆرئاوا و مرۆڤایەتی ،ئەو مانا ناشیرین و کارەسات و دەرهاویشتە نێگەتیڤانەش کەم نین کە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەیان هێنێت، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد . لە سەر هەموو ئاستە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی و کلتوری و سەربازیەکان.

هەروەکو (الان تورین ) ئاماژەی بۆ دەکات کە بەهێزترین وێنا کردنی خۆرئاوا بۆ مۆدێرنە ئەو وێنا کردنەی کە قوڵترین شوێنەواری هەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە عەقلاندن (بەعەقلانیکردن) تێکدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و سۆز و نەریت و ئەو بیرو باوەڕانەی کەپێیان دەڵێن کلاسیکی پێویست دەکات.وە ((هۆکاری نوێکردنەوە دەستەیەك یاخود چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت نین بەڵکو ئەوە خودی عەقڵ و ئەو زەرورەتە مێژوویەیە ، کە رێگا بۆ سەرکەوتنی خۆشدەکات. ئابەم شێوەیە عەقلاندن ،ئەو پێکهاتەیەیە کە بێ گومان مۆدێرنە لەوەوەیە ،سەرەڕای ئەمەش دەبێتە ئامێرێکی بەیەك گەیەنەرو زۆر پێویست بۆ نوێکردنەوە ))[٦].

ئەم عەقلانیەتە هۆشیاریەکی وا دروست دەکات ، کە چەمکەکانی ((پێشکەوتن،دابڕان لە ڕابردوو، دادپەروەری،یەکسانی ،دەوڵەتی هاوڵاتی،دەسەڵاتی یاسا،مرۆڤ سالاری،رێزگرتنی تایبەتمەندیەکان، فرەیی،کۆمەڵگای مەدەنی)) دەبنە چەمك و گوتەزاو رەگەزەکانی.

کۆمەڵگای خۆرئاواش بە پاڵپشتی ئەو هوشیاریە تەندروستە دەکەوێتە سەر خولگەیەکی شارستانی و بێ وەستان وبێ پسانەوە و بەردەوام بەرەو داهێنان و

نوێكردنەوەو ڕێنیسانسی ژیاری یەك بەدوای یەكدا هەنگاو دەنێ،وە ململانێ لەگەڵ كاتدا دەكات. هەروەها (دانیاڵ هێر فیولجنە)باسكاری فەرەنسی پێی وایە: كە عەقلانیەت وەك پێگەیەكی سەرەكی مۆدێرنەو وەبەجەختكردنەوە لە سەر زانست و تەكنەلۆژیا گۆڕانكاریە مەزنەكانی بەرجەستەكرد[٧] .

بەكۆبەندی ئەو ڕاستیەمان لا دەچەسپێ ، كە پرۆژەی مۆدێرنە لە سەر بنەمای عەقلانیەت ڕاوەستاوەو عەقلانیەتیش گریمانەی بوونی عەقڵ (Reason) دەكات لە تێكرای لایەنەكانی ژیاندا .

كە ئەمەش زەمینەی ئەوەی سازاند كە ڕەهاكان بە ڕێژەیی بكرێنەوە،وە باوەڕو دڵنیاییە پێشوەختەكان بە گومان و بەڵگە كاری واقیعی و زانستی بگۆڕدرێن. بەڵكو (گومان) بەمانا فەلسەفیەكەی بوو بە بزوێنەرو داینەموی هەر داهێنان و هەنگاو و چالاكیەك لە هەر بوارێكدا بێت. كە ئەم گومانەش بەرهەمی هوشیاریەكە كە عەقڵ مانای پێدەدات. دواتر پرۆژەی مۆدێرنە ئەم هۆشیاریە عەقلانیە دادەبەزێنێتە ناو تێكرای لایەنەكانی سیاسەت و كۆمەلایەتی و كلتوری و ئابووری و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردن ...هتد .وە هەر لە هەناوی ئەم عەقلانیەتەشەوە بنەما و ڕاگرە سەرەكیەكانی دیكەی پرۆژەی مۆدێرنە لە دایك دەبن ، كە خۆیان لە عەلمانیەت و زانست و تەكنەلۆژیاو دیموكراسیەت و تاكپەروەریدا دەنوێنن.

بەلام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت كە عەقلانیەتی مۆدێرن هیوایەكی دوورمەودایە ،وەك ئومێدێك بەردەوام پەرەدەستێنێ. بەلام ئەمڕۆكە پرۆژەی مۆدێرنە لە دەستەبەركردنی تێكرای ئامانجەكانیدا جۆرێك لە دەستەپاچەیی دروستكردوەو كەوتۆتە ئیشكالەوە چونكە ئامانجەكانی زۆر لە خۆی گەورەتربوون و لە زۆر بواردا بەتایبەتی لە بارەی ڕەشكردنەوەی چەمكی خوا لای مرۆڤ و چەمكی ئاین و ڕەهەندە ڕۆحیەكانی مرۆڤی نوێ،لە شێوەی ئەفسانەیەكدا خۆی دەنواند.بۆیە ئەوەی ئێستا سازش كردنە لەسەر زۆر شتی پێشوو وە دروشمی سەرەكی كۆمەلگەی تازەش (ئاین بۆ خوایە و نیشتمانیش بۆ هەموان ) وە هەمووشمان تیایدا دەبینە هاوڵاتی .

ئەم عەقڵانیەتە عەقلاندنی فكر بوو لەپێناو ڕزگاركردنی لە دۆگمابوون، وە عەقڵاندنی سیاسەت بوو وە ڕزگاركردنی بوو لەدەست قەدەر , عەقڵاندنی



كۆمەلگە بوو بۆ ڕزگاركردنی لە دەست بەنجكردنی ئایدیۆلۆژیانەی خەڵك بۆ پاپا و گروهێكی دیاریكراو ...عەقلاندنی ئەمڕۆ بوو لەپێناو ڕزگاركردنی لە كۆنترۆڵی دوێنێ لە پێناو سبەینێدا .

★ ئەم نووسنە بەشێكە لەكتێبێكی بلاونەكراوەی نوسەر بەناوی مۆدێرنە لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەلات .

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

## پەراوێزەكان


١. السيد يسين،العالمية والعولمة،ط ١، ٢٠٠٠،ص٢٨٩.

٢. السيد ولد اباه،بومدين بوزيد واخرين،قضيا التنوير والنهضة فى الفكر العربى المعاصر،ط١، ١٩٩٩، ص٩٢-٩٣.

٣. د.عدنان على رضاالخوى،الحداثة فى منظور ايمانى،مصدر سبق ذكره،ص٢٥٠-٢٥١.

٤. محمد نورالدين افاية،مصدر سبق ذكره،ص١١٣.

٥. د.محمد مدد ثور،خود اطاهى تاريخى (كتاب سوم)تجدد وسنت،ض ١٣٨٠/٢٠٠١،ص٨٠.

٦. الان تورين،نقدالحداثة،م.س،ص١٧.

٧. السيد يسين ،س.پ،ل٢٩٠.

٨.

# پـــــراگمـــــاتيـــزم

م. هيوا عزيز

## پێشەکی :

فيكرى فەلسەفى ئـەمريكى چێندراوێكى هەمەچەشن‌و فرەئاڕاستەى ناوچـە جياجياكـانى جيهانـە، كەلەڕێگـەى ئـەو خەڵكە جۆراوجۆرانـەوە كـە ناوچـەكانى خۆيـان لـەپێناو گـەڕان بـەدواى سـامان‌و ئازاديـدا جێهێـشتووە، فەلـسەفەى جۆراوجۆرو هونەرو تێڕوانين‌و بيرى ئايينى هەمەچەشن گەيشتۆتە ئەو وڵاتـەو بووەتە مايەى پێكهێنانى فيكرى ئەمريكى.

بۆيـه نـەوەكانى ئـەمريكا لەباوانـه كۆچـكردووەكانيانەوە (بـوێرى‌و پـشتبەخۆبەستن‌و ئـارەزووى جەربـەزەيى‌و رزگـاربون‌و ئـازادى لەنەريتـەكان‌و خستنەكارى ژيرى لەپێناو ڕامكردنى سروشت)يان وەك مـيرات بۆماوەتـەوە، ئـەو پەرەسـەندن‌و داهێنـان‌و دەسـتكەوتە مـاددى‌و بەرجەسـتانەش بەڵگـەى ڕوون‌و ئاشكران لەسەر دروسـتى ڕێـچكەى ميكانيزمـه بەكارهاتووەكان،لـەم پێنـاوەدا ئـەم خەسڵەت‌و سيمايانە كرۆكى فەلسەفەى پراگماتيزم پێكدەهێنن.

بۆ ئەم مەبەستەو زياتر ئاشنابوون بەچـەمك‌و مانـاى پراگمـاتيزم‌و سـەرەتاو گەشـەكردنى مێـژوويى ئـەم ئايديايـەو هەڵوێـستى لەمـەڕ ئـايين‌و راسـتى، هەوڵدەدەين لەچەند تەوەرێكى خێرادا قسە لەسەر پراگمـاتيزم بكـەين‌و بەشـێك لەم فەلسەفەيە ڕوونبكەينەوە .

## يەكەم- پێناسەو چەمكى پراگماتيزم:

ئێمە بۆ ئەوەى (پراگماتيزم) وەك فەلسەفەو چەمكێكى فيكرى بناسێنين، دەبێت هەوڵبـدەين لەبنـەڕەت‌و سەرچـاوەى گەلاڵـەبوونى ئـەم چـەمكە بـدوێين‌و لـەڕووى زاراوەيى‌و زمانەوانيەوە دەستپێبكەين .

لەبەرئـەوە كاتێـك لـەرووى زاراوەيـى‌و زمانەوانيـەوە بـەدواى ئـەم چـەمكەدا دەگەڕێين، دەبينين (پراگماتيزم) ووشەيەكى داتاشراوى زمـانى يۆنانيـەو لـە(Pragma) وەرگيراوە، كە بەماناى (كاركردن) دێت[١] .

لەفەرهـەنگى سياسـى (ئـارەش)داو لـەژێر چـەمكى پراگماتيزمـدا نوسـراوە:



"پراگماتيزم لە زاراوەى (Pragmatos,Pragma) كەبەماناى (كردە) دێت وەرگيراوە[٢].

ڕۆمانەكانيش ئـەم ووشـەيەيان لەدەسـتەواژەى (Pragmaticus) بـەكارهێناوە، كەمەبەستيان پێى (كەسانى قاڵو بەئەزمون)بووە، بەتايبەتى لەبوارى ياسادا[٣] .

بەڵام لـه تێروانينێكى تـرەوە پراگمـاتيزم‌و ريـشە يۆنانيەكـەى لەفەلـسەفەى (فيساگۆرس)دا هاتووەو گەيـشتۆتە بـاكورى جـەرمانى‌و لەفەلـسەفەى (Nictzche-نيتشە)دا بەكارهاتووە، لەزمانى گريكى لە ووشەى (Tpayua) وەرگـيراوە بـەماناى (ئاكارى سودمەندو سودمەندێكى تاك‌و كۆمەڵ (Pragma)[٤] .

پراگمـاتيزم وەك چـەمك پێناسـەيەكى گـشتگيرو دامـەزراوى بـۆ نـەكراوە، ئەمـەش بـۆ ئـەو جۆراوجۆرييـە دەگەڕێتـەوە كەلەبنەڕەتـە فيكرييـەكانى ئـەم ئايديايەدا هەيە، بۆيە هەوڵدان بۆ دۆزينـەوەى پێناسـێك كـە هـەموو لايەنـەكانى ئەم ئايديايە بخاتەڕوو كـارێكى سـەختە، باشـترين بەڵگـەو نمونـەش ئەوكارەيەكـە (ئارسەر لوفجوى) لەسـاڵى (١٩٠٨)دا ئەنجاميـداو تـوانى سـيانزە مانـاى جيـاواز بـۆ پراگماتيزم بدۆزێتـەوە، كە هەندێكيان دژو پێچەوانەى هەندێكى تريان بوون.

هەروەها هۆكارێكى ترى فرە پێناسەيى ئەم چەمكە پەيوەندى بـەو لايەنـەوە هەيـە كـە پراگمـاتيزم وەك فەلـسەفە، لايەنـدارو بـوارى پراكتيزەبـوونى لەكايـە جۆراجۆرەكـانى مەعريفـەدا هـەبووە، لەوانـە: (زانـستە سروشـتيەكان‌و ياسـاو ئـەدەب‌و كۆمەڵناسـى‌و سياسـى) ، هـەربوارێكيش لەسـەر بنـەڕەتى ئەزمونـە تايبەتيەكانى خۆيەوە راڤەو پراكتيـزەى ئـەم چەمكەيان كـردووە، لێرەوەيـە كـە (يابينى) ئاماژە بـۆ ئـەم راستيە دەكات‌و نووسيويەتى: "ناتوانرێت پراگمـاتيزم پێناسە بكرێت، ئەگەر هەر كەسێك هەوڵبدات لە چوارچێوەى چەند گوزارشتێكى كەم‌و دياريكراودا پێناسـەى (پراگمـاتيزم) بكات‌و قەتيـسيبدات، ئـەوا خـراپترين شتى ناپراگماتيانەى پەيڕەوكردووە"[٥] .

بـەڵام هێشتا ئـەم لايەنانـەى ئاماژەمـان پێكـردن ڕێگـرو بەربەسـت نـەبوون لەبەردەم ئەوەى كـە فەرهـەنگ‌و ڕۆشـنبيران هەوڵبـدەن ئـەم چـەمكە بناسێنين‌و بەخوێنـەرانى ئاشـنا بكـەن، لەبەرئـەوە ئێمـەش هەوڵـدەدەين ،كـە چـەند پێناسەيەكى ئەم چەمكە بخەينەڕوو.

فەرهـەنگى (ويبـستەر-Webester)ى جيهـانى لەپێناسـەى پراگماتيزمـدا نوسـيويەتى: "ئەو ئاڕاستە فەلسەفيەيە كە(چارلز پيرس)و (وليام جيمس) گەلاڵـەيانكرد، بانگەشـەيان بـۆ ئـەوەكرد كـە راسـتێتى چـەمكەكان تـەنها بەئـەزمونكردنى زانـستى دەچەسـپێت، كەمەبەست پێى (كارى سوودبەخش) يان (بەدواداچوونى سوودبەخش)بوو"[٦] .

لەئینسكلۆپیدیای بەریتانیداو لەساڵی (١٩٢٨)دا، لەبارەی پراگماتیزەوە بەمجۆرە ئاماژەی بۆكراوە كە: تیۆرێكی سوودگەرای سنووردارە لەچوارچێوەی فەلسەفەی ئەمریكیدا، پاشان بووە بەشێك لەئایدۆلۆژیای كارگێڕی ئەمریكی لەرێبازی دەستبەسەرداگرتن‌و ملكەچكردنی گەلان[٧].

هەروەها فەرهەنگی فەرەنسیش لەپێناسەی پراگماتیزمدا نوسیویەتی: "ئەو رێبازەیەكە پێوەری راستێتی بۆچوونەكان لەبەهای دەرەنجامەكانیدا دیاریدەكات، واتە راستی بەسەركەوتویی پێناسە دەكات"[٨].

لەفەرهەنگی سیاسی (ئارەش)دا پراگماتیزم "ئەو تیۆرەیە كە لەراستیدا بیر لەهەنگاو كردەوە دەكاتەوە، واتە ئەو شتەی كەبەكەڵك‌و قازانجە حەقیقەتی هەیە، شایانی ئەوەیە بەدوایدا بچی، هەوڵی بۆ بدرێت ... دەبێ مرۆڤ ئەو كارەبكات كەباش بێ‌و بەقازانج بێ"[٩].

(حسین بەشیریە) لەپێناسەی پراگماتیزمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە "پراگماتیزم بە بنەماو بنچینەی فەلسەفەی دیموكراسی دەژمێردرێت، بزوتنەوەیەكی فەلسەفییە كە باوەڕیوایە راستی‌و دروستی كارو بیرۆكەكان لەو (كەڵك‌و دەرەنجام)انەدایە كە دەیانبێت. كەواتە نەدەكرێت‌و نەدەشبێت بەدوای راستی ئامانجدارو راستی كۆتاییدا بگەڕێین! كەڵكی پراكتیكی تیۆریەكان‌و ئەندێشەو بیرۆكەكان، گرنگترین پێودانگی راستیەكانە"[١٠].

هەروەها لەڕووی فەلسەفیەوە پراگماتیزم بڕوای بەوەیە كەمانای فیكرو گریمانەكان‌و پاساوەكانیان‌و راستێتیان، لەروانگەی ناوەرۆكی كرداریٚ كەبایەخ‌و گرنگیان بۆ مرۆڤ هەیە دەپێورێت‌و هەڵدەسەنگێنرێت. ئەم بیروباوەرە لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا خاوەن پێگەو نفوزێكی فراوانە[١١]وكاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابوری‌و كەلتوری ئەم وڵاتە، كاریگەرییەكی حاشا هەڵنەگرە[١٢].

ئەم چەمكە لەئاستێكی گشتگیرتردا لەوەسفكردنی مومارەسەی سیاسی‌و ئەو ئامادەكارییەی لەخۆگونجاندن بۆ پێویستیەكان‌و تواناییەكان لەئێستادا دەگێرێتەبەر بەكاردێت، بێئەوەی بایەخێكی بەدامەزراوی تیۆرو بیروباوەڕەكان بدات[١٣].

یاخود بەدەربڕینێكی دیكە دەكرێت بڵێن "پراگماتیزم، عەقڵی كردەیی لەبەرامبەر عەقڵی تیۆری‌و میتافیزیك دادەنێت"[١٤].



## دووەم- مێژووی سەرهەڵدان‌و گەشەكردنی پراگماتیزم:

هەرچەند مێژووی سەرهەڵدان‌و گەشەكردنی پراگماتیزم، والێكدەدرێتەوە كەلەژێر كاریگەری‌و كاركردنی فەلسەفەی ئینگلیزی‌و هەریەك لە فەیلەسوفان (جیمس مل‌و جۆن ستیوارت مل)دا سەریهەڵداوە، كەئەمان باسیان لەرێبازی سودگەرایی‌و سوودمەندی بوو[١٥]، بەڵام بەگشتی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمكە بۆ یەكەمجارو دارشتنی پراگماتیزم وەك رێبازێكی فەلسەفی بۆ فەیلەسوفی ئەمریكی (چارلس ساندرس پیرس ١٨٣٩-١٩١٤) دەبرێتەوە، ئەمەش كاتێك بناغەی فەلسەفەكەی لەدوو لێكۆڵینەوەدا بەناوی (داكوتانی بیروباوەر - ١٨٧٧)و (چۆن وابكەین بیرمان روونبێت- ١٨٧٨) پێشكەشكرد، پاشان لەرێگەی توێژینەوە گرنگەكەی بەناوی (پراگماتیزم) لەساڵی (١٩٠٥) بەتەواوی گەڵاڵەیكرد[١٦].

لەگەڵ ئەمەشدا تێڕوانینی جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی كەئەم فەلسەفەیەی (پیرس) بناغە بێت بۆ فەلسەفەكەی (ولیام جیمس ١٨٤٢-١٩١٠) بەتایبەتی‌و پراگماتیزم بەگشتی، تەنانەت (پیرس) خۆیشی دژی ئەوەیە كە فەلسەفەكەی‌و بەكارهێنانی چەمكی پراگماتیزم، هاوشێوەو لێكچووی فەلسەفەو پراگماتیزمی (جیمس) بێت، بەڵام لەبەرامبەرداو سەرەڕای هەموو ئەمانە، (جیمس) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە (پیرس) دامەزرێنەری پراگماتیزمی ئەمریكی‌و تەنانەت فەلسەفەی پراگماتیكی هەموو جیهانە[١٧].

(پیرس)و(جیمس)و ئەوانیتر یانەیەكیان بەناوی (یانەی میتافیزیكی– The Metaphysical) لە (كیمبرج)و لەویلایەتی (ماساشوسیتی) پێكهێنا، پراگماتیزم بەرهەمی چالاكییە فەلسەفیەكانی ئەم یانەیە بوو، (پیرس) زمانحاڵ‌و دامەزرێنەری فەرمی‌و سەرەكی یانەكەبوو، بۆیە دەیوست كە ئەم یانەیە ببێتە بناغەیەكی لۆجیكی بۆ ئەو پرنسیپەی بەگوزارشتە بەناوبانگەكەی رایگەیاندبوو كە: "چاودێریكردنی شوێنەوارەكان، ئەوانەی كە ئەشێت دەرەنجامی كرداریان لەسەر ئەو بابەتانە هەبێت كە بیری لێدەكەینەوە، لێرەوە تێگەیشتن‌و بیركردنەوەمان لەو شوێنەوارانە هەموو تێگەیشتن‌و بیركردنەوەمانە لەبابەتەكان". پاشان زیاتر ئەم لایەنەی روونكردەوەو ووتی: "بیرۆكەكانمان لەبارەی شوێنەوارە راستەخۆو ناراستەوخۆكان، ئەو بیرۆكەیەیە دەرەنجامێكمان دەستدەخات، كە بەهۆی هەستەكانەوە سەبارەت بەبابەتێك هەستی پێدەكەین، واتە بیرۆكەكانمان ئەوانەن كە دەرحەق بەشوێنەوارە هەستپێكراوەكان

پەیدابوون، ئەم بیرۆكانە هیچ مانایەكیان نییە ئەگەر كاریگەری لەسەر ئەو ئاكارە زانستیانەمان نەبێت كە پێیدەگات، بەمانای ئەوەی بیرۆكەكان مانا بەئاكاری ئێمە دەبەخشێت"[١٨].

بۆیە دەكرێت بڵێین مەبەست لەپراگماتیزم لای (پیرس) وەك میتۆدێك بۆ بیركردنەوە، یاخود تیۆرێك لە(مانا یا مانابەخشین) بەكارهات[١٩]، هەروەك چۆن (پیرس) پراگماتیزمی بەشێوازێكی تایبەت بۆ زانستەكان بەكاربرد، هیچ جۆرە راڤەیەكی ئاكاریو ڕەوشتی یاخود میتافیزیكی نەبەخشییە ئەم چەمكە، كەلەوانەیە ئەمەبێت (پیرس) هانبدات بۆ ئەوەی دژی ئەوە بێت كە پراگماتیزمی (جیمس) لەژێركاركردی پراگماتیزمی (پیرس)دا گەڵاڵە بووبێت[٢٠].

جیاوازی (ولیام جیمس ١٨٤٢-١٩١٩) لە(پیرس) لەتێڕوانین بۆ پراگماتیزم، لەوەدابوو كە (جیمس) پراگماتیزمی وەك رێبازێكی فەلسەڤی تەواوو فەلسەفەی ئەزمونی رادیكاڵو تێڕوانینی فرەڕەهەند بۆ جیهان گەڵاڵەكرد، كەزیاتر وەك تیۆرێك لەراستگۆیی دایڕشتەوە.

(جیمس) پێیوابوو كە پراگماتیزم لەبەستنەوەی مانا بەدەرنجامە واقعیەكانەوە، بەرهەمی پەرەسەندنی سروشتی ئەزمونگەریی كلاسیكییە، بۆیە لەساڵی (١٩٠٧)دا كتێبەكەی (پراگماتیزم)ی بەناونیشانی (ناوێكی نویێ بۆ رێبازێكی دێرین لەبیركردنەوە) بڵاویكردەوەو پێشكەشی یادی (جۆن ستیوارت مل)ی كردو جەختی لەسەر ئەوەكردەوە كە ئەگەر لەژیاندا بوایە بەهەموو هێزییەوە بەرگری لە پراگماتیزم دەكرد. هەروەها لەكتێبی (ویستی بیروباوەڕ) لەساڵی (١٨٩٧)دا پاساوی پراگماتیزمی بۆ ئایین بەجۆرێك خستەڕوو، بەمانای ئەوەی بڕوابوون بەئایین، سوودو قازانجی لەوەدایە كە ئارامیو ئاسوودەیی دەروونیو دیسپلینی ئاكاریو ڕەوشتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

هەربۆیە لەبانگەشەكارانی ئازادیو دڵسۆزانی بوو، لەبەر هۆكارە پراگماتیەكان، بەشێوازێك ئاماژەی دەكرد كە ئازادی مرۆڤ دەرەنجامی كرداری بەسودیی لەخۆڕاگریی بەرپرسیارێتی هەیە، پێش مردنیو لەساڵی (١٩٠٩)دا كتێبی (مانای راستگۆیی: تەواوكاری پراگماتیزم)ی بڵاوكردەوە، كەلەمیانەیدا جەختی لەسەر ئەوەكردەوە كە راستگۆیی یان راستی، تایبەتمەندیی بیروباوەڕی مرۆییە نەك پێكهاتەو بوویەكی ڕەها، هەموو ئەوشتانەی دەكەونە دەرەوەی بازنەی مرۆیی (راستی) نین، بەڵكو (واقع)ن[٢١].

بەشێوەیەكی گشتی فەلسەفەی پراگماتیزمو تێگەیشتنو هەڵوێستی لەبەرامبەر



سستمو بەهاكان، لەدوو گوتەزادا یان لەدووخاڵدا دەردەكەوێت، یەكەمیان لەكەم بایەخیو بەكەمگرتنی بیرو تێڕوانینەكان، دووەم لەنكۆڵیكردن لەراستیو بەهاكان، بەمانایەكی تر ، كاركردن لای (جیمس) پێوەری راستیە، چونكە پێیوابوو "راستیو دروستی بیرۆكەیەك ئەوكاتەیە كەسودمەندە، ئەمەش مانای وایە كەسودو زیان، چارەنوسی وەرگرتن یان ڕەتكردنەوەی بیرۆكەیەك دیاریدەكەن"[٢٢].

هەروەها ئەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە(جیمس) لەبەرامبەر تێڕوانینی (پیرس)كاتێك باسی لەوەدەكرد ،كەمانای بیرۆكەكان مانا بەئاكاری مرۆڤەكان دەبەخشێت، ئەوەی گۆڕی بۆ رێسایەك لەراستگۆیی، تاوەكو بیرۆكە ئەوەبێت كەكاری پێدەكەین، واتە ناوەڕۆكی ئاكاریو ڕەوشتی بێت، ئەوا راستی ئەوە دەسەلمێنێت ، كە دەرەنجامی باشی لێدەكەوێتەوە، یان بەرێژەی ئەوەی یارمەتیدەرمانە بۆ گەیشتن بەپەیوەندیی لەگەڵ بەشەكانی ئەزمونی رابردوو و داهاتوودا. ئەم دیمانەی (راستی)یەی كە پراگماتیزم لای (جیمس) پێیدەگات، كرۆكو هەوێنی ئەم فەلسەفە زانستیەیە[٢٣].

لێرەوە بایەخو گرنگی (جیمس) بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە، یەكەمیان ئەوەیە كەلە كتێبەكەیدا(پراگماتیزم) ئەوە روندەكاتەوە كە پراگماتیزم دوولایەنی هەیە "لەلایەك میتۆدێكە جیمس پێیوایە هاوڕێكو هاوتای هەڵوێستی ئەزمونگەرییە، لەلایەكی ترەوە میكانیزمێكە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ جیهان".

دووەمیان، ئەو تیۆریەیەتی كەلە (ئەزمونگەری رادیكاڵی)داو لەوتارێكدا كەلەساڵی (١٩٠٤) بەناوی (ئایا هۆشیاری بوونی هەیە؟) بڵاویكردەوە. لەیەكەمیاندا (جیمس) گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە "تەنها شتێك شیاوی بایەخپێدان بێت، ئەوەیە ،كە پێویستە بەشێك بێت لە ئەزمونی مرۆڤایەتی". لێرەوە ئەو فەلسەفەیەی جیمس دارێژەرێتی دژی میسالی بوونە، هەروەك چۆن لەدژی حەتمیەتی زانستیو تەنهایی دەوەستێت[٢٢].

(جیمس) لەرێبازەكەیدا بڕوای بەئەندێشەی داینامیكیو بەجوڵەو فرەیی بۆ بوون هەبوو، جیهان لە گۆڕاندایەو لەژمارەیەكی زۆر لەمرۆڤو تاكەكەس پێكهاتووە، بۆیە تێگەو چەمكی ئەزمونگەری لە تێڕوانینی (جیمس)دا جیاوازە لە تێگەیشتنە ئینگلیزییەكەی، چونكە (جیمس) پێیوانییە ئەزمون لەناوەڕۆكو پێكهاتەوە بونیادێكی گەردیلەیی هەبێت، بەڵكو بریتییە لە تەوژمێك هەست، واتە ئەزمون ژمارەیەك پێدەری لێكدابڕاو جیا نییە لەیەكتری، بەڵكو هاوشێوەی ئەو شلەیەیە كە پێكهاتەكانی بەتەواوی بەیەكەوە لكاونو نێوانو پەیوەندیی ژیارییان نییە، لێرەوە

شتەكان لەڕووی كاتو شوێنەوە، بەتەواوی بەیەكداچوون[٢٥].

پاشان (جۆن دیویی ١٨٥٩-١٩٥٢) زیاتر پەرەی بە(پراگماتیزم )داو فراوانیكرد، (دیوی) پێیوابوو مەعریفە ئەركی ڕێكخستنی ئاكارەو بیرۆكەش ئامرازی كاركردنە، لەبەرئەوە پراگماتیزمی (دیوی) بە(ئامرازگەرا یان پیشەگەرا) وەسفدەكرێت، هەروەها كردییە بنەڕەتێكی فەلسەفی بۆ پەروەردەو بەرگری لەئازادیو لیبرالیزمی نوێو تیۆری سیاسی گشتی[٣٦]، یاخود وەك تیۆرێك لەبەها بلاویكردەوە[٢٧].

(دیوی) ئاماژەی بۆ ئەوەبوو ،كە سەختە بتوانرێت سروشتی مرۆییو ئەزمون لەیەكتری جودابكرێتەوە، ئەزمون لایەنێكی گرنگە لەلایەنەكانی سروشتی مرۆیی، بەلاَم سروشت بریتییە لەسەرچاوەی ڕۆشنبیریو مەعریفەی مرۆڤ و بناغەی ئاراستە وەگرتنی ئاكارو مامەڵەو ئەزمونەكانمانە، لەبەرئەوە جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە پێویستە فەلسەفە بایەخ بەگرفتەكانی مرۆڤ بدات لەجیهانێكدا كە بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەروەها پێیوابوو بیرۆكەكان میكانیزمی چارەسەری گرفتەكانی مرۆڤایەتین، هەروەك چۆن چارەسەری گرفتەكان لە تێڕوانینی (دیوی)ەوە بەچەند قۆناغێكدا یان هەنگاوێكدا تێدەپەڕێت كە بریتین لە:

- ناسینو دیاریكردنی گرفتەكە.
- پێشنیاركردنی چارەسەری گونجاو لەسنوری توانا بۆ گرفتەكە، یاخود دارشتنی ژمارەیەك لە گریمانە وەك چارەسەری كاتی بۆی.
- هەلگۆستنو هەلێنجانی دەرەنجامەكان لە ڕووی فیكرییەوە.
- بەدواداچوونو ووردبینی لەئەزمونەكە لەپێناو دەرخستنی قبولكردن یان ڕەتكردنەوەی[٢٨].

لێرەوە (دیوی) هەوڵدەدات ئەوە دیاریبكات ، كە چۆن بیردەكەینەوەو بۆچی بیردەكەینەوە؟ لەوەلاَمی ئەم پرسیارانەشداو لەڕێگەی میتۆدێكی پێكهێنەرانەوە باس لەوە دەكات، كە مرۆڤ لەپێناو ئەوەی بژیو لەژیاندا بێتو باروگوزەرانی ژیانی باشبكات دەستدەكات بەبیركردنەوە، هەروەها دەڵێت: "بیركردنەوە لەگەڵ تێكۆشاندایە، كاركردنیش لەگەڵ بیركردنەوەدایە "لەبەرئەوە مرۆڤ بیرناكاتەوە ئەگەر گرفتێكی نەبێتو هەوڵی چارەسەركردنی نەدات، ئەگەر گرفتی نەبێت ژیان دابڕاودەبێت لە بیركردنەوە"[٢٩].

بەمشێوەیە بیرو بیرۆكەكان ئامرازی دەستخستنی دەرەنجامی خوستراوو داواكراوە، هاوكاریدەكات بۆ ئەوەی كارێك بكەین، كە باشترینو ژیرانە تر بێت، یاخود نزیكتر بێت لەسەركەوتنەوە، بۆیە دەڵێت: "بیرەكان نابنە بیرو هزری ڕاستەقینە، ئەگەر نەبنە ئەو



ئامرازانەی لەپێناو چارەسەكردنی گرفتەكانمان پەنایان بۆ نەبەین"[٣٠].

بیرۆكەكان لەوكاتەی كە وەك هەڵوێستێكی كاتیو بە ئەگەرو لەوانە، ڕووبەڕوی گرفتو كێشەكان دەبنەوە، تەنها پێشنیارو ئامادەباشین، بەلاَم دەبنە ڕاستەقینە واقیعی ئەگەر لەدوودڵیو ڕاڕایی بووە كرداریيو كاریگەر[٣١].

(دیوی) ئەگەرچی كاریگەری نوسینەكانی (جیمس)ی بەسەرەوەبوو، بەلاَم لەجیاتی ئەوەی بەدوای دەرەنجامی ڕاستی بگەرێت، بانگەشەی ئەوەیكرد كە پێویستە بەدوای ئەو دەرنجامانەدا بگەڕێین كە دەبێت یاخود پێویستە ببن، هەروەها ڕاستگۆ یاخود ڕاستی بە(بەسود یان سودمەند) پێناسەكرد.

پاشان (فردیناند شیلر ١٨٦٤-١٩٣٧) پراگماتیزمی وەك ڕێبازێك لەئیرادەو ویست پێناسكرد، پێیوابوو كەراستیو ڕاستگۆیی ئەو شتەیە كە بڕوابوون بەباشیو چاكیەكەی هەیە، هەروەك چۆن هەریەك لە (كلارنیسو ئیرڤنج لویس) ڕێچكەی (جیمس) یان لەپراگماتیزمدا گرتەبەر[٣٢].

(لویس) باسی لە پراگماتیزمی خەیالئامێز یاخود ئەندێشەئامێز( تصوری-Conceptualistic) دەكرد، هەروەها باسی پرەنسیپی راڤەكاریو ئەو گووتەزایانەبوو كە ژێری پێماندەبەخشێت، تاوەكو بەهۆیەوە لێكدانەوەو شیكاری ئەزمونە هەستیەكان دەكەین، بەلاَم هەلبژاردن لەسەر بناغەو بنەڕەتی پراگماتیزماتیانە دەبێت، واتە بریارەكانمان بۆ ڕەزامەندبون یان ڕەتكردنەوە، ئەو پرەنیسپە تەسەوریيانە، تەنانەت ئەركی ئەو پرەنسیپانە لەسەر پێویستیو ئامانجە كۆمەلایەتیە هاوبەشەكان دەوەستێت، بالاترین بایەخپێدانی ئێمە بەزیادكردنی تێگەیشتنی ئەزمونەكانمانو زالبوون بەسەریدا، لێرەوە پراگماتیزمی (لویس) تیۆرێكە لەمانای تەسەوریو ئەزمونی، هەروەها حوكمە ئەزمونیەكان بەو پێیەی ڕێچكەی شیمانەییو بەهێزكارییە كاریگەری زۆری لەسەر ئەزمونەكانی رابردوو و ئایندە هەبوو.

بۆیە لەژێر كاریگەری (دیویو لویسو كارناپو چارلس موریسو ئیرنست ناجلو كوایزو...) ئەوانی دیكەدا، پراگماتیزم بووە ئەو تیۆرەی كە پێیوابێت "هەموو جۆرە ئەزمونێكردنێك، لەبوارەكانی فیكری فەلسەفیو تیۆریا جیهانیەكانو بیروباوەڕەكان، دەبێت لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە مرۆییەكاندا لێكبدرێتەوەو تێیانبگەین، بیرەكان ئامرازی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەن مرۆڤ هەوڵیان بۆ دەدات، حوكمدان لەسەریشیان بەپێی ئەو خزمەتیە كەبەمەبەستەكانی دەگەیەنن، هەروەها دواتر پراگماتیزم بووە ناوێك بۆ ئەو هەلوێستەی جەختی لەسەر ئەو دەكردەوە كە بایەخی دەرەنجامەكان شیاوی و

شایستەیی‌و باشی بیرو بیرۆکەکانمان بۆ تاقیکدەکەنەوە[٣٣].

کاریگەری‌و ڕەنگدانەوەی پراگماتیزم لەوڵاتانی ئەوروپاشدا دەرکەوت، بەتایبەت لەبانگەشەکردن بۆ ئەوەی کەبایەخی تیۆرو کردە لەوەدایە کە پێکەوەدەبن، (ژۆرژ سورێل ١٨٤٧-١٩٢٢)ی کۆمەڵناسی توندڕەوی فەرەنسی‌و سەرکردەی شۆڕشگێری سەندیکالیستی لەساڵی (١٩٢١)دا چەند وتارێکی لەژێر ناوی " قازانجی پراگماتیزم" بڵاوکردەوە کەلەئیتاڵیا لایەنگری زۆری پەیداکرد، بۆ نموونە (مۆسۆلۆنی ١٨٨٣-١٩٤٥) ئیتاڵی لەژێر کاریگەری (سورێل)دا ووتی: "کردەوە، نەك قسە". (هێنری بریگسۆن ١٨٥٩-١٩٤١) فەرنسیش قازانج ویستی بەپاڵنەرێك ناوبرد نەك راستی یاخود حەقیەت، لەهەمانکاتدا ئارەزومەندی بۆ پراگماتیزم هەبوو[٣٤].

## سێیەم- پراگماتیزم‌و ئایین:

هەڵوێست‌و مامەڵەی پراگماتیزم لەبەرامبەر ئایین لەوسەرەوە ئاراستەی وەرگرتووە کەلەمیانەی هەردوو گوتەزای (سودگەرایی‌و بالآیی – ارتقائی)دا گوزارشتی لێکراوە، بۆیە ئەگەر مەبەستی ئایین بمانگەیەنێتە دەرەنجامی سودمەند، ئەوا دەکرێت بوترێت کە هەڵوێستی پراگماتیزم لەبەرامبەری پۆزەتیڤ دەبێت[٣٥].

ئەمەش دەرەنجامی ئەو پرەنسیپەیە کە پراگماتیزم کاریپێدەکات‌و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوەی سودمەند بێت دروستە‌و ئەوەی راستی بێت هەیە.

پراگماتیزم بڕوای بەبوونی شتە ئاسابەدەرکان نییە بۆ سروشت کە جڵەوگیری‌و تەحەکوم بەچارەنوسی جیهان بکات، هەروەها چۆن پێوەرە ڕەهاو ئەزەلیەکانی بیرو باوەڕو بەهاکان ڕەتدەکاتەوەو لەجێگەیان پێوەری گەورەو خاوەن مرونەت لەشوێنیان دیاریدەکات[٣٦].

هەروەها پراگماتیزم لەتێڕوانینی ئەوەی کە مەرجەکانی بوونی ئایین‌و بناغەو سەرهەڵدانی ئایین هیچ جۆرە ئەرزشێکی نییە بۆ کەسێك پرسیار لەبەهای ئایین بکات، پەیوەندی خۆی بەئایین ئەنەخشێنێت، چونکە ئەرزشی ئایین لەدەرەنجامەکانیدایە[٣٧].

لێرەوە (جیمس) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە مرۆڤ لەرابردووو ئێستاو داهاتوو بەردەوام ئەزمونی ئایینی هەبووە. لێرەوە ئەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی مومارەسەو پەرستشە ئایینیەکان لەتێڕوانینی (جیمس)دا ئەزمونە، ئەوا ئەتوانین راڤەکاری بۆ بکەین‌و بەپێی ئەو میتۆدەی کاری پێدەکەین سەبارەت بەئەزمونی هەستەکان (بیرۆکەی سودو قازانج)، ئەگەر ئارامی‌و بەختەوەری‌و ئاشتی بەدەروونمان ببەخشێت، ئەوا بەپێی پێوەری دیاریکراو دەبێت بە



(تەندروست) یان (راستی) لەقەڵەمیبدەین[٣٨].

بۆیە دەکرێت باس لەوە بکەین کە ئایین لای (جیمس) بابەتێك نەبووە بۆ لێکۆڵینەوە،بەڵکو لەشوێنەواری پەرچەکرداری ئایینەوە لەم بابەتەی ڕوانیوە، بەتایبەتی لەوەدا کە ئایا ئەم شوێنەوارانە باشن‌و خواست‌و هیواکان بەدیدەهێنن؟ ئایا ئەتوانرێت لەڕێگەیەکی ترەوە بگەینە ئەم ئەنجامانە بەدوور لەئایین؟[٣٩].

(جیمس) پرسیار دەکات کە ئایا (خوابوونی هەیە؟)، لەسەرەتاوە بانگەشەی ئەوانەی کە بڕیاریان لەچوارچێوەی ئەو وەڵامەدایە کە ناکرێت بڕوامان بەشتێك هەبێت کەبەڵگەی لۆجیکی‌و پێویست لەبارەیەوە نییە، ئەوە دەخاتەروو کە مرۆڤە ژیرەکان خۆیان لەم هەڵەیە دووردەگرن، چونکە هەندێك پرسیار هەیە بە(بەڵێ) یان (نەخێر)و بەهۆی بەڵگەی هەنوکەیی وەڵام نادرێتەوە، (خوا)ش یەك لەولایەنانەیە کە بەڵگەی لۆجیکی‌و هەنوکەیی لەسەر نییە، بەڵام ئەتوانین مافی بڕوابوون بە(خوا)مان هەبێت، ئەم مەسەلەیەش وەك مەسەلەکانی: (بایەخی تاکەکەسی، بەهای ژیان لەبەرامبەر خۆکوشتن، بونی ئازادیی‌و ویستی مرۆیی) وایە، لەبەر ئەوە (جیمس) باس لەوەدەکات کە مرۆڤەکان ئەتوانن بڕوایان بەشتەکان هەبێت لەبەر هۆکاری سۆزگەرا، ئەگەرچی بەڵگەی ژیری لەسەری نەبێت[٤٠].

بەمجۆرە (جیمس) پێوایە کە ئایین شوێنەواری ئاکاری هەیە، هەروەك لەهەر سەرچاوەیەکی تر بالآترو کاریگەرترە بۆ هاندانی مرۆڤ لەسەر چالاکبوون‌و خۆڕاگری، کاردانەوەکانی ، زۆرتر لەمیکانیزمە مادییەکان دیارە، نمونەی ئەم لایەنەش بەوە دەهێنێتەوە کە کاتێك  پزیشکێك دان بەوەدا دەنێت کە چارەسەری نەخۆشی تەنها بەدەرمانەکان نییە، بەڵکو بەو چارەسەرەش کە هێزی بیروباوەڕی ئەو کەسە بەچارەسەکە گرنگە[٤١].

بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکانیشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ناوەڕۆك‌و کرۆکی ئایین فەرزو بیروباوەڕو پەرستش‌و ڕێوەڕەسمەکان نین، بەڵکو هەست‌و سۆزی ئایینی کرۆکی ئایین پێکدەهێنێت"[٤٢].

تێگەیشتنی بۆ هەستی ئایین بەو جۆرەیە کە ناوێکە بۆ ژمارەیەك لەهەست کە لەژێر کارکردی ئاییندایە وەك: (خۆشەویستی‌و ترس .. هتد)، بەڵام خۆشەویستی ئایینی شتێك نییە جگە لە پەرچەکرداری خۆشەویستی سروشتی کەلە مرۆڤێکەوە بۆ بابەتێکی دیاریکراوو تایبەت هەیە، لێرەوە پەرچەکردارە ئایینەکان کاری دەرونین‌و بونیان هەیە[٤٣].

بەڵام ئەم بۆچون‌و تێڕوانینە هەروەك (برتراند راسل) رونیدەکاتەوە،

متمانەی بڕوادارێکی دڵسۆز لەبیروباوەڕەکەیدا مسۆگەرناکات، چونکە بڕوادار دڵنیا نابێت، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە لەبارەی بابەتی پەرستش و ئیمانەوە دەحەوێتەوە، بڕوادار ناڵێت: "کاتێك من بڕوام بەخوا هێنا بەختەوەربووم (واتە بۆ ئەوەی بەختەوەربم)، بەڵکو دەڵێت: من بڕوام بەخوا هێناوەو لەوپێناوەدا من بەختەوەرم"[٤٤].

هەروەها پراگماتیزم ڕێگرنییە لەبەردەم فرەخودایی، چونکە (جیمس) بەجۆرێك گوزارشتی کردووە کە "هاوەڵدانان بۆ خودا گریمانێکی کەمتر نییە لەیەکتایی خودا"[٤٥]، بەمانای چەندە ئەگەری ئەوە هەیە خوداوەند تاك و تەنهابێت، بەهەمان ڕێژە ئەگەری بوونی ژمارەیەك لەخوداوەند هەیە.

## چوارەم – پراگماتیزم و ڕاستی:

گەڕان بەدوای ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی نییە لەپراگماتیزمدا، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ گەیشتن بەڕاستی نوێ، کەدەرەنجام جۆرێك لەبەختەوەری مرۆڤ بخاتەوە، لێرەوە پرۆسەکە سەبارەت بەبیرەکان و سەرچاوەی دروستییان ڕێژەییە، بەمانای ئەوەی دروستە، لەوکاتەدا دروستە، ئەمەش زیاتر ئەوە دەردەخات کە بوترێت "بەسودە لەبەر ئەوەی دروستە، یاخود دروستە لەبەر ئەوەی بەسودە"[٤٦].

لەدیدی پراگماتیانەوە ڕاستی یان ئەزمون یان واقع لەگۆڕاندان، بۆیە پراگماتیزم بەوە دەناسرێتەوە، کە بەردەوام لەسەر دەرەنجام و سودمەندی و کارکردەیی وەك بنەڕەتی ڕاستی جەختدەکاتەوە، دژایەتی ئەو تێڕوانین و بۆچونانەیە کە پێیانوایە پرەنسیپە مرۆییەکان و بیر ئەو لایەنانەن کە بەوردی ڕاستی دەنوێنن، ئەم لایەنەیە وایکردووە (جیمس) ئاماژە بۆ ئەوە بکات ڕاستی تێگەو چەمکەکان تەنها بەئەزمونکردنی زانستی دادەمەزرێت، بەڵام (دیوی) پێیوابوو واقیع مانای ڕاستی بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێت، لەبەر ئەوە ڕاستی سەرەتایی نییە، تاکو خۆی بەسەر واقیعدا فەرزبکات.

هەروەها (جیمس) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ڕاستی سەربەخۆ نییە، بەڵکو ڕاستی میتۆدێکە بۆ بیرکردنەوە، لەبەر ئەوە ڕاستی ئەمڕۆ لەوانەیە ببێتە هەڵەی سبەینێ، هەربۆیە لۆجیك و نەگۆڕەکان کە وەك ڕاستی ماونەتەوە بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو، ڕاستی ڕەها نەبوون بەڵکو لەوانەیە بوترێت هەڵەبوون[٤٧].

بەم گوزارشتە پراگماتیزم لەدیدی (جیمس)دا ئەو فەزاو ژینگە ئازادەیە کەتوانا سروشتیەکان تێیدا فەراهەم هاتوون، دژی ڕەهایی و متمانەیی کوێرانەیەو ناتەبایە لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ ڕاستی کۆتایی و داخستنی



دەروازەکانی تۆێژینەوەو لێکدانەوە، لەبەر ئەوەی پراگماتیزم شێواز یان ڕێبازێکە بۆ بەدواداچونی ڕاستی تایبەتی یان دەرنجامی تایبەتی[٤٨].

کاتێك (جیمس) لەپێناسی (ڕاستی)دا دەڵێت: "هاوتایی و پێکەوە گونجانی شتەکانە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانمان، نەك هاوتایی و پێکەوە گونجانی بیرەکان لەگەڵ شتەکان"[٤٩]. جەخت دەکاتەوە ،کە گرنگە بزانرێت چۆن بەرژەوەندی و قازانجی مرۆڤەکان بەدەستدەهێنرێت، نەك چۆن هەوڵی داڕشتنی بیرۆکەکان دەدەین بۆ گونجاندنیان لەگەڵ شتەکان.

بۆیە ڕاستی هەروەك لە گۆڕاندایە، بیرو بیرۆکەکان ئەو میکانیزم و ڕێنیشاندەرەن کە چۆنیەتی بەدیهێنانی بەرژەوندییەکان و گەیشتن بەئامانجمان بۆ دەسازێنن[٥٠].

دەکرێت بوترێت ڕاستی ئەوەیە، کە سودو قازانجی بیری تێدایە، هەروەك چۆن دادوەری ئەوەیەکە سودمەندی و قازانجی تێدایە. سودمەندی و قازانج، بەمانای ئەوەی بەهەر شێوازێك یان ڕێگایەك، یاخود لەکۆتایی کاروبارەکان و لەکۆدا سودمەندە، چونکە ئەوەی بۆ ئەزمونێکی مەبەستیی و ئێستا سودمەندە، بەورێژەو هاوتاییە بۆ ئەزمونەکانی داهاتوو سودمەند نین.

ئەزموون لە تێپەڕاندنی سنورەکان و ڕاستکردنەوەی سروشتی ئێمەدا کەش و دۆخی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ڕاستی رەها، ئەو ڕاستیەیە کە هیچ ئەزمونێك نایگۆڕێت ئەمە ئەو پنتەیە کە ڕاستی میسالییە، کە دەشێت لەئەندێشەو خەیاڵدا ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو ڕاستیەکان پێیبگەن[٥١].

تەنانەت (دیوی) یش باس لەوە دەکات و دەڵێت کە پێویستە ڕاستیەکان مرونەتیان تێدابێت، بەجۆرێك بتوانن جۆرێك لەدەستکاریکردن قبوڵبکەن، ئەو دەستکارییەی کە هەلۆێست و دۆخە نوێیەکان پێویستی دەکەن لەسەرمان، ئەگەر تیۆرو بیرو باوەڕەکان بەستوو و دۆگماو پۆلایین بوون و نەرمی و دەستکارییان ڕەتکردەوە، ئەو کاتە دەبنە لەمپەرو بەربەستی گەورە لەبەردەم پەرەسەندن، لەبەر ئەوە پێویستە لەپێناو تازەگەری لەبیروباوەڕو تیۆریاکاندا کاربکەین تاوەکو لەگەڵ سەردەمدا تەباو گونجاوبێت، چونکە ئەگەرنا دەبێتە کارەسات و نەهامەتی بۆخاوەنەکانیان[٥٢].

## ئەنجام:

بەخوێندنەوەو تێگەیشتن لەپراگماتیزم، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پراگماتیزم ئاراستەی تێڕوانییەکانی مرۆڤی لەرابردوودا بەرەو داهاتوو وەرچەرخاند، لەجیاتی ئەوەی بایەخ بەشیکارکردنی مەعریفەو شتەکان بدات و بیانباتەوە سەر

بناغەو بنەڕەتەکانیان، هەروەك (لۆك و هیوم) کاریان بۆ دەکرد، هەوڵدەدات بایەخپێدان تەنها بۆ بەستنەوەی مەعریفە بەجیهانی ئەزموونەوە یەکلابکاتەوە، ئەمەش لەڕوی سەرهەڵدان و بنەڕەتەوە نەبوو، بەڵکو لەڕوانگەی چاودێریکردنی دەرئەنجامەکانەوەبوو.

هەروەها هەڵوێستی خۆی لەمەڕ بیرو ئایین لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سودو قازانجی بەچ ئاراستەیەك و چۆن دەکەوێتەوە، واتە ڕەزامەندی لەسەر هەرشتێك لەو سۆنگەیەوە دیاریدەکات کە چەند سودو قازانج دەدات بەدەستەوە.

***********

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١- البراجماتية... اضواء وآراء ، مجلة الاقلام الثقافية :
{www.aklaam.net/fourm/archive/index.php?-٣٩٨٣- html-١٠k}

د. ميشيل حنا: البراجماتيه ،( ١٩ June ٢٠٠٦ )
{sharkia.blogsome.com/٢٠٠٦/٠٦/١٩/١٤/-٣٢k}

٢- قاموسی سیاسی ئارەش، وەرگێڕانی لەفارسیەوە : زاهیر محەمەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ، ل ١٣٣ .

٣- د.خالد الاحمد : البراغماتيه : {abother-s@hotmail.com}

٤- فيصل عبيد : البراغماتيه :
{Syria-news.com/read my news.php?sy-seq=٥٦٨٧٣-٥٢k }

٥- د. خالد الاحمد: البراغماتيه {المصدر السابق } .

٦- البراجماتية ... اضواء واراء ، مجلة الاقلام الثقافية: {الصمدر السابق } .

٧- فيصل عبيد : البراغماتية : { المصدر السابق } .

٨- د. ناظم عبدواحد الجاشور : موسوعة علم سياسة، دار مجد لاري للنشر والتوزيع،عمان، ٢٠٠٤، ص٩٩ .

٩- قاموسی سیاسی ئارەش : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣ .

١٠- حسین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت ( تیۆری – پراکتیکی) و: ئەبوکر کاروانی، چاپەمەنی پەیوەند، سلێمانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٠٠٦.

١١- المعجم الحديث للتحليل السياسي ( انجليزي – عربي ) ، ترجمة : سمير عبدالرحيم السلمي،دار العربية للموسوعات، بيروت – لبنان،طبعة الاولى ، ١٩٩٩ ، ص٣٥٥.

١٢- قاموسی سیاسی ئارەش : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤ .

١٣- المعجم الحديث للتحليل السياسي ( انجليزي – عربي) : المصدر السابق ، ص٣٥٥.







١٤- قاموسی سیاسی ئارەش : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤ .

١٥- محمد سليمان حسن: دراسات في الفلسفة الاوروبية، منشورات دار علاء الدين، الطبعة الاولى، دمشق ،١٩٩٨،ص٣٧.

١٦- د. ناظم عبدالواحد الجاشور: موسوعة علم السياسة، المصدر السابق ، ص٩٨.

١٧- محمد سليمان حسن : دراسات في الفلسفة الاوروبية، المصدر السابق ، ص٣٧ .

١٨- دكتور عبدالمنعم الحنفي : موسوعة الفلسفة والفلاسفة ( أ: ض) ، ج، مكتبة الاولى،الطبعة الثانية فريدة ومنقحة، ١٩٩٩، ص٢٧٠.

١٩- د.ناظم عبدالواحدالجاشور : موسوعة علم السياسة، المصدر السابق ، ص٩٩ .

٢٠- محمد سليمان حسن: دراسات في الفلسفة الاوربية، المصدر السابق ، ص٣٨ .

٢١-د. ناظم عبدالواحد الجاشور: موسوعة علم السياسة، المصدر السابق ، ص٩٩ .

٢٢- سليمان بن صالح الخراشي : نقد الفكر الغربي (١) : نقد البراجماتية .
www.saaid.net/warathah/Alkharashy/m/١٩.htm-٤٠.}

٢٣- د. عبدالمنعم الحنفي : موسوعة الفلسفة والفلاسفة، المصدر السابق ،ص٢٧٠.

٢٤- محمد سليمان حسن: دراسات في الفلسفة الاوروبية، المصدر السابق ، ٣٨-٣٩.

٢٥- الدكتور عبدالرحمن البدري: الموسوعة الفلسفية، الجزء االأول،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٤، ص٤٤٨.

٢٦- د. ناظم عبدالواحد الجاشور: موسوعة علم السياسة، المصدر السابق ، ص٩٩.

٢٧- د. عبدالمنعم الحنفي : موسوعة الفلسفة والفلاسفة، المصدر السابق ،ص٢٧٠.

٢٨- د. محمد الجاغوبي : الفلسفة البراجماتية:
{www.allsc.info/vb/showthread.php?=٢٠٣٠-٩٣k}

٢٩- ماجد محمد حسن: الفلسفة البراجماتية، الحوار المتمدن، العدد (٨١٦)، {www.rezga.com/debat/show/art,asp?aid=١٧٤٢٤-٤١k} .{٢٠٠٤/٤/٢٦ }




هەوالنامەی کتێب

# ئاکامەکانی کاپیتالیزم

ن:فەرید زەکەریا
و.عەزیز ڕەئووف

لـه سـەدەی هـەژدەدا کـەلتوری نائاسـایی سیاسـی بـەریتانی بـووە هـۆی بەدەستهێنانی کۆتایی دلڕەقیو سەرهەڵدانی کاپیتالیزم. گەر ململانێنی نێوان کەنیسەو دەوڵەت، لۆردو پادشاکان، کاسۆلیكو پرۆتستانت دەرگای لەسەر ئازادی تاك کردبێتەوە، ئەوا کاپیتالیزم دیوارەکانی ڕوخاند. هیچ شتێك بارتەقای کاپیتالیزم نەیتوانی زۆر بەهێزانە دنیای مۆدێرن بگۆڕێت، شێوازی هەزارەی کۆن لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ژیانی سیاسییەوە توانرا دەسکاری بکرێت. لەو سەردەمەدا کاپیتالیزم توانی فیودالیزم مۆنارکیزمی بڕوخێنێتو ئەمەش بەجەغتکردنە سەر لەدایکبوونیانو ڕێگایەك لەشوێن. کاپیتالیزم چینی سەربەخۆی لەخەڵکانی بزنس دروستکرد کە یارمەتی کەمی دەوڵەتیان دەداو ئێستا هەر ئەوانەشن کە هێزی فراوانیان هەیە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە لەجیهاندا. کاپیتالیزم گۆڕانو چالاکی خوڵقاند- زیاد لە سیستەمو نەریت- فەلسەفەی حوکمکردنی لەسەردەمی نوێدا هێنایە ئاراوە. کاپیتالیزم دنیایەکی نوێی خوڵقاند، جیاواز لەوەی کە یەکێك لەهەزارەکانی ڕابردوودا ژیابێت. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕەگ داکوتاو لە ئینگلاند ڕویدا.

کاپیتالیزم لە هەر شوێنێکی تر بڵێی دەستی پێکرد. لە سەدەی چواردەدا بازرگانیو کڕینو فرۆشتن لەزۆرێك لە هەرێمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چەقی بەستبوو، بەڵام لە ئەورووپاوە جارێکی تر ئەو گۆڕانە ڕویدایەوە. تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی بووە هۆی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە، کە ئەمەش فرۆشتنو ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵخۆیدا هێنا. بازاڕی شارۆچکەکانو قەڵای شارەگەورەکان- ئەتوێرپ، بروسێل، ڤینسیا، گێنوا- بووە سەنتەری چالاکی ئابووری. سەرەتای



هەواڵنامەی کتێب

دەرکەوتنی هێماو ژمارەی عەرەبیو سەرهەڵدانی بانكو پارە وەك چێژوەرگرتن گۆڕا بۆ بزنسی سیستەماتیك کراو. دەستبەجێ پاڵنەری بازرگانی بووە هۆی سەرهەڵدانی شتومەکی ناوخۆیی لەقەڵای شارە گەورەکاندا، بەزۆری لە وڵاتە دواکەوتووەکانداو دواتریش لەئینگلاند، بە جۆرێك کە بووە هۆکارێك بۆ ئامادەکردنی هەموو جۆرەکانی کشتوکاڵ، بەلەمەوانی، بەرهەمهێنانو خزمەتگوزاریەکان.

لێرەوە دەزانین کە بۆچی کاپیتاڵیزم یەکەمجار لەو هەرێمانەوە سەری هەڵداو تا ئێستاش مشتومڕ لەو بارەیەوە بەردەوامە، بەڵام زۆرێك لە مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی کارامەو بەتوانا کە داکۆکیکەری موڵکی تایبەت بێت فاکتەرێکی یەکجار گرنگ بووە. بۆیە لێرەوە هەردوو مێژوونوسی دیار دۆگلاس نۆرس و ڕۆبەرت تۆماس لەسەر ئەم مەسەلەیە نوسیویانە: "بۆیە کاپیتالیزم سەرکەوت لەبەر ئەوەی جۆرێك لە مافی موڵکدارێتی خوڵقا". لە سەدەی شازدەدا بۆچونی گشتگیر گەشەی کرد لە سەرتاسەری ئەورووپادا کە بڕوایان بەوە هەبوو "ملکدارێتی دەگەڕێتەوە بۆ خێزانو سیادەی پرینسەکانو دادوەرە پلە نزمەکان". حاکمێکی سەدەی پازدەهەمی ئیسپانیا والێکدەداتەوە:"سەبارەت بە نقێنی پادشاکان بە تەنها بۆ بەڕێوەبردنی شانشین بەڵام نەك سەرجەم شتەکان کۆنترۆڵ بکەن". تەنها لە ئینگلاند هەرچۆنێك بێت پادشا چارلسی یەکەم لە زۆربەی شوێنەکان لەسەر باجی هەڕەمەکی خەڵکی لەسێدارە دەدا.

بەرگریکردنی سیستەماتیکی لە مافی ملکداری تەواو کۆمەڵگەی گۆڕی. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تۆڕی ئاڵۆزی نەریتی دەرەبەگەکانو زێدەمافەکان- هەموو ئەو شتانەی کۆسپ بوون لەبەردەم بەکارهێنانی موڵك بەشێوەیەکی کاریگەر- توانرا لابرێن. ئینگلتەرە بووە شوێنێك بۆ سەرهەڵدانی نوخبەیەك کە ڕۆڵی کارایان بینی لەمۆدێرنیزەکردنی کشتوکاڵدا. لە ڕێی ئەو سیستەمە بەدیوار کێشراوانەدا، پرۆسەی توندوتیژ بۆ سەلماندنی مافەکانیان بەسەر لەوەڕگاو موڵکە گشتییەکاندا دەبینرا. ئەوان بەزۆر وایان لە جوتیارەکان دەکرد

زەویـەکان جێبهـێڵنو ببنـە کرێکـاری کـارام و کاریگـەر. لـەوەرگاکان کـە بـۆ لەوەڕانـدنی بـەکار دەهێنـران کـران بـە شـوێنێکی بەسـود بـۆ بازرگـانیو بەرهەمهێنانی تەختە. بـۆ خۆئامادەکردن بـۆ ئۆرگـانیزەی شۆڕشـی کاپیتالیست، ئینگیلتـەرە بـووە شـوێنێك بـۆ چینەکان کـە دەسـەڵاتی خیـان دەپاراست بـەڵام کارئاسانیشی دەکرد بۆ مۆدێرنکردنەوەی کۆمەڵگە. ئەرستۆکراتە فەرەنسییەکان کە هەوڵیانـدا لۆردەکـان دەسـبەرداری موڵکـەکانیان بـنو تـا ئـەم کاتـەش هـەوڵی وەدەرنانی فیوداڵە گەورەکان دەدرێت. وەك زۆرێـك لـە ئەرسـتۆکراتە گـەورەکانی ئەو کیشوەرە ئەوان نیگەران بوون سەبارەت بە بازرگانیکردن.

لە پشت وێران بوونو دۆڕانی دەسەڵاتی خانەدانەکانەوە، کاپیتالیزم گرووپێکی نوێی دەوڵەمەندو پیاوانی دەسەڵاتداری خوڵقاند کە دەوڵەمەندبوون نەك لەبەر دەسـەڵاتو تـەختو تاجـەوە، بـەڵکو بـەهۆی چـالاکی ئـابووری سـەربەخۆوە. بـەردەوامبوونو درێـژەدانی ئـەو ئەرسـتۆکراتە بـە ژمـارە کەمانـە بـووە هـۆی کارامـەیی کـارو خولیـای جوتیـاران، ئـەو گروپـە ئینگلیـزە کـە بـە (yeomen) ناسرابوون بەبۆچوونی مێژوونوسێك بریتی بوون لە(خولیای دوژمنکارانـەی کاپیتالـە بـچوکەکان). ئـەوان یەکـەمین چـینی بـۆرژوازە خـاوەن موڵکـە پیشەسازیەکان بوون کە کارڵ مارکس بەم شێوە پێناسەی دەکات: "خاوەن موڵکە بەرهەمهێنەرەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەمانای دامەزراندنی کرێکاران دێت". مـارکس بـەوردی باسـی لـەوەکردووە کـە چـینی کۆمەڵایـەتی"class" پێـشەنگی لیبرالیزمی سیاسی بوون لەئەوروپا. تا ئەو کاتەی کە ئەندامـەکانیان بەشێوەیەکی فراوان لە کاپیتاڵیزم سودمەند بوون، بە ڕۆڵی یاساو بـازاڕی ئـازادو سەرهەڵدانی پرۆفیشنالیزم، ئەوان پشتیوانی ڕیفۆرمی هەنگاو بـە هـەنگاویان دەکـرد بـەجۆرێك کە خواست و خولیایان پەرە پێدەدا. لە کارە هەرە بەناوبانگەکانی ئیستای لەبواری زانستی کۆمەڵایەتیدا (بارینگتۆن مۆر) لێکۆڵەرەوەی زانکۆی هاڤارد، لەبارەی ڕێگەدانی دیموکراسیو دیکتاتۆریەت لە جیهاندا دیراسەی کردووە کە پوختەی دیراسەکەی چوار وشەی لەخۆ گرتووە:" نا بۆ بۆرجوازیەت، نا بۆ دیموکراسی."



سیاسەتکارانی بەریتانیا شۆڕشیان کردو ئەمەش بووە برەنسیپێك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. (House of Common) کە ببووە شوێنێك بۆ ململانێی دەسەڵات لای پادشا لە سەدەی حەڤدەهەمدا، ئیستا بووەتە شوێنێکی فراوان بۆ بازرگانو بەڵێندەرە نوێیەکان. ژمارەی خانەدانەکان لە بەریتانیا زۆر کەم بوون بە جۆرێك لەسەدەی هەژدەهەمدا ژمارەی ئەو خانەدانانە لە (٢٠٠) کەس تێپەڕی نەدەکرد. بەڵام لەژێر ئەوانەوە چینی تر هەبوو کە پێیان دەوتن "ڕەچەڵەك یاخود نەوەی ئینگلیز". ئەم نەوەیە هەمیشە پەیوەندیان بە ئەرستۆکراتو تەنانەت بەرپرسیارێتیان لە حکومەتە لۆکاڵیەکان وەرگرتبوو، بەڵام وردە وردە کەسایەتیو پلەو پایەو دەسەڵاتیان بەهۆی بزنسو کاری پرۆفیشناڵ یان تواناو کارامەیی لە کشتوکاڵکردندا لەدەستدەدا. زۆرێك لەو پیاوانە چوونە ژیانی گشتییەوەو بە سامانە زۆرەکانیانەوە توانیان ڕیفۆرمی پێشکەوتن بکەن، وەك بازرگانی ئازادو بازاڕی ئازادو مافی تاکەکەسو ئازادی ئایین.

سێ سەرۆك وەزیری خاوەن زۆرترین دەسەڵاتی بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەدا- ڕۆبەرد پیل، ولیەم گلادسۆن، بینجامین دیسیدلی- هەموویان سەربە "نەوەی ئینگلیز" بوون. چینی نوێی خاوەن دەسەڵات زۆرێك لە تایبەتمەندی ئەرستۆکراتیان بەکار دەهێنا- خانووی گەورەی گوند، چاکەتی بەیانیان، ئاهەنگی ڕاوکردن- بەڵام ئەوە لەبار نەبوو. پیاوە ئازاکان "gentlemen" زۆر بەفراوانی ڕێزیان لێدەگیرا، تەنانەت لە لۆردەکانیش کە ببوونە بار بەسەر کۆمەڵگەکەیانەوە.

لەڕاستیدا لە سەدەی هەژدەهەمدا جێنتڵمانە ئینگلیزەکان بوونە کەسایەتی ئەفسانەیی وەك ئەوەی کە کۆمەڵگە لێیان ڕازیبوون. برینپێچێك داوای لە پادشا جەیمس کرد کە کوڕەکەی ببێتە جێنتڵمان. پادشا وەڵامی دایەوە: "من هەرگیز کوڕەکەم ناکەم بە پیاوی ئازا "gentleman"، بەڵکو من دەیکەم بە میر".

****

سەرچاوە: کتێبی"the future of freedom":

## مـــێژوو

- ❖ شۆڕشی ئارارات ( ١٩٢٦ – ١٩٣١ ).
- ❖ پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان لە چاخەکانی کۆنەوە تا کۆتـایی سەدەی نۆزدە.
- ❖ ڕۆڵی جوگرافیا لە دروستبوون و لێکدانەوەی مێژووی کورددا.
- ❖ دەوڵەتشاری دێرین.

هەوالنامەی کتێب

# شۆڕشی ئارارات ١٩٢٦ – ١٩٣١

تەلار علی
مامۆستای زانکۆ

سیاسەتی سەرکوتکردنو چەك داماڵینو ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی کەمالیەکان نەیانتوانی کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنن، جوڵانەوەی ڕزگارە خوازی کورد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشسەندندابوو، هەرچەندە شۆڕشی ١٩٢٥ سەرکوتکرا، بەڵام تەقەی شۆڕشی کورد لەچیاکان نەبڕا.

نەپسانەوەی شۆڕشی ١٩٢٥و سور بوونی سەرۆکەکانی کورد لەسەر درێژە دان بە شۆڕش هۆیەکی سەرەکی بوو کە ڕۆشنبیرانی کوردی هاندا خۆیبوون پێك بهێننو ڕیزەکان یەك بخەن.

دوای شۆڕشی شێخ سعید، عمر خەرۆ: سەرۆکی هۆزی بۆتان، درێژەی بەخەبات دا لەچیاکانی چاباکجۆر ، هاوکات سەرۆکی هۆزی مەستانیش، مۆسۆیادۆو شێخ فخرالدین سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکیان دەکرد لەچیاکانی فارقین، لەکاتێکدا چیاکانی ساسۆن لەژێر سەرکردایەتی یەکێك لە سەرکردەکانی هۆزی جەلالی برۆیێ حەسەکی تێلیە ( لەناوچەی ئارارات)و سەرۆکی عەشیرەتی حەسنان فەرزەندەو عزیزانو نادرو سەرۆکی هۆزی حەیدەرانو نەزیر بەگو حاجۆ بەگدا بوو.[١] . ئەمە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی بنەماڵەی ئال عەلی یونس لەگەڵ حکومەتی تورکی لەشەڕەکانی _سەری ئۆج)و(کارملیح)و(کورمهنان)، شۆرشگێڕانی کورد توانیان چەندین سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەرامبەر بە سوپای تورك، شایانی باسە هۆی سەرەکی ئەم ڕووبەڕوبوونەوانە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی یەکانی کورد بوو کە شۆڕشی شێخ سعید تیایدا سەرکەوتوو نەبوو.[٢] .

لەساڵی ١٩٢٦ دا کوردەکان توانیان فەوجێکی پیادە تێك بشکێنن لەناوچەی بایەزید، هاوکات ناوچەی ئەرجیمیش، سەروی دەریاچەی وان ، دژی کەمالی یەکان ڕاپەڕین. دەسەڵاتداران بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانو ترساندنی خەڵك، هەستان بەنیشاندانی چەندین سەری بڕاو لە گۆڕەپانێکی شاری ئەرجیمدا[٣] . جگە لەشۆڕشو





پەنابردنە بەر چیاکان، کوردەکان بەردەوام هێرشیان دەبردە سەر بنکەکانی جەندرمەو دەسەڵاتدارانی تورك لە ناوچەکەدا.

ئەم بەرەنگاریانە پاڵیان بە (ئیحسان نوری پاشا)[٤] وە نا: کە ئەفسەرێکی خاوەن ئەزموون بوو، هێزێکی سەربازی پێکەوە بنێ لە ئاگری داغ، هەر لەوێشدا کۆمارێکی کوردی ڕاگەیاند، شەمزینی ساڵی ئەو ڕووداوانە لە ١٩٢٦ دا دەبێت[٥] . بەڵام پێ دەچێ کە هەر خۆیبوون ئەم ئەرکانەی بە ئیحسان نوری پاشا سپاردبێو لایەنی کارگێڕی ناوچەکە درایە دەست برایم پاشا: ئەم سەرکردانە (ئاگری داغ) یان کردە بنکەی خۆیانو هەر لەوێشەوە هێرشیان دەکردە سەر بنکەو جەندرمەکانی تورك[٦] .

سەرەنجامی بەردەوام بوونی کەمالی یەکان لەسەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەیان، دەرکردنو ڕاگوێزانی دانیشتوانی کوردو هاوکات بایەخی باری کارگێڕی لە باکوری کوردستان بەتایبەتی دوای لێدانی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥، شۆڕشێکی نوێ لە ئاگری داغ کڵپەی سەند لە ساڵانی (١٩٢٦ – ١٩٣١) بەسەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشاو بەچاودێری ڕاستەوخۆی کۆمەڵەی خۆیبوون، جگە لە بارودۆخی ناوخۆ، قەیرانی ئابووری جیهانیش کارێکی گرنگی هەبوو لەسەر خراپتر بوونی باری ئابووریو کۆمەڵایەتی لە تورکیاو هاوکات درێژەدان بەشۆڕشی کورد[٧] .

لەڕێڕەوی خۆئامادەکردنو ڕێکخستنی ڕیزەکان بۆ شۆڕش : ئیحسان نوری ، مەلا حسین افندی کرد بە (قائیمقامی) قەزای کورخانو برایم ئاغای کردە بەڕێوەبەری ناوچەی بوتێ/ بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی ئورتی یش حسین افندی دانرا، موسا یارکلی یش کرا بە بەڕێوەبەری ناوچەی کوریو عومەری کوڕی ئاغاش بە قائیمقامی ناوچەی کوەخان دامەزرا[٨] .

ئیحسان نوری پاشا بەتەواوەتی خۆی تەرخان کرد بۆ ڕێکخستنی کاروباری سوپاکەو مەشق پێکردنو چەك کردنیان: بەو چەکانەی بەدەستی کەوتبوو لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات(ئێران)و عەشایرەکانی حەیدەرانلیو ناوچەکانی تر، بۆ زیاتر ڕێکخستنی سوپاکەو مەشق پێکردنیان، ئیحسان نوری ئەم دوو ئەرکەی سپارد بە فەرزەندە بەگو خاڵس بەگو تەیمورئاغا[٩] .

جگە لایەنی سەربازی، سەرکردەکانی شۆڕش گرنگی یەکی تایبەتیان دایە لایەنی کارگێڕیو ئابووری، هەوڵی چاککردنی بارودۆخی ناوچە ئازاد کراوەکانیان داو باجە گرانەکانیان لابرد، چەندین کاری کارگێڕییان ئاسان کردبوو لەناوچەکەدا: هەروەها لایەنی ڕاگەیاندنیش لەم گرنگی یە بەدەر نەبوو، بەڵکو

بایەخێکی تایبەتی هەبوو لەلای سەرکردایەتی شۆڕش، وەك تەواوکەرێك بۆ ئەم لایەنەش گرنگی دا بە چاپکراوی کوردیو بیانیو جاڕدان بۆ شۆڕشو بەرز کردنەوەی ئاستی ووشیاری خەڵكو نیشاندانی بنەما سەرەکی یەکانی شۆڕش و بەرزڕاگرتنی نەتەوایەتیو هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەی کورد، بەشێکی تری پرۆگرامی شۆڕشی ئارارات بوو لەپاڵ شۆڕشی چەکداری سیاسی دا[10].

سەرەتای هەنگاوەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (ئاگری – کڵپە) دەستی پێکرد: دواتر لە ژمارەکانی ئاگری دا سرودی ئاگریش بڵاو کرایەوە[11]. ئەم هەموو هەنگاوو ڕێکخستنو مەشق کردنانەی شۆڕشگێڕان، ترسو دڵە ڕاوکێیەکی گەورەی بۆ حکومەتی تورکیا پەیدا کرد، بۆیە بۆ ڕێگرتن لە شۆڕشو تەشەنە کردنی خکومەتی تورکیا بڕیاری خنکاندنی شۆڕشی دا، لەسەرەتاوە سوپایەکی بەرەو چیاکانی ئارارات بەرێکرد، هەرچەندە سوپای کورد لە سەرەتا دا (٢ – ٣) هەزار شۆڕشگێڕ دەبوون، بەڵام سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر سوپای تورکدا بەدەست هێنا، لەو پێکدادانە توندو تیژانەی نێوان سوپای هەردوولا ساڵانی ١٩٢٧ – ١٩٢٨ [12]. ئەم سەرکەوتنانە بوونە سۆنگەی پتەوبوونی ڕیزی شۆڕشگێڕانو پەیوەندی کردنی چەندین هۆزو عەشیرەتی تر بە شۆڕشەوە، بۆیە لە کۆتایی بەهاری ١٩٢٧ دا، حکومەتی تورکی جارێکی تر سوپایەکی دە هەزار سەربازی ناردە سەر شۆڕشگێڕانی ئاراراتو ئەغادیرو بایەزید، پێکدادانێکی قورس ڕوویدا ، کە بووە هۆی کوژرانی دوو هەزارئەفسەرو سەربازی تورکو بەدیل گرتنی ٤٠٠ سەربازی تر، جگە لە دەستکەوتەکانی جەنگ کە ١٤ ئامێرو ٣٦ ڕەشاشو چەکی تر بوون.

ئەم سەرکەوتنانە بوونە هۆی بڵاو بوونەوەی شۆڕش لەناوچەکانی : وان ، کولازگەرد، موش، بەتلیسو سێرت، حکومەتی تورکیش بۆ ڕێگرتن لەم پەرەسەندنەی شۆڕش پەیتا پەیتا سوپای زیاتری دەناردە ناوچەکە[13].

شۆڕش تادەهات ئاگری تەشەنەی دەکردو کڵپەی دەسەندو هەڕەشەی ترسناکی لە حکومەتی تورکیا دەکرد، تەنانەت مستەفا کمال هەڕەشەی ئەوەی دەکرد گەر شۆڕشی کورد (پتر درێژە بکێشێ بۆ خۆی دەچێتە کوردستانو شۆڕشەکە بەدەستی خۆی دەکوژێنێتەوە)[14].

سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو پێشهاتێكو بۆ تاودانی بەشۆڕش هەوڵی دا یارمەتی وولاتانی دراوسێش بەدەست بهێنێ، بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٨ دا سەرکردایەتی شۆڕش نامەیاکیان نارد بۆ



کونسولگەری سۆڤیەت لە شاری ماکۆ کە تیایدا هاتبوو: لەمەوبەر حکومەتی کوردی ئارارات نامەیەکی بۆ ناردبوون، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو، شی کردنەوەی بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆ، ئێمەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی ئێمەی گەلی کورد بەبێ یارمەتیو پشتیوانی ڕوسیای سۆڤیەت ڕزگارنابێو مافو سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی وەدەستناهێنێ، ئێمە کە ئامانجی ناوبراو مەبەستمانە دەمانەوێ مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیمان لە ئەنتەرناسیۆناڵی سێیەمدا باس بکرێو چالاکی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتدا هاوجووت بکەین، هەلومەرجی ئەمڕۆ بۆ ئەم مەبەستە زۆر لەبارە، هاوکات بەزارەکی ئەم داخوازیەی ئێمەتان پەسەند کرد، حکومەتی کوردی ئارارات ئامادەیە نوێنەرانی خۆی بۆ جێگای دیاری کراو بۆ لێدوان سەبارەت بەمەسەلەی ناوبراو بنێرێ[15].

بەڵام ئەم نامەیەو نامەکانی ترو هەموو هەوڵو پەیوەندیەکانی دواتریش هیچ پاڵپشتێکی بۆ کوردەکان دستەبەر نەکرد، هەرچەندە کەسانی وەك منتاسیان[16] پەیوەندیەکی زۆر نزیکی هەبوو لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی ئاراراتدا، بەڵام وەك (بەگدۆف)[17] دانی پیادەنێت، ئەم نزیکی یە هیچ پاڵپشتێکی بۆ شۆڕشی کورد دەستەبەر نەکرد[18] ڕوسیای سۆڤیەتی نەك هەر پاڵپشتی شۆڕشی ئاراراتی نەکرد، بەڵکو یارمەتی ڕاستەوخۆی مستەفا کەمالی دا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد[19]. بۆ هاوکاری کەمالی یەکان ٥٠٠ سواری ڕووسی لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە، دێهاتەکان ئەم شەڕەیان بینیوە، بەڵام شۆڕشگێڕان وورەیان بەرنەداو بێ وەستان لەجموولدا بوونو ئەوەی زیاتر گوڕی دەدانێ یارمەتی کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان بوو ، لە ڕۆژهەڵات[20] و باشوورو ڕۆژئاوا، لەباشووری وولاتەوە ئەحمەد بارزانی ٥٠٠ سواری نارد بۆ یارمەتی شۆڕشگێڕان: ئەوەبوو ئەم هێزە هێرشی بردە سەر تورك لە ئەوورامار لەم سەروبەندەدا جموجوڵی کوردەکانی سوریاش دەستی پێکرد[21] بەم شێوەیە شۆڕشگێڕان حگە لەو یارمەتی یە کەمو کورتەی ناوچە کوردیەکانی دی نەبێت، هیچ یارمەتیەکی دەوڵەتێکی ناوچەکەیان پێ نەگەیشت، بەڵکو هەمووشیان هەڵوێستیان دژی شۆڕشی کورد بوو: (ئەم هەڵوێستە زیاتر لە لێدانی شۆڕشدا ڕوون دەبێتەوە).

لەگەڵ هەموو کۆسپو تەگەرەو کەموکورتی پێداویستی شۆڕش، شۆڕشگێڕان بەردەوام بوون لە هێرش بردنو جێ پێ قایم کردندا، بۆیە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٢٨ دا حکومەتی تورکی هێرشێکی بردە سەر ناوچەی ئاگری داغ، سەرەنجام

توشی شکستێکی گەورە بوو بەدەستی شۆڕشگێڕانی ئارارات[٢٢]، بۆیە حکومەتی تورکی بۆ قۆزتنەوەی کاتو چوونە پێشی سوپاکەی کەوتە بەکارهێنانی تەڵەکەو پێشنیاری دانوستانی کرد لەگەڵ ئیحسان نوری پاشا بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی تورکی لەناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٨دا [٢٣]، لیژنەیەکی ئاشتبوونەوەی پێك هێنا لە ١٢ یاریدەدەر(نائب) و ژمارەیەك لەبەرپرسانی دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵات، ئەم لیژنەیە لەگەڵ شاندی کوردی ئیحسان نوری پاشا سەرۆکایەتی دەکرد کۆبوونەوە: لە ناوچەی شێخلی – کۆپری لە نزیك بایەزید کە ناوچەیەکی بێ لایەن بوو ، شۆڕشگێڕانی لەهێزەکانی تورکیا جیا دەکردەوە لیژنەی تورکی هەوڵی مەرایی‌و ڕاکێشانی ئیحسان نوری یان دەدا بەلای خۆیانداو دەیانخواست بەناوی لێبوردنی گشتی یەوە ئیحسان نوری سوپای شۆڕشگێڕان (تەسلیم) بداتە دەست تورکیا، لەبەرامبەر ئەمەشدا پایەیەکی بەرز بدەن بە ئیحسان نوری[٢٤] وەڵێ سەرۆك‌و شاندی کوردی زۆر بەتوندی ئەم پێشنیارەیان ڕەت کردەوەو ڕایان گەیاند کە تاکە مەرجی سەرەکی بۆ نەهێشتنی ناکۆکی، دانانی تورکیایە بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا: ئەم مەرجەش دۆسیەی دانوستانەکەی بێ ئەنجام داخست[٢٥].

بەسەر نەگرتنی وتووێژ، حکومەتی تورکی دەستی کردەوە بە پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤێنانەی خۆی ، بۆ لەناو بردنی میللەتی کوردو جوڵانەوەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی ١٩٢٨ دا وڵاتی تورکیای کردە چوار ناوچەی سوپایی ، کە هەریەکێکیان بە ناوچەی چاودێرگەی گشتی ناسرابوو.

ناوچەی چاودێرگەی گشتی: ژمارە یەك/ ناوەندەکەی دیاربەکرەو سنووری دەسەڵاتی هەموو ویلایەتە کوردنشینەکانی بەتلیس، وان هەکاری، موش، ماردین، ئورفەو سیرت، دەگرێتەوە: برایم تالی کە دۆستی مستەفا کمال بوو، کرایە والی سێواس‌و وەهبی ئابدین و ئۆزمەن‌و ئەونی دۆغمان بە بەڕێوەبەری گشتی چاودێرگەکە دانران: ناوچەی چاودێرگەی گشتی ژمارە چواریش ناوەندەکەی ئەلازیك بوو، سنوری دەسەڵاتی هەموو ولایەتە کوردنشینەکانی ئەلایك ، دەرسیم، دینگۆلی دەگرتەوە[٢٦]، مەبەست لەم دابەش کردنەو دەرکردنی ئەم یاسایە، زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی کەمالی بوو بەسەر ناوچە کوردیەکاندا، هەر هەمان بڕیار ماف دەدا بەحکومەتی تورکی کە داوای هێزی سەربازی وڵاتانی دراوسێ بکات لەکاتی پێویستدا (کاتی هەڵایسانی شۆڕشدا[٢٧].



لەگەل ئەو هەنگاوە سیاسیەدا، حکومەتی تورکی لێبوردنی گشتی ڕاگەیاند، بەمەبستی لاواز کردنی بزووتنەوەکە، لەڕێگەی دەستەمۆکردنی کوردو گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان‌و بەجێ هێشتنی ڕیزەکانی شۆڕش[٢٨].

لەگەل جێبەجێ کردنی ئەو هەموو ڕێ‌و شوێنەدا ، ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات بەکردەوە لەژێر دسەڵاتی کورددا بوون تا سەرەتای ساڵی ١٩٣٠، ئەمەش پاڵی بە حکومەتی تورکی یەوە نا کەڕێ‌و شوێنی سەربازی تر بگرێتە بەرو هێرشی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر بنکەی سەرەکی شۆڕش لە ئاگری داغ: بۆ ئەم مەبەستەش کەوتنە گرتنی هێزی سەربازی نوێ‌و تەرخان کردنی بوودجەیەکی زیاتر بۆ لەناو بردنی شۆڕش[٢٩]. ئەم پەلەپروزێیەی کەمالیەکانیش لە ترسی چالاکیەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون بوو، کە بە تەواوەتی کاری کردبووە سەر گەشە سەندنی بیری نەتەوەیی، ڕاپەڕین لە هەندێ شوێنی تری وەك دیاربکر دژی حکومەتی تورکی هەڵایسا ، کە عەشیرەتی زازا دەیانبرد بەڕێوە، حکومەتی ئەنکەرا بۆ کپ کردنەوەی ئەم ڕاپەڕینە هەوڵی دا عەشیرەتە کوردیەکان دژی یەکتر بەکاربهێنێ، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت[٣٠].

نشوستی یەکانی کەمالی بەرامبەر شۆڕشی ئاگری‌و زیادبوونی چالاکیە شۆڕشگێڕیەکانی کورد بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٣٠ دا، وای لە حکومەتی تورکی کرد هێزی سەربازی هەندەی تر زیاد بکات‌و هێرشێکی گەورەی سەرتاسەری بکاتە سەر ئاگری داغ، فڕۆکەکانی هاتنە سەر ناوچەکەو بێ دەست پاراستن ئاگر بارانی (ئاگری) یان دەکرد، لە ئەنجامدا یاشار خاتوون خێزانی ئیحسان نوری زامدار کرا: جگە لە لەناوچوونی هەندێ مەڕو ماڵات، بەڵام بەرەنگاری شۆڕشگێڕان لە زیاد بووندا بوو[٣١].

حکومەتی ئەنگەرا لەناوبردنی شۆڕشی ئاگری داغی دایە دەست ساڵح پاشاو، سوپای تورکی لەبەیانی ١١ ئایاری ساڵی ١٩٣٠ دا بەڕێکەوت‌و سوپا خزایە نێو چیاو دۆڵەکانی ئەو ناوچەیە.

شۆڕشگێڕان لەپشت سوپای تورکەوە پەرەیان بە جموجووڵە سەربازیەکانیاندا: بەتایبەتی ناوچەکانی ئەغادیرو تەندەرك تا ئەرجیش‌و وان‌و بەتلیش، ئەمەش پاڵی بەسوپای تورکیاوە نا کە لە چیای ئاگری بکشێتەوەوهێڵی بەرگری بگرێتە بەر لەبەردەم شۆڕشی کورددا[٣٢]. کوردەکان ئەم سەرکەوتنەیان بەهەل زانی و هەوڵی فراوان کردنی ناوچەی شۆڕشیان دا لەنێوان چیای

تەندرك تا ئاگری، بەتایبەتی دوای ئەوەی عەشایەری جەلالیەکانو شکاکەکان دایانە پاڵ شۆڕش: کە ژمارەیان دەیەها هەزار کەس دەبوو.[٣٣]

لەم کاتەدا بۆ سەرخستنی شۆڕشی ئاگری داغ، ٢٢٠ سوار لە ڕۆژهەڵاتی وولاتەوە بەسەرۆکایەتی نەوەکانی حسین کۆرو یوسف، سنوری ئێرانیان بڕی لە نیشتمانو بەرەو لای شۆڕشگێڕان هاتن، لەڕێگادا عەشیرەتەکانی جەلالیو حەیدەرانلیو خەلقانلی هاتنە پاڵیانو لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ دا. هێرشیان بردە سەر بنکەکانی تورك لە دەشتی زیلانو مورادیەو چاڵدیران توانیان دەست بگرن بەسەریاندا[٣٤].

ئەم هەنگاوە گەورانە مایەی ترسێکی گەورە بوو بۆ سوپای تورك، بۆیە ساڵح پاشای سەرکردەی سوپای کەمالی سەرەتا ١٢ هەزار سەربازی بڵاو کردەوە لە نێوان وانو ئەغداریدا نزیك سنوری سۆڤیەت[٣٥]. دەوڵەتیش پەیتا پەیتا داوای موالیدی تری دەکرد، بۆ پەیوەندی کرد بە خزمەتی سەربازی یەوە[٣٦] چونکە لە توانای ١٢ هەزار سەربازی تور ك دا نەبوو شۆڕشێکی وەك شۆڕشی ئاگری سەرکوت بکەن.

هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا گەیشتە ٤٥ هەزار سەرباز، کە نوێ ترین چەکیان پێدرابوو، ئەمە جگە لە یارمەتی تۆپو باڵەفڕی جەنگی، سوپای پیادە بە بەتلیسو دیاربەکردا بڵاو بووەوە. شۆڕش تەنگی بەحکومەتی ئەنکەرا هەڵچنیبوو، کار گەیشتە ئەوەی حکومەت لە ڕۆژنامەکانەوە داوای لە هەموو تورکێك دەکرد، کە بەرامبەر بە کورد بووەستنو جیاوازی ژنو پیاو منداڵو پیر نەکەن[٣٧].

پێکدادان لە نێوان هێزی شۆڕشگێڕانو حکومەتی ئەنکەرەدا نزیکەی مانگێکی خایاندو حکومەتی تورکی تووشی شکست هاتو زیانی گیانیو مادی زۆری پێ گەیشت، لە پێکدادانی نێوان ئەم مانگەدا (١١ی ئایاری ١٩٣٠ تا حوزەیران ١٩٣٠)، کوردەکان نزیکەی ٢ هەزار سەربازی تورکیان بەدیل گرت، جگە لە دەست کەوتنی ٢٣ پارچەی سەربازیو ٦٠ ڕەشاشو خستنە خوارەوەی ١٢ باڵەفڕ[٣٨]، ئەمەش وای لە سوپای تورك کرد کە هێرشەکانی زیاتر توندو تیژ بکاتو بەشێوەیەکی سەرەکیش هێزی ئاسمانی بەکارهێنرا، ئاگر باران وای لە شۆڕشگێڕان کرد ببن بە دوو بەشەوە: هەندێکیان لە ئارارات مانەوەو هەندێکی تریان ڕووەو چیاکانی سەر سنوری ئێران چوون، لەبەردەم ئەم گۆڕانکاریەدا کوردەکانی ماکۆ لە ڕۆژهەڵاتی( ئێران) هێرشیان کردە سەر سوپای کەمالیو کوردەکانی ناوچەی وانیش چوونە پاڵ کوردی ماکۆ[٣٩]. ئەمەش حکومەتی ناچار کرد ئەم ئابلۆقەی سەپاندبووی بەسەر کیریدا هەڵیبگرێتو سوپا بنێرێت بۆ کپ



کردنەوەی بڵێسەی شۆڕش، کە ئەمجارە لە باشقەڵاو شەرایو وێفری کالو ئەرجیشو وانو (زیلان)ەوە سەری هەڵداو ١٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە چوونە پاڵ شۆڕشگێڕان.

بۆ دەست بەسەرا گرتنی ڕەوشەکەو زیاتر لەدەست نەچوونی، حکومەتی تورکیا بەبەردەوامی هێزی سەربازی گەورەی ڕەوانەی ناوچەکە دەکرد، پێك دادان بەردەوام بوو تا کۆتایی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠؛ هەرچەندە سوپای تورکی نەیتوانی هێزی شۆڕشگێڕان لەناوبەرێت، بەڵام زیاتر بڵاوەی پێکردنو ئەوەش کە کەوتبێتە بەردەستیان درێخییان لە ئازارو ئەشکەنجەو کوشتنی نەکردووە[٤٠].

بەپێی سەرژمێریەکانی تورکیا کوردەکان ٣ هەزارکەسیان لەدەست داوە، تەنها لە دۆڵی زیلان (١٥٥٠کەس سەریان بڕاوەو ٢٠٠ دێ سوتێنراوە، هەرچی مەڕوماڵاتیش هەبووە تالان کراوە)[٤١].

لەئەنجامی ئەو زەرەرو زیانانەو ئابلۆقەدانی شۆڕشگێڕانیو پچڕانی هێڵی پەیوەندی نێوانیان، کە ڕێیەکی سەرەکی بوو بۆ شۆڕشگێڕان بۆ دەستکەوتنی خۆراك، کۆمەڵەی خۆیبوون هەستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك کە بە نهێنی لەباکوری کوردستان بڵاو کرایەوە، تیایدا هاتبوو:(ئەی کوردینە ئێوە شایەنی ئەوەن، کە نەتەوەیەکی مەزن بگوزەرێنن: ئەی ئێستا چۆن ڕێ دەدەن بەم میللەتە وەك کۆیلە بژی لەژێر دەسەڵاتو زەبری تورك دا، لەکاتێکدا هەموو میللەتانی تر سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە؟ هەرێمێکی گەورەو فراوانی ئازادکراو لە نێوان ئێرانو عێراقدا چاوەڕێتان دەکات، دەبا یەك بگرین هەموومان لەپێناو خەباتی چەکداری ، کە دەستی پێکردووە بۆ ڕزگارکردنی براکانمان لەژێر دەسەڵاتی تورکو ڕزگاری کردنی ئەو خاکەی چەندین سەدەیە مولکمانە[٤٢].

بەدەم دەنگەوە چوونی ئەم بەیاننامەیەوە چەند پۆلێك سواری کوردی لە باشورەوە (عێراق) بەڕێکەوتن و خۆیان گەیاندە چیاکانی ماردین و مەدیات و دۆڵی سوروح، بۆ ئەوەی بەرووی سوپای کەمالی دا بوەستن.

ئەم هەنگاوە نیشانەیەکی ڕوونی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی یە لای کورد، کەلەپارچەکانی ترەوە خۆیان گەیاندۆتە شۆڕشی ئارارات لە باکور. هەربۆ یارمەتی شۆڕشی ئاگری ئەحمەدی بارزانی چەند تیپێکی سوارەی نارد بۆ باکوری کوردستان، لە کوردستانی سوریاشەوە دوو عەشیرەتی گەورە پەڕینەوە بۆ باکوری وولات و هاوکات حاجۆ هافرکی: کە سەرۆکایەتی ٢٠٠ جەنگاوەرو ٥٠ سواری ئەکرد، لە ٣٠/ئاب/١٩٣٠ لە کێڵە سپی پەڕیەوە بەرەو نەسیبین، بەمەبەستی

سوتاندنی هەموو دێ تورکی یەکانی ئەو دەڤەرە، لە ٥ ی ئابدا دەستی گرت بەسەر هابات Habat دا و دواتر بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کەداوای شۆڕشی سەرتاسەری دەکرد دژی تورك، بۆ پشتگیری شۆڕشگێڕانی ئاگری داغ، ئەمەش بووە هۆی گرێ دانی کۆبوونەوەی سەرۆکانی کورد لە ناوچەی حەسەکەی سوریا، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری چوونە پاڵ شۆڕشگێڕانی ئارارات و هێرش کردنە سەر دیاربکرو سیفیرك و ئەدەنەو مدیات و ماردین دراو هاوکات زۆر لە عەشیرەتەکانی ئەم ناوچانەش چوونە پاڵ ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە[٤٣].

ئەم یارمەتی و هەماهەنگی یەی کورد کەماڵی یەکانی ترساند. بۆیە حکومەت هێزی سەربازی لە ٤٥ هەزارەوە کرد بە ٦٠ هەزار سەرباز، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕان و سەرکوت کردنیان[٤٤]. هاوکات بەرامبەر گەیشتنی چەند سەد سوارێك لە پارچەکانی کوردستانەوە، حکومەتی تورکی داوای یارمەتی دەوڵەتانی دراوسێ و دوورەکانی کرد بۆ لێدانی شۆڕشی ئارارات کە داڕێژراوی پارتێکی سیاسی بوو.

سۆڤیەت هەر لە سەرەتاوە دژی شۆڕش وەستاوە، دواتر حکومەت تورکی بەبیانوی ئەوەی شۆڕشگێڕان لە تەورێز شمەك و تفاق دەهێنن، داوای لە شا کرد یارمەتی بدات بۆ لێدانی شۆڕش، ئێران سەرەڕای ئەوەی کە خۆی یارمەتی دەدا، لە ئایاری ١٩٣٠ شەوە ڕێگەی دا بە تورکیا کە بچێتە خاکی ئێرانەوە و لە شۆڕشگێڕان بدا.

لە ئەنجامدا سوپای تورك توانی هێڵی بازرگان – بارمکا – ئەبییك – دونیات و کبری بگرێت و بەبەردەوامیش لە (٥)ی ئەیلولەوە هێرشی ئاسمانی بەردەوام بوو، تا ٢٥ی ئەیلولی ١٩٣٠ هێرشی ئاسمانی سوپای تورك بۆ سەر شۆڕشگێڕان کۆتایی نەهات، هاوکات یارمەتی وولاتی ناوچەکە بە تایبەتی ئێران و سۆڤێت بۆ تورکیا، کاریگەری دیاری هەبوو لە تێکدانی شۆڕش دا، شۆڕش کاتێك کۆتایی پێهێنرا کە سوپای ئێرانی لەگەڵ سوپای تورکی ئابلۆقەیان دابوون، ئەمە جگە لە سوپای سۆڤێت کە لەسەر سنوور لە ئامادەباشی یەکی تەواودا بوو.

شایانی باسە سەرکردایەتی شۆڕش ئاگاداری هەموو هەوڵ و پەیوەندی یەکانی حکومەتی تورکیا بوو لەگەڵ ئێران[٤٧]! بەڵام لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئێران لە شۆڕشی کوردی بدات![٤٨] ئەمە جگە لە سوپای سۆڤێت کە لەسەر سنور لە ئامادە باشی یەکی تەواودا بوو.

یارمەتی وولاتە ئیمپریالییەکانی بەریتانیاو فەرەنساش بۆ تورکیا، هۆیەك بوو بۆ لەناو بردنی شۆڕشی کوردی، لەمەش زیاتر تورکیا بۆ بنەبڕکردنی چالاکییەکانی ناوی زۆر کەسی بە دەسەڵات دارانی فەرەنسی کەماندای سوریایان



دەکرد، ئەویش کەواتە ڕاوەدونانی ئەو کەسانە لەوانە حاجۆ هافکری و سێ مناڵەکەی[٤٩] و دواتر زۆر لە هەندێ عەشیرەتی ناوچەکە کرد کە باکوری کوردستان بەجێ بهێڵن لە سوریا جێگیربن.

حکومەتی تورکی پاش ئەم هەموو ڕێوشوێنانە ئابلۆقەی سەپاند بەسەر ئارارات دا، دواجار شۆڕشگێڕان خۆراکیان لێ بڕاو بەهۆی نەگەیشتنی یارمەتی و جیاوازی توانای سەربازی شۆڕشی کورد سەرکوت کرا[٥٠]. لەو شکستەدا کوردی عێراق و سوریا فریای پێشمەرگەکان کەوتن[٥١].

## ڕێ و شوێنی لێدان شۆڕش

بۆ ڕیشەکێش کردنی شۆڕشەکانی کورد، حکومەتی ئەنکەرا چەند ڕێ و شوێنێکی گرتەبەر، بۆ ئەوەی ببێتە کۆسپ لەبەردەم هەوڵەکانی شۆڕشدا:

١- بەردەوام بوون لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی سەرکوت کردن و چەوساندنەوە،لەگەڵ دانیشتوانی شارو لادێ کوردییەکاندا[٥٢].

٢-هەڵوشاندنەوەی پەیوەندییە خێڵەکی یەکان، ئەمەش بە دابەش کردنی ئەندامانی عەشیرەتە کوردییەکان بەسەر ناوچە تورکی یەکاندا و نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرەك خێڵەکان و داگیرکردنی ماڵ و موڵکیان و دابەشکردنی بەسەر تورکەکاندا.

٣-ڕاگوێزانی دانیشتوان لە دێ یەکەوە بۆ دێ یەکی تر، بۆ ئەوەی خێزانێکی گەورەی کورد لەیەك دێ دا کۆنەبێتەوە لە دێیەکی چیاوە، داماڵینی چەك لە دانیشتوانی باکوری کورستان(٢).

٤-هەموو ئەو هێڵە عەشایەریانەی عەشیرەتی کۆ دەکردەوە، حکومەت هەڵیوەشاندەوە و هەرچی نازناو دەسەڵات هەیە لێی سەندن و چەندین هۆزی بە تەواوەتی دەرکرد، لە ناوچەکانی خۆیاندا لە تاراوگەش ڕێژەیان لە ٥% تێ نەپەڕیوە[٥٣].

٥-بۆ تەوقدانی باکوری کوردستان و ڕێ گرتن لە ڕوودانی شۆڕشێکی تر، حکومەتی تورکی و ئێرانی لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٣٢دا سنورەکانی خۆیان چاك کرد و ئاگری بچوك بەر تورکیا کەوت، بەرامبەر بەو پێوانەیەش هەرێمێك درا بە ئێران لە هەرێمی بییرج Bayirge لە ڕۆژئاوای ڕەزای یە.

بنیات نانی چوار پێگەی نیشتەجێ بوون لە ١٩٣٢ سیانیان دەکەوێتە کوردستانەوە، ناوچەکانیان چۆڵ کرا بە بیانوی هۆکاری تەندروستی، ڕۆشنبیری، مادی، سیاسی، ستراتیجی و پاراستنی ئاسایش[٥٤].

٦-قەدەغەکردنی کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی کە زمانی زگماکیان تورکی نی

یە، لە ناوخۆیاندا و بەهیچ جۆرێك بۆیان نی یە ڕێکخراو و سەندیکای پیشەیی یاخود چینایەتی دروست بکەن، بۆیشیان نییە سەرۆکایەتی سەندیکاو و ڕێکخراوە پیشەیی و چینایەتی یەکانیان بکەن یاخود کاری تێدا بکەن.

٧-بێ بەری کردنی کورد لە هەموو مافێکی سیاسی و یاسایی، تەنانەت ئەو یاسایانەش کە پشت ئەستورە بە بڕیاری دادگا کورد ناگرێتەوە[٥٥].

٨- لە پێناو توانەوەی کورد لەگەڵ تورکدا، زمانی کوردی قەدەغە کراو، منالآنی کورد ناچارکران بچنە قوتابخانەی تورکی. مەبەستیش لەم هەنگاوە لەبیرکردنی زمانی زگماگی خۆیانە، بۆیە هەموو ئەستەنگێك خرایە بەردەمیان بۆ بنیات نانی قوتابخانەی کوردی.

بەم شێوەیە حکومەتی تورکی هەموو ڕێگایەکی گرتەبەر بۆ لێدانی جوڵانەوەی کورد و شۆڕشی ئارارات، هەموو ئەم هەنگاوانەش مەترسی سیاسیەتی کەمالیەکان دەردەخەن بەرامبەر بە شۆڕشی ئارارات، بۆیە حکومەتی ئەنکەرا دوای ئەو هەموو ڕێ و شوێنانە چالاکی کوردەکان و شۆرششگێڕانی خستبووە ژێر چاودێرییەکی توندەوە[٥٦]، بەم شێوەیە شۆڕش کۆتایی پێهێنرا لە ساڵی ١٩٣١و ئیحسان نوری پاشاش پەنای بردە بەر ئێران[٥٧].

## دەنگ دانەوەو ئە نجامەکانی شۆڕش

شۆڕشی ئارارات درێژترین شۆڕشەکانی کورد بوو لە باکوری وولات لە مێژووی هاوچەرخ دا، لوتکەی ململانێی نێوان ناسیۆلیالیستی کورد و تورك نیشان دەدات. ئارارات ڕێکخراویترین شۆڕشەکانی کوورد بوو، بۆیە کەمالیەکان بە توندترین شێوەو هەموو توانایانەوە بەرامبەر بە شۆڕش و شۆڕشگێڕان وەستان، شەڕو پێك دادانی زۆر سەخت و قورس ڕووی دا لە نێوان هەردوولادا، بە تایبەتی کە دوو شەڕی سەخت لە دۆڵی زیلان و ئاگری بچوك دا، بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی تورکیاوە یەکلایی کرایەوە، کە ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە کپ کردنەوەی شۆڕشی ئاگری داغ دا.

حکومەتی تورکیا جگە لە پشت بەستن بەهێزی دەرەکی و وولاتانی ئیمپریالیزم و وولاتانی ناوچەکە، هێزێکی ئاسمانی گەورەی بەکارهێنا لەگەڵ نوێترین چەك و تەقەمەنی بەیارمەتی ٦٠ هەزار سەرباز بۆ لێدانی ئەم شۆڕشە، ئەو ژمارەیەش دوو هێندە زیاتر بوو لە ژمارەی جەنگاوەرە کوردەکان، چونکە ڕۆژنامەکانی (ملیت) و (جمهوریت)ی تورکی باسی شۆڕشیان کردووە ، کە ژمارەی شۆڕشگێران لە شۆڕشی ١٩٢٥ کەمتر نەبووە، بەوپێیەش ژمارەی



شۆڕشگێران لە سەرەتادا ١٠ هەزار کەس بووە، پاشان دوای بڵاوبوونەوەی شۆڕش بە تایبەتی کە عەشیرەتەکانی جەلالی و حەیدەرانلی چوونە پاڵیان، ژمارەکە گەیشتۆتە ٢٥ هەزار شۆڕشگێر.

ڕووبەڕووبوونەوەی دوو هێزی وا لەچەندین شەڕی سەختدا، ئەنجامی ترسناکی لێکەوتۆتەوە هەر چەندە شۆڕشگێڕانی کورد چەك و تفاقی پێویستیان نەبووە، بەڵام پشتیان بەستووە بە سەختی چیاکانی ئارارات، کە بارودۆخێکی لەباری بۆ جەنگی پارتیزانی ڕەخساندووە، هەر ئەمەش بووکە یارمەتی زۆری شۆڕشگێڕانی دا لەسەرکەوتنەکانیاندا.

بەڵام حکومەتی کەمالی کەوتە تۆڵەکردنەوە و وێرانکردنی کوردستان لە ئەنجامدا چەندین دێ خاپوور کرا و هەزاران کەس گوللەباران کران و توندترین سیاسەت پیادە دەکرا.

جگە لە لێدانی شۆڕشگێڕان کەمالیەکان دەستیان لە دانیشتوانیش نەپاراست، تەنها لە دۆڵی زیلان ١٠ هەزار کەسیان کۆکردەوە، کە زۆربەیان ژن و منالٚ بوون حکومەتی تورکی بەتۆپ و فڕۆکە بەخەستی لێی دان، جگە لەم ناوچەیە زیانی گیانی ئەو شۆڕشە گەیشتە ١٠-١٥ هەزار کەس[٥٨].

کەمالیەکان ترسی ڕۆشنبیرانی کوردیان بە چاکی دەزانی لە هەڵایسانی شۆڕش دا، بۆیە لەشاری وان سەد ڕۆشنبیری کوردیان دەست گیرکردو دوای ئەوەی خرانە کونی سەرداخراوەوە فڕێدرانە دەریاچەی‌وانەوە[٥٩]، دادگای ئەدەنەش لە ٢٢ی ئایاری ١٩٢٣ دا فەرمانی لە سێدارەدانی ٣٠ شۆڕشگێڕی کە لە ئارارات دەستگیر کرابوون و فەرمانی بەندکردنی ٥٨ کەسی تریشی دا بە ماوەی جیاجیا[٦٠].

لە ئەنجامی لێدانەکانی سوپای تورکی بۆ شۆڕشی ئارارات، ٢٢٠ گوندی کوردی کوێرکرایەوە، جگە لە سوتاندنی ٣٠٠ دێی تر لە دەوروبەری جولەمێرگی ناوەندی هەکاری و کاولکردنی ٤٠٠ دێی تر لە نزیکی چیای ئاگری و تەندرك ئەم زیانانەش بەخانووبەرەوە نەوەستان و مەڕومالآتی ناوچەکانیشی گرتەوە[٦١]. ئەم لێدان و سوتاندنە زیانێکی گەورەی گەیاندە ژێرخانی کوردستان و ماندووی کرد.

لەگەڵ نشوستی هێنانی کۆمەڵەی خۆیبوون بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی کەلەپێناویدا خولقاو هاتە کایەوە، لەڕێگەی گەشەپێدانی بیرە نەتەوەیی و یەکخستنی ڕیزەکانی گەل و ڕێکخستنی شۆڕشی چەکداری، کە شەقڵێکی نەتەوەیی و سیاسی بەخۆوە گرتبوو, کاریگەری و کاردانەوەیەکی باشی هەبوو لەسەر گەلی کورد بە تایبەتی لە کۆمەك و پشتگیری شۆڕش، ئەمەش بەڵگەی گەشەکردنی وشیاری نەتەوەیی یە کە

هەنگاوێکی گەورەبوو، هەموو تەم و مژێکی کۆنەپەرستی و فیودالی ئایینی سڕییەوە، شۆڕشی کوردی خستە قاڵبی ڕاستەقینەی خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەرێکی گەورە پشتگیری لە شۆڕش کرد، تاوای لێهات تورکای خستە لەرزە.

هەنگاوێکی تری شۆڕشی ئارارات دەرخستنی ئاستی وشیاری سیاسی ڕۆشنبیران و سەرۆکانی کورد بوو، کە ئامانجی سەرەکی و کۆتاییان بنیات نانی کۆمارێکی کوردی بوو، لەم پێناوەدا بۆ یەکەم جار بەو شێوە بەرفراوان و مۆدێرنە کورد سوپای ڕێکخست و مەشقی پێ کرد ، بنکە (قاعدە)ی سەرکردایەتی شۆڕش بەرەو پێش چوو، بەوەی لە ڕووی سیاسی و سەربازی یەوە کۆمەڵەی خۆیبوون دەی برد بەڕێوە، کە ڕۆشنبیران و ئەفسەران و بورژوای بازرگانی کوردی لە خۆی کۆکردبووەوە، ئەمە جگە لە نوێنەرە نیشتمان پەروەرەکان دەرەبەگەکان، ئەوەی ئەم چین و توێژانەی دەبەست بەیەکەوە ئامانجە نەتەوەیی یەکان و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی پەسارێکی کوردی بوو.

شۆڕی ئارارات دەسەڵاتی دەوڵەتی نوێی تورکیای هەژاند، بۆیە مستەفا کمال خۆی ئاماژەی بۆ ئەو ڕاستی یە کردووە و پێی نەشاردراوەتەوە کاتێك دەڵێت : چەند ڕووداوێك لە ڕۆژهەڵاتی وولات رووی دا، سەربەخۆیمانی هەژاند[٦٢] ، هێزو ڕێکخستنی ئەو شۆڕشە وای لە تورکیا کرد، هێزێکی مەزنی سەربازی بنێرێتە ناوچەکە بە یارمەتی وولاتانی دەرەوە بۆ دامرکاندنەوەی، لەگەڵ ئەوەشدا لێپرسراوان و دەسەڵاتداران دەیانویست دەنگی شۆڕشی کورد کپ بکەنەوە و نەگاتە جیهان و تاوانەکانی خۆیان بشارنەوە، لەلایەکی تریشەوە دەیانویست ناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی کورد بزڕێنن، هەر بۆیە وایان دەدایە قەڵەم کە بزووتنەوەکە فیتی بێگانەیەو خەباتگێڕانی کوردیش بەکرێ گیراون، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکانی تورکیا و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن تەواوکەری ئەوسیاسەتەی دەوڵەت بوون. هەوڵیان دەدا سەداو دەنگی شۆڕش کپ بکەن و نەگاتە هیچ جێ یەك، هاوکات ڕووی ڕاستەقینەو ئامانجە نەتەوەیی یەکانی بشێوێنێ و بە کۆنە پەرستی بدەنە قەڵەم، لەم کارەشدا ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تیادا دەژی پشتگیری یەکی تەواوی مستەفا کەمالیان کرد بۆ پاساودانی سیاسەتی خۆیان.

وەك هەموو شۆڕشەکانی تر تورکیا دەنگی نارەزایی بەرزکردەوە، کە بەفیتی بێگانە ئاژاوە کەوتۆتە وولاتەوە، بەریتانیا ( کە یارمەتی ڕاستەوخۆی دەدا ) یارمەتی ئەو گێرە شێوێنانە دەدات، لە ڕاستیدا کەمالیەکان خۆیان دەیانزانی





ئەمە پڕوپاگەندەیە، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو سەبارەت بەو یارمەتی یە، بەڵام مەبەست لەم کارە کەم کردنەوەی بایەخی شۆڕش و وەلاوەنانی بوو، چاپەمەنی یەکی تورکیاش هەمان بیرۆکەی بەرپرسانیان بەجۆراوجۆر دەنوسیەوە، ئەوە بوو کاتێ عیسمەت ئینێنۆ هێڵی ئاسنینی سێواسی دەکردەوە لە ٣١ی ئابی ١٩٣٠ ڕای گەیاند کە: ( ئەو شۆڕشەی بە دەسیسەی بێگانەکان هەڵایسا لە ڕۆژهەڵاتی وولات پێنج ساڵ درێژەی هەبوو، لە کاتی ئێستا لاواز بووەو هێزی خۆی لە دەست داوە، بەتەنهاش بۆ تورك هەیە لەم وولاتەدا کە داوای مافە نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بکات و ئەم مافە بۆ کەسی تر نی یە)[٦٣] ، لەم قسەی ئینێنۆدا دەردەکەوێت کە شۆڕشگێڕان داوای مافی نەتەوەیی و نیشتیمانیان کردووە، بەڵام لەلای کەمالیەکان ئەمە کارێکی ئەستەنگ بوو.

سەبارەت بە شۆڕشی ئارارات، شالیاری داد (محمود عزەت ) لە ئۆدمیش ڕای گەیاند ووتی (ئێمە لە تورکیادا دەژین، لە وولاتێکدا کەلە هەموو وولاتانی تری جیهانی زیاتر ئازادی تێدایە...با دۆست و دوژمن بزانن باکێوەکانیش بزانن کە گەورەی ئەم وولاتە تورکە، ئەوەی بە نەتەوە ناچێتەوە سەر ڕەگەزی پاکی تورك، لە نیشتمانی تورکدا تەنها یەك مافی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نۆکەرو کۆیلە بێت )[٦٤] .

ڕەت کردنەوەی داخوازییەکانی شۆڕشگێڕانی کورد، لەلایەن بەرپرسانی تورکەوە تەنها ئاوێنەی سیاسەتی شۆڤێنی کەمالی نەبوو، بەڵکو ناشرین کردنی ڕووی شۆڕشی کوردی کارێکی تری چاپەمەنی یەکانی کەمالی بوو، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (حقیقت ملت) لە ١٠ی ئابی ١٩٣٠ نوسیویەتی : ( هیچ کەس گومانی نی یە ئەم جۆرە داواکاریانە، مەبەست لەسەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ئەو دڕندە کێویانەوە، تەنها گاڵتە جاڕی یە، چونکە تاکە ناوچەی شیاو بۆ پێدانی خود موختاری بەگەلێك کە ژمارەی ووشەی زمانەکەیان لە ٢٠٠ ووشە تێ ناپەڕێت، ناوەڕاستی ئەفریکایە یاخود یەکێك لە بیابانەکانە، کە لێك چووی مرۆڤ و لێك چووی مەیموونی لێ دەژی...بەڵام کیشوەری ئاسیا لانکەی شارستانیەتە کۆنەکانە و بەهیچ جۆرێك ناتوانێت ئەم جۆرە داوایە پەسەند بکات، ئەوانەش کە ئەوێرن داوای بکەن ئەبێت لەسەریان بدرێت لەڕاستی دا ئەمەش دەکرێت)[٦٥] .

ڕوویەکی تری خنکاندن و کپ کردنی دەنگی شۆڕشی کوردی، کەمکردنەوەی قەوارەی شۆڕش و ژمارەی شۆڕشگێڕان بوو، هەر بۆیە بەرپرسان ڕایان گەیاند کە نزیکەی ١٥٠٠ کەس لە ئێرانەوە پەڕیونەتەوە تورکیا و هەستاون بە چەند کارێکی تێك دەرانە! بێگومان ئەوەی ڕاستی هەڵناگرێت ئەم وتەیە، ئایا بۆ

لێدانی ١٥٠٠ کەس پێویست بەبەکارهێنانی هێزێکی ئاسمانی گەورە و ٦٠ هەزار سەرباز و یارمەتی وولاتانی دەرەوە دەکات؟!

کەمالی یەکان لەگەڵ هەموو دید و بۆچوونە جیاواز و توندو تیژەکانیان بەرامبەر شۆڕشی ئارارات هاوکات هەوڵیاندا بیکەنە بیانویەك بۆ لەناوبردنی ئەو کەسێتی یە کوردیانەی ئەندام بوون، لە ئەنجومەنی نیشتمانی تورکی و پشتگیری مستەفا کەمالیان دەکرد،بۆیە دەستیان کرد بە تاوانبار کردنیان بەوەی یارمەتی شۆڕشی چەکداری کوردیان داوە لە ئاگری داغ، لە میانەی ئەم هەڵمەتە پاکتاوکاریەدا، نورەدین پاشای نوێنەری ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکان یەکەم کەس بوو لە پەرلەمان پەنجەی تۆمەتی بۆ ڕاکێشرا.

لەگەل ئەو هەموو ڕایە نارێکو پێکانەی کەمالی، شۆڕش ڕوویەکی تری هەبوو لەلای کەسانی وولاتانی تر کە ئەوکات لە نزیکەوە ئاگایان لە شۆڕش بووە و لەسەریان نوسیوە، وەك کچە ڕۆژنامە نووسی ئینگلیزی ڕۆزێتا، کە ١١ ڕۆژ لە ئۆردوگای شۆڕشگێڕان ماوەتەوە و باسی بەشداری کردنی ژنانی کوردی کردووە لەو شۆڕشەداو تفەنگەکانیان هەڵگرتووە لە پێناو سەربەخۆیی دا، لەکاتێکدا منالێکیان بە پشتیانەوە بەستووە[٦٦].

سیاسەتی  کەمالی یەکان بەرامبەر بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران زەنگێکی ووشیار کەرەوە بو بۆ ڕۆشنبیران و سەرکردەکانی کورد، هەربۆیە بڕیاریاندا چۆك دانەدەن و خەباتی چەکداری ڕێکخراو دەست پێ بکەن و دوربینانەتر کار بۆ شۆڕشی نەتەوەیی بکەن، هەر لەم میانەدا،شۆڕش بنکەی خۆی بردە دەرەوەی شارەکان و خەباتی شاخ لە شۆڕشی کوردا دەستی پێ کرد. مەبەست لەم هەنگاوە بەدەست هێنانی یارمەتی بوو لە پارچەکانی تری کوردستان و دوورکەوتنەوە لە سوپای تورك بووە کە مۆڵیان خواردبوو لەناو شارە کوردییەکاندا. لەمەش زیاتر پەیوەندیان کرد بە سۆڤێتەوە، هەنگاوەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئارارات بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی کوردو یارمەتی سەرکردەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، نیشانەی گەشەکردنی بیری نەتەوەییە لەو قۆناغەدا و بەمەش کاری هاوبەش دەستی پێکرد بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی یەکان. ئەم هەنگاوەش هۆکارێك بوو بۆ هاوکاریکردنی ئەو حکومەتانەی کوردستانیان دابەش کردووە کە هاوکاری سەربازی یەکتری بکەن، هاوکات هەوڵی نوێ هاتە کایەوە بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە شۆڕشەکانی لەناوبەرن، بەوەی کە پۆست





ببەخشرێتە سەرۆکە کوردەکان، ئەم هەنگاوەش دوو خاڵ ڕوون دەکاتەوە:

١- هەوڵی داگیرکەران بۆ بچوك کردنەوەی شۆڕشەکانی کورد لە سەرکردەکاندا.

٢-مانەوەی پەیوەندی خێڵەکایەتی لەناو کورددا، هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی شۆڕشەکان لە ڕێگەی سەرۆکەکانەوە.

هەرئەم شۆڕشە قۆناغێکی نوێی لە باکور هێنایە ئاراوە ئەویش ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی یە، ئەمەش سیاسەتی وولاتە داگیر کەرەکان ڕوون دەکاتەوە کە ڕێگەی سەربازی و کپ کردن هەمیشە یەکەمین هەوڵ بووە بۆ لێدانی شۆڕشەکانی کورد و چارەسەرکردنی کێشەکان.

**********

## سەرچاوەکان


١. زنار سلوتی: مسألة کردستان، نظمە و قدم لە د. عزالدین مصطفی رسول، الطبعة الثانیة، بیروت، ١٩٩٧، ص ١١٤.

ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبوونو شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕانی شوکر مستەفا چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٦٦.

٢. کونی ڕەش: انتفاضة طاحون(آل علی یونس) ١٩٢٥، ط ١، دمشق، ١٩٩٥، ص ٧٤ — ٨٤.

٣. حسرتیان: القضایا القومیة في ترکیا، الطبعة الأولی ، ترجمهسیامند سیریتي، مراجعة و تقدیم عزیز داود محمد، ١٩٩١.

٤. ★ ئیحسان نوری پاشا لە کوردەکانی بەتلیسو خێڵی جەبران بوو لەساڵی ١٨٩٢ لەدایك بووە، ئەفسەرێکی کورد بوو لە سوپای تورکیادا، بەڵام پاش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا هەرزوو نیازی حکومەتی تورکیای بەرامبەر بە کورد بۆ ڕوون بوەوە، زانی بەڵێنەکانیان نابەنەسەر، بۆیە سوپای تورکی بەجێ هێشتو چووە ڕیزی خەباتی کوردەوەو ئیحسان نوری پاشا : ڕاپەڕینی ئاگری، وەرگێڕانی ، ئەرسەلان بایز، کوردستانی عێراق، ١٩٩١، ل ٢٣.

٥. عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان ، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، چاپی سێیەم، ١٩٩٨، ل ١٢٤.

٦. عبدالرحمان قاسملو: کوردستانو کورد، وەرگێڕانی عبداللە حسن زادە، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ژمارە (٤)، ١٩٧٣ ل ٦٣.

٧. جليلي جليل و اخرون، الحركة الكردية في عصر الحديث، ترجمة خبدي حاجى ، الطبعة الأولى، دار الرازي، بيروت ١٩٩٢، ل ١٦٣، سعاد حسن جواد: التطورات الأقتصادية العالمية ١٩٢٩ — ١٩٣٣، رسالة ماجستير غرفشورة، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٩٨، ل ١٢٩.

٨. سلوبى : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

٩. بهنان: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨، ديڤيدماكداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ابوبکر خۆشناو لە فارسیەوە کردوویی بە کوردی، چاپی دووەم، هەولێر ، ٢٠٠٥، ل ٣٣٩.

١٠. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

١١. سلوپى: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨- ١٢٠، نورى پاشا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

١٢. شەمزينى : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦، حسرتيان: القضايا، ل١٠٧.

١٣. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

١٤. ئالاكۆم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

١٥. شەمزينى : سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

١٦. * منابسيان: يەكێك بووە لەو كەسانەی سەر بە ڕووسيا بووە لەكاتى شۆڕشدا لە تەورێز بووە.

١٧. * بەكدۆف: مەئمورى پێشووى بنكەى جاسوسى ڕوسى بووە لەيادداشتەكانيدا باسى شۆڕشى ئاراراتى كردووە.

١٨. حسين مدنى: كردستان برسء تعليل نهضت هاى افراد ببخشعلى در كردستان، اسفنده ماه، ١٣٥٧، ل ٣٤.

١٩. مەكداول: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١.

٢٠. كونى ڕەش : جمعيە خۆيبوون ١٩٢٧، مراجعة و تقديم: د. عبدالفتاح بۆتانى، مطبعة دهۆك، ٢٠٠٠، ص ١٤٠.

٢١. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٢. شەمزينى : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦، بهنان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

٢٣. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

٢٤. حسرتيا: كردستان، ل ١٥٠، نورى پاشا ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦ — ٤٠.

٢٥. كريس كۆچێرا: مێژووى كورد لەسەدەى ١٩ — ٢٠، وەرگێڕانى محمد ريانى، چاپخانەى كارون، تهران،١٣٦٩، ل ١٦٥.

٢٦. شەمزينى : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.



٢٧. قاسملو : سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

٢٨. خليل على مراد: القضية الكرديةو تطهيرها على دول الجوار، الموصل، ١٩٩٢، محمد داود، ل ٥٢.

٢٩. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

٣٠. مراد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١، نورى پاشا : سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤- ٦٤.

٣١. نورى پاشا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

٣٢. بلەج شيركۆ: مافى الكرد و حاضرهم، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٣٠، ل ٩٤.

٣٣. مراد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

٣٤. نورى پاشا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ — ٨٨، بهنان : سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

٣٥. صالح قەفتان: مێژووى نەتەوەى كورد، حاڵەتى سياسى، مێژووى كۆمەڵايەتى، ئاوەدانى، گەلى كورد لەسەرتاى مێژووەوە، چاپخانى سلمان الأعظمي، بغداد، ل ٢٩٠، بهنان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

٣٦. شێركۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

٣٧. شەمزينى: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

٣٨. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

٣٩. حسرتيان: القضايا، ل ١٠٨.

٤٠. نورى پاشا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠ — ٦١.

٤١. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٧.

٤٢. بهنان : سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

٤٣. شێركۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦، كونى ڕەش: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

٤٤. جليلى جليل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

٤٥. مەكداول: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١ — ٣٤٣.

٤٦. بهنان : سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

٤٧. * لەيەكێك لە ژمارەكانى ڕۆژنامەى ئاگرى كە زمانحاڵى شۆڕش بوو باس لەو پەيوەنديە دەكات لە ژێر ناونيشانى (دوو چۆلەكەو بەردێك).

٤٨. نورى پاشا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢، ياسين نيكتين، الأكراد، دار الروائع، بيروت، ١٩٦٧، ل ٥٧٦.

٤٩. كاوە بيان: شۆڕشى ئاگرى داغ، وەرگێڕانى ئەبوبكر خۆشناو، سلێمانى ، ٢٠٠٠، ل ١٢٧- ١٣٣، شێركۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

هەواڵنامەی کتێب

٥٠. بهنان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.
٥١. کەریم زەند: پارتی خۆیبوون ١٩٢٧، گۆڤاری شەهید، ژ. ٧، ساڵ یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٥٢. عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد، کوردو کۆماری عێراق، ئامادەکردنو لەچاپ دانەوەی ئەحمود موحەممەدی، دەزگای چاپو بلاَو کردنەوەی‌ئەتلەس ، تاران، ٢٠٠٥، ل ٦٠.
٥٣. شێرکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.
٥٤. حسرتیان: القضایا، ل ١١٢، بهنان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.
٥٥. شەمزینی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.
٥٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٥٧. سەجادی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.
٥٨. شێرکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦، جەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩.
٥٩. لوسیان رامبو: الأكراد و الحق، ترجمە و قدم لە و وضع حواشیە عزیز عبدالأحد النباتي، مطبعة الثقافة، اربیل، ١٩٩٨، ل ٥١.
٦٠. جلیلی جلیل و اخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩، شێرکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.
٦١. شەمزینی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.
٦٢. حسرتیان: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.
٦٣. شێرکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢ – ١٠٣، بهنان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.
٦٤. شەمزینی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.
٦٥. حسرتیان: القضایا، ل ١١١، کردستان، ل ١٥٤.
٦٦. حسرتیان: کردستان،ل ١٥٢ – ١٥٣، جلیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.




# پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان لە چاخەکانی کۆنەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە

یوسف محمد صادق*

## پێشەکی

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (International Relations) وەك یەکێك لە بوارەکانی توێژینەوەی زانستە سیاسییەکان، لە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە کە سنووری نێوان دەوڵەتان دەبڕن. بەم پێیەش هەموو ئەو پەیوەنییە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتیی و.. تادواییانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی (International Politics) بەجێدەهێڵن.

لایەنەکانی ئەم پەیوەندییانەش لە رۆژگاری ئەمرۆماندا سەرجەم ئەو کەسایەتی و کارەکتەرانەن کە پەیوەندییەکانیان و کاریگەریی سیاسەتەکانیان، سنووری نێوان دەوڵەتان دەبەزێنن. لێرەوە بەشێك لەم کارەکتەرانە بچووکترن لە دەوڵەت، وەك کەسایەتییە جیهانییەکان، کۆمپانییا بازرگانییەکان، هەندێك لە پارتە سیاسییەکان و..تاد. هەندیکی دیکەیان یان دەوڵەتن، وەك رێکخراوە ئیقلیمییەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان و ..تاد. ئەمە جگە لە دەوڵەت خۆی کە بە کارەکتەرێکی سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەناسرێت.

هەڵبەت ئەم ئاڵۆزییەی ئەمرۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە رووی زۆریی بوارەکانی و ئەو کارەکتەرانەی بەشداریی تێدا دەکەن، زادەی مێژوویەکی چەندین سەدەیی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کییانە هاوشێوەکانی دەوڵەت لە سەردەمە جیاجیاکاندایە. لێرەوە بە گرنگی دەزانین کە ئاورێك لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چۆنییەتی گەشەکردنی تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، بدەینەوە. ئەم باسە هەوڵێکە لەو پێناوەدا و نووسەرەکەی خوازیارە کە بە چەند زنجیرەیەك گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تا سەردەمی ئەمرۆمان بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە.

# بەشی یەکەم

## پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە چاخەکانی کۆن و ناوە ڕاست دا

### *یەکەم: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە چاخە کۆنەکاندا*

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەر لە کاتی درووست بوونی کۆمەڵە مرۆییەکانەوە، هاتە ئاراوە. ئەو کاتەی کیانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوشێوەی خێڵە لێکدابڕاوەکان و دواتر دەوڵەتشارەکانو پاشان ئیمپراتۆری و دەوڵەتەکان، دروست بوون، بۆ ڕیکخستنی بەرژەوندییەکانیان، کەوتنە پەیوەندی دروست کردن لەنێوانیاندا. جا ئەم پەیوەندیانە هەندێك جار شکڵی هاوکارییان لەخۆدەگرت و هەندێك جاری تریش بەشێوەی ململانێ دەرکەوتن. زۆربەی لێکۆڵیاران و نووسەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بوارە دەگێڕنەوە بۆ کۆنگرەی ویستڤالیا (١٦٤٨) و دروست بوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان[١]، بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ چاخەکانی کۆن و سەردەمەکانی پێش کۆنگرەی ویستڤالیا، ناڕاستیی ئەم بۆچونەمان بۆ ڕون دەبێتەوە.

دەکرێت سەرهەڵدانی یەکەمین ئاماژەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بگێڕینەوە بۆ ئیمپراتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن. هەربۆ نمونە لەساڵی (١٢٧٨)پ.ز ڕەمسیسی دووهەم (فیرعەونی سێهەمی میسرییە کۆنەکان) لەگەڵ شای حەبەشییەکاندا پەیماننامەیەکی مۆر کرد کە تیایدا جەخت لەسەر پابەندبوونی هەردولا کراوەتەوە بۆ "بەرپاکردنی ئاشتی و ئاسایش لەنێوان وڵاتەکانیان و هاو پەیمان بوونیان، هەردوولاش پەیمانیان داوە کە هێرش نەکەنەسەر یەکتر"[٢]. دەبینین هەرلەوکاتەوە هەندێك لە دیاردەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وەك بەستنی پەیماننامە و بەستنی هاوپەیمانی و داڕشتنی پەیوەندی لەسەر بنچینەی ئاشتی و ئاسایش، هاتوونەتەئاراوە. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت بوترێت کە جگە لەهەندێ نمونەی وەك ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، پەیوەندیی نێوان ئیمپراتۆرییەکانی چاخەکانی ڕابردو زیاتر لەشێوەی شەڕ (وەك یەکێك لەمیکازمەکانی ململانێ) خۆی نمایش کردوە. هەروەك ئەو شەڕانەی کە لەنێوان میسرییە کۆنەکاندا، روویان داوە. دەکرێت شەڕی ڕۆمان و قەرتاجە بەدڕندانەترینی ئەم شەڕانە بەنموونە بهێنینەوە کە لەپێناو باڵادەستی بەسەرکەنارەکانی دەریای سپیی ناوەراست روویدا[٣].

پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتشارەکانی یۆنان لەسەر بنەمایەکی ڕێکوپێکتر و



ڕوونتر داڕێژرابوون. بۆ نمونە لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، ئەسینا و ئیسپارتە هاوپەیمانی یەکتربوون و هاوکاریی یەکیان کرد بۆ شکسپێهێنانی فارسەکان لە ساڵی (٤٨٠)پ.ز. ئیسپارتە دەوڵەتێکی پارێزگار و پەیوەست بەزەوی بوو و لە دوای شەڕ لەگەڵ فارسەکان، خەریکی کاروباری نێوخۆیی بوو. بەڵام ئەسینا دەوڵەتێکی ئابووری و بازرگانی بوو و ئاڕاستەی بەرەو دەریاکان بوو و گرنگیی بەجیهانی دەرەوە دەدا[٤].

لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش زایین ئەسینا پەنجا ساڵی لەگەشەسەندندا تێپەراندبوو و بەرەو ئیمپراتۆرییەت پەرەی سەند و (یەکێتیی دیلی)ی دروست کرد کە بریتی بوو لە هاوپەیمانیی دەوڵەتانی کەناری ئیجە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی فارسەکان. لەلایەکی ترەوە ئیسپارتەش دراوسێکانی خۆی لە نیمچەدورگەی پلۆپۆنیزی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی بەرگریا ڕێکخست.

ئەو دەوڵەتانەی کە هاوپەیمانی ئەسینا بوون، بێزاربوون لەپێدانی باج بەئەسینا. لەلایەکی ترەوە هەندێك دەوڵەتشاری تر هەوڵیاندا رووبەرووی پەرەسەندنی هێزی ئەسینا ببنەوە. لێرەوە شەڕی پلۆپۆنیزیی یەکەم سەریهەڵدا (٤٦١پ.ز.). ئەم شەڕە، بە بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی بۆ ماوەی (٣٠ساڵ)، کۆتایی هات و، بەم شێوەیەش بۆ ماوەیەك ئاشتی و ئاسایش لەیۆنانی کۆندا بەرقەراربوو[٥].

دواتر لەساڵی (٤٣٤ پ. ز.) شەڕێکی نێوخۆیی لە دەوڵەتشاری (ئەبیدامنۆس)دا، لەنێوان لایەنگرانی دیموکراتی و لایەنگرانی حکومی دەستەبژێردا روویدا و بووە هۆی دەستێوەردانی هەردوو دەوڵەتشاری (کۆرسیرا) و (کۆرنیسە) لەدژی یەکتر بۆ یارمەتیدانی گروپە شەڕکەرەکانی ئەو شارە. کۆرسیرا داوای هاوکاریی لە ئەسینا کرد بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات لە تێکنەشکانی ئوستوولە دەریاییەکەی لە لایەن کۆرنیسەوە. ئەسیناش بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز ناچار بڕیاری دەستێوەردانێکی سنووردارییدا. بەڵام پاش ئەوەی کۆرنیسە بڕیاری شەڕی لەدژی کۆرسیرادا و، خەریك بوو ئەمەی دوایی بەتەواوی شەڕ بدۆڕێنێت، سەفینەکانی ئەسینا دەستێوەردانێکی زیاتریان لە قازانجی کۆرسیرا کرد، کە ئەمەش بووە هۆی ورووژاندنی دەوڵەتی کۆرنیسە و، داوای یارمەتیی لە ئیسپارتە کرد و هۆشداریی دا لەبەرفراوان بوونی هێزی ئەسینا و تێکچونی هاوسەنگیی هێز لەنێوان دەوڵەتشارەکانی یۆنان ئەگەر ئەسینا ئەم شەڕە بیباتەوە. (میجارا) کە دەوڵەتشارێکی گرنگ بوو لەگەڵ کۆرنیسە ڕێککەوت،

ئیسپارتەش چوونەنێوشەڕی قبوڵکرد .چونکە دەترسا لە زیادبوونی هێزی ئەسینا و تێکچونی هاوسەنگیی هێز لەبەرژەوندیی ئەمەی دووایی‌و هێزەکانی ئیسپارتە لەساڵی (٤٣١ پ.ز.) هێرشیان کردە سەر ئەسینا[6]. لێرەوە شەری پلۆپۆنیزیی دووهەم یان پلۆپۆنیزیی گەورە سەریهەڵدا. لەقۆناغی یەکەمی ئەم شەڕەدا هەردوولا هاوسەنگ بوون، هەربۆیە لەساڵی (٤٢١پ. ز) ئاگربرێکیان بۆ ماوەی دەساڵ لەنێوان خۆیاندا ڕاگەیاند. بەڵام ئەم ئاگربڕە زۆر لەرزۆك بوو و لەساڵی (٤١٣پ.ز) ئەسینا هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی (سقلیە)یدا کە هەندێك کۆلۆنی (مستعمرە)ی دەوڵەتشارە هاوپەیمانەکانی ئیسپارتەی تێدابوو. لێرەوە شەڕ لە نێوانیاندا بەرپابوویەوە. دەرەنجامەکەشی شکستی یەکلاکەرەوەی ئەسینا بوو. لە هەمانکاتدا ئیسپارتە هەندێك هاوکاریی ئابووریی لەفارسەکانەوە پێگەیشت کە خۆشحاڵ بوون بەدۆڕانی ئەسینا. ئەم شەڕانە بەردەوام بوون تاساڵی (٤٠٤پ. ز)و، دۆڕانەکانی ئەسینا تووشی لێکترازانی کرد لەنێوخۆیداو ئۆلیگارشییەکان سەرکەوتن بەسەر دیموکراتییەکان. دواجار ئەسینا لە (٤٠٤پ. ز) داوای ئاشتیی کرد و، ئیسپارتەش لەبەرامبەردا داوای رووخاندنی ئەو دیوار و قەڵایانەی کرد کە ئەسینا بۆ خۆپاراستن لە هێرشەکانی وشکانی دروستی کردبوون. بەم شێوەیەش هەیبەتی ئەسینا شکێنرا[7].

بەتێڕوانین لەو پەیوەندیانەی دەوڵەتشارەکانی یۆنانی پێکەوە گرێدەدا و، ئەمانیشی بە هاوبەشی یان بە جیا بە جیهانی دەرەوەیان گرێدەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکان کرۆکی ئەم پەیوەندییانە بووە و لە پێناویدا هاوپەیمانییان سازداوە، ڕێککەوتننامەی شەڕوەستان و ئاشتیان گرێداوە و، هەندێك جاریش شەڕیان لە پێناویدا ئەنجامداوە. لەلایەکی دیکەوە کێشە نێوخۆییەکانی ئەم دەڵەتشارانە لە پەیوەندییەکانی نێوانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە ململانێی نێوان دیموکرات و ئۆلیگارشییەکانی (ئەبیدامنوس)، بەهۆی داوای یارمەتیکردنی دیموکراتەکان لە دەوڵەتشارەکانی تر، دەگوێزرێتەوە بۆ ناوچەکە و سەرەنجام شەڕی پلۆپۆنیزیی دووهەمی لێدەکەوێتەوە. پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیەش تەواو ڕاستە، بەو مانایەی سەرکەوتن و دۆڕانەکانی دەوڵەتشارەکان لەململانێکانی دەرەوەی خۆیاندا، ڕاستەوخۆ لە نێوخۆی خۆیاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەك ئەو لێکترازانەی کە ئەسینای گرتەوە بەهۆی شکستهێنانی لەشەڕی پلۆپۆنیزیدا.

لەلایەکی ترەوە ئیمپراتۆرییەکانی تری جیهان و بەتایبەتیش فارسەکان



کاریگەربوون لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتشارەکان، چونکە فارسەکان لە شەڕدابوون لەگەڵ دەوڵەتشارەکانی یۆنان. هەربویەش بەشێوەیەکی گشتی هەر کاتێك مەترسیی فارسەکان بەسەر ئەم دەوڵەتشارانە زیاد بووبێت ئەوا بەرەو هاوپەیمانی و هاوکاری ڕۆشتوون. بەڵام هەندێك جاریش سودیان لەیارمەتیی ئیمپراتۆرییەکانی تر وەگرتووە لە یەکلاکردنەوەی ململانێ و شەڕەکانی نێوانیان. سەرەڕای هەموو ئەمانە لەسەردەمی دەوڵتشارەکانی یۆناندا هەندێك عورفی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ یەکەمجار هاتنەئاراوە، وەك ئاڵوگۆری نێردراوە دبلۆماسییە کاتییەکان و، پەنابردنەبەر داوەریکردن (تحکیم) بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوانیان هەروەك لە پەیماننامەی ئاشتیی نێوان ئیسپارتە و رەجوس لە (٤٧٠پ. ز)دا ئاماژەی پێکراوە[8].

هەرچی ئیمپراتۆڕیی ڕۆمانیشە ئەوا لە پەیوەندییە نێودەڵەتییەکانیدا زیاتر پەنای دەبردە بەر بەکارهێنانی هێز نەك هاوکاریی و دیبلۆماسی، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئیمپراتورییە پەیماننامەی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا دەبەست کە بەسەریاندا سەردەکەوت. بەڵام پەیوەندییەکانی ڕۆما لەگەڵ دەوڵەتە سەربەخۆکانی کەناری دەریای ناوەڕاست زیاتر هاوشێوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتشارەکانی یۆنان بوو و وەك گرێبەست دەیانڕوانییە پەیماننامەکانی نێوانیان و هەندێك کلێشەی تایبەتیان بۆ جۆرە جیاوازەکانی ئەم ڕێککەوتننامانە دارشت وەك ڕێککەوتننامەی ئاشتی و، شەڕوەستاندن و . . تاد[9].

***دووهەم: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەچاخەکانی ناوەڕاستدا***

مەبەستمان لە چاخی ناوەڕاست ئەو سەردەمەیە کە بەهەرەسهێنانی ئیمبراتۆرییەتی رۆمانیی ڕۆژاوا لەساڵی (٤٧٦ز) دەست پێدەکات تا دەستبەسەرداگرتنی قوستەنتەنییەی پایتەختی ئیمبراتۆریی ڕۆژهەلأت لەلایەن (محمدالفاتح)ی سەرکردەی عوسمانی لەساڵی (١٤٥٣ز). بونیادی سیاسیی جیهانی ڕۆژاوا لەم سەردەمەدا بەوە دەناسرێتەوە کە سیستەمی فیودالیزم بەرقەراربوو و، بوو بەهۆی دابەشبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان فیودالّەکان.

لەلایەکی دیکەوە ئایینی مەسیحی لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەگەشەسەندنی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکاندا. چونکە ئەم ئایینە توانیی ئەم یەکە سیاسییە لێکدابڕاوانە لەچوارچێوەی یەکەیەکی سیاسیی هاوبەشدا کە هاوئایینی کرۆکی بوو، ڕێك بخات. لێرەوە کەنیسە توانیی هەیمەنەی خۆی بەسەر مەملەکەتانی ڕۆژاوادا بسەپێنێت، پاپا خۆی بەسەرۆکی جیهانی مەسیحی ناسی و هەموو دەسەڵاتە

رۆحی و زەمینییەکانی خستەژێر دەستی خۆیەوە. لێرەوە مەسیحییەت ڕووکاری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم جیهانەی پێکدەهێنا لەگەڵ ئیمپراتۆری و دەوڵەتانی تری جیهان. رەنگە شەڕە خاچپەرستەکان (١٠٩٦-١٢٩١) لەم چوارچێوەیەدا جێگە بگرن. هەروەك هەندێك جاریش مەملەکەتە مەسیحییەکانی رۆژاوا چ بەجیا و چ پێکەوە رێککەوتننامەی ئاشتی و شەڕوەستاندن و جیاکردنەوەی سنووریان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیاندا ئیمزا کردووە.

***سێهەم. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەردەمی ئیسلامدا***

دەرکەوتنی ئیسلام وەك ئاینێکی ئاسمانی لەسەدەی حەوتەمی زایینی دا رۆڵکی گرنگی بینی لەمێژوی ئەو ناوچەیەی هەنووکە پێی دەوترێت "رۆژهەلاتی ناوین" و دەوروبەری. هەروەها ڕۆڵکی گرنگیشی بینی لەبەرەو پێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکانی ئەم ناوچەیە و دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیاندا. سەرەتا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو بنەمایانەی ئیسلام بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەلگرانی ئەم ئایینەو ئەوانی تردا دایناوە لەگەڵ شێوازی جێبەجێ کردنی ئەم بنەمایە لە لایەن هەلگرانی ئەم ئایینە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

دەکرێت بوترێت کە ئیسلام جیا لەوەی کەشێوازی پەیوەندیی نێوان تاك و خودای بەشێوەیەکی زۆر وورد دارشتووە، چەند بنەمایەکیشی بۆ شێوازی مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لەگەڵیەکیدا خستۆتە ڕوو کەزیاتربنەمای گشتین و دەکرێت بە گۆڕانکاریی سەردەم و شوێنەکان بە شێوازی جیاجیا و بەڕەچاو کردنی ئەم بنەمایە ئەو پەیوەندییانە رێکبخرێتن. ئەم هاوکێشەیە بۆ پەیوەندییەکانی نێوخۆی کیانی ئیسلامی و بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەم کیانە و دەرەوەی خۆیشیدا ڕاستە.

**گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە ئیسلام بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕەچاوی کردوون.**

١. بنچینەی پەیوەندییەکانی نێوان کیانی ئیسلامی و ئەوانی دیدا ئاشتیەو، شەر تەنها بۆ مەبەستی بەرگری لەخۆکردنەو ئیسلام خۆی وشەیەکە لە(سلم) واتە ئاشتییەوە هاتووە. خوداش لەقورئاندا دەفەرموێت (فان جنحوا للسلم فاجنح لها). "الانفال:٦١" واتە (ئەگەر دەستی ئاشتییان بۆ درێژکردی ئەوا تۆش قەبوولی بکە). (یاأیها الذین امنو ادخلوا فی السلم کافة ولا تتبعوا خطوات الشیطان. . . ) "البقره:٨". واتە: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە هەموو بچنە نێو ئاشتییەوە و بەدوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون. . .)

ئیسلام تەنها لەکاتی شەڕ و هێرش کرانە سەردا داوای شەڕی بەرگریکاری دەکات، (فلا عدوان الا علی الظالمین) "البقره:١٩٣"، (ڕێ بەدەستدرێژی کردن نادرێت تەنها بۆ سەر ستەمکاران نەبێت ). (قاتلوا فی سبیل الله الذین یقاتلونکم ولا تعتدوا" شەڕ بکەن لەرێی خودا لەدژی ئەوانەی شەڕتان لەڵەگەدەکەن و دەستدرێژی مەکەن )

٢. ئیسلام ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز نادات بۆ بلاّوکردنەوەی ئایینەکەی، بەڵکوتەنها داوای رێنوێنیی خلّکی دەکات لەرێی حیکمەت و ئامۆژگاری. (ادع الی سبیل ربك بالحکمة و الموعظة الحسنة)"نحل١٢٥"، (خەڵك بانگێشت بکە بۆ ڕێگای خودا بەحکمەت و ئامۆژگاریی باش ) (لا اکراه فی الدین)"البقره:٢٥٦"، (بەزۆر سەپاندن لەئاین دانیە). بەکارهێنانی هێزیش بۆ بلاّوکردنەوەی ئیسلام تەنها دەبێت بۆلابردنی لەمپەڕەکانی بەردەمی بێت نەك بۆ سەپاندنی ئایینەکەی. بۆیە ئەوەی پێی دەوترێت (فتوحاتی ئیسلامی) لەسەرەتاکانی دا تەنها بۆ ئەم مەبەستە بووە و بەلگەش بۆ ئەمە مانەوەی ئایینەکانی ترن لە نێو پانتایی کیانی ئیسلامیدا. هەروەها ئایینی بەزۆر سەپێنراو لەگەڵ نەمانی هێزی هەلگرانی دەپووکێتەوە، بەلاّم سەرەڕای لاواز بوون یان هەندێك جارنەمانی دەسەلاّتی ئیسلامی لەسەردەمە جیاوازەکان کەچی ئەم ئایینە هەر ماوە و خەڵك پشتی تێنەکردووە[10]. بەلام ئەمە ئەوە ناشارێتەوە کە هەندێك جار خەلافەتە ئیسلامییە یەك لەدوای یەکەکان هەندێکیان بۆ فروان کردنی قەڵەمرەویان چەمکی فتوحاتیان بەکارهێناوە و، زۆر جاریش هەندێك لە کەمایەتیە ئاییەکانی تریان چەوساندۆتەوە.

٣. دادپەروەری لە مامەڵە و حوکمدان لەنێوان خەڵکیدا بەبێ رەچاوکردنی ئاین و رەگەز و شوناس. دەکرێت ئەمەش بەسەرەتای دادپەروەریی جیهانی دابنێین[11].

٤. دانانی یەك بنچینەی رەگەزی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و دژوەستانەوەی هەموو جیاکارییەکی رەگەزی و نەتەوەیی و ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤ لەسەر ئەم بنەمایە. (کلکم لادم و ادم من تراب)، (یاایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی و جعلناکم شعوبا و قبائك لتعارفوا)

٥. ئیسلام هانی بنیاتنانی پەیوەندی دەدات لەسەر بنەمای هاوکاری کردن بۆ

دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و دوورکەوتنەوە لە هاوکاری کردنی ستەمکاران و دەستدرێژیکاران. (و تعاونوا على البر و التقوى و لاتعاونوا علي الآثم و العدوان).

٦. پێویست بوونی وەفاکردن بۆ ئەو بەڵێن و پەیماننامانەی مسوڵمانان لەگەڵ دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکانی تردا ئیمزای دەکەن. (و أوفوا بالعهد ان العهد كان مسؤولاً). (فأتموا اليهم عهدهم)١٢.

٧. پاراستنی گیان و ڕێزگرتنی نێردراو و باڵێوزی دەوڵەتان وەك هۆکارێك بۆ پەرەدان بەهاوکاری لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە و چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك ئاڵوگۆڕی دیلەکان و بەستنی پەیماننامە لەگەڵیان تەنانەت جۆرێك لە حەسانەی کەسایەتییان بۆ ئەم کەسانە دابین کردووە[١٣].

لەگەڵ بوونی ئەم بنەما گرنگانە بۆ پەیوندییە نێودەوڵەتیەکان لە ئایینی ئیسلامدا، بەڵام مەرج نیە سەردەمی حوکومڕانیی مسوڵمانەکاندا سەرجەم ئەم بنەمایانە جێبەجێ کرابێت. ڕەنگە لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا تاڕادەیەکی زۆر ئەم بنەمایانە جێبەجێکرابن، بەڵام بە گۆڕانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە خەلافەتەوە بۆ پادشایەتی، ئەم بنەمایانە بەشێوەیەکی بەرچاو فەرامۆشکران و چیدی لەو سەردەمەوە دەسەڵاتی پادشایەتیی ئیسلامی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیدا زیاتر لە ژێر کاریگەریی ڕێورەسم و شێوازی مامەڵەی نێودەوڵەتیی ئیمپراتۆریی ڕۆمانیدا بوو.

## بەشی دووەم

## کۆنفرانسی ویستڤالیا و دەرئەنجامەکانی

لەگەڵ دەست پێکردنی هەرەسهێنانی سیستمی فیودالیزم و نزیك بوونەوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە کۆتاییەکانی، دەرکەوتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەستیپێکرد کە بەوەجیادەکرانەوە کە سەربەخۆبوون لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتییان بەسەر هەرێمەکانیان و ئەو دانیشتوانەی لە هەرێمەکانیان جێگر بوون. ئەم گۆرانکارییە بوویە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمین جار یەکەمین دەوڵەتە نەتەوەییەکانی وەك ئینگلیز، فەرەنسا، ئیسپانیا، پورتوگال، سویید، نەرویج، دانیمارك، پۆڵەندە و رووسیا، دروست ببن. لەمەبەدوا یەکبەدوای یەك و تا ساڵی (١٥٠٠) دەوڵەتی نوێ لە ئەوروپادا سەریهەڵدا، تەنها ویلایەتەکانی ئەڵمان و هەندێك هەرێمەکانی باکوری ئیتاڵیا ئەبێت کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپارتۆر





و پاپای کەنیسەی کاسۆلیکدا مابوون[١٤]. لەلایەکی ترەوە ئەو ئاشتیە ڕێژەییەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بوو تارادەیەك لە ئەوروپا لە ئارادابوو، هێدی هێدی بەرەو داڕووخان دەچوو بەتایبەت بەهۆی پێکدادانی نێوان پرۆستانت و کاسۆلیکەکان و دواجار شەڕێکی درێژخایەنی لێکەوتەوە کە پێی دەوترێت شەری (٣٠ساڵە) "لە ١٦١٨ -١٦٤٨". ئەو کاتەی ئەم شەرە بەرپابوو، نزیکەی سەدەیەك بەسەر بزوتنەوەی چاکسازی دینی بەڕێبەرایەتیی (لۆسەر و کالڤن)دا تێپەڕیبوو. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە نەیتوانی کۆتایی بەو گرێیە بهێنێت کە کەنیسەی کاسۆلیکی بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم بزوتنەوەیە دەیگرتە بەر[١٥].

ئەم شەرە لە ئەنجامی ململانێی مەزهەبی نێوان "یەکێتی پرۆتستانتی" کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك لە ئیمارەتە ئەڵمانیەکان و، "هاوپەیمانانی کاسۆلیکی" کە ئەمیش دووبارە لە هەندێکی تر لە ویلایەتەکانی ئەڵمان پێکهاتبوو، دروستبوو و بەخێرایی پەرەیسەند و بوویە شەڕێکری سیاسیی نێودەوڵەتی. هەریەکە لە دانیمارك و سوید و فەرنسا بۆ دژوەستاندنەوەی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیی پیرۆز کە لەلایەن نەوەکانی هابسبۆرگەوە حکوم دەکرا و، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە ئەوروپادا، چوونە نیو ئەم شەرەوە. لەدەرەنجامی هاوپەیمانیی نێوان فەرەنساو سوید ئیمپراتۆر ناچاربوو بکەوێتە دانووستان لەگەڵیان و، لەئەنجامدا ڕێکەوتننامەی ئاشتیی ویستڤالیا لە مۆنستەر لە (١٦٤٨/١٠/٢٤) دا ئیمزا کرا.

ئەم ڕێکەوتننامەیە بوویە هۆی لاوازبوونی ئیمپراتۆڕیی ڕۆمانی، چونکە بویە هۆی جیابونەوەی زۆربەی ولایەتەکانی ئەڵمان لە ئیمپراتۆرییەتەکەی. سەرزەمینی ئەڵمان دابەشبوو بۆ نزیکەی (٣٠) ویلایەت کەهەریەکەیان سەربەخویی تەواوی وەرگرت. هەوەها هۆڵەندا و سویسراش لەم ئیمپراتۆرییە جیابونەوە[١٦].

ڕێکەوتننامەی ویستڤالیا بنەمای نوێی بۆ پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان چەسپاند کە گرنگترینیان بریتییە لەدانان بە سەربەخۆیی تەواوی ویلایەتەکان لەکاروباری ناوخۆ و دەرەوەیاندا و، لێرەوە سەروەریی ویلایەتییەکانی سەلماند و لەئەنجامی ئەمەشدا (سیستمی نێودەولەتی) هاتەکایەوە کە دەوڵەت پایەی بنچینەیی ئەم سیستمەیە.

**دەکرێت گرنگترین دەرەنجامەکانی کۆنگرەی ویستڤالیا بۆ سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:**

١. ڕێکەوتننامەی ویستڤالیا جەختی لەسەر بنەمای دەستتێوەرنەدان لەکاروباری

ناوخۆیی دەوڵەتانی تر کردەوە. ئەم بنەمایەش لەگەڵ بنەمای پیرۆزیی سەروەریی دەوڵەت بوونە دوو بنەمای بنچینەیی سیستمی نێودەوڵەتی[17].

٢. بنەمای یەکسانیی دەوڵەتانی چەسپاند بەبێ ڕەچاوکردنی سیستمی حکومڕانی و ئایین و مەزهەبەکانیان، لێرەوە دەکرێت کە ئەم ڕێکەوتننامەیە بە سەرەتای بەسیکۆلار کردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بژمێرین[18].

٣. ئەم کۆنفرانسە بوویە سەرەتایەك بۆ ئەوەی دواتر ناوی لێنرا بە (دبلۆماسییەتی کۆنگرەکان) کە بریتی بوو لە یەکتر بینین و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان پاشا و سەرۆکەکاندا. لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتننامەی ویستیفالیا نێردراوە دبلۆماسیە کاتییەکانی گۆڕی بۆ نێردراوی دبلۆماسیی جێگیر و، ئەمەش دواتر بوویە هۆی چەسپاندنی بنەماکانی دبلۆماسیی وەك حەسانە و ئیمتیازەکانی دبلۆماتەکان[19].

٤. بنەمای هاوسەنگیی هێزی لە نێوان دەوڵەتانی ئەوروپا چەسپاند. سەرەڕای ئەوەی شەڕی سی ساڵە بە سەرکەوتنی فەرەنسا کۆتایی پێهات، بەڵام سوڵحی ویستفالیا سەردەمێکی نوێی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان هێنایە کایەوە کە پشت ئەستور بوو بە هاوسەنگیی هێز لەنێوان هەندێك لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان کە بریتی بوون لە بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا و بروسیا. ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەموو بەشداربوانی کۆنگرەکە دانیان نا بە هاوسان بوونی هێزی ئەم دەوڵەتانە و، کۆنترۆڵ نەکردنی ساسەتی ئەوروپی لەلایەن یەکێك یان هاوپەیمانییەکی ئەم دەوڵەتانە و، کارکردنی دەوڵەتانی تر بۆ ڕێگریکردن و بەپەرچدانەوی ئەو دەوڵەتەی سنوری خۆی بەزاندووە و هەوڵی زیادکردنی قەڵەمڕەوی خۆییداوە. بۆیە هەرچەندە ڕێککەتننامەکە بەڕوونی ئاماژەی بەچەمکی هاوسەنگیی هێز نەکردوە، بەڵام بەشێوەیەکی کردەیی چەسپاندی[20].

سەرەڕای ئەمانەش ئەو سیستەمە نێودەڵەتییەی بەهۆی ئەم ڕیککەوتننامەیەوە هاتە ئاراوە سیستمێك نەبوو کەدەوڵەتە جیهانیەکان پایەکانی پێکهێنێن بەڵکو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سنوردار کرد بە پەیوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی سەروەرین، لێرەشە سیستمی نێودەوڵەتی هیچ گرپ و کیانێکی لە خۆ نەدەگرت کە خاوەنی ئەم سیفەتە نەبێت[21].

لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتننامەی ویستافالیا کۆتایی بەو سەردەمە هێنا کە پێی دەوترێت سەردەمی چاکسازیی ئایینی لە ئەوروپادا. چونکە لێرەبەدواوە تاڕادەیەك ئینتیمای مەزهەبی لە ئەوروپادا دیاریکرا و چەسپێنرا. لێرەوە



کۆتایی بە خەونی چاکسازیخوازە پرۆتستانتەکان هات بۆ شکستپێهێنانی کەنیسەی کاسۆلیکیی ڕۆمانی. هەروەها بزوتنەوەی شۆڕشی چاکسازیی پێچەوانەش شکستیخوارد لە گێڕانەوەی وەلائی ڕەها بۆ پاپا و کەنیسەی ڕۆمانی. هەربۆیەش دواجار هەردوو مەزهەبی کاسۆلیك و پرۆتستانت ناچاربوون کە پێکەوە لە ئەوروپادا هەڵبکەن و لێکبوردنی ئایینی بەرقەرار بێت[22].

**سیستمی نێودەوڵەتی لەپاش ڕێکەوتننامەی ویستیفالیا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە دەوڵەتانی دەگرتەوە کە دەکرێت دابەشبکرێت بۆ چوار بەش:**

١. دەوڵەتە گەورەکان: کە بریتی بوون لە بەریتانیا، فەرەنسا، بروسیا و ڕووسیا و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی پیرۆز (نەمسا).

٢. دەوڵەتە مامناوەندەکان: بریتی بوون لەئیسپانیا، پورتوگال، سوید، هۆڵەندا دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٣. دەوڵەتە بچووکەکان: فارس، دانیمارك، بەلجیکا، سردینیا (بیدمۆنت) و سوسیرا.

٤. دەوڵەتـشارەکان: کە بریتی بوون لەنزیکەی (٣٠) دەوڵەتۆکەی ئەڵمانی وەك بریمن، بادن، باڤاریا، و ویسکۆنیا و چەند دەوڵەتێکی ئیتاڵیی وەك مۆدیا، بارما، تۆسکانیا و هەردوو سەقلییەکە[23].

لێرەوە سەرنج دەدەین کە تەنها دەوڵەتی عوسمانی و فارس و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەروپادا نەبوون و، دەوڵەتەکانی تر بەتایبەت دەوڵەتە گەورەکان سەرجەمیان لە ئەوروپادا بوون. بۆیە دەکرێت بوترێت ئەو سیستەمە جیهانیەی پاش ویسڤالیا هاتە ئاراوە بە پلەی یەك ئەوروپی بوو، تەنانەت دەکرێت بوترێت کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ویستفالیاوە بۆ کۆتایی شەری جیهانی یەکەم بریتی بوو لە سەردەمی باڵادەستیی ئەوروپا.

هاوسەنگیی هێز و سەقامگیریی ڕێژەیی لەئەوروپادا بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کە فەرەنسا لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ویستی لەسەر حسابی دەوڵەتانی تر قەڵەمڕەوی خۆی زیاد بکات. هەر بۆ ئەمەش لویسی چواردەی پادشای فەرەنسا زنجیرەیەك شەری ئەنجامدا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەورووپا. دیارترینی ئەو شەرانەش بریتییە لە شەڕی ویراسەتی ئیسپانیا (١٧٠٢ – ١٧١٣). لویسی چوارده ویستی دەست بگرێت بەسەر عەرشی ئیسپانیادا لەپاش مردنی پادشاکەی شارلی دووهەم. بەڵام ئینگلیز توانیی هاوپەیمانییەك پێکبهێنێت بەناوی هاوپەیمانیی گەورەترین لەساڵی (١٧٠١) کە پێکهاتبوو لەئینگلیز، هۆڵەندە، ئیمپراتۆریای ڕۆمانیی پیرۆز، دۆقیەی براندنبرجی ئەڵمانی، پورتوگال

و دۆقیەی ساڤۆی ئیتاڵی. لە ئەنجامدا شەڕێکی درێژ لە نێوان فەرەنسا و ئیسپانیا لەلایەك و، هاوپەیمانیی گەورەترین لەلایەکی ترەوە بەرپا بوو کە بەشکستی فەرەنسا و ئیسپانیا و، واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ئۆتەرێخت (Utrecht) کۆتایی هات. ئەم ڕێکەوتننامەیە جارێکی تر ئەوروپای لەسەر بنچینەی هاوسەنگیی هێزەکانی داڕشتەوە و کۆتایی هێنا بەو زنجیرە شەڕانەی کە بە هۆیانەوە فەرەنسا دەیویست ئەوروپا کۆنترۆڵبکات. لە دەرئەنجامیشدا بەریتانیا وەك زلهێزێکی دیاری ئەوروپا دەرکەوت بەتایبەت دوای ئەوەی کە دەستی گرت بەسەر (جەبەل تاریقدا) و بەمەش بووە گەورەترین باڵا دەستی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست[٢٤].

## بەشی سێهەم

## پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا

***یەکەم: فاکتەرە سەرەکییەکانی کاریگەر لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان***

هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەهەمەوە کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەریی بەهێزیان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دانا، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن[٢٥]:

**١. شۆڕشی زانستی**

لەسەدەی هەڤدەوە ئەوروپا بەرەوپێشچونێکی قووڵی بەخۆیەوە بینی لەرووی ڕێبازەکانی لێکۆڵنەوە و، ئیدی لەوکاتەوە ئەم ڕێبازانە پشتئەستوربوون بە شێوازی زانستیی وەك تێبینیکردن (ملاحقە)، شرۆڤەکردن و، پێشبینی کردن (تنبوء). هەر بۆیەش کۆمەڵێك تیۆری زانستی سەبارەت بەدیاردە گەردوونییەکان هاتنە ئاراوە وەك تیۆرەکانی (گالیلۆ و بۆیل). لێرەشەوە ئیتر مرۆڤەکان دەیانتوانی لەسروشت تێبگەن و پێشبینیی ڕووداوەکانی داهاتووش بکەن. هەروەها لەکاتێکی دواتریشدا کۆمەڵێك ئیختراعی زانستیی وەك وزەی هەڵم و کارەبا هاتنە ئاراوە و، بەهۆیانەوە شێوازەکانی پیشەسازی پێشکەوتن. هەموو ئەمانەش بوونە هۆی زیاد بوونی هێزی ئەورووپی و توانا بەخشین پێی بۆ بلاّوکردنەوەی قەڵەمڕەوی خۆی لەجیهاندا. لەهەمان کاتدا ئەو دەوڵەتە نائەورووپیانەی لەم سەردەمەدا هەبوون وەك (عوسمانی و فارسەکان و هەرێمە ئاسیایی و ئەفریقییەکان دواکەوتن لەم پێشکەوتنە زانستیانە دەرەنجامیش دەوڵەتە ئەورووپییەکان توانییان هەڵمەتێکی ئیمپریالیی بەرفراوان ئەنجام بدەن.

**٢. شۆڕشە فیکرییەکان**

هرزی مرۆیی لەسەدەی هەژدەهەمدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینی کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:



**أ. چەسپانی بیرۆکەی پێشکەوتن وەك بنچینەی ژیانی مرۆڤ:** بیرۆکەی نۆێبوونەوەی بەردەوام و داهێنان وەك بنچینەی ژیانی مرۆڤەکان جەختی لەسەرکرایەوە. مەبەست لەمەش بریتییە لەوەی لەسەر مرۆڤ پێویستە شێوازی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگەدا دابهێنێت. چونکە هیچ شێوازێکی چەسپاوی باش لەئارادا نییە. لێرەوە بیرۆکەکانی نۆێبوونەوەی بەردەوام هاتنە ئاراوەو ئیدی ئەوە سەلمێنرا کە پێویستە سبەی باشتربێت لەمڕۆ.

**ب. جێگیربوونی چەمکی جیاکردنەوەی نێوان کەنیسە و حوکمەت وجەخت کردنەوە لەسەر کیانی دەوڵەتی نەتەوەیی:** لێرەوە چیدی کاروباری سیاسی و ئابوری پەیوەست نەبوون بە ڕێنومایییەکانی کەنیسەو ئامانجەکانی، بەڵکو کەنیسە بوویە یەکێك لە دامەزراوانی کۆمەڵگە کە مافی سەپاندنی بیروڕاکانی بەسەر دەسەلاّتدارە مەدەنییەکان نەبوو. هەروەها دیاردەی دەوڵەتی نەتەوەیی جێی گرت کەسنورێکی دیاریکراوی هەبوو و، سەروەریی هەبوو لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی خۆیدا.

**ج. سەرهەڵدانی چەمکی ئازادییە سیاسی و ئابوورییەکان:** مەبەست لە ئازادییە ئابوورییەکان ئەوەیە کە چالاکیی تاك تەوەرەی ژیانی ئابوورییە و، ڕۆڵی ئابووریی دەوڵەتیش لەڕۆڵی ئەو پاساوانە تێناپەڕێت کە پێویستە رولی تەنها کورتکراوەبێت لەئاسایش و بەرگریو هەندێك زانا و بیریار کاریان لەسەر ئەم تێزە کرد وەك (ئادەم سمیس و ریکاردۆ).

لە لایەکی ترەوە بەهۆی دەرکەوتنی نووسینەکانی بیریارە ئازادیخوازەکانی وەك مۆنتسکیۆ، ڤۆلتێر، روسۆ و جۆن لۆك، بابەتی ئازادییە سیاسییەکان و مافە بنچینەکانی هاولاّتی گەشەی گرنگی بەخۆیەوە بینی. ئەم بیروبۆچونانە لە ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (١٧٧٦)دا و لە راگەیەندراوی مافەکانی مروڤ و هاولاّتی لەفەرەنسا لەساڵی (١٧٨٩)دا رەنگی دایەوە. بەلاّم پێویستە ئەوە بوترێت کە سەرەڕای سەقامگیربوونی بیرۆکەی ئازادییە ئابوورییەکان لەئەوروپا، بەلاّم ئازادییە سیاسیەکان لەکاتێکی درەنگ تر و لەناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا چەسپێنران. چونکە چەمکی ئازادیە سیاسیەکان دوای شکستی ناپلیۆن و بەستنی کۆنفرانسی ڤییەنا لەساڵی (١٨١٥)، زیانی گەورەی بەرکەوت. چونکە ئەم کۆنفرانسە هەوڵێك بوو بۆ گێڕانەوەی بارودۆخی رابردوو لە ئەوروپا و، بەتایبەت گەرانەوە بۆ دەسەلاّتی ڕەها، کەئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕاپەرینێکی جەماوەری لە دەوڵەتە ئەورووپییە جیاجیاکاندا.

### ٣. شۆڕشی پیشەسازی

شۆڕشی پیشەسازی بە فاکتەری گرنگ دادەنرێت لەبەرەو پێشچوونی پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا. دەکرێت ئەم شۆڕشە واپێناسەبکرێت کە گۆڕانکاریی بنچینەییە لەشێوازەکانی بەرهەمهێنان و داهێنانی ئامرازە میکانیکییەکان و بەکارهێنانیان لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا و زیاد بوونی وزەی جوڵێنەر و زیادبوونی بەکارهێنانی خەڵوز و ئاسن و پۆڵا و، وەرچەرخان بەرەو بەرهەم هێنانی زۆر لە کارگەکاندا لە بری بەرهەمهێنانی کەمی ماڵان. قۆناغی یەکەمی ئەم شۆڕشەش بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی ئامێری هەڵمی لەساڵی (١٧٧٦)دا و، قۆناغی دووهەمیشی بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی ئامێری کارەبایی لەساڵی (١٨٣٠)دا. لەرێگەی ئەم دوو ئامێرەشە کارگە گەورەکان دروست کران.

شۆڕشی پیشەسازی سەرەتا لە بەریتانیا سەری هەڵدا. ئەمەش بەهۆی زۆر بوونی سامان لەم وڵاتەدا هەرلەسەرەتای سەدەی شانزەهەم و، هەروەها بەهۆی ئەو کۆلۆنییە بەرفراوانەی لە دەرەوەی ئەوروپا هەیبوو. بۆیە دەکرێت بوترێت کە بەریتانیا لەماوەی نێوان (١٧٧٠تا١٨٣٠) پێشکەوتنی پیشەسازیی لەجیهاندا بۆ خۆی قۆرخ کردبوو. بەڵام پاش گەڕانەوەی ئاشتی بۆ ئەوروپا لەپاش کۆنفرانسی ڤییەنا، ئەم شۆڕشە بە دەوڵەتانی تری ئەوروپادا بڵاوبوویەوە. لەبەرئەوەی زیادبوونی بەرهەمهێنان لە بەریتانیادا وای لێکرد کە بەشوێن بازاری نوێ لە ئەوروپادا بگەڕێت و هەوڵی هەناردەکردنی زیادەی سەرمایەکەی بکات.

دەکرێت بوترێت کە شۆڕشی پیشەسازی تەوەری سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا. چونکە ئەم شۆڕشە جووڵێنەری سەرەکیی سیستمی سەرمایەداریی پیشەسازی و، هەڵکشانی ئیستعمار و، گۆڕانی هاوکێشەی هێزە نێودەوڵەتییەکان و، هەروەها یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دەرکەوتنی رەوتە سۆشیالیزمەکانی دونیا بوو.

#### أ. شۆڕشی پیشەسازی و سیستمی سەرمایەداری:

شۆڕشی پیشەسازی بوویە هۆی هاتنەکایەی گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەسیستمی سەرمایەداریدا کەلەسەدەی شازدەهەمەوە سەریهەڵدابوو. پێش شۆڕشی پیشەسازی، سەرمایەداریی ئەوروپی سەرمایەدارییەکی بازرگانی بوو کەخۆی لەمامەڵەی بارگانیی نێودەوڵەتیدا دەبینییەوە کە لەلایەن خانەدانەکان و هاوڵاتییانی چینی ناوەڕاستەوە بەڕێوەدەبرا. بەڵام پاش شۆڕشی پیشەسازی سەرمایەداریی بازرگانی گۆڕا بۆ سەرمایەداریی پیشەسازی. بەو مانایەی هەڵدەستا بەگۆڕینی مادەی خام و سەرەتایی



بۆمادەی دروستکراو لەکارگە گەورەکاندا. بەم شێوەیەش ئەم شۆڕشە بوویە هۆی هاتنە ئارای کارگە گەورەکان کە موڵکی سەرمایەدارەکان بوون و ژمارەیەکی زۆر کرێکاریان تێدا دادەمەزراند.

#### ب. شۆڕشی پیشەسازی و دیاردەی ئیستعمار:

هەڵاوسانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە بەریتانیا و دەوڵەتانی تری ئەوروپا بوویە هۆی پەلهاویشتن بەرەو دەرەوە بۆ گەران بەدوای بازاری نوێ بۆ فرۆشتنی زیادەی بەرهەمهاتوو و، هەروەها بۆ گەران بەدوای مادەی خامی سەرەتایی پێویست بۆ پیشەسازی و، گەران بەدوای بواری بەرفراوانتر بۆ وەبەرهێنانی (إستثمار)ی زیادەی سەرمایە. لێرەشەوە پیشەسازی بوویە پاڵنەر و جوڵێنەری سەرەکیی پەلهاویشتنی ئیستعماری لە سەدەی نۆزدەدا. ئەمەش بوویە هۆی گۆڕانی سروشتی دیاردەی ئیستعماری لەوەی لە دیاردەیەکی بازرگانییەوە کە پشت ئەستوور بوو بە هێنانی کانزا گرانبەهاکان و بەندەکان و، سنوردار بوو بە ناوچە کەناراوییەکانی ئاسیا و ئەفریقاوە، گۆڕا بۆ دیاردەیەکی پیشەسازیی ڕاوەستاو لەسەر هەناردەکردنی شمەکە دروستکراوەکان بۆ کۆلۆنییەکان و هاوردەکردنی مادەی خام لێیانەوە لەشێوەی ئاڵوگۆڕێکی نابەرامبەر. هەروەها ئیستعمار ئیدی پەلیهاویشت بۆ ناوەوەی قارەکان.

#### ج. شۆڕشی پیشەسازی و هاوکێشەی هێزە جیهانییەکان:

شۆڕشی پیشەسازی لەبەریتانیا سەری هەڵدا و لەماوەی نێوان (١٧٧٦ بۆ ١٨٣٠) کامڵ بوو و دواتر فەرەنسا و بەلجیك و ئەڵمانیاشی لەماوەی نێوان (١٨٣٠ بۆ ١٨٦٠) گرتەوە و، پاشان پەلیکێشا بۆ یابان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەریتانیا بەهۆی پێشڕەوایەتی کردنی شۆڕشی پیشەسازی بوویە بەهێزترین دەوڵەت لە جیهاندا و، بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی هێزی جیهانی لە بەرژەوەندیی پێش دەوڵەتانی تری ئەوروپا کەوت لە پەلهاویشتنی ئیستعماریدا.

بەڵام بڵاوبوونەوەی شۆڕشی پیشەسازی بۆ دەوڵەتانی تری ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکان و پاشان یابان بوویە، هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە جیهاندا لە دژی بەرژەوەندیی بەریتانیا. لەلایەکی ترەوە گەشە سەندنی شۆڕشی پیشەسازی لەم دەوڵەتانەدا بوویە هۆی داخستنی بازارەکانیان بە ڕووی شمەکی بەریتانی کە ئەمەش بووە هۆی هاندانی ئەمەی دوایی بۆ پەرەپێدانی بە سیاسەتە ئیستعماریەکانی لە ئەفریقا و ئاسیا.

لەهەموو ئەمانەش گرنگتر دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لەئەوروپا و دەرهاویشتە ئابووریەکانی لەم قارەیەدا وای کرد کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە سەدەی

نۆزدەدا تـا ڕادەیـەکی زۆر بـریتی بێـت لـە "سیاسـەتی ئـەوروپی" و، هاوسـەنگیی هێـز لـەدژی بەرژەوەندیـەکانی دەوڵەتـە نائەوروپیـەکانی وەك دەوڵـەتی عوسمـانی و ئێـران، لاسەنگ بێت. چونکە ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی گەشەسەندنی پیشەسازی لـە نێوخـۆی وڵاتـەکانیان بـەدی بهێـنن و لەئەنجامیـشدا بوونـە ئامـانجی پەلهاویـشتنی ئیـستعماری. بەڵام لەهەمانکاتدا، بڵاوبوونەوەی شۆڕشی پیشەسازی لـەکاتێکی دواتـردا بوویـە هـۆی ئەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی هێدی هێدی سروشتێکی جیهانی لەخۆ بگرێت.

**د. شۆڕشی پیشەسازی و دروست بوونی ڕەوتە سۆشیالیستییەکان:**

شۆڕشـی پیـشەسازی لەسـەرەتاکانیدا زیـانی گـەورەی بەچـینی کرێکـار گەیانـد. سەرەتاکانی ئەم شۆڕشـە کۆکردنـەوەی ژمارەیـەکی زۆر کرێکـاری لـە کارگـەی پـچووك پچووکدا بەخۆیەو بینی لەبارودۆخێکی ناهەمواردا، بەشێوەك کـە چـەندین سـەعاتی درێژ بەکەمترین کرێ کاریان دەکرد و ژنان و منداڵان لەخراپترین بارودۆخـدا کاریـان دەکرد. ئەم دیاردەیەش بوویـە سـەرەتای مێـژوویی سـەرهەڵدانی ڕەوتـە ناڕازییـەکان کـەدواتر لـە شـێوەی دروسـتبوونی مەزهەبـە سۆشیالیـستەکان و ئـەو بزووتنـەوە سیاسیانەی هەڵگری ئەم بیروڕایانە بوون، شکڵیانگرت. لە نموونەی ئەم مەزهەبانـەش دەکرێـت ئامـاژە بـە ڕۆبـەرت ئـۆین لـە ئینگلـستان و سـان سـیمۆن لـە فەرەنـسا و بیروبۆچوونە مارکسیەکان لەسەرتاسەری دونیا بکرێت.

**٤. شۆڕشی فەرەنسی**

شۆڕشـی فەرەنـسیش کاریگەرییـەکی گـەورەی لەسـەر سیاسـەتی نێودەوڵـەتی بـەجێ هێـشت. ئـەم شۆڕشـە بوویـە هـۆی بڵاوبونـەوەی بـیری نەتەوایـەتی کـە بریتیـە لـە ئینتیـا بـون بـۆ ناسـنامەیەکی هاوبـەش کـە لەچوارچێوەی دەوڵـەتی نەتەوایەتیـدا ڕەنـگ دەداتـەوە. هـەروەها کاریگـەربوو لـە سـەر بـڵاو بوونـەوەی بنەماکانی دادپەروەری و حوکم کردنی گەل بۆ خۆی لە ڕێی خۆیەوە.

نـاپلیۆن پۆناپـارتی فەرمانـدەی سـەربازیی فەرەنـسی بڵاوکردنـەوەی ئـەم بنەمایانەی خستە ئەستۆی خۆی و بۆیەکـەم جار چـەمکی دروسـتکردنی سـوپای سەربازیی گەورەی لەسەر بنـەمای سـەربازگیری هێنایـە کایـەوە. ئەمـەش بوویـە هۆی هەڕەشە دروست کردن بـۆ دەوڵەتـە ئەوروپییـە گـەورەکانی ئەوکاتـە. هـەر بۆیـە هاوپـەیمانیی شـەش لایەنـەیان دروسـتکرد کـە پێکهـاتبوو لـە رووسـیا و بەریتانیا و بروسیا و نەمـسا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی مەترسـیەکانی فەرەنـسا بـۆ سـەریان و لـە ئەنجامـدا پـاش زنجیرەیـەك ململانـێ و شـەڕ کـە لـە مێـژوودا بـە "شەرەکانی ناپلیۆن" ناودەبرێن و لە ماوەی نێوان (١٧٩٩) تا ساڵی (١٨١٥) روویاندا





و بەشکستی ناپلیۆن و فەرەنسا لە شەری (واترلۆ)دا بە کۆتا گەیشت[٢٦].

ئیدی لەو کاتەوە و پاش کۆنفرانسی ڤیەننا (١٨١٥) لە ئەوروپادا ململانێیـەکی تونـد لە نێوان بیروبۆچون و ڕەوتەکانی سەر بە شۆڕشی فەرەنسی و سیـستمە تەقلیدییـەکانی ئەوروپا هاتە کایەوە کە کاریان بۆ بۆ هێشتنەوەی بارودۆخەکان وەکو خۆی دەکرد.

***دووهەم: کۆنفرانسی ڤییەنا و دەرەنجامەکانی***

پـاش شکـستی نـاپلیۆن، دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان بـۆ دیـاریکردنی بنـەماکانی یەکلاکردنـەوەی کێـشەکان لـەپاش شـەر، لـە ڤییـەنا کۆبوونـەوە. هـەر چوار دەوڵـەتی هاوپەیمان بەریتانیا و روسیا و بروسیا و نەمسا رۆلی سەرەکییان لـە وتووێـژەکانی ئـەم کۆنفرانسەدا بینی، سەرەڕای بەشداریکردنی هەندێك دەوڵەتی بچووکی تر. سێ بنـەمای سەرەکی باڵی بەسەر وتووێژەکانی ئەم کۆنفرانسەدا کێشابوو:

١. گێرانەوەی مافە سیاسی و ئیقلیمییەکانی پادشا و فەرمانڕەواکانی دەوڵەتـە هاوپەیمانەکان بەبێ ڕەچاوکردنی مەیلی نەتەوەییان.

٢. قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان بەهەرێمی نوێ.

٣. لاوازکردنی فەرەنسا بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی پەلهاویشتنی ئقلیمی[٢٧].

## گرنترین دەرەنجامەکانی کۆنفرانسی ڤییەنا بریتی بوون لە :

١. دانان بە بنـەمای هاوسـەنگیی هێـز و، گرتنەبـەری چـەند ڕێوشـوێنێك بـۆ پاراستنی. لەوانە گێڕانەوەی پادشایەتیی بڕوسی و نەمساوی و، لێکدانی سـویدو نەرویج و، یەکپێگرتنی هۆڵەندا و بەلجیکا بۆ ئـەوەی دەوڵـەتی بـەهێز دروسـت بکەن کە بەربەست بێت لە بەردەم فەرەنسادا.

٢. دانان بە بنـەمای مەشـروعییەت، بـەمانای گێڕانـەوەی پادشـاکان بـۆ سـەر عەرشەکانیان. چونکە ئـەم کۆنفرانـسە ئەمـەی بـە مـافێکی مەشـروع زانـی کـە دەبێت پارێزگاریی لێبکرێت.

٣. دانان بە بنەمای بێلایەنبوونی بەردەوام، سویسراش بـەپێی ئـەم بنەمایـە بێلایەن کرا لەکێشەو ململانێکانی ئەوروپا.

٤. دانان بە بنـەمای ئازادیی کەشتیوانی لە ڕووبارە نێودەڵەتییەکاندا.

٥. ڕێکخـسنی پەیوەندییـە دیبلۆماسـییەکان و دانـانی ڕێـساکانی پلەبەنـدیی نوێنـەرە دیبلۆماسـییەکان، بـەم شـێوەیەك کـە ئـەم کۆنفرانـسە نێـردراوە دیبلۆماسییەکانی بەم شێوەیە پلەیەندکرد:

أ. بالیۆزەکـان، ب. لیغـا (نوێنـەرەکانی پاپـا)، ج. نێردراوەکـان، د. وەزیـرە سەڵاحییەت پێدراوەکان، ه. هەڵسووڕێنەری کاروبارەکان[٢٨].

بەم شێوەیە کۆنفرانسی ڤییەنا بوویە وێستگەیەکی نوێ لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە نەك هەر سەرلەنوێ بنەمای پاراستنی هاوسەنگیی هێزی دووپات کردەوە، بەڵکو هەندێك ڕێوشوێنی کردەییشی چەسپاند بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز لەئەوروپادا.

دوابەدوای کۆنفرانسی ڤییەنا و لە ١٨١٥/٩/٢٦ دا، روسیا و بروسیا و نەمسا "هاوپەیمانی پیرۆز"یان لەسەر بنەمای ڕێنماییە مەسیحییەکان پێکهێنا کەئامانج لێی لێدانی ڕەوتە فیکرییە نوێکان و بزوتنەوە لیبراڵەکانی ئەوروپا بوو. بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە ئەم هاوپەیمانییە تێکەڵکردنی بنەما ئایینییەکانە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەریتانیا نەچووە نێو ئەم هاوپەیمانییەوە و، دەرەنجامیش لە١٨١٥/١١/٢٠ دا بەریتانیا و ڕوسیا و نەمسا و بروسیا هاوپەیمانییەکی نوێیان پێك هێنا بەناوی هاوپەیمانیی چوارینە و، ڕێککەوتن لەسەر کۆبوونەوەی دەوری و لەکاتی چەسپێنراودا بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستن بۆ پاراستنی ئاشتی لە ئەوروپادا[٢٩].

لەکاتێکدا هاوپەیمانیی پیرۆز هەوڵێك بوو بۆ دەستتێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی تری ئەوروپا بۆ سەرکوتکردنی ڕەوتە نوێیەکان، بەڵام ئامانج لە هاوپەیمانیی چوارینە بریتی بوو لە بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی نوێی فەرەنسا بۆ هێرشکردنەسەر دەوڵەتانی نێو هاوپەیمانییەکە.

ئەم هاوپەیمانییە چوارینەیە زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە هەرلەسەرەتاوە بەریتانیا ڕازی نەبوو بە بنەماکانی هاوپەیمانی پیرۆز، پێداگرتنی لایەنەکانی ئەم هاوپەیمانییەی دوایی بۆ دەستتێوەردان لەکاروباری نێوخۆیی دەوڵەتانی تر، بوویە هۆی پەرەدان بەناکۆکییەکانی لایەنەکانی هاوپەیمانی پیروز"بەتایبەتی روسیا و نەمسا" لەگەڵ بەریتانیا. چونکە بەریتانیا پێداگریی ئەم وڵاتانەی بۆ بنەمای دەستتێوەردان بە بیانوویەك دەزانی بۆ زیادکردنی قەڵەمڕەویان و دواجاریش تێکدانی هاوسەنگیی هێز لەئەوروپا.

لەلایەکی ترەوە پاش گەڕانەوەی سیستەمی پاشایەتی بۆ فەرەنسا، ڕیشیلییەی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا توانیی هاوپەیمانان ڕازی بکات کە کۆتایی بەداگیر کردنی هەندێك لە هەرێمەکانی فەرەنسابهێنن نەبادا بەردەوام بوونی ئەم داگیرکاریە ببێتە هۆی بەهێز بوونی نەیارانی سیستەمی پاشایەتی لە فەرەنسا.

لێرەوە بەریتالنیا و فەرەنسا کەوتنە کاری هاوبەش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، وەك هاوبەشییان لە مەسەلەی سەربەخۆیی یۆنان و، ڕازی بوونی



بەریتانیا بۆ زیاد بوونی دەسەڵاتی فەرەنسا لە جەزائیر ساڵی (١٨٣٠).

دەرئەنجامی هەموو ئەمانەش دەکرێت بڵێین کە کۆنفرانسی ڤیەننا بووە هۆی هاتنە کایەی ئاشتیەکی ڕێژەیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بەهۆی ئەو سیستەمی پاراستنی هاوسەنگیی هێزەی ئەم کۆنفرانسە بەرهەمی هێنا. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەشی بوونە هۆی چەسپاندنی ئەم هاوسەنگیی هێزە لە ئەوروپا دا دەکرێت ئاماژە بە چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیە بکەین کە دەوڵەتە گەورەکان لەم کۆنفرانسەدا لەسەری ڕێککەوتن کە ئەویش بریتی بوو لە ڕێگری کردن لە هەر دەوڵەتێك کە هێزی خۆی بەشێوەیەك فراوان بکات کەمەترسی بۆ سەر دەوڵەتانی دیکە دروست بکات. هەروەها لەم سەردەمەدا دابەش بوونی دینی و مەزهەبی و ئایدۆلۆژیی ئەوتۆ لەئارادا نەبوو کە ببێتە هۆی توندبوونی ململانێکان. سەرەڕای ئەمانەش ئەو نەرمییەی کە دەوڵەتانی ئەوروپا هەیانبوو لە گۆڕینی هاوپەیمانییەکانیان، هۆکارێکی تربوو بۆ چڕنەبوونەوەی هێز لای دەوڵەتێك یان هاوپەیمانییەك بەشێوەیەك کە کار بکاتە سەر هاوسەنگی هێز[٣٠].

سەرەڕای ئەمانەش شۆڕشی پیشەسازی بوویە هۆی گۆڕانکاریی گەورە لەسروشتی ململانێ نێودەوڵەتییەکان لەسەدەی نۆزدەدا. پێش ئەم شۆڕشە ڕێژەی دانیشتوان و زەویی کشتوکاڵی سەرچاوەی یەکەمی هێزی دەوڵەت بوون. بەڵام شۆڕشی پیشەسازی بوویە هۆی ئەوەی مادەی خام و بازاڕیش ببنە سەرچاوەی هێزی دەوڵەت. ئەمەش بوویە هۆی پەلهاویشتنی دەوڵەتە ئەوروپییەکان بۆ دەرەوەی ئەم قارەیە و، گواستنەوەی ململانێکانیان لەسەدەی نۆزدەدا بۆ دەرەوەی سەرزەمینەکانیان بۆ ئەمریکا و ئەفریقا و ئاسیا.

جیا لەمانەش کۆنفرانسی ڤییەنا سەرەتاکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دانا. ئەویش لەڕێگەی دانانی چەند ڕێسایەکی یاسایی و دبلۆماسیی گرنگ و، دروست کردنی لیژنەی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردنی هەندێك ڕووباری نێودەوڵەتی. هەروەها هاوپەیمانیی چوارینە بوویە هۆی هاتنە ئارای "سیستەمی کۆنفرانسەکان" بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و بەردەوام بۆ وتووێژکردن لەسەر کاروباری ئەوروپا.

لەم سەردەمەدا دیسانەوە کارلێکە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان لەنێوان چەند دەوڵەتێکی گەورەی ئەوروپییەوە بەڕێوەدەبران ئەوانیش بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، روسیا، بروسیا بوون. ئەمەش بوویە هۆی ئەوەی بونیادی نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا بنیادێکی فرەجەمسەری ئەوروپی بێت. چونکە هێزی هیچ

یەکێك لەم پێنج جەمسەرە هێندە نەبوو کە بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی هاوکێشە و کارلێکە نێودەوڵەتییەکان بکات.

لەم ماوەیەدا دەوڵەتی عوسمانی بەدەست چەند کێشەیەکی نێوخۆیی و دەرەکی گیرۆدە بوو. لەلایەکەوە لەنێوخۆیدا شۆڕشی یۆنانی سەریهەڵدا و، میسریش سەربەخۆیی خۆیی ڕاگەیاند و، بۆ بەرەنگاربونەوەی کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانیشی هەڵی دەدا لەسەر شێوازی ئەورووپی کیانی دەوڵەتەکەی سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە. لەئاستی دەرەکیشەدا ململانێکانی لەگەڵ دەوڵەتی فارسدا درێژەی کێشا و، عێراق و کوردستان مەیدانی ئەم ململانێیانە بوون کەبووە هۆی بەرپابوونی دوو شەڕ لە نێوانیاندا لەساڵەکانی (١٨٢١) و چلەکانی سەدەی نۆزدە، کە بە ڕێکەوتننامەکانی ئەرزەرومی یەك ودوو کۆتاییان پێهات.

هەر لەم کاتەدا دەستەواژەیەکی نوێ هاتە نێوسیاسەتی نێودەوڵەتییەوە کە ئەویش بریتی بوو لە"مەسەلەی ڕۆژهەڵات" THE ORIENTAL QUESTON کە مەبەست لێی دیاریکردنی باری دەوڵەتی عوسمانی و چۆنییەتی مامەڵەی دەوڵەتانی ئەورووپا بوو لەگەڵیدا. لەلایەکەوە ڕوسیا داوای دابەشکردنی قەڵەمڕەوی عوسمانیی دەکرد لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپادا، لەلایەکی دیکەوە بەریتانیا دەیویست پارێزگاری لە کیانی دەوڵەتی عوسمانی بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت لە پەلهاویشتنی ڕوسیا لەم دەوڵەتەدا و، لەکاتێکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا ئەم دابەشبوونە ڕووبدات[31].

***سێیەم: نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە***

ڕوسیا لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا دەستی لە تەماعەکانی لەنێو قەڵەمڕەوی عوسمانی هەڵنەگرت و لەئەنجامدا لەساڵی (١٨٥٣) هێرشی کردە سەر ڕۆمانیای ئێستا کە ئەوکات لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی دابوو، ئەمەش بوویە هۆی بەرپابونی شەڕلە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا کە دواتر بەریتانیا و فەرەنساش لەبەرژەوەندیی عوسمانی چوونە شەڕەوە کە بە شەڕی (قیرەم ) ناسراوە. پاش نزیکەی (٣) ساڵ شەڕ ڕوسیا ناچار بوو کە مل بوئاشتی بدات و، ڕێککەوتننامەی پاریس (١٨٥٦) لەگەل هاوپەیمانان ئیمزابکات کە گرنگترین بەندەکانی، پاراستنی سەروەریی عوسمانلی و کشانەوەی ڕوسیا لەڕۆمانیا و قەدەغەکردنی دەستێوەردانی ڕوسیا بوو لەنێو قەڵەمڕەوی عوسمانیدا.

لەلایەکی دیکەوە ئەم شەڕە بوویە هۆی هەڵوەشاندنەوەی "هاوپەیمانیی پیرۆز" بەهۆی بەشداری نەکردنی هەریەکە لە نەمسا و بروسیا لە شەڕەکەدا.



ئەمەش بوویە هۆی گۆڕانکاریی بونیای لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەهۆی کرانەوەی دەرگا بە ڕوی گەلانی ئیتالیا و ئەڵمانیا بۆ ڕزگاربون و یەکگرتنەوە. لەئەنجامیشدا هەر دوو دەوڵەتی ئیتالیا و ئەڵمانیا وەك دوو دەوڵەتی نوێی گەورە دروست بون. ئیتر لەم قۆناغەوە چەمکێکی تر بۆ کیانی دەوڵەت دروست دەبێت، کە ئەویش چەمکی نەتەوەییە کە هاوشانی چەمکی سەروەری دەبنە دوو تایبەتمەندیی دەوڵەتی نەتەوە (NATION STATE)، کە بریتییە لە کیانێکی سیاسیی خاوەن سەروەری کەیەك ناسنامەی نەژادی و ڕۆشنبیری و زمانەوانیی هەیە. لەوکات بەدواوە دەوڵەتی نەتەوەیی بوویە جوڵێنەرێکی بەهێزی سیاسەتی نێودەوڵەتی[32].

دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە بەتایبەتی حەفتاکان بەوە جیادەکرێتەوە کە گۆرانکاریی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی هونەرەکانی بەرهەم هێنان، بەهۆی زۆربوونی داهێنانە زانستییەکان. هەروەها کاڵای سەرمایەداری گرنگیەکەی زیادی کرد لەسەر حسابی گرنگیی بەرهەمهێنانی کاڵای بەکاربەری بوو کە بوویە هۆی زیادبوونی گرنگیی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی خەڵوزو و ئاسن.

ئەم پەرەسەندنە جۆرایەتیە بووە هۆی لە لایەکەوە زیادبوونی ململانێی دەوڵەتە ئەورووپییەکان لەسەر دەست بەسەردا گرتنی سەرچاوەکانی خەڵوز و کانزاکان و، لە لایەکی تریشەوە زیادبوونی بزاوتی ناردنە دەرەوەی کاڵای دروستکراو، ئەمەش دەیخواست کە ژێرخانی ئابوریی وڵاتە ئەفریقی و ئاسیاییەکان تێك بشکێنرێت لە ڕێی لاواز کردنی ئەو پیشەسازیانەی کە هەیانە و ڕێلێگرتنیان بۆ چونە نێو پرۆسەی بەپیشەسازیکردن، بۆ ئەوەی وەك بازاڕێك بمێنێتەوە بۆ کاڵادروستکراوەکان و سەرچاوەی سەرەکی ماددە خاوە پێویستەکانی ئەورووپاش بن. لێرەشەوە دیاردەی پاشکۆیەتیی ئابووریی وڵاتە ئەفریقی و ئاسیاییەکان بۆ ئەورووپای سەرمایەداری دەستی پێکرد[33].

لەلایەکی دیکەوە پاش کامڵبوونی یەکگرتنی ئەڵمانیا، ئەم وڵاتە بوویە گەورەترین هێزی ئابوری و سەربازی لە ئەورووپا و جیهاندا. لەلایەنی ئابوورییەوە ئەڵمانیا بوویە بەرهەمهێنەری یەکەمی خەڵووز لە ئەورووپا کە ئەمەش بووە هۆی بووژاندنەوەی ئابوری و پیشەسازییەکەی بەشێوەیەك کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی ئەڵمانی نزیکەی لە (١٦٪)ی بەرهەمهێنانی جیهانی بوو. لە لایەنی سەربازیشەوە بووە خاوەنی بەهێزترین سوپا لە جیهاندا، ژمارەکەی لە ساڵی (١٨٨٠)دا گەیشتە نزیکەی (٤٢٧) هەزار سەرباز کە دەکرا لەکاتی ئامادەباشیدا زیاد بکرێت بۆ ملۆێنێك و هەشسەد هەزار سەرباز[34].

هەموو ئەمانەش بوونە هۆی زیاد بوونی هەژمونی ئەڵمانیا بەسەر ئەووڕپادا و لەوێشەوە بەسەر جیهان. بەتایبەت پاش ئەو زنجیرە هاوپەیمانیە سیاسیانەی بسمارك (ڕاوێژکاری ئەوکاتی ئەڵمانیا) لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا بەستی. ئەوەش بووە هۆی گۆڕانی بنەما سەرەکیەکانی سیستمی نێودەوڵەتی کە لەپاش کۆنفرانسی ڤیەننا (١٨١٥) هاتبووە کایەوە. چونکە هێزی ئەڵمانیا بەڕێژەیەك زیادی کرد کە بەهێزتر بێت لە دەوڵەتانی تری ئەوروپا. ئەمەش بووە هۆی لاواز بوونی ڕۆڵی بەریتانیا وەك فاکتەری ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ئەوروپا و جیهانو کەمبوونەوەی ئەو نەرمیەی لە سیستەمی هاوپەیمانی لە ئەوروپادا لەماوەی نێوان (١٨١٥ تا ١٨٧٠) هەبوو.

هەر لەم کاتەدا یابان و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چوونە نێو پرۆسەی بەپیشەسازیبوونەوە، بەتایبەت لە نیوەی دووهەمی هەفتەکانی سەدەی نۆزدەوە و لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا ئەم پرۆسەیە لەم دوو وڵاتەدا کامل بوو. ئیدی یابان و ئەمریکا وەك دوو هێزی نوێ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەرکەوتن لەسەر حسابی ئەوروپا. بەڵام ئەم دوو وڵاتە نەبوونە ململانێکەری ئەوروپا لە پرۆسەی ئیستعماردا. بەمشێوەیەش تا کۆتایی ئەم سەدەیە هێشتا ئەوروپا ڕۆڵی سەرەکیی دەبینی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

دواجار لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەریان هەڵدا وەك یەکێتی تەلەگرافی جیهانی (١٨٦٥)، یەکێتی پۆستەی گشتی (١٨٧٤)، نووسینگەی نێودەوڵەتی بۆ کێشانەو پێوانەکردن (١٨٧٥)، نوسینگەی گواستنەوەی نێودەوڵەتی (١٨٩٠) و. . . . تاد. هەر لەم کاتەدا هەندێك ڕێکخراوی ئیقلیمی سەریان هەڵدا وەك نووسینگەی کۆمارە ئەمریکیەکان (١٨٨٩) کە لەلایەن وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ئەمریکای لاتیندا درووستکرا و، دواتر لەساڵی (١٩١٠)دا ناوی گۆڕا بۆ یەکێتیی ئەمریکا ( Pan American Union).

★★★★★★★★★


**سەرچاوەکان**

١. د. علي عودة العقابى، العلاقات السياسية الدولية، دار الجماهيرية، سرت- ليبيا، ١٩٩٦.

٢. د. محمد احسان، الصراعات الدولية في القرن العشرين، دار آراس للطباعة و النشر اربيل، ٢٠٠٠.

٣. د. انورمحمدفرج، نظرية الواقعية في العلاقات الدولية، مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.







٤. جورج سباين، تطور الفكر السياسي، ترجمة حسن جلال العروسي، الطبعة الثانية، مصر،١٩٥٤.

٥. د. كاظم هاشم نعمة، الوجيز في تاريخ العلاقات الدولية، جامعة بغداد،١٩٩٠.

٦. د. محمدالسيد سليم، تطور السياسة الدولية في القرنين التاسع عشر و العشرين، دار الفجر الجديد للنشر و التوزيع، القاهرة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤.

٧. جون بيليس وستيف سميث، عولمة السياسة الدوليية، ترجمة و نشر: مركز الخليج للأبحاث، دبي، ٢٠٠٤.

٨. د. عدنان طه مهدي الدورى، العلاقات الدولية المعاصرة، منشورات الجامعة المفتوحة، بيروت، ١٩٩٢.

٩. د. أحمد عباس عبدالبديع، العلاقات الدولية أصولها و قضاياها المعاصرة، القاهرة، ١٩٨٨.

١٠. Con Way W. Henderson, International Relations Conflict and Cooperation at the Turn of the ٢١st Century, MC Graw hill, New York, ٢٠٠١.

١١. Josef S. Nye, Understanding International Conflicts An Introduction to Theory and History, Longman, Third Edition, ٢٠٠٠.

١٢. د جمال الدين عطية، منظور اسلامى معاصر للعلاقات الدولية:
www.islmonline.net/Arabic/contemporary/٢٠٠٦/٠٢/article٠٣.shtml

١٣. الموسوعة العربية العالمية، العلاقات الدولية في الإسلام:
www.vb.arabsgate.com/lattachment…. ntid=١٣٩٧&stc=١

١٤.سعود سرحان، العلاقات الدولية في الاسلام مراعات القوانين الدولية من الشريعة:
www.balagh.com/islam/٥koytlqs.htm

١٤. الحروب الاغريقيه:
www.moktel/data/behoth/askiat/mokayel٣-١-٣.htm

١٥. جمال رشدى، الصراع الدولى:
www.acpss.ahram.org.eg/ahram/٢٠١/١/١/y١unk.j.holsti,١٩٩٥:٩٨-١٠٠


**پەراوێزەکان**

* ماجستێر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سلێمانی.

١. بڕوانە هەندیك بۆچوون لەم بارەیەوە لە: د. على عوده العقابى، العلاقات السياسيه الدوليه، دار الجماهيريه، سرت- ليبيا، ١٩٩٦، ص٣٥.

٢ . نفس المصدر.

٣ . نفس المصدر، ص٣٦.

٤ . د. محمد احسان، الصراعات الدوليه فى القرن العشرين، دار ئاراس للگباعه و النشر اربيل، ٢٠٠٠، ص٢٧.

٥ . الحروب الاغرقيه: www.Okstei/data/behth/askiat/mokayel٣-١-٣.htm

٦ . د. انورمحمدفرج، نظرية الواقعية في العلاقات الدولية، مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص ص ١٧٤- ١٧٥.

٧ . Josef S. Nye, Understanding International Conflicts An Introduction to Theory and History, Longman, Third Edition, ٢٠٠٠, pp٢٧-٢٩.

٨ . جورج سباين، تطور الفكر السياسي، ترجمة حسن جلال العروسي، الطبعة الثانية، مصر،١٩٥٤، ص٥٣.

٩ . د. العقابى، مصدر سبق ذكره، ص٣٦.

١٠ . بروانه: د جمال الدين عطية، منظور اسلامى معاصر للعلاقات الدولية، www. islmonline.net /Arabic/contemporary/٢٠٠٦/٠٢/article٠٣.shtml

١١ . بروانه: الموسوعة العربية العالمية، العلاقات الدولية في الإسلام www.vb.arabsgate.com/lattachment.... ntid=١٣٩٧&stc=١

١٢ . د. كاظم هاشم نعمة، الوجيز في تاريخ العلاقات الدولية، جامعة بغداد،١٩٩٠، ص١٦.

١٣ . بروانه: سعودسرحان، العلاقات الدولية في الاسلام مراعات القوانين الدولية من الشريعة: www.balagh.com/islam/٥koytlqs.htm

١٤ . د. العقابى، م. س. ژ، ص٤٣.

١٥ . د. نعمه، م. س. ژ، ص٧٢.

١٦ . د. محمدالسيد سليم، تطور السياسة الدولية في القرنين التاسع عشر و العشرين، دار الفجر الجديد للنشر و التوزيع، القاهرة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤، ص ٣٩.

١٧ . نفس المصدر.

١٨ . د. العقابى، م. س. ژ، ص٤٥.

١٩ . نفس المصدر.





٢٠ . بروانه: جون بيليس وستيف سميث، عولمة السياسة الدوليية، ترجمة و نشر: مركز الخليج للأبحاث، دبي، ٢٠٠٤، ص ص٨٢-٨٨. هةروةها: د. عدنان طه مهدي الدورى، العلاقات الدولية المعاصرة، منشورات الجامعة المفتوحة، بيروت، ١٩٩٢، ص١٦.

٢١ . د. أحمد عباس عبدالبديع، العلاقات الدولية أصولها و قضاياها المعاصرة، القاهرة، ١٩٨٨، ص٢٥.

٢٢ . د. العقابي، م. س. ژ، ص٤٦.

٢٣ . د. السيدسليم، م. س. ژ، ص ص ٤٠- ٤١.

٢٤ . بروانه: د. سيد السليم، م. س. ژ، ص٤٢ هەروەها: د. العقابى، م. س. ژ، ص ٤٧.

٢٥ . بروانه: د. سيد السليم، م. س. ژ، ص ص٣٤- ٣٨.

٢٦ . بروانه: جمال رشدى، الصراع الدولى: www.acpss.ahram.org.eg/ahram/٢٠١/١/٧/y١unk. j. holsti,١٩٩٥:٩٨-١٠٠

٢٧ . بروانه: د. محمد السيد سليم، م. س. ژ، ص١٦١.

٢٨ . بروانه: د. العقابى، م. س. ژ، ص ص٤٨-٤٩. هەروەها: د. سليم، م، ژ، ص ص٦٣-٦٤.

٢٩ . بروانه: د. السيد سليم، م. س. ژ. ص ص٦٤-٦٥.

٣٠ . Con Way W. Henderson, International Relations Conflict and Cooperation at the Turn of the ٢١st Century, MC Graw hill, New York, ٢٠٠١, p٣٨.

٣١ . د. السيد سليم، م. س. ژ، ص ٩٢.

٣٢ . نفس المصدر، ص١٤٢.

٣٣ . د. السيد سليم، م. س. ژ، ص١٤٩.

٣٤ . نفس المصدر، ص١٥٠.

هەوالنامەی کیتیب

# ڕۆڵی جوگرافیا لە دروستبوونو لێکدانەوەی مێژووی کورددا

زریان حاجی

## پێش دەست:

لەنێو هەڵاوێرەکانی مێژووی کورددا کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگ هەیە، کەتا ئێستا وەك پێویست وەڵام نەدراونەتەوە، کەبەبۆچوونی ئێمە بەپرسیارە نەمرەکانی ناو مێژووی کورد ناوزەدی دەکەین، نمونەی ئەم پرسیارانەش خۆی دەبینێتەوە لە (بۆچی لەمێژووی کورددا تائێستا سەرباری ئەو هەموو هەوڵە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان نەبووە؟ بۆچی کورد سەرباری ئەو زۆرداری و ململانێیەی کەلەسەری بووە، تائێستا وەك خۆی ماوەتەوەو زمانو کەلتوری خۆی لەدەستنەداوەو وەك نەتەوەش هەرهەیە؟ لەکاتێکدا چەندین نەتەوەی تر لەجیهاندا بەرگەی ئەم هەموو شاڵاوو نابەرامبەریانەی مێژوویان نەگرتو نەتەوەی خۆشیان هەر لەبیرنەما، یاخود بۆچی کەسێتی کورد پێکهاتەیەکی ئاژاو چاونەترسی هەیەو بەردەوام لەڕووداوە مێژووییەکاندا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە؟ یاخود بۆچی کورد هیچ کاتێك یەکگرتوونەبووە بەدرێژایی مێژووی هەزار ساڵەی و هەرگیز دوو سەرەك هۆز یاخود دوو میر نادۆزیتەوە کەتەبابووبنو پەیوەندی باشیان هەبووبێت؟ کە ئەمەش تائێستا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە) ئەمانەو چەندین پرسیاری تری هاوشێوەیان کە چەندین بیریارو ڕۆشنفیکرو ڕۆژهەڵاتناس هەریەکەو لەڕوانگەی گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە هەوڵی وەڵامدانەوەی داوە، بەڵام هەموو ئەو بۆچوونانە هەرچەندە هی زۆر جوانیشیان تێدایە، نەیانتوانیوە بگەنە دەرەنجامی دروست، چونکە زۆریان لایەنی جوگرافیایان لەو لێکۆڵینەوانەیاندا فەرامۆشکردووەو تەنها گێڕانەوەیەکی مێژوویانەی بابەتەکانیان کردووە، یاخود هەوڵیانداوە لایەنی ئیسنۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیاو کۆمەڵایەتی ئەو بابەتە لێکبدەنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرێك لەبیریاران جەختت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جوگرافیاو مێژوو دوو زانستی هێندە لێکنزیکن، وەك دوو ڕووی یەك دراو وان، چونکە جوگرافیا کاریگەری



تەواوی هەیە لەڕوودانی ڕووداوە مێژووییەکانداو بگرە هەندێجار لە دروستکردنی ئەو مێژووەشدا. بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەڕێگای ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییەوە تادەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

### کاریگەری جوگرافیا لەسەر مێژوو لەکۆن و نوێدا :

جوگرافیا کاریگەری لەسەر بیرو باوەڕو هەڵسوکەوتی دانیشتوانو کۆچپێکردنو نیشتەجێبوونو دروستکردنی شارستانیەت هەبووە، ئەم بابەتە بەشێوازێکی زۆر کاریگەر سەرنجی گەورە فەیلەسوفانو بیریارانی لەکۆنو نوێدا ڕاکێشاوەو وایلێکردوون هەر لەهەزاران ساڵ لەمەوبەر ووتەی خۆیان لەو بوارەدا هەبوو بێت، لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین نمونەی چەند کەسێکیان وەربگرین، کە هەندێکیان بۆ مێژوونوسی یۆنانی (هیرۆدوت)و (سوکرات)ی سەدەی چوارەمی پێش زایینو دواتر (ئەفلاتون)و (ئەرستۆ) دەگێڕینەوە. لەلایەکی ترەوە زانای ڕۆمانی (سترابۆن) لە سەدەی یەکەمی زایینی ئاماژەی بەوە داوە کە زەوی لە پێنج ناوچە پێکهاتووە (ناوچەیەکی گەرم) کە بەهۆی بەتینی گەرماکەیەوە بۆ ژیان و کار دەست نادات[1]. (دوو ناوچەی فێنك) کە شیاوی ژیان و کارکردن و پێشکەوتنن، لەگەڵ دوو ناوچەی سارد کەبەهۆی سەرماکەیەوە ژیانی تیا سەختە. ئەم بۆچوونە لە سەدەی چواردەیەمی زایینی لەلایەن مێژوونوسو فەیلەسوفی عەرەب (ئیبن خەلدون ٧٣٢ — ٨٠٨ك / ١٣٢٢ — ١٤٠٤ز) دووپاتکرایەوەو بایەخی پێدرا، لە شاکارەکەیدا (المقدمە) باسی لێوەکردووە هەروەك دەڵێت: "هەڵکەوتەی ناوچەیەك لە باکوری سارد بێت یان لە باشوری گەرمو ناوەندی فێنك کاریگەری لەسەر مرۆڤ و جۆری ژیانو شێوازەکانی ژیانی لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا دروستدەکات". ئەولای وابوو دانیشتوانی باکور بە ئازایەتیو چاکەکاریو بیرکردنەوەی چاكو ڕەسەنی شارستانیەتو خەڵکانی خاوەن ئەزموون ناسراون.

دانیشتوانی باشووریش لاوازیو تەمبەڵیو ترسنۆکیو ئارەزوومەندیان بۆ ڕابواردنو دووریان لە شارستانیەت باڵی بەسەردا کێشاون. هەر بۆیە کەوتونەتە ژێر دەستی خەڵکانی باکور، بەڵام دانیشتوانی ناوچە فێنکەکان بەرێك پۆشی و خاوەن جەستەی ڕێكو ڕەوشت بەرزی ناسراون، هەر بۆیە ئایینەکان لە ناویاندا دەرکەوتوون. ئەمەو ئیبن خەلدون دەگاتە ئەوەی کە هەرێمە فێنکەکان باشترین هەرێمی دانیشتوانن.

هەروەها ئاماژەشی بەوەداوە کە جیاوازی سروشتی زەوییەکان لە

کەنارەکانەوە بۆ ناوخۆو لە دەشتەکانەوە بۆ چیاکان و لەبیابانەکانەوە بۆ شارەکان، کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبووە وە هەیە، تەنانەت لەهەر یەکێك لەم سروشتە جیاوازانە داب و نەریت و پیشەسازی تایبەت بەخۆیان هەیەو خێزانی هەر ناوچەیەکیش پایەیەکی سروشتی جیاوازیان لە ناوچەکانی تردا هەیە[٢]، ئەم بۆ چوونانە لە سەردەمەکانی کۆنەوە بەرەو ناوەندو نوێ بەردەوامبوو تا گەیشتە سەردەمی (جان بۆدان ١٥٣٠ — ١٥٩٦ز )، ئەم بیریارە بۆچونەکانی خۆی بەئاشکرا لەشەش کتێبەکەیدابەناوی (کۆمار) خستەڕوو، کەتیایدا پێیوایە پێویستە شێوەی کۆمار لەگەڵ ڕەوشتی مرۆڤەکاندا بگونجێت کەکاریگەر دەبێت بەکەش‌و هەواو دابارینەکانی جوگرافیای ناوچەکەی خۆی، بەپێی ئەم سیستەمی ئاووهەوایەشە شێوازی پێکهاتەی سیاسی دەوڵەت‌و یاساکانیشی دەگۆڕدرێت[٣].

دواترو مۆنیتسکیۆ (١٦٨٩ — ١٧٥٥ز) زیاتر لە لێکۆڵیەوەکانیدا لەبارەی چۆنیەتی کاریگەری سروشت لەسەر لایەنی کۆمەڵگاو نەتەوەکان لە ڕەوتی مێژوودا ڕۆچوو، بۆ ئەم بابەتەش زیاتر لە هەشتا بەشی کتێبەکەی (رۆحی یاساکان)ی بۆ تەرخانکردووە هەروەك پێیوایە کە: بەرزی پلەی گەرما دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی هێزو دابەزینی ئاستی چالاکی، بەپێچەوانەشەوە مرۆڤ لەناوچە ساردەکاندا دەگاتە ئەوپەڕی بە هێزی، هەروەها پێیوایە ئەم ساردی‌و گەرمیەش بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر ڕەوشتی مرۆڤەکانیش هەیە، هەرچی ناوچە ساردەکانە بە چاکەو ڕەوشت بەرزی‌و ئازایەتی‌و نەبوونی خۆپەرستی لەناوچەکانی تر جیادەکرێنەوە، لەبەرئەوە دەبینین کەناوچەکانی باکور باڵادەستن بەسەر ناوچەکانی باشورەوە، هەرچی سیستەمی کۆیلایەتی‌و ژێردەستەیە هەرلەوڵاتانی باشورە، لەبەرامبەردا لەوڵاتانی باکور زیاتر بنەماکانی دیموکراسی گەشەدەکات‌و ئازادی پەرەدەسێنێ. هەروەها پێیوایە کە بەپیتی زەوی کاریگەری هەیە لەسەر سروشتی مرۆڤەکان، جوتیار لەناوچەی زەوی بەپیتدا زۆرینە پێکدەهێنن، ئەم زۆرینەیەش بەهۆی سروشتی ناوچەکەیانەوە هەرگیز داوای ئازادی ناکەن، بەڵکو ئەوەی کەئەوان لەدەوڵەت‌و سیستەمی فەرمانڕەوایی دەوێت، تەنها ئارامییان بۆ دابینبکات، ئەم هۆکارەشە وایکردووە سیستەمە تاك فەرمانەکان زیاتر لەناوچە کشتوکاڵیەکاندا دەردەکەون، هەرچی ئەو ناوچانەی کەمتر زەویەکانیان بەپیتە جیاوازی تەواویان هەیە[٤]، هەروەها بیریارو مێژوونوسی گەورەی بەریتانی (ئارنۆلد تۆینبی) لەتیۆریە بەناوبانگەکەیدا



(التحدی والاستجابە)، گرنگی تایبەت بە ژینگەو سروشت دەدات بۆ دروستبوونی شارستانیەت‌و بزواندن و ڕاڤەی مێژوو، ئەمەش بەتایبەتی لەکاتی قسەکردن لەتیۆری شارستانیەتی هیلینی‌و گریکی بۆ ژینگە بەتەواوەتی دەردەکەوێت، لەپاش ئەمانیش لەلایەن بیریارو فەیلەسوفانی نوێوە چەندین بیروبۆچوون لەبارەی کاریگەری جوگرافیاوە لەسەر مێژوو هەبووە کەبەتازەکی دەرکەوتون[٥]و هەریەکەو بەبۆچوونی خۆی ڕاڤەی ئەم دیاردەیەی کردووە، بەڵام کۆی ئەوانەی لەسەرەوە لێیدواین بەبنەڕەتی ئەو بۆچونانە دادەنرێن، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە ئەم تیۆریایانە لەلایەن چەندین بیریاری ترەوە وەڵامدراونەتەوەو ڕەخنەیان لێگیراوە، کەلایەنی جوگرافیا بەبنەمای سەرەکی بزوێنەری ڕەوتی مێژوو دانانێن، دیارە ئێمە نامانەوێت بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەو بۆچونانەو لێکدانەوەیان، هێندە نەبێت کەجوگرافیا ئەگەر بۆ بزوێنەری مێژووی گەلان‌و نەتەوەکانی تر یەکێك بێت لەبنەما سەرەکیەکانی بزوێنەری مێژوو، ئەوا بۆ مێژوی کورد تەواوی پاڵنەری ئەو مێژووەیە.

## جوگرافیای کوردستان و کاریگەی لەسەر بزوێنەری مێژوی کورد :

لەو تێڕوانینانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە دیاریکردنی گرنگی مێژوویی‌و جوگرافی‌و ستراتیجی هەر شوێنێك (هەرێمێك) بۆ هەر کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوو، لەسەر سروشتی ئەو ناوچەیەی ،کە تیایدا نیشتەجێبوون‌و ناوەندێتی ئەوشوێنەش لەچاو  ناوەند نشینانی تری دەورو پشتی وەستاوە.

***دووفاکتەر هەن کە ئەم گرنگییە دیاریدەکەن:***

یەکەم- فاکتەری جێگیر  کە بریتییە لە شوێنی وڵات بەپێی هێڵەکانی درێژی‌و پانی، یان شوێن بە پێی گۆڕانکارییە کانی ئاوو هەوا.

دووەم- بریتییە لە فاکتەری گۆڕاو، یان شوێنی وڵات لەچاو ناوەندێتی قورسی ژیاری‌و سەربازیدا، گرنگییە ستراتیژییەکەی بەپێی سیاسەتی بەرەنگاری‌و هێرشبردن بۆ ئەو ناوەندانە خۆی، زەویش چارەنوسی گەلان بەکوێری‌و دڵڕەقانە ڕێکدەخات.

بەمجۆرەش لێکۆڵینەوەی کۆن‌و نوێی نەتەوەی کورد بە ئاشکرا دەریدەخات، کەهەڵکەوتەی جوگرافی‌و شوێنی ژیانی کورد لەسەر ئەو زەوییە رۆڵی بڕیاردەری هەبووە لە دیاریکردنی چارەنوسی ڕابردوو ئێستایدا[٦].

کورد نیشتەجێی ناوچەیەکی پان‌و فراوانە کەنزیکەی (٥٠٠،٠٠٠ کم$^{٢}$) دەبێت[٧]، هەرێمە کوردنشینەکان (کورد ستان) دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای

ئاسیاو بەشێکی ئەو ناوچەیە پێکدێنێت کەپێیدەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەنێوان هێڵی پانی (٣٠ – ٤١)ی باکورو هێڵی درێژی (٣٦ – ٥١)ی ڕۆژهەڵات دایە[٨]، کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی شاخاوی سەختەو زۆربەی چیاکانی بەرزە[٩]و شێوەی زنجیرەیینو ئەم زنجیرە بڵندانەش زۆربەی ڕووبەرەکەی پێکدێنێتو بەشێوەیەکی گشتی چیاکانی کوردستان بەشە ناوەندییەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسو تۆڕۆس دەگرێتەوە[١٠]، ئەو چیایانەی لەخۆرئاوای ئێستای ئێرانو باکورو باکوری خۆرهەڵاتی ئێستای عێراقو باشوری خۆرهەڵاتی ئێستای تورکیاوە دەکشێن، لەباکورەوە دەگەنە ئاراراتو سنورەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، لەباشوریش تا کەنارەکانی خۆرهەڵاتی کەنداوی فارس درێژدەبنەوە، لایەنەکانی خۆرئاواشیان لەتۆڕۆسەوە نزیکی کەنارەکانی باکوری خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دەبنەوە[١١]، زۆربەی ئەم چیایانەش بەرزاییەکانیان لە (١٠٠٠م) تێدەپەڕێ، بۆ نمونە چیاکانی وەك ئارارات بەرزاییەکەی (٥٠٠٠م)و سپیان (٣٥٠٠م)و پیرەمەگرون (٣٠٠٠م)و جودی (٢٠٠٠م) دەبێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەرزترین لوتکەی چیاکانی ناوچەکەش هەر لەکوردستانە، بۆ نمونە لوتکەی هەڵگورد (٤٠١٢م)و شاهۆ (٣٣٩٠م)و گارە (٢١٥٤م)ە[١٢]، دیارە هەموو ئەمانەش وایانکردووە کوردستان هەمیشە ناوچەیەکی سەختو دوورەپەرێزبێتو لوتکەکانی لەزۆربەی وەرزەکانی ساڵدا بەفری پێوەبێت.

بەرزو نزمی جۆری خاك پەیوەندی گەورەی بەجۆری کەشو هەواوە هەیە، بەرزونزمیو دژواری خاکی وڵاتی کوردان بووەتەهۆی دروستبونی ئاوو هەوای جۆراوجۆر، لەناوچە شاخاوییەکان زستانان بەفرێکی زۆر دەبارێتو تەنانەت لوتکەی هەندێ لەچیاکانیشی بەهاوین بەفری پێوەدەمێنێتو زۆر ساڵ بەفری پار ناتوێتەوە، زستانان ئەم ناوچەیە زۆر ساردەو لەهەندێ جێگادا سەرمادەگاتە (٥ تا ٣٠پلە) ژێر سفرو هاوینیشی فێنكو خۆشو بەهارانی بەبارانو پڕ ئاوە[١٣].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئاوو هەوای کوردستان لەزستان ساردو بەفرو بەستەڵەکەو لەهاوینیش زۆرگەرم نییەو پلەی گەرمای لەنێوان (٣٠پلە)ی ژێر سفرەو (٤٠پلە)ی سەرو سفر دایە.

***لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین:***

ژینگەی سروشتی بەتایبەتی لایەنی جوگرافی کە (تۆبۆگرافیا-ئاوو هەوا-خاك) دەگرێتەوە کاردەکاتە سەر مرۆڤ، بەهەمان شێوە بەڵکو زیاتریش کاردەکاتە سەر هەڵسو کەتو دابونەریتو کەلتورو شارستانیو تەنانەت ئاینو



کیانی سیاسیش. بگرە هەندێکجار جۆری ئەو کیانە سیاسیەش دیاریدەکات.

مۆنتیسکیۆ دەڵێت: "جۆری خاك کاردەکاتە سەر دروستبوونی حوکمەتەکان، بەڵکو کاریگەری سروشت زۆرە لەسەر مرۆڤەکان"[١٤]. لەئەنجامی ئەم تێڕامانە خێرایەشماندا بەجوگرافیای سروشتی کوردستاندا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە سروشتی خاكو ئاوو هەوای کوردستانو بوونی دەیان زنجیرە چیاو تۆبۆگرافیاکەی، بەو فراوانیو چڕوپڕیو لێژییو ڕێچکە تەسكو تەنگەبەرانییو دارستانگەلیو کەندەلانە سەختانەو لەگەڵ ئاوو هەواکەیدا، وایانکردووە کەکوردستان وەك قەلایەکی سروشتی فراوان وابێت کەبەئامێرە جەنگییە پێشکەوتووەکانیش داگیرنەکرێتو هەردەم شوێنێکی لەباربێت بۆ شەڕی پارتیزانی، تەواوی شۆڕشەکانی کوردیش لەتەواوی قۆناغەکانی مێژوودا ئەوە دەسەلمێنێت*، ئەمەش وایکردووە کە:

١- کورد بەزەحمەت لەلایەن داگیرکەرانەوە کۆنترۆڵبکرێت، کەئەمەش سیفەتێکی بەردەوامی کوردبووە بەدرێژایی مێژوو.

٢- کورد هەمیشە چەکداربێتو لەکەمیندا بێت بۆ دوژمنانیو سەردانەنەوێنێت، لەبەرامبەر تەواوی ئەوانەدا بووەستێ کەبەدرێژایی مێژوو ویستویانە دەستبخەنە ناو کاروباری وڵاتی کوردان یان ستەم لەبەرامبەریدا بکەن.

بۆئەمەش لەتەواوی قۆناغەکاندا نمونە گەلێکمان هەیە، ئەوەتا (زەینەفون) مێژوونوسو سەرکردەی یۆنانی لەکتێبەکەیدا بەناوی (انا باسیس)وە لەساڵی (٤٠١ پ.ز) کاتێ بەخۆی و سوپاکەیەوە بەکوردستاندا تێدەپەڕێ باسی بەرەنگاری کوردەکانمان بۆدەکات کەچۆن لەبەرامبەریدا وەستاونەتەوەو سەرلوتکەی چیاکانیان لێگرتووەو تاشەبەردو تیریان بەسەردا گلۆرکردوونەتەوەو هەرا بەلەشکرەکەیان دەکەن[١٥]، کەئەمەش نمونەی پاڵپشتی تەواوی سروشتە بۆ کورد لەتەواوی شۆڕشو ڕاپەڕینو بەرەنگاربوونەوەکانیدا.

ئەویش بەهۆی ئەوەی زەوییەکەی سەختەو زۆری زنجیرە شاخو کێوی بەرزو بڵندو فراوانییەوە، هەرکەس لەلایەنە شەڕکەرەکان بەدرێژایی مێژوو شکابن بەپەلە پەنایان بۆ کێوو قەلا بەرزو سەختەکانی کوردستان هێناوەو شەڕەکەیان ئالاندۆتە وڵاتی کوردان[١٦].

کوردیش بەپێی داب و نەریتو رەوشتی خۆی وایە کەپەنای لێقەوماوو داماوان دەداتو زۆرجار پاڵپشتیکردووەو پاراستویەتیو بەوجۆرەش ئەو هێزە شکاوانەش کەدەهاتنە کوردستان بەخۆیانەوە کوردستانیان دەسووتاندو

دەیانکردنە دوژمنی هێزە سەرکەتووەکە.

لەماوەی هەزاران ساڵی شەڕی نێوان (فارس‌و مەکدۆنی‌و ڕۆم) چەندین شەڕی گەورەو جیهانی‌و مامناوەندی‌و بچوکیان لەخاکی کورددا بەرپاکردووەو خوێنی کوردیان ڕشتووەو خاك‌و دێهاتیان کاولکردووەو دەشت‌و کشتوکاڵیان سوتاندووەو خاکی کوردستانیان کردۆتە تراژیدیای هەزارساڵی نێوان فارس‌و ڕۆم[17].

بەهاتنی ئیسلام‌و بەتایبەتیش لەساڵەکانی دوایی حوکمی ڕاشدین‌و ئومەوی‌و عەباسیەکانیشدا بەهۆی گروپی نەیارو بەرهەڵستکاری دەوڵەتی ئیسلامی لە (خوارج‌و شیعەو ..هتد) کوردستان بووبوە پەناگەیەکی باش بۆیان، بەمجۆرە کوردستان لەو سەردەمانەدا هەردەم شانۆی جەنگ‌و شەڕەکان بووە. سەرباری گروپە نەیارەکان، کورد یارمەتی دەوڵەتانی دەسەڵاتداریشیان داوە بۆنمونە گەرسەردەمی ئومەوییەکان وەربگرین، کەکورد سەرباری یارمەتیدان‌و پەنادانی نەیارەکانی ئەو دەوڵەتە یارمەتی ئومەویەکانیشیانداوە، لەهەندێ کاتەکانداو دواجاریش لەکاتی ڕووخاندنی دەوڵەتی ئومەویەکاندا بوونە پەناگەیەکی باش بۆ ئومەوییە هەڵاتووەکان لەدەستی عەباسییەکان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کەیارمەتی تەواوی عەباسییەکانیاندا بۆ هاتنە سەرحوکم‌و گرتنەدەستی دەسەڵات[18]، پاشان درێژبوونەوەی ڕۆڵی جوگرافی‌و مێژوو لە دروستبونی میرنشینە ئیسلامیەکانی سەردەمی عەباسی وەك (مەروانی‌و شەددادی‌و حەسنەوەی‌و فەزلەوەی‌و عەیاری‌و...هتد)و ڕۆڵی جوگرافیا لەیەکنەبوونی ئەم میرنشینانەو زۆرجار پەلاماردانی یەکتریشدا، هەروەها پاشان لە سەردەمی نوێشدا بەهەمان مەبەست بۆ میرنشینە کوردیەکانی وەك بابان‌و سۆران‌و بادینان‌و ئەردەڵان‌و...هتد، پاشان بۆ مێژووی هاوچەرخ‌و ڕۆڵی جوگرافیا دیسان لەپارچە پارچەبوونی کوردو دابەشبوونی بەسەر وڵاتانی تورکیاو عێراق‌و سوریاو ئێران‌و سۆڤیەت، هەروەها شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی کورد بەئاشکرا ئەم ڕاستی‌و کاریگەری جوگرافیایە لەسەر ڕەوتی مێژوو دەسەلمێنن، لێرەدا پرسیارێك دروستدەبێت کە داخۆ ئەگەر جوگرافیای کوردستان بەمجۆرە نەبوایە بۆ نمونە دەریاو ئاو، یاخود بیابانی لەتەنیشتەوە بوایە، تۆ بڵێی مێژووی کورد هەروەك‌و ئێستا بوایە یاخود بەجۆرێکی تردەبوو؟ ئەمەش پرسیارێکەو وەڵامەکەی بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵین.

************************************



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

[١] د.هاشم یحیی الملاح وئ‌خرون: دراسات فی فلسفە التاریخ، ل٩٨.

[٢] ابن خلدون: المقدمە، دار القلم بیروت، ١٩٨٤، گ٥، ل١٤١-١٥٢، هەروەها بڕوانە بابەتمان: ڕەخنەی مێژوویی لای ئیبن خەلدون: گۆڤاری ڕێنیسانس، ژ.٣.

[٣] أ.د.هاشم یحیی الملاح: المفصل فی فلسفە التاریخ، ل٢٤٤.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٥.

[٥] بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی بیروبۆچونانی فەیلەسوف‌و بیریارانی تر بڕوانە: د.هاشم یحیی الملاح وئ‌خرون : دراسات فی فلسفە التاریخ ، ل١٠٣-١٠٦ .

[٦] ساڵح محمد ئەمین : کورد وعەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران ,لا١٦،

[٧] عبد الله غفور: سیاسەتی دەولی، ژ.(٦) لا٣٧.

[٨] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانینێك بۆ دۆزی کورد, لا٤٦.

[٩] هەمان سەرچاوە،لا٤٧. کورد لەئەنیسکلۆپیدیای ئیسلامدا: وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، لا١٦.

[١٠] خەبات عبدالله : بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور لا٩٩: کۆڕاز : سەرەتایەك دەربارەی جوگرافیای سروشتی کوردستان لا١١.

[١١] هەمان سەرچاوە، لا٩٩. هەروەها بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە بڕوانە: کورد لەئەنیسکلۆپیدیای ئیسلامدا: سەرچاوەی پێشوو , لا٩-١٣.

[١٢] عبدالرزاق عبدالرحمن : سەرچاوەی پێشوو ، لا١٠٧. کۆڕاز: سەرچاوەی پێشوو, لا١١,١٢. بۆ زیاتر شارەزابوون بنوارە: کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلامدا: سەرچاوەی پێشوو, لا٩-١١.

[١٣] خەبات عبدالله: سەرچاوەی پێشوو, لا١١٢. کۆڕاز: سەرچاوەی پێشوو.

[١٤] عبدالرزاق عبدالرحمن: سەرچاوەی پێشوو, لا٤٧.

[*] بەبۆچوونی ئێمە دیارە هەر ئەم هۆکارەشە وای لە کورد کردووە، کە وەك نەتەوە بەرگەبگرێت, سەرباری هەموونەهامەتییەکانی کەبەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی بۆتەوە، مۆرکی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ‌و لەناو گەلانی گەورەو بەدەسەڵاتی وەك ( فارس‌و ڕۆم‌و گریك‌و هتد) نەتوێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەونێوەندەدا چەندین نەتەوەی مەزن‌و خاوەن شارستانی تواونەتەوە کەلەمێژووشدا هەرناویان نەما، وەك (ئیلیخانیەکان‌و ئاشوریەکان‌و ئەکەدی‌و...هتد), هەروەك چۆن پێمانوایە ،کە هۆکاری جوگرافیی سروشتی کوردستانە بۆتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتێکی سەرتاسەری کوریدا.

[١٥] زەینفون: مسیرە عشرە الاف عبرە کردستان, ترجمە: صلاح سعدالله، لا٢٩.

[١٦] بۆتێڕوانینی زیاتر بڕوانە: صالح محمد امین: کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران, لا١٢-١٣.

[١٧] حسن محمود حمە کەریم: کوردستان لەدەوڵەتی مادەوە بۆ دەوڵەتی مەدینە, لا٣.

[١٨] بۆ ئەم باسە بڕوانە: لێکۆڵینەوەمان (کوردو بەرهەڵستکارە سیاسیەکانی دەوڵەتی ئومەوی لەهەرێمی جەزیرەو شارەزووور)، توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە لای نووسەر.

# دەوڵەتشاری دێرین

ن:مۆریس باربییە
و:عوسمان حەسەن شاکر

دەوڵەتشاری دێرینی یۆنانی یان رۆمی، بەباشترین نمونەی دەوڵەتشاری دێرین دادەنرێت. تایبەتمەندی ئەم دەوڵەتشارە، ئاوێزانبونی دامەزراوەی سیاسیو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بوو، جودایی بواری گشتیو ژیانی تایبەتی تیایدا هیچ مانایەکی نەبوو. دەزگا سیاسیەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سەرتاسەری کۆمەڵگادا سەپاند بوو. کۆمەڵگاش هیچ بونێکی سەربەخۆی لەدەرەوەی ئەو دەزگایانەدا نەبوو. دەوڵەتو کۆمەڵگا نەك تەنها هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نەبوو، بەڵکو لەکردەوەدا هاوتا بوونو جەستەیەکی یەکپارچەیان دروست دەکرد. هەرچەندە لەزمانی یۆنانیدا ووشەی "پۆلیس" بۆ دیاریکردنی دەوڵەتشار هاتووە، بەڵام هیچ ووشەیەك نییە کە سنوری نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا دیاری بکات. ئەرستۆ تەنها سەبارەت بە دەوڵەتشار (polis) یان کۆمەڵگای سیاسی (koinoniapolitike) قسەی دەکرد، کە مایەی سەرسوڕمان نییە، لەبەر ئەوەی ژیانی سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی تێکەڵاوی یەکببوون.

دەوڵەتشار هەموو پێداویستیەکانی ژیانو بژێوی ئەندامانی دابین دەکرد، هەروەها هەموو هەڵسوڕانو چالاکیی ئەندامانی رەهەندێکی سیاسی هەبوو.

مرۆڤەکان بە ئاستی هاوڵاتیبوون گەیشتبوون، بوونو نەبوونیشیان بە تەنها لەژیانی هاوڵاتیبووندا کورت دەکرایەوە.

## ١ـ باڵا دەستبونی دەوڵەتشار بەسەر تاکدا[1].

دەوڵەتشاری دێرین هاوکات بە پێکەوە بوونی هاوڵاتیانیش پێناسە دەکرێت، واتا مرۆڤگەلێك کە لەتوانستی دانی بڕیارگەلی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵ، بەشدارن[2]. سەرئەنجام، هاووڵاتی لەبنەڕەتدا بە بەشداریکردن لەژیانی شارو لەبڕیار گەلێکدا کە ئەو پابەند دەکەنو هەروەها بە بەشداری کردن لەچالاکی گەلێکدا کە بۆ ئەو پێویستن دیاری دەکرێت. ئەم بەشداریکردنە لەدەوڵەتشاری دێریندا لەبنەڕەتدا لەبازنەی دەزگاکانو بوارە سەربازیو ئایینەکاندا بەرجەستە





دەبێت. سەرەتا، هاووڵاتی لەکاروباری شارو دەزگا جۆراوجۆرەکانیدا (ئەنجومەن، شورا، دادگا) بەشداری دەکاتو کاریگەرییانی چ بە چونە نێو بازنەی خاوەن پۆستەکان (ماژیسترەکان) چ بەدەربڕینی سەرنجو بیروڕا لەمەڕ بڕیارە پێویستەکان زەمانەت دەکرد. ئەرستۆ هاووڵاتی بەو کەسە پێناسە دەکات ،کە فەرمانەکانی وەك: قازی یان خاوەن پۆستەکان بە ئەنجام دەگەیەنێتو هەروەها ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەندامێتی لەئەنجومەنی گشتیدا پۆستێکی نیشتمانییە[3]. لەم سۆنگەیەوە کۆی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ رابەریو ئیدارەی دەوڵەتشار دەکەن. لەهەنگاوی دووەمدا، هاوڵاتیان لەڕووی خزمەتکردنی سەربازییەوە جیا دەکرێنەوە، لەبەر ئەوەی پێویست بوو لەبەرگریکردن لەوڵاتو لەکارو کردەوە جەنگییەکاندا بەشداری بکات. لەم رووەوە هاووڵاتی بەسەربازێکی هەمیشە ئامادەی جەنگ دەژمێردرێت، کە رەنگە وا پێویست بکات گیانیشی لەو پێناوەدا ببەخشێ.

لەئەسیناو باقی دەوڵەتشارەکانی تری یۆنان، خزمەتی سەربازی هاووڵاتی هێجگار درێژ بوو، لەسپارتە تا سنوری ٦٠ ساڵەیی دەچوو. سەرەنجام پێویست بوو هاووڵاتی چالاکانە لەژیانی ئایینی شارو لە نمایشە جۆراو جۆرەکانی وەك: (جەژنەکان، سروتەکان، قوربانیەکان)دا بەشداری بکات. ئایین پرسێکی تایبەتی نەبوو تا پەیوەندی بەڕاو تێڕوانینی تاکەوە هەبێ، بەڵکو رەهەندێکی هاوڵاتیبونی هەبوو، وەك بەشێکی تەواوکەری ژیانی وڵات دەژمێردرا.

هەر دەوڵەتشارێك خودایانی تایبەتو ئایین گەلی تایبەت بەخۆیان هەبوو، کە بەسەر هەمواندا دەسەپێندرا. لەم رووەوە لەبواری ئایینیدا ئازادی بوونی نەبوو، هاووڵاتی لەهەڵبژاردنی بیروباوەڕەکانیدا ئازاد نەبوو. بەم شێوەیە لەسەر هاووڵاتی پێویست بوو باوەڕ بە خودایانی شار بهێنێ، ئایینی باو پەسەند بکات، لەجەژنە ئایینەکاندا بەشداری بکاتو ئەرکو فرمانە ئایینیەکان جێبەجێ بکات.

هاووڵاتی بە بەشداریکردنی چالاکانەی لەژیانی دەوڵەتشاردا پێناسە دەکرێت، کە بەواتای بەشداری کردنە لەدەزگاکانو لەکاروباری سەربازیو ئایینیدا. تەنانەت هاووڵاتی ئەرکو فرمانەکانی هاووڵاتی لەدەوڵەتشاردا وەك پێناسەی خۆی تەماشا دەکات، کە بەکردەوە تێیدا نغرۆ ببوو. لەم هەلو مەرجەدا، رۆڵی ئەو بە چالاکی هەمیشەییو خۆتەرخانکردنی بەردەوامی بۆ هەر ئەرکو فرمانێك، کە ئامادەگی پیشەیی سەربازی لەهەر ئانو ساتێکدا بخوازێت، پەیوەست بوو. لەم سۆنگەیەوە

بوو، کە لەزۆرێك لەدەوڵەتشارەکانی یۆناندا، هاوڵاتیان نەیاندەتوانی کاری دەستیو چالاکی پیشەیی ئەنجام بدەن. هەروەها هاوڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی نەیاندەتوانی پیشەوەری یان بازرگانی بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کارانەیان بەشایستەی هاوڵاتیان نەدەزانی. لەئەسپارتە هاوڵاتیان نەیاندەتوانی کاری کشتوکاڵی بکەن، کارکردن لەسەر کێڵگەو زەویو زار هیلوتەکان پێی هەڵدەستان. هەڵبەتە لەئەسینای دیموکراتیك هاوڵاتیان دەیانتوانی جوتیار، پیشەوەر یان بازرگان بن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بازرگانەکان لەبێگانەکان بوون.

ئەفلاتونو ئەرستۆ لەوباوەڕەدا بوون کە لەشارە یوتوپیەکەیاندا ناتوانرێ کرێکارانی پیشەی دەستی، پیشەوەران، بازرگانانو جوتیاران بەهاووڵاتی بژمێردرێن. لەڕوانگەی ئەوانەوە،هاوڵاتیان دەتوانن تەنها سەرقاڵی ئەو کارانە بن کە شایستەی ئەوانە، واتە سیاسەتو جەنگ. کەواتە لەڕوانگەی ئەفلاتونەوە هاووڵاتی ناتوانێت پیشەوەر بێت "لەبەر ئەوەی (...) ئەرکێکی لەئەستۆیە کە بە تەنها ئەو کارەی بەسە. ئەم ئەرکە هەم کارو کۆششی زۆرو هەم هۆشیارییەکی فراوانی دەوێت، تا سیستەمی گشتی شار زامنو پارێزراو بێت"[٤]. هەروەها لەدیدی ئەرستۆدا "نابێت هاوڵاتیان دابەزنە ئاستی ژیانی کرێکارانی پیشەی دەستیو بازرگانانەوە (لەبەر ئەوەی ئەم شێوازی ژیانە خاڵییە لەپایە بەرزیو پێچەوانەی فەزیلەتە). هەروەها هاوڵاتیان "نابێت جوتیار بن (لەبەر ئەوەی پەروەردە کردن بەگیانی فەزیلەتو ئەنجامدانی چالاکی سیاسی پێویستی بەخۆ تەرخان کردن هەیە)[٥].

دەتوانین پاساوی ئەوە بۆ ئەم بڕیارانە بهێنینەوە کەوا هاووڵاتی بەهۆی سەرقاڵبوونی هەمیشەییو بەردەوامیەوە بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی هاوڵاتیبوونەوە ناتوانێ خەریکی چالاکی پیشەییو کرێکاری بێت، لەبەر ئەوەی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی ئەرکە بنەڕەتیەکەی.

بەڵام، سەرباری ئەم پاساوە لۆژیکیانە، پێویستە قامك بخەینە سەر ئەو خاڵەی، کە هاووڵاتی بەشێوەی تەواو بەهی ئەو شارە دادەنرێو لەهەموو کاروبارەکاندا، لەداراییو پرسی رۆژانەوە بیگرە تا بەزیهنو رۆحی دەگات، ملکەچو فەرمانبەرداری ئەو شارە بوو. لەڕاستیدا، دەوڵەتشار مافی پاراستنو هەڵگرتنی سامانو دارایی هاوڵاتیانی هەبوو، تەنها لەکاتی پێویستدا هاووڵاتی دەیتوانی لەو سامانو داراییە بەهرەمەندبێت. هەروەها دەوڵەتشار کۆنترۆڵی ژیانی تایبەتی هاوڵاتیانی دەکردو دەیتوانی بڕیار سەبارەت بە هاوسەرگیری، سەڵتبوون، کار، خۆراك، پۆشاك، ئەندازەی ریشو......هتد دەربکات.



لەزۆر حاڵەتدا منداڵانی شێواوو کەم ئەندام دەبوایە لەناو ببرانایە، ژیانی تاك موڵکی دەوڵەتشار بوو، دەشیا هەر هاوڵاتیەك لەپێناوی پاراستنی نیشتماندا بۆ فیداکاریو گیانبازی بانگ بکرایە. هەروەها دەوڵەتشار زۆر بە ووردی مناڵانی پەروەردە دەکردو پەروەردە کارانێکی هەڵبژێردراو بەم کارە هەڵدەستان. هەندێ جار دەوڵەتشار جەستەو گیانی هاوڵاتیانی وەك موڵکێکی خۆی مەزەندە دەکردو دەیویست جەستەو گیانی هاووڵاتی بەپێی پێداویستیەکانی خۆی بسازێنێ. سەرەنجام، لەم ڕووەوە هیچ جۆرە ئازادییەك بۆ دایكو باوك نەهێڵدرا بووەوە، لەبەر ئەوەی وەك ئەفلاتون دەڵێت، منداڵان "پێش ئەوەی موڵکی دایكو باوکی خۆیان بن موڵکی شارن"[٦]. خوێندن بە زۆر بوو دەبایە بۆ هەموانیش یەکسان بوایە.

لەم بارەیەوە ئەرستۆ بە رۆشنی دەڵێت: "لەو شوێنەوەی کە هەموو شار یەك ئامانجیان هەیە، ئاشکرایە کە دەبێت خوێندنیش بۆ هەموان یەکسانو یەك بێتو ئەرکی سەرشانیەتی بۆ کۆمەڵ بێت نەك وەك پرسێکی تایبەتی سەیربکرێت"[٧]. لەم ڕووەوە ستایشی کارەکانی ئەسپارتەی دەکرد.

هەرچەندە هاووڵاتی لەمافی هاوڵاتیبوون بەهرەمەند بوو، بەڵام سەبارەت بەشار کۆمەڵێك ئەرکی لەسەرشان بوو کە دەبوایە بە ووردی ئەنجامی بدایە.

کەمتەرخەمی لەئەنجامدانی ئەم ئەرکانەدا بە کەمتەرخەمی بەرامبەر بەشار دادەنرا، ئەوانەی کەمتەرخەم بوون بە هەمان شێوەی تاوانباران سزا دەدران، هەندێك جار سزاکە قورسیش بوو. سزاکان بریتی بوون لەبێبەشبون لەمافەکانی هاوڵاتیبوون (atimie)، لێ سەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون، دوورخستنەوە (دوورخستنەوە لەوڵات بۆ ماوەی دە ساڵ). تەنانەت سزای مەرگیش.

تاك لەبەرامبەر شاردا هێندە بەشت وەرنەدەگیرا، دەبوایە لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی شاردا گیانی ببەخشایە. ئەگەر بەرژەوەندییەکانی شار وا پێویستی کردبا. کە کوتەك کاری هاووڵاتی بکرێ دەکرێو یان دوور دەخرێتەوە بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ.

